# کیژی کاپیتان

MARGARET
CENTER

**له بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت**

# کیژی کاپیتان

ئەلێکساندەر پووشکین

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

پێداچوونەوی
محەمەدی مەلا کەریم

چاپی دووەم
2013

# کیژی کاپیتان


- بابەت: ڕۆمان
- نووسینی: ئەلێکساندەر پوشکین
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حمەساڵح تۆفیق
- پێداچوونەوی: محەمەدی مەلا کەریم
- دەرهێنانی هونەری: یاسین حسین
- تیراژ: 500
- چاپی دووەم: چاپخانەی کەمال /سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (2162)ی ساڵی 2013ی پێ دراوە.



مافی چاپکردن بۆ سەنتەری مارگرێت پارێزراوە



سەرپەرشتیاری گشتی

مژدە عەباس هدایت

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسوول چاپکراوە

# پێڕست


سەبارەت بەم چیرۆکە ........................ 7

بەشی یەکەم: سێرجانتی پاسەوانەکان....... 9

بەشی دووەم : ڕێبەر.................... 27

بەشی سێهەم: قەڵا....................... 45

بەشی چوارەم: شەڕەشێر................. 57

بەشی پێنجەم: دڵدارییەك.................. 73

بەشی شەشەم: تاقمەکەی پووگاچیۆڤ......... 87

بەشی حەوتەم: پەلاماردان.................. 107

بەشی هەشتەم: میوانێکی خوڵك نەکراو...... 121

بەشی نۆهەم: لێکدابڕان................... 137

بەشی دەیەم: گەمارۆدانی شار.............. 147

بەشی یانزەهەم: گوندی یاخییان............. 163

بەشی دوانزەهەم: کیژی بێ باوك و دایك..... 185

بەشی سیانزەهەم: بەندکردن................ 199

بەشی چواردەهەم : دادوەری................ 213

پاشبەند.................................... 235

پوشکین لەچەند دێڕێکدا..................... 257

پێزانین و سوپاسنامە........................ 261

# سەبارەت بەم چیرۆکە[1]..

بێلینسکی، ڕەخنەگری دیموکراتی ڕووس ، لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکەی پوشکیندا نووسیویە: "(کیژی کاپیتان) کارێکی ئەدەبیی لە چەشنی (ئۆنیگین)ە بە پەخشان نووسراوە. پوشکین لەم چیرۆکەیدا وێنەی ڕەوشتی کۆمەڵگای ڕووسی سەردەمی تسار یێکاتێرینای دووەمی کێشاوە. زۆر لە تابلۆکانی ئەم چیرۆکە لە ڕووی ڕاستی و ڕیالیستێتیی ناوەرۆك و کارامەیی خستنە ڕووەوە گەیشتوونە چڵەپۆپە".

هەروەها نووسەری بە ناوبانگی ڕووس گۆگۆل لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی هەمان چیرۆکدا نووسیویە کەوا ئەم چیرۆکەی پوشکین "باشترین کارێکی ئەدەبیی ڕووسیەیە لە مەیدانی چیرۆك نووسیدا. هەرچی ڕۆمان و چیرۆکمان هەیە لە بەرانبەر (کیژی کاپیتان)دا وەك شەربەتێکی تفت دێنە بەرچاو. بێگەردی و ناساختەیی لەم ڕۆمانەدا گەیشتووەتە ڕادەیەکی ئەوەندە باڵا تەنانەت واقیعیش لە چاویدا وەك ساختە و دەسکاری کراوی ل یٚدیٚ. ئالەم چیرۆکەدا بۆ یەکەمجار لووتمان بە لووتی کەسانی بە ڕاستی ڕووسەوە دەتەقیٚ: فەرماندەیێکی ساویلکەی قەڵایەك، ژنی فەرماندەکە، ئەفسەرێك بە پلەی مولازیم، قەڵاکە خۆیشی کە لە سەردەمێکی وادا ئاژاوە

---

1. لە کتێبی پوشکین، ژیان و بەرهەمی شاکاری ـ س.م. پێترۆڤ، وەرگێڕانی بۆ کوردی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، وەرگیراوە.

هەموولایەکی گرتووەتەوە، لە تۆپێك بەولاوە شك نابا، چەند کەسێکی ساویلکەیش. هەرچی لەم ڕۆمانەدا هەیەێك و ڕەوان ڕاستییە، بەڵکو لەوانەیە لە ڕاستیش بەرز و بالاتر بێ".

# بەشی یەکەم

**"هەر لە منداڵییەوە ئابڕووی خۆت بپارێزە"**

**پەندێکی پێشینان**

## سێرجانتی پاسەوانەکان [1]

- **دەتوانێ سبەینێ ببێتە ئەفسەرێکی پاسەوانان.**
- **پێویست بەوە ناکا" لێیگەڕێ بالە سوپادا خزمەت بکا.**
- **قسەیەکی ڕاستە! لێ یگەڕێ با تاڵ و سوێریی ژیان تاقی بکاتەوە!**
- **بەڵام ئەی باوکی کێیە؟**

**لە کۆمیدیای "لەخۆبایی بوو"ی کنیاژنین [2] وەرگیراوە.**

---

(1) **سێرجانت: پلەیەکی سەربازیی ئەوسای ڕووسیا بوو، بە عەرەبی عەریفی پێدەوترێ - و.**

کاتی خۆی ئەندریێ پیترۆڤیچ گرینیۆڤ ی باوکم لە سەردەمی لاوێتیدا، لە ژێر سەرکردایەتی کۆنت مینیخ دا [3] لە سوپادا کاری دەکرد. لە ساڵی 17** [4] دا لە پلەی کاپیتانیدا دەستی لە کار کێشایەوە. هەر لەو کاتەوە ئیدی لە گوندەکەی خۆیدا لە ویلایەتی سیمبیرسك [5] دەژیا و لە وێش خاتوو ئەڤدۆتیا ڤاسیلییێڤنا ...ی

---

(2) کنیاژنین: یاکۆڤ بۆریسۆڤیچ 1742– 1791، ڕەخنەگرو درامانووس و وەرگێڕێکی ڕووس بووە. ئەم بڕگەیە لە کۆمیدیای ("لەخۆبایی بوو" 1786) وەرگیراوە.

(3) کۆنت مینیخ: خریستۆفەر ئەنتۆنۆڤیچ مینیخ 1683 – 1767 فیلدمارشاڵێکی ڕووسی بە بنەچە ئەڵمان بووە. لە سەردەمی پێتەری یەکەمدا چووەتە خزمەتەوە، بەڵام لە سەروەختی ئیمپراتۆرە ئاننائیڤانۆڤنادا (1693 – 1740) دەسەڵاتێکی گەورەی بووە. هێزەکانی ڕووسیا لە ژێر سەرکردایەتیی ئەودا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەس هێناوە لە جەنگی نێوان ڕووسیاو تورکیای ساڵانی 1735 – 39دا. لە سەردەمی ئیمپراتۆرە ئەلیزابیپ دا بۆ سیبیریا دوورخراوەتەوە، بەڵام پاش هاتنە سەر حوکمی پێتەری سێهەم گەڕاوەتەوە بۆ پیتێربوورگ و دڵسۆزیی خۆی بۆ ئەم تسارە نواندووە، هەروەها لەمەودوا سوێندی ملکەچیشی بۆ یێکاتێرینای دووەم خواردووە.

(4) 17** لە دەسنووسەکەدا پوشکین ساڵەکەی بەتەواوی نووسیوە ئەویش (1762) ە. پاش تاج لە سەرنانی یێکاتێرینای دووەم، ئەندریێ پێترۆڤیچ گرینێوڤ نموونەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەریستۆکراتەکانی ڕووسیا بەرهەڵستی سیاسەتی ڕیفۆرمیستانەی ئەم تسارەیان کردووە.

(5) سیمبیرسك: ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر زێی ڤۆڵگا. لە ساڵی 1924دا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ئوولیانۆڤسك بۆ ڕێزلێنانی ڤلادیمیر ئیلیچ ئوولیانۆڤ (لێنین) کە لەوێ لەدایکبووە.

ماره کرد کە کچی ڕەسەنزادەیەکی دەست کورتی ئەو ناوچەیە بوو.
ئێمە نۆ کوڕ و کچ بووین. براو خوشکەکانم هەر بە منداڵی مردبوون.
من هێشتا لەسکی دایکمدا بووم کە بەهۆی بۆتێکەوتنی شازادە "ب..." ی مێجەری پاسەوانی یەوە کە یەکێك بوو لە خزمە نزیکەکانمان ناو نووسیان کردبووم بە سێرجانت لە پۆلی سیمێونۆڤسك یدا. ئەگەر بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانی و پێشبینیەکانەوە دایکم بەم سکە کچێکی ببوایە ئەوە باوکم لایەنی بەرپرسیاری لە مردنی سێرجانتی نەبوو ئاگادار دەکردەوە و مەسەلەکە بەم شێوەیە دەبڕایەوە. بەم پێیە دانرا کە تاخوێندن تەواو دەکەم لە پشوودام. منداڵمان لەو ڕۆژگارەدا وەکو ئێستا بەخێو نەدەکرد. هەر لە پێنج ساڵی یەوە درامە دەست ساڤێلیچ ی مەیتەروکاری چاودێری کردنم بەو سپێردرا چونکە پیاوێکی ئاکار و ڕەوشت جوان بوو. لە ژێر چاودێریی ئەودا لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا فێری خوێندنەوە و نووسینی ڕووسی بووم و دەمتوانی سیفەتەکانی تانجی لێك ترجوێ بکەمەوە. هەر لەو سەردەمەشدا باوکم مسیۆ بۆپریێ فەڕەنسەیی بۆ ڕاگرتم کە لەگەڵ بەشی ساڵێ ئازووقەی لە شەراب و ڕۆن زەیتوون لە مۆسکۆوە هێنابووی.
ساڤێلیچ بەمە زۆر دڵگران بوو، هەمیشە لە بەر خۆیەوە خوتەو بۆڵەی بوو و دەیوت: "سوپاس بۆ خوا منداڵەکە خاوێن و قژ داهێنراوە و خواردنی چاکە، ئیدی پێویست بە پارەی زیاد خەرج کردن و.. ڕاگرتنی مسیۆیەك چیە.. وەك بڵێی لە ناو خۆماندا کەس نەمابێ!".

بۆپریێ لە وڵاتی خۆیدا سەرتاش بوو، پاشان بووبوو بە سەرباز لە پرووسیاو پاشتریش هات بۆ ڕووسیا[6] pour etre outchitel بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لە واتای ئەم وشەیە بزانێ. ئەم بۆپریێیە پیاوێکی باش بوو، بەڵام تابڵێی هەرزە و دڵتەڕو شەرم وشکۆ لەڕوو هەڵگیراو بوو. عەیبی هەرە گەورەی ئەوەبوو لەڕادە بەدەر مێباز و بەپەرۆش بوو بۆ ئافرەت و هەر لە بەر ئەم سۆز و هەستەشی فرە جار بەر تێهەڵدان کەوتبوو، کە پاش هەرجارێکیان تا چەند ڕۆژ بە دەم ئێش و ئازارەوە تلاوەتەوە، سەرباری ئەمەش "خۆی واتەنی" دوژمنی بادە نەبوو، یانی بەڕووس یەکی ڕەوان مەی نۆشێکی بەترەف بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خواردنەوە لەماڵی ئێمەدا تەنها لە نیوە ڕۆژەدا دادەنراو هەر کەسەو پەرداخێك و، وێڕای ئەوەش مامۆستام زۆر جار پشتگوێ دەخرا.. بۆیە مامۆستا هەر زوو بە خواردنەوەی ڕووسی ڕاهات و وایشی ل یهات لە خواردنەوەی وڵاتی خۆی بەچاکتری دەزانی گوایە بۆ گەدە زۆر بەکەڵکترە. لەگەڵ ئەم بەخێوکەرەمدا زۆر زوو ئالوودەی یەکتربووین، هەرچەندە بە پێی ڕێکەوتننامەکە پێویست بوو لە سەری فێری زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و هەموو زانیاریەکم بکا، بەڵام ئەو ئەوەی لاباشتر بوو تۆزێ زوو لەمنەوە فێری چەردەیەك بە ڕووسی ئاخاوتن ببێ. لە دواییدا هەریەکەمان سەرقاڵی کاروباری

---

(6) بۆ ئەوەی ببێ بە مامۆستا. وشەی دواین وەرگێڕانێکی فەرەنسەیی وشەی "ئووتچیتێڵ"ی ڕووسیە.

تایبەتی خۆی بوو. ئێمە بە تەواوی لەگەڵ یەکتر جۆر بووین. لە ناخەوە لەو بترازێ ئارەزووی لەلەیەکی دیکەم نەدەکرد. بەڵام ڕۆژگار بەزوویی لێك ی دابڕین و ئەمەش ڕازی ئەولێك دابڕانە: جارێکیان پالاشکای جلشۆر، کە کچێکی قەڵەوی دەموچاو ئاولاوی بوو لەگەڵ ئەکوولکای ژنە گاوانی یەك ەڵە چاو، ڕێکەوتن کە هەردوکیان پێکەوە بە سەر دەست و پێی دایکمدا بکەون و دان بە تاوانی خۆیاندا بنێن و بەدەم گریانەوە سکالای خۆیان لە مسیۆ دەربڕی کە لە خشتەی بردوون.. دایکم ئەمەی بە گاڵتەو ئاسان دانە ناو بە باوکمی ڕاگەیاند باوکیشم لە بنەبڕکردنی ئەم جۆرەشتانەدا زۆر توندوتیژ بوو و دەسبەجێ فەرمانی دا کابرای داوێن پیسی فەڕەنسەیی بۆ بێنن. کاتێ کە پێی ڕاگەیەنرا مسیۆ سەرقاڵی دەرز وتنەوەیە بە من، خۆی هات بۆ ژوورەکەم لەم کاتەدا مسیۆ لە سەر چەرپاکە لە شیرین خەودا بوو. منیش خەریکی کارێك بووم. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە نەخشەیەکی جوگرافیاییم لە مۆسکۆوە بۆ هاتبوو و بەبێ هیچ سوودێك بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو و دەمێك بوو مرخم لە پانی و نایابی قاقەزەکەی خۆش کردبوو و دەمویست کۆلارەیەکی لێ دروست بکەم. نووستنی بۆپرێم بە هەل زانی و دەستم دایە ڕاپەڕاندنی کار. کە باوکم هاتە ژوورەوە خەریك بوو کلکێکی ڕیشاڵدارم لە سەر پۆزەی هیوا [7] دەچەسپاند. باوکم کە ڕاهێنانەکانمی لە سەر

---

(7) واتە "رأس الرجا الصالح" کە لە کوردیدا کراوە بەو ناوە. هەروەها

جوگرافیابینی گوێی ڕاکێشام و پاشان هەڵیکوتایە سەر بۆپرێ و بەتوندی لەخەوی هەڵساند و کەوتە سەرزەنشت و فەرش و فەزیحەت پێکردنی. بۆپرێ لە شڵەژان و پەشۆکاوی خۆیدا ویستی هەڵسێتە سەرپێ بەڵام ئەم کابرا فەڕەنسەییە کلۆڵە ئەوەندە مەست و سەرخۆش بوو ئەوەیشی پێ نەکرا. تاوان زۆر بوو و تازە سزاش هەر یەکەو نابێ بە دوو. باوکم پشتی ملی بۆپرێی گرت و لە جێگەکەی بەرزی کردەوە و تووڕی دایە ئەودیوی دەرگاکە. هەر ئەو ڕۆژەش لە ماڵ دەری کرد. ساڤێلیچ ئەمەی بەڕادەیەك پێ خۆش بوو لە باسکردن نەیەت.

پێخوێندنی منیش بەم جۆرە بڕایەوە. بێ تەواوکردنی خوێندن مامەوە، کۆترم ڕاوەناو بەسەر پشتی منداڵانی خزمەتکارەکانماندا بازبازێنم دەکرد. لەم ماوەیەدا تەمەنم بووبە شانزە ساڵ و لێرەدا گۆڕانێك لە ژیانمدا ڕوویدا.

جارێکیان پایز بوو، دایکم لە هۆدەی دانیشتنندا مرەبای هەنگوینی دروست دەکرد، منیش سەیری کەفە کوڵاتووەکەم دەکردو لێوی خۆمم دەلیستەوە. باوکیشم لای پەنجەرەکەوە "ساڵنامەی دەربار" [8] ی دەخوێندەوە کە هەموو ساڵێ بۆی دەهات. ئەم کتێبە هەمیشەکاری زۆری تێدەکرد.جارێ موتاڵای

"لووتکەی ئومێد" یشیان بۆ داناوە.

(8) ساڵنامەی دەربار: لە ساڵانی 1735 ـ 1917 بە شێوەیەکی ساڵانە دەردەکرا. هەموو زانیاری‌یەکی کارگوزاریی شارستانی و سەربازیی تێدا بڵاودەکرایەوە.

نەکردووە و هەڵنەچێ.خوێندنەوەی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی هێجگار سەرسامکەر دەیهەژاند. لەبەر ئەوەی دایکم بەهەموو خوو و ڕەوشتێکی ئەو شارەزا بوو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەم کتێبە شوومەی لێ دووربخاتەوە بۆ دوورترین شوێن دەستی بگاتێ. بەم جۆرە باوکم جاری وا بوو چەند مانگێك چاوی بەم ساڵنامەیە نەدەکەوت، بەڵام کە بەڕێکەوت بەردەستی بکەوتایە تاچەند سەعاتێك چاوی لێهەڵنەدەبڕی. ئیدی باوکم کە ساڵنامەی دەرباری دەخوێندەوە تاو ناتاوێك هەردووشانی هەڵدەتەکاند و بەدەنگێکی‌نزم دووپاتی دەکردەوەو دەیوت :"جەنەراڵ! ... لە بەتالیۆنەکەی مندا مولازیم بوو! ... هەردوو یەکەم مەدالیای ڕووسیای بەدەست هێناوە!.. سەردەمێکی دووریش نیە کە ئێمە ..." پاشان ساڵنامەکەی فڕێدایە سەر قەنەفەکەو نوقمی ئەندێشەو بیرێك بوو چاوەڕێی خێری لێ نەدەکرا. لە ناکاو ئاوڕی بەلای دایکمەوە دا و پرسی:

-ئەڤدۆتیاڤاسیلییێڤنا، پێتەر تەمەنی چەندە؟

دایکم وەڵامی دایەوە:

-پێی ناوەتە حەڤدە، لەو ساڵەدا لەدایك بوو کە پوورە ناستاسیا گێرا سیمۆڤنا چاوێکی سەقەت بوو و، کاتێ کە ...

-باوکم قسەکەی پێ بڕی و وتی:

- چاکە، کاتی ئەوەی هاتووە بچێتە سوپاوە. ئیدی بەسێتی ڕاوەدوونانی کیژۆڵان و خزانە کولانە کۆترەوە. دایکم لەم نزیك بوونەوەی لێك دابڕانە، ڕاچڵەکینێکی وای پوگەوت کەوچکەکەی لە

دەست کەوتە ناو مەنجەڵەکەوەو فرمێسك بەگۆنایدا هاتە خوار. بەڵام من خۆم نازانم چۆن شادمانیم بەرامبەر بەمە باس بکەم، چونکە بیرۆکەی خزمەتکردن لە سوپادا لەلای من بەسترابوو بە بیرۆکەی سەربەستی و خۆشی ژیانەوە لە پیتێربوورگدا. خۆم وا هاتە پێش چاو ئەفسەرێك بم لە پاسەوانیداو، ئەوەش بەلای خۆمەوە بەرزترین پلەی شادمانی و بەختەوەری بوو بۆ مرۆڤ. باوکم عادەتی وا بوو بڕیاری هەرچی بدایە ئیدی گۆڕانی نەبوو وبەجێهێنانی دوا نەدەخست. بەم پێیە ڕۆژی ڕۆیشتنمی دیاری کردو، پێش کەوتنە ڕێیشم پێی ڕاگەیاندم کە دەیەوێ نامەیەکم پێدا بنێرێ بۆ سەرکردەی داهاتووم و داوای پەڕەمووچ و کاغەزی کرد.

دایکم وتی:

-لەبیرت نەچێ، ئەندریێ پێترۆڤیچ، سڵاوم بگەیەنە بە شازادە ب...، بۆی بنووسە هیوام وایە پێتەر بخاتە بەر سۆزو میهرەبانیی خۆی.

باوکم بەگرژی و مۆنیەکەوە وەڵامی دایەوە:

-ئەم وڕێنەیە چیە! بەچ بۆنەیەکەوە بۆ شازادە ب... بنووسم؟

-ئەی تۆ خۆت نەتوت نامە بۆ سەرکردەکەی پێتەر دەنووسم؟

-ئێ جا ئەوە چی تێدایە؟

-سەرکردەی پێتەر شازادە ب ...یە چونکە پێتەر لە پۆلی سیمیۆنۆڤسکیدا ناونووس کراوە.

-ناونووس! جا من چیم داوە لەم ناونووس کردنە؟ پێتروشا ناچێ بۆ پیتێربوورگ. چی فێردەبێ ئەگەر لە پیتێربوورگ خزمەت

بکا؟ مەگەر هەر دەست بڵاوی و بەدخوویی بکات! نە، وازی لێ بێنە با بۆخۆی لە سوپادا خزمەت بکاو مەشقی ئاسایی بکا. باروت هەڵمژێ و ببێتە سەرباز نەك لاوێکی هیچ و پووچی لێ دەرچێ! لە پاسەوانیدا ناونووس کراوە! کوا ناسنامەکەی؟ بۆم بێنە.

دایکم ناسنامەکەمی لەگەڵ ئەو کراسەی تێیدا گۆش کرابووم [9] لە سنووقەکەیدا هەڵگرتبوو، هەستادەری هێناو بە دەستێکی لە رزۆکەوە دایە دەستی باوکم ... ئەویش بەوردی خوێندیەوە و پاشان لە بەردەمی خۆیدا لە سەر مێزەکە دایناو دەستی کرد بە نووسینی نامەکەی. بەوەی کە نەمدەزانی بۆ کوێم دەنێرێ زۆر نیگەرانو ناڕەحەت بووم، باشە دەبێ بۆ کوێم بنێرێ ئەگەر بۆ پیتێربوورگ نەبێ" چاوم لە پەڕەمووچەکەی دەستی باوکم هەڵنەدەبڕی کە زۆر بە ئاستەم دەبزووت. سەرەنجام لێ بووەوە و نامەکەی لەگەڵ ناسنامەکەدا خستە زەرفێکەوە. ئەمجار چاویلکەکانی داکەندو بانگی کردمە لای خۆیەوە و وتی: "ئەمە نامەیەکە سەبارەت بە خۆت، دەیدەیتە دەستی ئەندرییێ کارلۆڤیچ

---

(9) لە ڕێ و ڕەسمی ئایینی مەسیحیدا منداڵ کە لە دایك دەبێت پاش چەند ڕۆژێك بە ئاو دەشۆررێ و هەندێ ویردی تایبەتی ئەم ئاینەی بەسەردا دەخوێنرێ. لێرەدا چونکە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی پڕاوپڕی ئەم کارە نیە من گۆش کردنم بەشیاوزانی ـ و

ر...،[10] ی هاوڕێ و دۆستی دێرینم. دەڕۆی بۆ ئۆرێنبوورگ بۆ خزمەت کردن لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا".

ئابەم جۆرە هەموو ئاواتە گەشەکانم وردوخاش بوون و چاوی ڕەشم کاڵ بوەوە! لەبری ژیانی دڵخۆشکەری پیتێربوورگ وەڕسی و بێزاری شوێنێکی دوورو پەڕ چاوەڕوانی دەکردم. ئەو خزمەتەی کە پێش ساتێك بە شادییەکی هێجگار فراوانەوە بیرم لێدەکردەوە بوو بە ناخۆشی و بارێکی قورس بۆم. بەڵام کارەکە چەند و چ وونی هەڵنەدەگرت. بۆ سبەینێ بەیانی عەرەبانەیەك گەیشتە بەر دەرکەی ماڵ، باوڵەکەم و هەزار پێشەیەك کە تفاقی چای تێدا بوو و هەندێ پریاسکەی کێك و شیرینی کە دوا بەڵگەی نازکێشانی ماڵ بوو خرانە ناوی. باوك و دایکم دۆعای خێریان بۆ کردم و باوکم وتی: "خوات لەگەڵ، پێتەر. دڵسۆزانە خزمەتی ئەو کەسە بکە کە سوێندی ملکەچیی بۆ دەخۆی. گوێدێری سەرکردەکانت بە، لێیان نەکوڕووزێیتەوە، خۆت نەکوژی بە سەر خزمەتداو لێیشی نەپرینگێیتەوەو سڵی لێهەکەیتەوە. ئەو پەندە بێنەوە بیری خۆت کە دەڵێ:" هەر لەو کاتەوە ئاگاداری جلەکانت بە کە هێشتا نوێن و، هەر لە منداڵییەوە ئابڕووی خۆت ڕاگرە". دایکیشم کە چاوەکانی پڕبووبوون لە فرمێسك، ڕایسپاردم ئاگام لەتەندرووستیم

---

(10) ئەندریێ کارلۆڤیچ: ئەم کەسایەت یە زۆر دەچێتەوە سەر کەسایەتیی ئیڤان ئەندرێیڤیچ ڕاینشدۆرپ (؟– 1781) کە لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی پووگاچیۆڤدا (1773–75) فەرماندەی گشتیی ناوچەی ئۆرێنبوورگ بووە.

بێو، داوای لە ساڤێلیچ کرد کە چاودێریی کوڕەکەی بکات. ئەوجا پاڵتۆیەکی کەوڵە کەروێشکیان لەبەرکردم و لە سەر ئەویشەوە یەکێکی کەی کەوڵەڕێوی. وە نێو عەرەبانەکە کەوتم و لەگەڵ ساڤێلیچدا کەوتینە ڕێ و فرمێسك لە چاوانم هەڵدەوەری.

هەر ئەو ڕۆژە بۆشەو گەیشتمە سیمبیرسك، دەبوو شەوو ڕۆژێکی تەواو لەوێ بمێنمەوە بۆ کڕینی هەندێ شت و مەکی پێویست کە ساڤێلیچ ڕاسپێردرابوو بیانکڕێ. لەوێ لەمەیخانەیەك دابەزین و ساڤێلیچ لە بەیانی‌یەوە چووە دەرەوە بۆ بازاڕ. منیش لە پەنجەرەکەوە سەرم دەرهێنا بوو و سەیری کۆڵانە پڕقوڕولیتەکەم دەکرد، پاشان بێزار بووم و بەژوورەکاندا کەوتمە گەڕان. چوومە ژووری بلیارد، پیاوێکی کەڵەگەتم بینی لە دەورووبەری سی‌و پێنج ساڵیدا بوو، سمێڵێکی ڕەشی درێژی پێوە بوو، دەستەجلێکی ناومالّی لە بەردابوو و داری یاریەکەیشی بە دەستەوە بوو، پایپێك لەنێوان دانەکانیدا بوو. یاریی لەگەڵ خاڵنووسی بلیاردەکە دەکرد. کابرای خاڵنووس ئەگەر بیبردایەتەوە پێکێك ڤۆدکای دەنا بەسەریەوە، ئەگەر بیشیدۆڕاندایە لە ژێر مێزی بلیاردەکەدا لە سەر هەر چوارپەلی دەستی دەکرد بەگاگۆڵکێ کردن. کەوتمە سەرنجدانی یاریەکەیان، چەندی بخایاندایە گاگۆڵکێکە ئەوەندە پتر دەبوو، تا وای لێهات لە کۆتاییدا کابرای خاڵنووس ئیدی لە ژێرمێزەکە نەیەتە دەر. کابرای سمێڵ زل بۆ دڵدانەوە هەندێکی لەگەڵ دوا“ پاشان پێشنیاری بۆ کردم کە من یاریی لەگەڵ بکەم، بەڵام من قایل نەبووم چونکە ئەو یارییەم نەدەزانی. پێی سەیر بوو. تەماشایەکی

کردم وەکو ئەوەی پێی ناخۆش بێ، پاشان کەوتینە دەمەتەقێ و زانیم کە ناوی (ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورین)ە و کاپیتانی سوارەیە و هاتووە بۆ سیمبیرسك بۆ بینینی ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمی سەربازگرتن و بووە بە نیشتەجێی ئەم مەیخانەیە. زوورین داوای لێ کردم نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بخۆم، چی خوا دابێتی و بە داب و دەستووری سەربازانە. منیش بەخۆشحاڵییەوە بەدەم بانگهێشتنەکەیەوە چووم. لە سەر سفرەو خوان دانیشتین، زوورین زۆری خواردەوە و داوای لە منیش کرد کە بخۆمەوە و دەیوت ڕاهاتن لە سەر ژیانی سوپایی پێویستە و ئەوەندەی باس و خواسی ژیانی سەربازیی بۆ گێڕامەوە خەریك بوو لە پێکەنیندا ببچڕێم. کاتێ لە سەر خوان هەستاین بووبووین بەدوو هاوەڵی گیانی بەگیانیی یەکتر. ئەمجارە پێی وتم کەدەیەوێ یاری بلیاردم فێربکات و وتی:"ئەمە پێویستە بۆ سەرباز، بۆ نموونە کاتێ کە بە پێڕەو دەردەچی و دەگەیتە شارۆچکەیەکی بچووك، کاتی خۆت بەچی دەبەیتە سەر؟ ناچاری ڕوو بکەیتە مەیخانەیەك و یاری بلیارد بکەی، کە واتە دەبێ یار ییەکە چاك بزانی!". بڕوای تەواوم بە قسەکەی کردو بە کۆششێکی زۆرەوە دەستم کرد بە فێربوونی بلیارد. زوورین بەدەنگی بەرز ئافەرینی لێدەکردم و سەرسامیی خۆی لە سەرکەوتنە خێراخێراکانم دەردەبڕی. پاش چەند دەرزێك پێشنیاری کرد کە لە سەرپارە یاری بکەین، بەچەند کۆپیکێك نەك بە مەبەستی بردنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی یارییەکەمان بێهوودە نەبێ و ئەمەش بەپێی قسەی ئەو بەدفەڕترین خووە. بەوەش قایل بووم، زوورین فەرمانیدا شەرابی "بونش" بێنن

و، هانە هانەی دەدام بیچەژم و هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە پێویستە ڕابێم بە خزمەت کردن لە سوپادا و، خزمەتیش بێ شەرابی "بونش" نەبووە و نەکراوە! منیش بەقسەم کردو لە سەریاری کردنیش بەردەوام بووین. هەرچەند قومێکم لە پێکەکەم بدایە ئەوەندەی دی لە سەریارییەکە سوور دەبووم. تۆپەکان بەدەستمەوە دەفڕین و بەسەر لێواری مێزەکەدا هەڵدەبەزینەوە، میزاجم تێکچوو و دەستم کرد بە جنێودان بەکابرای خاڵنووس کە هەر خوا خۆی دەیزانی چۆنی دەنووسی و گرەوەکەی پتر دەکرد.بەکورتی هەڵسوکەوتم وەك منداڵێك بوو کە لە جیهانی سەربەستیدا جڵەوی بەربووبێ. بەم جۆرە کات بەسەردەچوو بێئەوەی هەستی پێبکەی. زوورین سەیری سەعاتەکەی کردو داردەستەکەی داناو پێی ڕاگەیاندم کە سەد ڕۆبڵم دۆڕاندووە. ئەمە تا ڕادەیەك پەشۆکاندمی، چونکە پارەکەم لای ساڤێلیچ بوو. داوای لێبوردنم کرد بەڵام زوورین قسەکەی پچڕیم:"تکایە! دڵت هیچ نەکا، دەتوانم چاوەڕێت بکەم. ئێستاش بابچین بۆ لای ئەرینوشکا". چار چیە؟ بەم شێوەیە ئێوارەشم وەکو ڕۆژەکەی بە هیچ و پووچی بردە سەرو لە لای ئەرینوشکا شێومان کرد، زوورینیش لە سەر یەك پێکی بۆ تێدەکردم و دووبارەی دەکردەوە کە دەبێ ڕابێم بەخزمەتکردن لە سوپادا. کاتێ لە سەرخوان هەستام بە ئاستەم دەمتوانی بە پێوەوەستم.

دەوروبەری نیوەشەو زوورین دەستی گرتم و پەلکێشی کردم بۆ مەیخانەکە. لەبەر دەرکەی مەیخانەکەدا ساڤێلیچمان بینی. کاتێ کە بە چاوی خۆی بەڵگەی ڕوونی هەوڵ و کۆششمی لە خزمەتدا بینی

هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە دەنگێکی زویر و نائومێدەوە وتی: "ئەوە چیت لێ قەوماوە گیانەکەم؟ لەکوێ ئاوها بەم جۆرە سەرخۆش بووی؟ خوایە من بە درێژایی ژیانم شتی وام نەدیوە!" منیش بە لالوتێکەوە وەڵامم دایەوە: "وسبە، پیرەمێرد! خۆت سەرخۆشی بڕۆبخەوە.. بمخەرە سەرجێگەکە".

بۆ ڕۆژی ئایندە بە دەم ژانە سەرەوە لە خەو ڕاست بوومەوە، ئەوەی کە دوێنێ ڕووی دابوو بە شێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی دەهاتەوە یادم، ساڤێلچ کە بە پیاڵەیەك چاوە هاتە ژوورەوە ئەم تێڕامانەی پێ بڕیم و بەسەر ڕاوەشاندنەوە پێی وتم: "زۆر زوو ژیانی مەستی و سەرخۆشیت دەست پێ کرد، پێتەر ئەندرییێڤیچ. لەکێ دەچی؟ پێم وایە نە باوکت و نەباپیرت بەدمەست نەبوون، پێویستیش ناکا ناوی دایکت بهێنرێ: بەدرێژایی ژیانی لە "کڤاس"[11] بەولاوەی تام نەکردووە. دەبێ بەرامبەر بەمە گلەیی لە کێ بکرێ؟ ئای مسیۆی نەفرەت لێکراو. ناو بەناو دەچوو بۆ مەیخانەکەی ئەنتیپیێڤنا و بە منگەمنگ دەیوت:" مەدام ژی ڤۆپرێ ڤۆدکیۆ".[12] ئا ئەمەش سەرەنجامەکەی بوو! ڕاستیەکەی ئەمەیە.. خێر و چاکەی فێرکردی، ئەو سەگبابە. وەك بڵێی پێویستت بە

---

(11) کڤاس: خواردنەوەیەکی ڕووسی یە بەبێ ئەلك هوول لە گەنمی ڕەش دروست دەکرێت.

(12) لێرەدا ساڤێلیچ دەیەوێ لاسایی بۆپرێ بکاتەوە کە چۆن وشەی ڤۆدکای گۆ دەکرد.

بەخێوکەرێکی خوانەناس بووبێ و باوکت بەخێوکەری خۆمانەی نەبووبێ!".

هەستم بە پەشیمانی و شەرمەزاری کرد. ڕووم ل ێوەرگێڕا و پێموت: "بچۆدەرەوە ساڤێلیچ، چام ناوێ". بەڵام زۆر گران بوو ساڤێلیچ بێدەنگ بکەی کە کەوتە تەمێ کردن و ئامۆژگاری. "ها پێتەر ئەندرییێڤیچ، دەبینی ئەنجامی زۆر خواردنەوە چیە؟ سەرت قورس دەبێ و دڵت هیچ نابا. ئارەق خۆر کەڵکی هیچی پێوە نیە. ئاوی خەیاری سوێرکراو لەگەڵ هەنگوین بخۆرەوە باشە بۆت. لەوەش چاکتر ئەوەیە ئەم مەستیەت بە نیو پەرداخ خواردنەوەی خەست بڕەوێنیتەوە. بۆت بێنم؟". لەم کاتەدا خولامێك خۆی کرد بەژووردا و نامەیەکی زوورینی دامێ، کردمەوەو ئەم دێڕانەی خوارەوەم تێدا خوێندەوە:

"خۆشەویستەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ. تکایە بەم خولامەدا ئەو سەد ڕۆبڵەم بۆ بنێرە کە دوێنێ لە یاریەکە لەگەڵمدا دۆڕاندت زۆرم پێویست بە پارەیە.

خزمەتگوزارت

ئیڤان زوورین".

هیچ چارەیەك نەبوو. خۆم وا پیشان دا کە نەبام دیوەو نەباران، ڕوومکردە ساڤێلیچی خاوەن پارەو پۆشاك و کاروبارم و فەرمانم پێدا کە سەد ڕۆبڵ بداتە دەستی خولامەکە. ساڤێلیچ بە سەرسوڕمانێکەوە پرسی: "چۆن! بۆچی؟". چەندم توانی بە ساردی وەڵامم دایەوە: "لێم

قەرز کردووە"، ساڤێلیچ هەڵیدایە و پەیتا پەیتا واقی زیاتر وڕدەماو وتی:"قەرزار! چۆن وا زوو قەرزار بووی، قوربان؟ ئەم کارە نهێنییەکی تێدایە. چی دەکەی بیکە، قوربان، من ئەم پارەیە نادەم".

بیرم لەوە کردەوە ئەگەر لەم کاتە ناسکەدا بەسەر ئەم پیرە لاسارەدا زاڵ نەبم، لە دواییدا گران دەکەوێ لە سەرم و ئیتر لە ژێر ڕکێفی دەرناچم، بەلاڵووتێکەوە سەیرم کردو وتم: "من ئاغاتم و تۆش نۆکەرمی ، پارەش پارەی منە بە ویست و حەزی تایبەتی خۆم دۆڕاندوومە. پێتدەڵێم کلکەلەقێ مەکەو چ فەرمانێکت دەدەمێ جێبەجێی کە". قسەکانم بە جۆرێ کاری کردە ساڤێلیچ کە هەردوو دەستی بەرزکردەوەو لە شوێنی خۆیدا وشك بوو. بە ڕقەوە قیڕاندم بە سەریدا: "بۆچی ڕاوەستاوی؟". ساڤێلیچ دایە پڕمەی گریان و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: "گەورەم پێتەر ئەندریێڤیچ، گیانەکەم، مەمکوژە بە داخ و دەردەوە. گوێ بۆ منی پیرەمێرد شل بکە: بنووسە بۆ ئەم دزە کە تۆ گاڵتەت کردووە و یارییەکەت بە ڕاستەقانی نەبووە و ئێمە توانای ئەم پارەیەمان نیە. سەد ڕۆبڵ! خوای گەورە! پێی بڵێ کە باوك و دایکت هەموو جۆرە یارییەکیان لێ قەدەغە کردووی و لە گەمە کردن بەگوێز بترازێ هیچ شتێکی دیکەت نەکردووە ...". بە توندی قسەکەم پێ بڕی: "بەسی بێ درۆکردن،پارەکە بێنە، ئەگینا پیست دەردەکەم".

ساڤیلێچ بە داخ و پەژارەیەکی قووڵەوە تێی ڕوانیم و ڕۆیشت قەرزەکە بێنێ. زۆرم بەزەیی بەم پیرەمێردە داماوەدا هاتەوە، بەڵام دەمویست سەربەخۆبم لە ئازادیمداو، ئەوە بسەلمێنم کە من ئیدی

منداڵ نیم و، پارەکەم بۆ زوورین نارد. ساڤێلیچ خێرا و بە پەلە لەو مەیخانە نەفرەت لێکراوە دەر ەهێنام و هات پێی ڕاگەیاندم کە وڵاخەکانی ئامادە کردووە و بەدەروونێکی ئاڵۆز و پەشیمان ەیەکی لە ناخمدا مت و کپ سیمبیرسکم بەجێهێشت، ب ەئەوەی ماڵاواییش لە مامۆستاکەم بکەم و گومانی ئەوەشم نەدەبرد کە جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە.

# بەشی دووەم

# رێبەر

دووره وڵاتەکەم.. هۆ دووره وڵاتەکەم،
دووره وڵاتە نەشناسەکەم!
نە بە خوایشتی خۆم هاتووم و،
نە ئەسپە بەخشندەکەم هەڵیگرتووم هێناومیە لات،
منی لاوچاك چاو نەترسی و خوێن گەرمی مناڵی و،
سەرخۆشیی ناو مەیخانەکان پەلی گرتووم و هێناومی.

گۆرانییەکی کۆن

ئەندێشە و خەیاڵم بە ڕێگاوە زۆر خۆش نەبوو ، ئەو پارەیەی دۆڕاندبووم بە نرخی ئەو ڕۆژە کەم بایەخ نەبوو ، هەروەها دەبوو لە ناخی خۆشم دا پێ لەوە بنێم ئەوەی لە مەیخانەکەی سیمبیرسکدا کردم کارێکی کەرانە بوو. بەرامبەر بە ساڤێلیچیش هەستم دەکرد کە تاوانبارم، ئەوەش زۆری ئازار دەدام. پیرە ساڤێلیچ بە تەنیشتی

عەرەبانچیەکەوە بە ڕوویەکی گرژ و مۆنەوە دانیشتبوو، ڕووی لێ وەرچەرخاندبووم، ناوبەناو نەبێ بۆڵەیەکی لێ بەرز دەبووەوە. لە دڵی خۆمدا دەمویست لەگەڵی ئاشت ببمەوە، بەڵام نەمدەزانی چۆنی بۆ بچم و چۆنی دەست پێ بکەم. سەرەنجام پێم وت:" ئیتر با بەسی بێ ساڤێلیچ! با ئاشت بینەوە. من بەرامبەر بە تۆ تاوانبارم، دەزانم گوناهەکە لە ئەستۆی مندایە. دوێنێ کارێکی ناشیرینم کرد و خراپەم لەگەڵ کردی. بەڵێنت دەدەمێ ئیدی لەمەوپاش ئاقڵانەتر بجووڵێمەوەو بە قسەت بکەم. چاکە ئیدی توورە مەبە و با ئاشت ببینەوە".

ساڤێلیچ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وەڵامی دایەوە:

-ئای، ئازیزەکەم پیێتەر ئەندرێیڤیچ! من لە خۆم توورەم، هەر من تاوانبارم چۆنم لەو مەیخانەیەدا بە تەنها بەجێهێشتی! چ بکەم؟ شەیتان لە خشتەی بردم، لە دڵی خۆمدا وتم باسەرێ لە ژنەکەی شماشە بدەم کە لە منداڵیمدا دەستەبەری گۆش کردنم بوو. چووم بۆ ماڵیان و ماوەیەکی زۆری لامامەوە. ئای چەند ستەمە!.. دەبێ چۆن بێمە بەر چاوی باوکت و دایکت؟ دەبێ چی بڵێن ئەگەر بزانن کوڕەکەیان دەخواتەوەو قومار دەکات؟

بۆ ئەوەی ساڤێلیچی هەژار هێدی بکەمەوە بەڵێنم دایە ئیدی لەمەولا بێ ڕەزامەندی ئەو پوولێك خەرج نەکەم. بەرەبەرە هێمن بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوبەناو لەبەر خۆیەوە بۆڵەبۆڵێکی بۆ دەکردو سەرێکی ڕادەوەشاند: "سەد ڕۆبڵ! وەك بڵێی کۆپیکێك بێ یا دوو کۆپیك!".

نزیکی ئەو شوێنە بوومەوە کە بۆی دەڕۆیشتم، تا چاو بڕکا دەوروپشتم دەشتاییەکی کپ و مات بوو. ناوبەناویش تەپەو تەلان و دۆڵ و شیوی تێ دەکەوت. بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو. ڕۆژئاوا بوو و عەرەبانەکە بە ڕێگەیەکی تەنگەبەردا دەڕۆیشت، یان ئەگەر ڕاستتر بڵێین بەو شوێنەدا دەڕۆیشت کە تاخوڕکی جووتیارەکان کردبوویانەوە. لەناکاو عەرەبانچییەکە چاوی بڕییە لایەك وئەوجا شەپقەکەی داگرت و ئاوڕێکی لێدامەوەو وتی:

-قوربان فەرمانی گەڕانەوە نادەی؟

-بۆچی؟

-ئاسمانەکەی پشتی پێ نابەسترێ و مایەی متمانە نیە. باکە تادێ بەهێزتر دەبێ و بەفری بەدەمەوەیە.

-جا ئەوە چ مەترسییەکی تێدایە؟

-سەیری ئەوێ ناکەی؟ (عەرەبانچییەکە بە قامچییەکەی ئیشارەتێکی بۆ لای ڕۆژهەڵاتەوە کرد)

-لە دەشتێکی سپی و ئاسمانێکی سایەقەی ساماڵ بەولاوە هیچ نابینم.

-ها لەوێ، ها ئەو تەمومژە.

ڕاستێکەی لە کەناری ئاسمانەوە تەمێکی سپیم بەد یکرد، لەپێشدا وایبۆچووم تەپۆڵکەیەکی دوور بێت . عەرەبانچییەکە بۆی ڕوونکردمەوە کە ئەو تەم و مژە نیشانەی زریان و کڕێوەیەکە بەڕێوەیە. من باسوخواسی کڕێوەی ئەم ناوچەیەم بیستبوو و دەمزانی کەوا چەند ین کاروان عەرەبانە بەتەواوی بوون بەژێر

بەفرەوە. ساڤێلیچیش قسەی عەرەبانچییەکەی لاپەسەند بوو، ئەویش هەر ڕای وابوو بگەڕێینەوە. بەڵام من هێندە خێرایی بایەکەم بە لاوە جێ مەترسی نەبوو و دەمویست زوو بگەینە وێستگەکەی پێشەوەمان بۆیە فەرمانم بە عەرەبانچییەکە دا خێرا ئەسپەکانی بئاژوێ و پەلە بکا بە عەرەبانەکەی.

عەرەبانچی جڵەوی بۆ شل کردو کەوتەخۆ بەڵام هەمیشە هەر بەرەو ڕۆژهەڵاتی دەڕوانی. ئەسپەکان دایانە غاردانێکی خێراو بۆی دەرچوون، باکەش تا دەهات بەهێزتر دەبوو، پاشان تەم و مژەکە بوو بە گەواڵە هەورێکی سپی و بە قورسی بەرز دەبووەوە، دواتر بەرەبەرە زیادی کرد و بڵاوبووەوە تا هەر چوار لای ئاسمانی داپۆشی. بەفرێکی ورد دەستی کردە بارین، ئەوجا لە پڕ بوو بە کلووکلوو. باکە بەجارێ کەوتە هاژ و هووژو کردی بە کڕێوە و لە چاوتروکانێکدا ئاسمانی تەڵخ و تاریك نیشتە سەر دەریای بەفر. هەموو شتێ ون بوو و عەرەبانچی هاواری کرد:"کڕێوەیە ئاغا، لێقەوماو خۆمان!"...

سەرم لە عەرەبانەکەوە دەرهێناو لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو و گەرد ەلوولی بەفر بەولاوە هیچم نەبینی ، باکەش یەکبینە بە شێوەیەکی دڕندانە هاژەو لوورەی دەهات دەتوت گیانێکی زیندووە، بەفر داپپۆشیم و هەروەها ساڤێلیچیشی داپۆشی، ئەسپەکان ڕەوتیان بوو بە هەنگاو هەڵهێنانەوە و زۆری پ ێەچوو وەستان. منیش بەبێ ئارامییەوە لە عەرەبانچییەکەم پرسی:" بۆ ناجووڵێی؟" ئەویش بەدەم وڵامدانەوەوە شوێنەکەی بەج ێەهێشت و وتی: "باشە چۆن بجووڵێم؟ خوا خۆی دەزانێ ئێمە ئێستا لە

کوێداین، ڕێگا کە دیار نیەو چواردەورمان تاریکستانە". کەوتمە جنێو پیدانی بەڵام ساڤێلیچ لایەنی ئەوی گرت و بەتووڕەییەوە وتی:" ئەگەر بەگوێی ئەوت بکردایە دەگەڕاینە دواوە بۆ مەنزڵگەیەك و لەوێ چایەکت دەخواردەوەو تا بەیانی لێی دەخەوتی، تا کرێوەکە دەنیشتەوە و ئەوجا بەرێ دەکەوتینەوە. پەلەکردن لەپای چی؟ چما بۆ سەر شایی و زەماوەند دەچین؟".

ساڤێلیچ ڕاستی دەکرد و لە سەر هەق بوو، بەڵام تازە ئەوەی ڕابورد ڕابورد. بەردەوام هەر بەفر دەباری، تەپۆڵکەیەك بەفر لای عەرەبانەکەدا بەرز بووەوە. ئەسپەکان ڕاوەستاب وون و سەریان شۆڕکردبووەوە و تاوناتاوێك خۆیان ڕادەوەشاند.

عەرەبانچییەکەش بۆ کات بەسەربردن بەدەوری عەرەبانەکەدا دەس‌ووڕایەوە و هەندێ جێگەی چاك دەکرد. ساڤێلیچیش لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەبۆڵی بوو. سەرنجی هەموو لایەکم دا بەهیوای ئەوەی هیچ نەبێ سۆراخی جێگەو ڕێگەیە بکەم، بەڵام لە گێژەنی گەردەلوولی تەڵخ و تار بەولاوە نەمتوانی هیچ بەدی بکەم. لەپڕ شتێکی ڕەشم کەوتە بەرچاو، هاوارم کرد:" هۆ عەرەبانچی! ئەوە چیە لەوێدا ڕەش دەچێتەوە؟" کابرای عەرەبانچیش کەوتە وردبوونەوە و سەرنجدان و بەدەم دانیشتنەوە لە سەر جێگەکەی خۆی وتی:" خوا دەیزانێ قوربان، ئەمە نە عەرەبانەیە، نەدارە، بەڵام دەشجووڵێتەوە. ببێ و نەبێ یان گورگە یابنیادەم".

فەرمانم دابچێ بەلای ئەو شتە نادیارەوە، کە ئەو کاتە بەرەوڕوومان دەجوولآ پاش دوو دەقیقە زەلامێکمان لێ نزیك بووەوە. عەرەبانچییەکە تێی خوڕی:

-هۆ، پیاوی باش! ئەرێ دەزانی ڕێگەکە لە کوێوەیە؟

کابرای ڕێبوار وەڵامی دایەوە:

-ڕێگەکە لێرەوەیە، من وا لە چەقی ڕێگاکەدا ڕاوەستاوم، بەڵام بەچی دەچێ؟

-باشە کاکەبرا، تۆ ئەم ناوە شارەزای؟ دەتوانی شوێنێکمان پیشان بەەیت پشوویەکی تێدا بدەین؟

ڕێبوارەکە وەڵامی دایەوە:

-تەواوی ئەم ناوە شارەزام و سوپاس بۆ خوا بە پیادە و بە سواری پیایدا گەڕاوم. بەڵام بڕوانە چ زریان و کڕێوەیەکە ڕێگە دەرناکەن . واچاکترە لێرە بمێننەوە تا زریانەکە دەنیشێتەوە و ئاسمان ڕو وناك دەبێتەوە، ئەو کاتە بە ئەستێرە ڕێگە دەدۆزینەوە.

ساردی و هێمنی کابرا ئازایەتی وەبەرنام ، لەبەر ئەوە بڕیارم دا، دوای پشت بەستن بەخوا، ئەو شەوە لەو دەشتەدا ببەمەسەر. لەپڕ کابرای ڕێبوار بە سووك و سۆڵی لە جێگەی عەرەبانچییەکەدا دانیشت و پێی وت:" سوپاس بۆ خوا مەنزڵ لێرەوە دوورنیە، بەلای ڕاستدا بابدەرەوە و بەڕێی خۆتدا بڕۆ". عەرەبانچییەکە بە ناڕەزاییەوە پرسی:

-بۆچی دەبێ بەرەو لای ڕاست بچم؟ لەکوێ ڕێگە دەبینی؟ وابزانم نە ئەسپەکان هی تۆیەو نە کەرەستەو تفاقیش، لە ڕۆیشتن بەولاوە هیچی دیکە بەلاتەوە مەبەست نیە.

وام بە بیردا هات کە عەرەبانچییەکە هەقیەتی بۆیە وتم: "تۆ بە چیدا وا هەست دەکەی مەنزڵ دوور نیە؟" کابرای ڕێبوار لە وەڵامدا وتی:"چونکە با لەو لایەوە دێت و منیش بۆنی دووکەڵ دێتە لووتم، واتە گوندێك لەم نزیکانەوەیە". لە ناسکی و وردیی هەستی ئەم کابرایە سەرم سوڕما و فەرمانم بە عەرەبانچییەکە دا بەڕێ کەوێت. ئەسپەکان بە قورسی و لەقەلەق بە سەر بەفرە قووڵەکەدا کەوتنەڕێ و عەرەبانەکەش بە ئاستەم دەچووەپێش، جارێ سەرتەپۆڵکە بەفرێك دەکەوت و پاشان دەچەقیە نێو چاڵێك، جارێ بەملادا و جارێ بەولادا دەتوت کەشتییەکە لەنێو شەپۆلی دەریایەکی ئاڵۆز و هەڵچوودا، ساڤیلێچیش تاو نا تاوێك بە لاتەنگەمدا دەکەوت و ئاخ هاواری لێ بەرز دەبووەوە. پەردەکەم دادایەوە و خۆم بەفەروەکەم داپۆشی. بەدەم لایلایەی زریانەکەو لەرەلەری لە سەرەخۆی ڕۆیشتنەوە وەنەوز بردمیەوە.

خەونێکی وەهام بینی بەدرێژایی ژیانم نەمتوانی لە بیرم بچێتەوە. تا ئێستاش کە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەیر و سەمەرەیەی بەرپا بوو لە ژیانمدا بەراوردی دەکەم، شتێکی پێشبینی کەرانەی تێدا دەبینم. تکام وایە خوێنەر بمبوورێ، لە بەر ئەوەی فرەجار، بە ئەزمون و تاقیکردنەوەی خۆیدا دەزانێ مرۆڤ وا دروست بووە شوێن پڕوپووچ بکەوێ ئەگەرچی بە تەواویش بێزی لێ بکاتەوە. لە بارێکی هەستی ودەروونیی وادابووم کە واقیع لە بەردەمی خەوندا پاشەکشێ دەکا و لە شێوەی خەونی تەم و مژاویی سەرەتای نووستندا تێکەڵی یەکتر دەبن. لەم خەونەمدا زریانەکە بەردەوام هەر ناڵەو نرکەی دێت و ئێمەش هێشتا بەو فەزا بەفرینەدا وێڵین... لە ناکاو دەرگایەکم بەدی

کردو چوومە حەوشەی ماڵی خۆمانەوە. یەکەم شت کە بەبیرمدا هات ئەوە بوو کە خۆم لە تووڕەبونی باوکم بپارێزم کەوا ناوادەو نابەجێ گەڕاوەمەتەوە بۆژێرسایەی ئەو و دایکمو وای دابنێ بە دەسەنقەست لە قسەو فەرمانی ئەو دەرچووم. بە شپرزەییەوە لە عەرەبانەکە بازم دایە خوارەوەو دایکم لە ڕاڕەوەکەدا بینی بە شێوەیەکی هێجگار دڵگرانو زویر پێشوازیم لێ دەکا و پێم دەڵێ:" لە سەر خۆ بە باوکت نەخۆشەو واخەریکە دەمرێ، دەیەوێ ماڵاواییت لێ بکا". شوێنی کەوتم بۆ هۆدەی نووستن و ترس و لەرز دایگرتبووم، هۆدەکە ڕوناکییەکی کزی تێدا بوو، لای چەرپاکە کۆمەڵەخەڵکێك ڕاوەستابون، هەمووان ڕەنگی دەم و چاو پەڕیو، لە سەرەخۆبەرەو جێگەکە ڕۆیشتم، دایکیشم کەمێ پەردەکەی بەرزکردەوە ودەیوت: "ئەندریێ پێترۆڤیچ، وا پێتەر گەیشتە بەرەوە، ئەو کەبە نەخۆشیتی زانی گەڕایەوە“ لەبەر ئەوە دۆعای خێری بۆ بکە". لە سەر چۆك دانیشتم و چاوم بڕییە نەخۆشەکە. ئەمە چیە؟ لە باتی باوکم جووتیارێکی ڕدێن ڕەشم بینی لە جێگەکەدا ڕاکشاوە و بەکەیف و خۆشییەوە تێم دەڕوانێ. بە پەشۆکاوییەوە ئاوڕم لە دایکم دایەوە و وتم:" ئەمە مانای بەچی؟ خۆ ئەمە باوکم نیە. ئیدی بۆچی داوای دۆعای خێر لە جووتیارێك بکەم؟" دایکم وەڵامی دایەوە:"جیاوازی نیە پێتەر ئەوە باوکی زاوایەتیتە [1] دەستی ماچ کەو لێیگەڕێ بادۆعای خێرت بۆ بکا ..." منیش ڕازی نەبووم. لەوکاتەدا کابرای

(1) کەسێکە ڕۆڵی باوکی بووك یان دایکی زاوا دەبینێ لە کاتی زەماوەندا.

جووتیار له جێگەکه ڕاپەڕی و پاچێکی لەلای پشتیەوه [2] دەرهێناو کەوتە ڕاوەشاندنی بە گشت لایەکدا. ویستم هەڵبێم بەڵام نەمتوانی، ژوورەکەپڕبوو لە لاشەی مردوو، خۆم بەلاشەیەکدا کێشاو خلیسکامە ناو گۆمێ خوێنەوە... جووتیارەبەسامەکە بەمیهرەبانی‌یەکەوە بانگی کردم و وتی:" مەترسە، وەرەپێشەوە بۆ پیرۆزیم ..." سام و شڵەژان دایگرتبووم و ... لەم ساتەدا لە خەو ڕاست بوومەوە. ئەسپەکان ڕاوەستابون ساڤێلیچیش دەستی ڕاوەشاندم و دەیوت:

"دەرچۆدەرەوە ئاغا، گەیشتین". بەدەم چاو هەڵگلۆفتنەوە پرسیم: گەیشتینە کوێ؟

-کاروانسەراکە. خوا یارمەتی داین و یەکسەر کەوتین بەسەر پەرژینەکەدا. دابەزە قوربان، خێراکە باخۆمان گەرم بکەینەوە.

لە عەرەبانەکە دابەزیم ، زریانەکە هەر هاژە هاژو لوورەلووری بوو بەڵام زەبر و توندی‌یەکەی نیشتبووەوە و تاریکی‌یەکی لە ڕادەبەردەر ئەنگوستەچاو بوو. خاوەن کاروانسەرا کە لە دەرگاوە پێشوازی لێکردین، چراکەی خستبووە ژێر چمکی پاڵتۆکەیەوەو، بەرەو هۆدەیەکی بچووکی بردم بەڵام پاك و خاوێن بوو و چرایەکی تیادا داگیرسابوو. تفەنگێك بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، لەگەڵ شەپقەیەکی قووچی قەوزاقیانەدا. خاوەن کاروانسەراکە بە بنەچە قەوزاقی یایك [3]

---

(2) لە زەمانی کۆندا جووتیاری ڕووس لە سەفەروڕێگاباندا پاچی هەڵدەگرت و لای پشتەوە دەیکردە توێی پشتێنەکەیدا.

(3) یایك، لە پێش ڕاپەڕینەکەی پووگاچیۆڤ دا ناوی زێی ئووراڵ بووە. حکوومەتی تسار ناوی ئەم ناوچەو ڕووبارەی گۆڕیوە تاڵیچ بیرەوەرییەك لە مێشکی خەڵکدا بەم ڕاپەڕینەوەنەهێڵێ، کە قەوزاقی یایك ڕۆڵێکی باڵایان تێدا بینیوە.

**بوو، پیاوێکی دەوروبەری شەست ساڵ دەبوو لەتەمەندا، هێشتا سووك و گورج و گۆڵ بوو بۆ جموجووڵ. ساڤێلیچ لەدوامەوە هەزار پێشەکەی هەڵگرتبوو و داوای ئاگر کردنەوەی کرد بۆ چالێنان کە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان وەك ئەوکاتە پەرۆشی نەبووم.**

**خاوەن کاروانسەرا چوو بەلای کاری خۆیەوە، منیش لە ساڤێلیچم پرسی:**

**- کوا ڕێپێشاندەرەکە؟**

**لە سەرەوە دەنگێك وەڵامی دامەوە:" لێرەم خاوەن شکۆ"، چاوم هەڵبڕی بۆ ڕەفەکانی سەر ئاگردانەکە، ڕدێنێکی ڕەش و دووچاوی گەشم بینی. "ها برا لەگۆچووی؟"**

**. "ئەی چۆن بەم پاڵتۆ تەنکەوە لە گۆناچم کەوڵێکم هەبوو بەڵام (بۆچی لێت بشارمەوە؟) دوێنێ لای مەی فرۆشەکە بە بارمتە دامنا و ئەم سەرماو بۆڕفتەم بەبیردا نەدەهات". لەم کاتەدا خاوەن کاروانسەراکە بە سەماوەرێکی کوڵاتووەوە خۆی کرد بە ژووردا. داوام لە ڕێنوماکە کرد پیاڵەیەك چامان لەگەڵ بخواتەوە. کابرای جووتیار لە ڕەفەکانی سەر ئاگردانەکە هاتە خوار، ڕوخساریم جوان و قەشەنگ**

---

**قەوزاقی ئەم ناوچەیە لەلایەن تسارەکانی ڕووسیاوە بەکار دەهێنران بۆ بەرگری کردن لە سنووری ڕۆژهەلات، بۆ ئە مەبەستەش ئیمتیازی تایبەتیان درابوویە. بەڵام لەهەمان کاتدا زۆربەی زۆری قەوزاقی ئەم ناوە لەژێر فشار و زوڵم و ستەمێکی گەورەو گراندا بوون، بۆیە زۆر ڕاپەڕین لەدژی تسارەکان لەم ناوچەیەدا بەرپا دەبوو. گرنگترینی ئەم ڕاپەڕینانە ئەوەیان بوو کە ستێپان ڕازین سەرکردایەتی کرد سالآنی ( 1667–1671) و پاشان ڕاپەڕینەکەی پووگاچیۆڤ (1773– 1775).**

هاتە پێش چاو: تەمەنی لە دەوروبەری چل ساڵیدا دەبوو، باڵا ناوەنجی، باریکەلە، ناوشان پان و ڕیشەڕەشەکەی تاڵ تاڵ سپیی تێکەوتبوو، چاوە زلە درەوشاوەکانی هەردەم دەجووڵان. دەم وچاوی ئەم پیاوە سیمایەکی هێجگار میهرەبانی دەنواند، زیرەکی و بلیمەتیشی تێدا بوو. قژی بە شێوەیەکی خڕ تەراش کردبوو. پاڵتۆیەکی جووتیارانەی لەبەردا بوو لەگەڵ شەرواڵێکی تاتاریدا. پیاڵەچاکەی دەستی خۆم دایە، خواردیەوە و ڕووی دا بەیەکدا: "خاوەن شکۆ، چاکەیەکم لەگەڵدا بکە، پەرداخێ مەیم بۆ بانگ کە، چونکە چا خواردنەوەی قەوزاق نیە". منیش بە ڕەزامەندییەوە داواکەیم بەجێهێنا. خاوەن کاروانسەراکە کە گۆزەڵەیەك و پەرداخێکی لەگەنجینەکە دەرهێناو لێی هاتە پێشەوە و سەیرێکی ڕوخساری کردو وتی:"ها ئەمجارەش هاتیتەوە گیانمان! ئەوە خوا لەکوێوەی هێنای؟" ڕێپیشاندەرەکەم چاوێکی بە بەڵگە و مانای لێداگرت و بە پەندێکی باو وەڵامی دایەوە:"هەڵفڕیم بۆ مەزراکە، قەنەبم دایە بەر دەنووك،داپیرە بەردێکی تێگرتم بەڵام نەیپێکام. ئەی تاقمەکەی ئێوە چۆنن؟" خاوەن کاروانسەراکە لە سەر ئەم گفتوگۆ بەتوێکڵ و واتادارە ڕۆیشت لەگەڵی و وتی:

-تاقمەکەی ئێمە! دەستیان داوەتە بانگەواز بۆ نوێژی ئێوارە، بەڵام ژنەکەی قەشە نایەڵێ، چونکە قەشە دەرچووە بۆ میوانی و جنۆکەش لە گۆڕستانەکەدا تەڕاتێنیانە.

کابرای لانەوازیش بەرپەرچی دایەوە:

-بێدەنگ بە، مامە، باران دەبارێ و قارچك هەڵدەتۆقێ ، قارچکیش سەبەتە دەکات ئێستاش (لێرەدا جارێکی دیکە چاوی داگرت)

پاچەکە بشارەوە چونکە پاسەوانی دارستانەکە خۆی مەڵاس داوە.
خاوەن شکۆ بەسلامەتی تۆ!. بەم وشانە پێکەکەی هەڵگرت و نیشانەیەکی خاچی کێشاو بە یەك بین فڕێ کرد ، پاشان بۆم نووشتایەوە و گەڕایەوە سەر ڕەفەکانی ئاگردانەکە.

ئەو کاتە من لە دەمەتەقێی ئەم دزانە هیچم لێ حاڵی نەبوو ، بەڵام دواتر هەستم بۆ ئەوە دەچوو کە کارەکە پێوەندیی بە کێشەی تیپی یایکی قەوزاقەوە هەیە کە هێشتا ماوەیەکی زۆر بە سەر سەرکوتکردنیدا تێپەڕ نەبووبوو لە دوای یاخی ب وونەکەی ساڵی 1772. ساڤێلیچیش گوێی بۆ ئەم گفتوگۆیە ڕاگرتبوو و گرژ و مۆنییەکی ناڕەزایی بە نێوچەوانیەوە نەخش بووبوو ، بۆیە بە گومانەوە چاوی لە نێوان خاوەن کاروانسەرا و ڕێبەرەکەدا دەگێڕا. کاروانسەراکە کە وتبووە شوێنێکی چەپەکەوە لە دەشتەکەدا، دوور لە هەموو گوندێ و زۆر لە بنکەی دزان دەچوو. بەڵام هیچ چارێك نەبوو، بەهیچ جۆرێك نەدەگونجا تەنانەت بیریش لە ڕۆیشتن بکەیتەوە و نیگەرانیی ساڤێلیچ زۆری دڵنەوایی دەکردم. لەم کاتەدا خۆم ئامادە کرد بۆ نووستن و، لە سەر لاتەختێك ڕاکشام. ساڤێلیچیش بڕیار یدا بچێتە سەربانی ئاگردانەکە. خاوەن کاروانسەراکەش لە سەر زەوییەکە لێی پاڵ کەوت. پاش تۆزێك هەموو مەنزڵگەکە لە پرخەی خەودا نوقم بوو و منیش وەك مردوو شەکەت و ماندوو لێی خەوتم.

کە لە خەو هەستام چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، کرێوە و زریانەکە نیشتبووەوە، خۆریش دەبریسکایەوەو بەفر ڕایەخی سپیی خۆی بەسەر ئەو دەشتە پان و بەرینەدا ڕاخستبوو و ئاوی

لە چاو دەردەهێنا. دواجار ئەسپەکان لە عەرەبانە بەستران و پارەی خاوەن کاروانسەراکەم دا کە کرێیەکی گونجاوی وای ل ێسەندین تەنانەت ساڤێلیچ بە عادەتەکەی هەموو جارێکی هیچ بگرەو بەردەی لە سەر نەکرد و تەواوی هەموو گومانێکی دوێنێی لە سەردا ڕەوییەوە. ڕ ێبیشاندەرەکەم بانگ کردو سوپاسی یارمەتیدانەکەیم کردو فەرمانم بە ساڤێلیچ دا نیو ڕۆبڵی بداتێ بۆ ڤۆدگاکە. ساڤێلیچ ڕووی دا بەیەکدا و وتی:"نیو ڕۆبڵ بۆ ڤۆدگا! بۆچی؟ لە بەر ئەوەی تۆ بە چاکەو پیاوەتی خۆت سواری عەرەبانەکەت کردو گەیاندتە ئێرە؟ خۆت دەزانی ئاغا پارەی زیادمان نیە. ئەگەر ئێمە بە هەرکەسێ دێ و دەڕوا پارەی ڤۆدگایەك بدەین، ئێمە خۆمان بەم زوانە دەکەوینە سواڵ و لەبرسا دەمرین". نەمتوانی چەند و چ وون لەگەڵ ساڤێلیچدا بکەم، پارە کە بەپێی ئەو بەڵێنەی دابوومێ بە تەواوی خۆی بەرپرسیار بوو لێی. بەڵام هەستم بە پەژارە کرد لەبەر ئەوەی نەمتوانی پاداشتی مرۆڤێك بدەمەوە کە لە بارودۆخێك ڕزگاری کردین ئەگەر پڕ لە دەردو مەینەتیش نەبووبێ خۆ بەلای کەمەوە بارێکی هێجگار ناسك و لە سەرپل دەبوو. لە بەر ئەوە بە سارد یەکەوە وتم:" ئەگەر تۆ نیو ڕۆبڵەکەی نادەیتێ، وا چاکە شتێك لە جلەکانمی بدەیتێ چونکە جل و بەرگەکەی زۆر تەنك و تۆڵە و خێرا ئەو پاڵتۆ کەوڵە کەروێشکەمی بدەرێ".

ساڤێلیچ وتی:

-تکات لێ دەکەم گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ! بۆچی پاڵتۆکەوڵە کەروێشکەکەتی دەدەیتێ؟ ئەم سەگە هەر لە یەکەم مەیخانەدا دەیفرۆشێ و پارەکەی بە خواردنەوە دادەنێ.

هاوەڵی لانەوازم وتی:

-پیرەمێرد تۆ چیت داوە لەوەی من بە خواردنەوە دایدەنێم یان نە، جەنابی پاڵتۆکەی خۆیم دەداتێ و ئەمە خوایشتی بەخشندەیی خۆیەتی، تۆش وەك نۆکەرێ بۆت نیە چەند و چون بکەی، بەڵکو دەبێ گوێدێر و ملکەچ بیت.

ساڤێلیچ بەدەنگێکی توورەوە وەڵامی دایەوە:

-بۆ لە خوا ناترسی هەی دز! تۆ دەبینی ئەو هێشتا من داڵەو هیچ نافامێ، تۆش ساکاریی ئەو بە هەل دەزانی بۆ ئەوەی بە خوشحاڵییەوە تالانی بکەیت باشە تۆ پێویستیت بە پاڵتۆی ئەم ئاغا بچکۆلەیە چیە؟ ئەمە هەر ناچێ بە ناو شانە پان و نەعلەتیەکەی تۆدا.

لێرەدا بەبەخێوکەرەکەمم وت:

-تکایە کلکەلەقێی پێ ناوێ. هەر ئێستا پاڵتۆکەم بۆ بێنە.

ئەم قسەیەم ئێش و ئازاری گەیاندە ساڤێلیچ و وتی:

-خوای بێ هاوتا! پاڵتۆکە وەختە بڵێم هێشتا نفت و نوێیە! کەچی تۆ دەتەوێ بیبەخشی بە کابرایەکی بەدمەستی پێ پەتی نەك بە پیاوێکی باش!

لەگەڵ ئەوەشدا پاڵتۆی کەوڵە کەروێشك هێنراو، کابرای جووتیار کەوتە ئەندازە گرتنی. ڕاستێکەی پاڵتۆکە بۆ من بچووك بووبۆوە لەبەر ئەوە کەمێك تەنگ بوو بە بەری. بەڵام پاش ئەوەی هەندێ تەقەڵی درووماکانەکەی لێ هەڵتەکاند هەرچۆنێك بوو توانی لەبەری بکات. ساڤێلیچ کە گوێی لە هەڵتەکاندنی تەقەڵەکان دەبوو، لەداخاندا هەر ئەوە بوو بانگی لێ بەرز نەدەبووە. کابرای لانەواز بەم دیاریەم هێجگار شادمان بوو و تا لای عەرەبانەکە ڕەوانەی کردم و بە دەم دانەوینەوە وتی: "سوپاس خاوەن شکۆ! خوا پاداشتی ئەم چاکەیەت بداتەوە. تا ماوم پیاوەتیت لەبیرناکەم". پاشان بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت. منیش بەڕێکەوتم بێ ئەوەی گوێ بدەمە نیگەرانی و بێزاریی ساڤێلیچ و هەر خێرا زریانی دوێنێ و ڕ ێهێشاندەرەکەم لە بیرچووەوە، هەروەها پاڵتۆی کەوڵە کەروێشکیش.

کاتێ گەیشتینە ئۆرێنبوورگ دەسبەجێ چووم بۆ لای جەنەراڵ کەوا پیاوێکی بالأبەرز بوو بەڵام پیریی پشتی چەماندبووەوە، پرچە درێژەکەی تەواو سپی بووبوو، بە دەستە جلە سەربازییە کۆنە ڕەنگ کاڵەکەیدا لە جەنگاوەرێکی سەردەمی ئاننا ئیڤانۆڤنا [4] دەچوو، لە ئاخاوتنیدا لەنگ یەکی ئاشکرای زمانی ئەڵمانی دەردەکەوت. پاش سڵاو نامەکەی باوکمم دایە و لەگەڵ ناوهێنانیدا تەماشایەکی خێرای کردم و وتی: "ماشەڵڵا! سەردەمێکی دوورنیە باوکت لە سێرەی ئێستای تۆدا بوو. ئێستاش تەماشا کە چ

---

(4) ئیمپراتۆرەی ڕووسیا لەسالأنی (1730– 1740) داو کچەزای پیۆتری یەکەمە.

کوڕێکی هەیە! ئای زەمانە، زەمانە!". ئەوجا نامەکەی هەڵبچڕی و بەدەنگێکی نزم دەستی کرد بە خوێندنەوەی و بە دەمیەوە تێبینی خۆی دەر دەبڕی، "جەنابی بەڕێز ئەندریێ کارلۆڤیچ هیوام وایە جەنابت" .. ئەم زل کردن و فشکردنەوە یە چیە؟ شەرم ناکا ت! هەڵبەتە توندوتۆڵی مەرجی سەرەکیە، بەڵام ئا خۆ بۆ هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیش دەبێ بەم شێوەیە بنووسێ؟ "جەنابت لەیادت نەچووە".. ئمم .."وە.. کاتێ کە ، فیڵدمارشاڵی خوالێخۆشبوو مین... هێرشەکە... ئاوهاو... کارۆلینکا" ، ئێ، برادەر! چۆن تا ئێستا زۆڵێتیی جارانمانی لەبیر نەچووەتەوە؟ "ئێستاش بابچینە نێو بابەتەکەوە .. ئەم کوڕە خاوخلیچك و تەوەزەلەی خۆمت بۆ دەنێرم" ئحم ... "بە چەپۆکی ئاسنین بیگرە" ... ئەم چەپۆکە ئاسنینە چیە؟ دەبێ پەندێکی ڕووسی بێ ..."، لێرەدا ڕووی تێکردم و مانای "بەچەپۆکی ئاسنین بیگرە"ی لێپرسیم و دووپاتی دەکردەوە. منیش بەوپەڕی ساویلکەیی دەربڕینەوە وەڵامم دایەوە:

-واتە بە میهرەبانی هەڵس وکەوتی لەگەڵدا بکە، نەك سەخت ودڵڕەقانە و زیاتر سەربەستیی بدەرێ و بە چەپۆکی ئاسنین بیگرە.

-ئحم، تێگەیشتم.. "جڵەوی سەربەستیی بۆ بەرەڵامەکە" .. نا وا دەردەکەوێ چەپۆکی ئاسنین شتێکی دیکە

دەگەیەنێ.."ناسنامەکەیشی لەگەڵ ئەم نامەیەدایە".. کوا لەکوێیە؟ بەڵێ لێرەیە." ، تکا دەکەم بنووسە بۆ فەوجی سیمیۆنۆڤسکی"... "بهێڵە با بە سۆز و پەرۆشەوە دەستت لەمل بکەم .. هاوڕێ و دۆستی دێرینت" ئەهها! لە کۆتاییدا هەڵ یهێنا... تادوایی،

تادوایی. ئەمجار پاش ئەوەی نامەکەی خوێندەوەو ناسنامەکەمی خستە لایەکەوە، وتی: "هەموو شتێ جێبەجێ دەبێت و دەبیت بە ئەفسەرێکی گوێزراوە بۆ فەوجی ك، جا بۆ ئەوەی کاتت بە فیڕۆ نەچێ سبەینێ بڕۆ بۆ قەڵای بێلۆگۆرسك و لەوێ لە ژێر سەرکردایەتیی کاپیتان میرۆنۆڤدا دەبیت، کە پیاوێکی باش و دەست و دڵ پاکەو لەوێ لە خزمەتی ڕاستەقینەدا دەبیت و فێری توندوتۆڵی دەبی. کارت بەسەر ئۆرێنبوورگەوە نەبێ، بێکاری زیانی هەیە بۆ لاو، ئەمڕۆش تکام وایە بفەرمووی بۆ ماڵی خۆمان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. لەدڵی خۆمدا بیرم کردەوە: "کارەکە سات دوای سات گرانتر دەبێ. چارەڕەش خۆم، هەر کە لە سکی دایکمدا بووم بە سێرجانتی پاسەوانی ناونووس کرام! ئا ئەمەش ئاکامەکەی بوو: بۆ فەوجی ك ... قەڵایەکی دووری سەر سنووری کیرغیز و کایستسکی! ...". پاشان نانی نیوەڕۆم لە سەر خوانی ئەندریێ کارلۆڤیچ خوارد، پیرەمێردەکەی یاوەریشی لەگەڵماندا بوو. چاوچنۆکیەکی ئەڵمانیانەی بە رچاو باڵی کێشابوو بە سەر خوانەکەیدا و، وام بەبیردا هات کە مەترسی لەوەی جاربەجار میوانێکی زیادە لە سەر خوانە ڕەبەنەکەی ببینێ بەشێك بوو لەو هۆیەی پاڵی پێوەنا کە خێرا دوورم بخاتەوە بۆ ئەو سەربازگەیە. بۆ ڕۆژی ئایندە ماڵاواییم لە جەنەراڵ کردو چووم بۆ شوێنی قەرارادادەم.

# بەشی سێهەم

# قەڵا

**ئێمە لە قەڵایەکدا دەژین**
**خۆراکمان نانەو، خواردنەوەشمان ئاو؛**
**کە دوژمنە دڕندەکانیش بۆمان دێن**
**تا خۆراکەکەمان بخۆن**
**لە گوللە تۆپەکانمان**
**خوانێك بۆ میوانەکان دڕازێنینەوە.**
**"گۆرانییەکی سەربازان"**
**خەڵکانی دێرین، ئازیزەکەم.**

**"لە کۆمیدیای فۆنفیزین (لاوێکی نیوە خوێندەوار)وەرگیراوە"**

قەڵای بێڵۆگۆرسك چل فرسەقێك لە ئۆرێنبوورگەوە دوورە و ڕێگاکەی بە قەراخ زێی یایکی خوڕو سەر بەرەو ژێردا داکشاوە. ڕووبارەکە هێشتا نەیبەستبوو، شەپۆلە تەڵخ و بۆرەکانی بە ماتی خۆیان دە کێشا بە لێوارە ڕەنگ قوڕقۆشمینە چون یەکە بەفر گرتووەکەیاو لە پشتیشمانەوە دەشتە پانوپۆڕەکەی کیرغیزیا بوو. من نوقمی ئەندێشەو بیرکردنەوە بووبووم، بیری زیاتر پڕ پەژارەو دڵتەنگی و زۆرم ئارەزووی ژیان بردنەسەر نەبوو لە سەربازگەدا. دەمویست وێنەی کاپیتان میرۆنۆڤی فەرماندەی لەمەوپاشم بێنمە بەرچاوی خۆم و وام بەخەیاڵدا دەهات پیرەمێردێکی تووڕەی دڵڕەق بێت و لە کارەکەی خۆی بەولاوە هیچ شتێك نەزان ێت و، ئامادەبێ لە سەر بچووکترین هەڵە و سەرپێچی بەندم بکا ت و لە نان و ئاو زیاترم نەداتێ. لەم خەیاڵ ڕۆیشتن ەدا بووم ئێوارە داهات و زۆر خێرا دەڕۆیشتین. لە عەرەبانچیەکەم پرسی: "چەندی ماوە بگەینە قەڵاکە؟" وەڵامی دایەوە: "زۆری نەماوە، ئێستا لە حوکمی چاودایە". بەهەموو لایەکدام ڕوانی بۆ ئەوەی کەشکەلانی قولله و شوورەی بەسام ببینم، بەڵام لە گوندێکی بچکۆلانەی بە پەرژینی کۆڵەکەدار دەوردراو بەولاوە هیچم نەدی، لە لایەکیەوە سێ چوار کۆمەڵ گزرە ڕۆکرابوو و بە بەفر داپۆشرابوون و لەولاشیەوە ئاشەبایەك قوت بووبوەوە و پەروانە ڕیشاڵدارەکانی شل و شۆڵ داهێزرابوون و بە واق وڕمانێکەوە پرسیم: "کەواتە ئەی قەڵاکە لە کوێیە؟" عەرەبانچیەکە بەدەم وڵامدانەوەوە دەستی بۆ گوندەکە ڕاکێشاو وتی "ئا ئەمەیە" و، بەدەم ئەم قسانەوە چووینە نێو

گوندەوە. تۆپێکی کۆنی لەئاسن داڕێژراوم لە دەروازەکەیدا بینی. شەقامەکان تەنگەبەر و خوار و خێچ و، خانووەکان نزم ب وون و زۆربەی بنمیچەکانیان زەل و پووش بوو ن. دەستوورم دا بچین بۆ لای فەرماندەو پاش چەند ساتێك عەرەبانەکە لە بەردەمی خانووە دارینێکی بچووکدا ڕاوەستا کە بە سەر بەرزاییەکەوە دروست کرابوو، نزیك بە کەنیسەیەکی دارین دیسان.

کەس پێشوازی ل ێنەکردم و بەدالانەکەدا ڕۆیشتم و دەرگای هۆدەکەی پێشەوەم کردەوەو روانیم پیرەمێردێکی لاق بڕاو لە سەر مێزێك دانیشتبوو و ئانیشکی قۆڵی پاڵتۆ سەوزە سەربازییەکەی بە پارچە پەڕۆیەکی شین پینە دەکرد. داوام ل ێکرد کە فەرماندە ئاگادار بکات ەوە لە هاتنم . پیرەی لاق بڕاو وەڵامی دامەوە."وەرەژوورەوە کوڕم، گشتیان لە ماڵن". ئەوجا چوومە ژوورێکی خاوێنەوە کە وا لە سەر شێوەی کۆن ڕازێنرابووەوە. لە یەکێك لە قوژبنەکانیدا چەند سین یەکی کاسەو کەویل لە سەر دانرابوو و بە دیوارەکەشدا دیپلۆمی دەرچ وونی ئەفسەرێك کە لە چوارچێوە گیرابوو، هەڵواسرابوو. چەند تابلۆیەکی هەرزانبایی لەنزیکیەوە هەڵواسرابوون کە وێنەی داگیرکردنی کیسترین [1] و

(1) کیسترین: شارێکی پرووسیا بووە. لە شەڕی حەوت ساڵەی ( 1756-1763)ی نێوان ڕووسیاو پرووسیادا، لەلایەن سوپای ڕووسەوە لەژێر سەرکردایەتی جەنەراڵ فۆرمەردا داگیرکراوە.

ئۆچاكۆڤ [2]، هەڵبژاردنی كچە دەزگیرانێك و بەڕێخستنی تەرمی پشیلەیەكیان نیشاندەدا. لە نزیكی پەنجەرەكەوە پیرەژنێك دانیشتبوو و پاڵتۆیەكی بەرداری لەبەر كردبوو، سەری بە دەسماڵێ جەڕاندبوو و هەندێ داوی هەڵدەكرد كە پیرەمێردێكی لاتەكەی یەكەڵەچاو، چاكەتێكی ئەفسەرانەی لەبەردا بوو، هەردوو دەستی بڵاوكردبووەو ئەو سەری داوەكانی گرتبوو. پیرەژنەكە بە دەم ئیشكردنەوە لێی پرسیم: "كارت چیە، كوڕم؟" وەڵامم دایەوە كە هاتووم بۆ خزمەتی سەربازی و دەمەوێ وەكو ئەركێكی سەرشانم خۆم بە جەنابی فەرماندە بناسێنم. ئەم قسەیەم كردو رووم كردە پیرەی یەك چاو، چونكە پێموابوو فەرماندە ئەوە. بەڵام پیرەژنەی كەیبانۆی ماڵ قسەكەی پێبڕیم كە لەوەوپێش لەبەرم كردبوو و وتی: "ئیڤان كووزمیچ، لە ماڵەوە نیە، چووە بۆ سەردانی بابە گێراسیم، بەهەرحاڵ من خێزانی ئەوم، بەخێربێی سەرچاو. دانیشە كوڕم". ئەوجا كارەكەرەكەی بانگ كردو فەرمانی دایە دەرەجەدارەكە بانگ بكات. كە پیرەمێردە ڕەقەڵەكەیش بە تاكە چاوەكەی تەماشایەكی كردم و لێم وردبووەوە وتی: "بە ئەركی نازانی پێم بڵێی لە چ پۆلێكدا خزمەتت كردووە؟" منیش تاسەی ئەم پرسیارەیم شكاند، بەڵام ئەو هەر وازی لە پرسیار كردن نەهێنا و لە سەری ڕۆیی و وتی:" ئەی بەئەركی نازانی پێم بڵێی بۆچی لە

---

(2) ئۆچاكۆڤ: قەڵایەكی تورك بووە لە سەر دەریای ڕەش، لە شەڕی رووسیاو توركیای ساڵانی 1735– 1739 دا لەلایەن سوپای رووسەوە بە سەركردایەتی فیڵدمارێشاڵ مینیخ داگیركراوە.

فەوجی پاسەوانیەوە گواستوویتیانەوە بۆ سەربازگەیەك؟" وەڵامم دایەوە کە ئەمە ویست و خواستی سەرکردەکانم بوو ە. کابرای فرەڕێس وتی:"دیارە بە هۆی ئاکارو کردەوەی واوە بووە کە شیاوی ئەفسەرێکی پاسەوانی نین". ژنەکەی فەرماندە وتی:"بەسە چەنەبازی، تۆ دەبینی ئەم کوڕە شەکەت و ماندووی ڕێگایەو تاقەتی دەمەتەقێی نیە لەگەڵت..(هەردوو دەستت ڕێك و ڕاست ڕاکێشە...) تۆیش کوڕم - ئەمجارەیان ڕووی دەمی کردە من - دڵگران مەبە بەوەی کە گواستوویتیانەوە بۆ ئەم شوێنە پەڕو دوورە ئاوەدانیەمان، تۆ یەکەم کەس نیت گوێزرابیتەوە بۆ ئێرە و دواکەسیش نابیت. ئارام بگرەو دەبینی کارەکەت بەدڵ دەبێ. ئەوە شڤابرین ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچە، چوار ساڵە گوێزراوەتەوە بۆ ئێرە، بەهۆی پیاوکوشتنێکەوە و خوا دەزانێ چ شەیتانێك کەوتبووە کەڵکەڵەی. لەگەڵ ئەفسەرێکدا چووبووە دەرەوەی شار و هەریەکەیان شمشێری خۆی بردبوو. لەوێ کەوتبوونە شیربازی لەگەڵ یەك ترتاوەکو ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ ئەفسەرەکەی پێکابوو بە ئامادەبوونی دوو شایەت! ئیدی چارچیە؟ خۆ شەیتان ئەمانی بۆ نیە".

لەم کاتەدا کابرای دەرەجەدار هاتە ژوورەوە، لاوێکی قەوزاقی بەژن و باڵا ڕێك بوو. ژنەکەی فەرماندە پێی وت:"مەکسیمیچ! ئاغای ئەفسەر لە خانوویەکی پاك و خاوێندا نیشتەجێ بکە". دەرەجەدارەکە وەڵامی دایەوە:"فەرمانت لە سەرسەرم ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا. دەفەرمووی لەگەڵ ئیڤان پۆڵیچاییڤ پێکەوەیان نیشتەجێ بکەین؟" ژنەکەی فەرماندە وتی:"گەوج مەبە مەکسیمیچ،

لەلای پۆڵیچاییڤ جێگا نیە، پاشان ئەو عەڕابی کچەکەمەو لە بیری ناچێ کە ئێمە سەرکردەی ئەوین. ئاغای ئەفسەر ببە، ناوی خۆت و باوکت چیە کوڕم؟ پیێتەر ئەندرێیڤیچ؟ پیێتەر ئەندرێیڤیچ ببە بۆ لای سیمیۆن کووزۆڤ. ئەو تەڵەکەبازە ئەسپەکەی لە مەزراکەی مندا بەرەڵا کردبوو، ئەرێ خۆ هەموو شتێ بە ئارەزووی دڵە مەکسیمیچ؟

کابرای قەوزاق وتی:

-سوپاس بۆ خوا هەموو شتێ هێمن و ئارامە. تاکە ڕووداوێ نەبێ هیچی وا نەبووە، ئەویش ئەوەبوو کە پرۆخۆرۆڤ چاوەش و ئۆستینیا نیگۆڵینا لەگەرماوەکەدا لە سەر دۆلکەیەك ئاوی گەرم بەگژیەکدا چوون.

ژنەکەی فەرماندە بە پیرەمێردە یەك‌ەڵە چاوەکەی وت:

– ئیڤان ئیگناتیڤیچ، لەگەڵ پرۆخۆرۆڤ و ئۆستینیا بکۆڵەرەوە و بزانە خەتای کامیانە. پاشانیش هەردوکیان بە سزا بگەیەنە. ئێستاش، مەکسیمیچ، تۆ بڕۆ بە خوات دەسپێرم، پیێتەر ئەندرێیڤیچ، وا مەکسیمیچ دەتبات بۆ شوێنی نیشتەجێبوونت.

ئەوجا منیش دانەویمەوەو خواحافیزیم لێکرد و کابرای دەرەجەداریش پێشم کەوت بۆ ماڵێك لە سەر ڕۆخە بەرزەکەی ڕووبارەکە، لەوپەڕی قەڵاوە. خێزانی سیمیۆن کووزۆڤ نیوەی خانووەکەیان داگیرکردبوو، نیوەکەی دیکەشی کە بۆ من تەرخان کرابوو، پێکهاتبوو لە تاکە ژوورێکی زۆر خاوێن و بە پەردەیەك بڕدرابوو و کرابوو بە دوو کەرتەوە. ساڤێلیچ دەستی کرد بە ڕێکخستنی کەل وپەلەکان لە نێو ژوورەکەداو منیش لە

پەنجەرەیەکی بچووکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد . دەشتێکی کپ و ماتم لەبەردەمدا کشابوو، لەلاتەنیشتەوە هەندێ خانووە کۆن دەردەکەوتن و لەولاشەوە چەند مریشکێك بە دەم چینەکردنەوە لە شەقامەکەدا دەهاتن و دەچوون. پیرەژنێك لە بەر دەرکەی ماڵێکدا ڕاوەستابوو توورەکە ئاڵفێکی بەدەستەوە بوو و بانگی دەکردە چەند بەرازێك و ئەمانیش بە خۆشییەوە دەیانمرقاند بۆی. ئەمە بوو ئەو شوێنەی کە لە چارەم نووسرابوو تەمەنی لاویمی تێدا ببەمەسەر!. دڵتەنگی دایگرتم و لە پەنجەرەکە دوورکەوتمەوەو بەبێ شێوکردن پاڵکەوتم بخ ەوم و هەرچەندە ساڤێلیچ هەوڵی لەگەڵدام و بە دڵگرانی و پەژارەیەکی قووڵەوە دووپاتی دەکردەوە و دەیوت: "خوای گەورە! هیچ ناخوا ت! خاتونی دایکی چی دەڵێ ئەگەر کوڕەکەی تووشی لەڕولاوازیی ببێت؟".

بۆ سبەینێ بەیانی خەریکبووم جلەکانم لەبەردەکرد، لەپڕ دەرگا کرایەوەو، ئەفسەرێکی لاوی کورتەباڵای ڕەشتاڵە هاتە ژوورەوە بۆ لام. بە ئاشکرا دزێوی و ناشیرینی پێوە دیاربوو، بەڵام چابوك و گورج و گۆڵ بوو، بە زمانی فەڕەنسی پێ ی وتم: "بمبوورەکە ڕاستەوخۆ هاتم و بۆ بەخێراتن و یەکتر ناسین هاتووم . دوێنێ هەواڵی گەیشتنتم بیست، زۆرم ئارەزوو کرد سەرەنجام ڕەنگ و ڕوخساری ئادەمیەك ببینم و بۆیە ئۆقرەم نەگرت. کە چەند ڕۆژێك لەگەڵماندا بژیت لەم قسەیەم تێدەگەیت". هەستم کرد ئەمەیە ئەو ئەفسەرەی بە هۆی شەڕەشیرەوە لە پاسەوانی دەرکراوە و دەرحاڵ خۆمان بە یەکتر ناساند. شڤابرین پیاوێکی زیرەك بوو، قسەکانی

خۆش و دڵڕاکێش ب    وون و بە  گاڵتەجاڕییەکی زۆرەوە باسی خێزانی فەرماندە و کوڕو کۆمەڵەکەی و ئەم ناوچەیەشی بۆ دەکردم کە چارەنووس تێی هاوێشتم. منیش لە کانگای دڵەوە پێدەکەنیم و وەختێکم زانی پیاوە پەککەوتەکەی لە ژوورەکەی پێشەوەی ماڵی فەرماندەدا چاکەتەکەی پینە دەکرد، هاتە لام و بە ناوی ڤاسیلیسا ییێگۆرۆڤناوە بانگی کردم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لە گەڵیاندا. شڤابرینیش ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لەگەڵمدا بێت.

کاتێ کە لە  ماڵی فەرماندە نزیکبووینەوە، تەماشامان کرد لە گۆڕەپانە بچووکەکەدا نزیکەی بیست پیاوی عەیبدار    و جەستە ناتەواو لەوێن، پەلکیان درێژ و  کلاو ی سێ سووچیان لە سەر کردبوو. ئەمانە بە یەك ڕیز وەستاب  وون و فەرماندەیش لە پێشیانەوە ڕاوەستابوو. فەرماندە  پیاوێکی پیری سووکەڵەی باڵا بەرز بوو، کلاوێکی لە سەر نابوو و دەستەجلێکی چینیی لەبەردابوو. کاتێ کە ئێمەی بینی بەرەوڕوومان هات و بەنەرمی و سۆزێکی باوکانەوە هەندێ قسەی لەگەڵ من کردو ئەمجار گەڕایەوە بۆ لای کارەکەی خۆی. ئێمەش وەستاین    و تەماشای مەشق دادانەکەمان دەکرد، بەڵام ئەو تکای ل  ێکردین کە بچین بۆ   لای ڤاسیلیسا ییێگۆرۆڤنا و بەڵێنی داینێ کە فرەی پ ێناچ ێت دێتەوە لامان و وتی: "هیچ شتێ لێرە شایانی تەماشا کردن نیە".

ڤاسیلیسا ییێگۆرۆڤنا بە سا  دەیی و خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێکردین  و وەك دۆستێکی دێرین هەڵس وکەوتی لەگەڵ دەکردم. کابرای پەککەوتە و پاڵاشاش کەوتنە ئامادەکردنی خوانەکە.

ژنەکەی فەرماندە وتی: "ئیڤان کووزمیچ ئەمڕۆ زۆر جەنجاڵی مەشق پێکردنە پاڵاشا خێرا ئاغا بانگ بکەرەوە بۆ خوانی نیوەڕۆ، ئەی ئەوە ماشا لەکوێیە؟" لەو کاتەدا کیژێك خۆی کرد بە ژووردا، تەمەنی دەوری هەژدە ساڵ دەبوو، ڕوومەت خڕێکی هەردوو کوڵم ئاڵ بوو، قژێکی زەردی کاڵ نەرم و خاو بە پشتی هەردوو گوێیدا شۆڕبووبۆوە. لە یەکەم سەیرکردنیدا بەلامەوە جوان نەبوو، چونکە بە پارێزەوە سەیرم کرد ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە شڤابرین ماشای کیژی فەرماندەی وا بۆ باسکردبووم کە کچێکی لەڕادەبەدەر گەوج و نەفامە. مارییا ئیڤانۆڤنا (ماشا) لە سووچێکەوە دانیشت و دەستیدایە دروومان کردن. لەوکاتەدا ش ۆربای کەلەرم دانرا و ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا لەبەر ئەوەی کە مێردەکەی هەر دیار نەبوو بێتەوە جارێکی کە پاڵاشای نارد بەدوایدا: "بڵێ بە ئاغا میوانەکان چاوەڕێ دەکەن و، ش ۆرباکە سارد دەبێتەوە، نەترسێت ، مەشق پێکردن لە دەستی ڕاناکات، دواجار کات و دەرفەتی تەواوی دەبێت بۆ قیڕەقیڕ". پاش تۆزێك فەرماندە لەگەڵ پیرەی یەکچاودا گەڕانەوەو ژنەکەی پێی وت: "ئەوە چییە، گیانەکەم؟ دەمێکە خواردن ڕیز کراوە لە سەرخوان و تۆش هەر نایەیتەوە". ئیڤان کووزمیچ وەڵامی دایەوە:"ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا، تۆخۆت دەبینی کە من زۆر سەرقاڵی خزمەتم و، خەریکی مەشق پێکردنی سەربازەکان بووم". ژنەکەی لەوەڵامدا وتی:"ئەمە قسەی هیچە تۆ مەشق بەم سەربازانە دەکەیت، چونکە نە ئەوان شیاوی خزمەتی سەربازین و نە تۆش ماناو ناوەرۆکی ئەو خزمەتە دەزانی ، چاکتر

وایە لەماڵەوە دابنیش یت و نوێژ ی خۆت بکە یت. میوانەکان فەرموون بۆ سەر خوان". ئێمە پاش ئەوەی چووینە سەر خوانەکە، ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا بۆ ساتێکیش چیە بێدەنگ نەبوو و دامیە بەر پرسیار کردن: دایك و باوکم کێن؟ ئاخۆ ماون یان نە ؟ لەکوێ دەژین؟ ماڵ و سامانیان چەندە؟ کاتێ کە بیستی باوکم سێ سەد تاکە جووتیاری زەوی‌هەندەی هەیە، وتی:"نامەخوا هێشتا لە دنیادا خەڵکی دەوڵەمەند هەن، کوڕی خۆم ئێمە ش هیچ کەسێکمان نیە تاقە ئەو کچە نەبێ، ماشا، بەڵام سوپاس بۆ خوا ژیانمان هێدی و لە سەرخۆ بەڕێوەدەچێ و هیچ کێشەیەکمان نیە جگە لە کێشە و گرفتێك نەبێ، ئەویش ئەوەیە کە ماشا وەختی شووکردنیەو، چ مارەییەکمان هەیە بۆی؟ شانەیەك و گسکێك و سێ کۆپیك (خوایە لێم نەگری!) کە پێی بچێتە گەرماو. ئەگەر پیاوێکی باشمان بۆ پەیدا بکردایە چاك بوو، دەنا تا ماوە بە کچیی دەمێنێتەوە".
تەماشایەکی مارییا ئیڤانۆڤنام کرد، دەڕوانم لە شەرماندا سوور هەڵگەڕاوە و تەنانەت دڵۆپە فرمێسکیش بە سەر گۆنایدا دەهاتە خوارەوە. زۆرم بەزەیی پێداهاتەوە و، خێرا باسەکەم گۆڕی. بەبێ بۆنەو هەر لەخۆمەوە وتم:"بیستوومە باشکیرەکان[3] خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی هێرش بێننە سەر قەڵاکەتان".

---

(3) باشکیر: نەتەوەیەکی تورك نەژادن، لە سەردەمی ئەم چیرۆکەدا کۆمەڵە هۆزێکی نیمچە کۆچەر بوون و لە لێژاییەکانی باشووری ڕۆژاوای ئووراڵدا دەژیان و بەرەو ڕۆژاوا بڵاوبوو بوونەوە. باشکیرەکان بە سەرکردایەتیی سەرۆکی ئازاو دلێریان سەڵاوات یوولاییڤ (1752 – 1797) دەورێکی باڵایان لە ڕاپەڕینەکەی

ئیڤان کووزمیچ وتی:"ئەمەت لە کێ بیستووە کوڕم؟" لەوەڵامدا وتم:"لە ئۆرێنبوورگ پێیان وتم" ، فەرماندە وتی:"واتەواتە! ئێمە خۆمان لێرە لە مێژە هیچ شتێکمان نەبیستووە. باشکیر گەلێکن تۆقیون و کیرغیزەکانیش[4] پەندیان وەرگرتووەو، پێموانیە هێرش بێننە سەرمان، ئەگەریش پەلامارمان بدەن تۆقاندنێك دەیانتۆقێنم تا دە ساڵی تر پشتی لێدەکەمەوە و سەرئاسوودە دەبم". منیش لە سەر قسەکەی خۆم ڕۆیشتم و بە ژنەکەی فەرماندەم وت:"ئەی تۆ ناترسی لە قەڵایەکدا بمێنیتەوە کە ئەم جۆرە مەترسیانەی لە سەر بێت؟" لەوەڵامدا وتی:"کوڕی خۆم، ڕاهاتووم. ئەوە بیست ساڵە لە فەوجەوە گوێزراوینەتەوە بۆ ئێرە. خوایە چەند دەترسام لەو کافرە نەعلەتیانە! هەر کە تەپلە کەوڵە ڕێوی یەکانیانم دەبینی و گوێم لە زریکەیان دەبوو، بەوخوایە دڵم دادەخورپا ! ئێستاش ڕاهاتووم و تەنانەت وایشم لێهاتووە کە ئاگاداریشمان دەکەنەوە ئەو

---

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 پووگاچیۆڤدا بینی. باشکیر لە ئۆتۆنۆمییان وەرگرت و لە ساڵی 1919 دا کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیی سۆشیالیستییان بۆ دامەزرێنرا کە پایتەختەکەی شاری "ئووفا"یە.

(4) کیرغیز: لە سەردەمی چیرۆکەکەدا کۆمەڵە هۆزێکی کۆچەر بوون و لە ناوچەیەکی پان و بەرینی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆرێنبوورگدا دەژیان. گەلی کیرغیز ئێستا لە کۆماری کیرغیزیای سۆڤێتیی سۆشیالیستیدا دەژین، کە دەکەوێتە باشووری کازاخستانەوە.

(تێبینی: ئەم سەرنجانە لە سەردەمی سۆڤێتدا هاتوونە کایەوە ـ و.)

شەڕفرۆشانە بە دەوروپشتی قەڵادا دەسووڕێنەوە، لە شوێنی خۆیشم ناجووڵێمەوە" شڤابرین بە کەشوفشێکەوە وتی:

-ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا ئافرەتێکی ئازا و بەجەرگە. ئیڤان کووزمیچیش شایەتی ئەم قسەیەمە.

ئیڤان کووزمیچ وتی:

-کوڕە، بزانە، ئەم ژنە زۆر خۆڕاگر و چاو نەترسە.

پرسیم:

-باشە مارییا ئیڤانۆڤناش وەکو تۆ چاو نەترسە؟

دایکی وەڵامیدایەوە:

-دەپرسی ئاخۆ ماشا بە جەرگە؟ نە بەخوا ماشا ترسنۆکە. ئەو تا ئێستا ناتوانێ گوێی لە تەقەی تفەنگێك بێ، هەموو گیانی دێتە لەرزین. دوو ساڵ بەر لە ئێستا وا هات بە خەیاڵی ئیڤان کووزمیچدا کە بۆ ڕێزلێنانی جەژنی لەدایکب وونی من تۆپەکەمان بتەقێنێ، ئەوکاتە کچەکەم خەریکبوو لە ترساندا بمرێ.ئیدی لەوکاتەوە گوللە تۆپێکمان بەم تۆپە نەفرەتیە نەتەقاندووە.

پاشان لە سەر خوان هەستاین ، فەرماندەو ژنەکەی چ وون بۆ نیوەڕۆخەو، منیش چووم بۆ لای شڤابرین و ئەو ئێوارەیەم لەگەڵ ئەو بەسەربرد.

# بەشی چوارەم

# شەڕەشـــیر

-چاکە، وەخۆت کەوە

چاوترووکاندنێکە و ورگت ڕادەدەم!

(لەکۆمیدیای "ڕەوشت سەیرەکان"ی کنیاژنین) وەرگیراوە.

چەند هەفتەیەك بەسەرچوو، ژیانم لە قەلاّی بێلۆگۆرسکدا وایلیهّات نەك هەر ئاسایی بەڵکو خۆشیش بێت. لە ماڵی فەرماندەیشدا ئەوەندە بووم بە خۆیی وەکو خزمێکیان پێشوازییان لێدەکردم. ژن و مێرد هەردوك دوو کەسی تا بڵێی بەڕێز بون، ئیڤان کووزمیچ خۆی کوڕە سەرباز بوو، پیاوێکی نیمچە خوێندەوار و

ساکار بوو، بەڵام تا بڵێی بەشەرەف و دڵپاك بوو. ئەم پیاوە گوێ لەمستی ژنەکەی بوو و ئەو بەڕێوەی دەبردو ئەمەش لەگەڵ سروشتی شلوشاویی ئیڤان کووزمیچدا یەکیدەگرتەوە. ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤناش کاروباری خزمەتی سەربازیی وەکو ئیش و کاری ناوماڵ سەیر دەکرد، قەڵاکەیشی هەر بەچەشنی کار وباری ناوماڵ بەڕێوەدەبرد. مارییا ئیڤانۆڤناش بەزوویی ڕووی کرایەوە لەگەڵم و بە تەواوی یەکترمان ناسی و دەمبینی کیژێکی ژیر و هەست ناسکەو هەر لە خۆمەوە ئالوودەی ئەم خێزانە چاکە بووم، تەنانەت هۆگری ئیڤان ئیگناتیڤیچیش بووم، ئەو ئەفسەرە یەکچاوەی سەربازگەکە، کە شڤابرین وای باس دەکرد گوایە پێوەند یەکی نابەجێی لەگەڵ ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا هەیە و ئەم قسەیەش هیچ ڕاستیەکی تێدا نەبوو، بەڵام شڤابرین سووربوو لە سەری.

لێرە پلەی ئەفسەریم درایەو خزمەتەکەم قورس نەبوو، چونکە ئەم قەڵایە لە سایەی چاودێریی خواوە نمایش کردن و مەشق دادان و ئێشکگرتنی تێدا نەبوو. فەرماندە بە ئارەزووی تایبەتی خۆی، جار وبار سەربازەکانی مەشق پ یٚدەکرد، بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو هەموویان فێر بکا ت لە سەر ئەوەی کاملایان چەپەو کاملا ڕاست، هەرچەندە زۆربەشیان پێش گشت وەرچەرخانێك نیشانەی خاچیان بۆ خۆیان دەکێشا تاوەکو نەکەونە هەڵەوە.
شڤابرین هەندێ کتێبی فەرەنسیی هەبوو، کەوتمە موتاڵا کردنیان چونکە لە ناخەوە حەزم لە ئەدەب دەکرد. سەرلەبەیانیان دەمخوێندەوەو خۆیشم لە سەر وەرگێڕان ڕادەهێنا و ناوبەناویش

شیعرم دادەنا ، زۆربەی ڕۆژەکان نانی نیوەڕۆم لە سەرخوانی فەرماندە دەخواردو، فرەجاریش پاشماوەی ڕۆژەکەم هەر لەوێ بەسەردەبرد و ئێواران باوە گێراسیم لەگەڵ ئەکوولینا پامفیلۆڤنای خێزانی، کە یەکەم هەواڵدەری تەواوی ئەو ناوچەیە بوو، دەهاتن . بێگومان هەموو ڕۆژێکیش چاوم بە شڤابرین دەکەوت، بەلاّم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گفتوگۆ لەگەڵی ئەو تام و چێژەی جارانی نەدەما. لە بەردەوام گاڵتەو لاقرتی کردنیدا دەربارەی خێزانی فەرماندەو بە تایبەتی ئەو سەرنجە تانەو تەشەر ئامێزانەی لە سەر ماریيا ئیڤانۆڤنا دەر ی دەبڕین زۆر ناڕەحەت بووبووم. قەلاّکە کۆڕ و کۆمەڵێکی دیکەی تێدا نەبوو، ئەگەرچی منیش لەو کۆمەڵە بەولاوە ئارەزووی کۆمەڵێکی دیکەم نەدەکرد.

باشکیر، بەپێچەوانەی ئەوەی لێیان چاوەڕێ و پێشبینی دەکرا، نەورووژان. هێمنی و کڕوکپی قەلاّو دەوروبەری گرتبۆوە. بەلاّم ئەم ئاشتی و ئارامییە لەناکاو بەهۆی ناکۆکییەکەوە تێکچوو. لە پێشدا باسی ئەوەم کرد کە چۆن سەرقاڵی ئەدەب بووبووم و تەقەلا و کۆششم، بە گوێرەی ئەوکاتە، باش بوو. بە ڕادەیەکی وا کە لەوەوپاش بەچەندساڵێك ئەلێکساند ەر پێترۆڤیچ سووماڕۆکۆڤ [1] بەچاکی و ستایشەوە باسی دەکرد. جارێکیان توانیم گۆران یەك بهۆنمەوە کە خۆم ڕام ل ێهوو ، هەمووانیش دەزانن ئەوانەی شیعر دادەنێن فرەجار لە دووی گوێگرێك دەگەڕێن شیعرەکەیانی پەسەند

---

(1) ڕۆژنامەو شانۆنامە نووسێکی ڕووسە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە.

بێت بەبیانووی ئەوەوە گوایە حەز دەکەن گوێ بۆ ئامۆژگاری شل بکەن. بەمجۆرە گۆرانیەکەم نووسییەوە و بردم بۆ لای شڤابرین چونکە لە قەڵاکەدا بە تاقی تەنها ئەو دەیتوانی شیعر هەڵبسەنگێنێ. دوای پێشەکییەکی کورت دەفتەرە بچووکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و ئەم دێڕانەی خوارەوەم بۆ خوێندەوە:

بیرۆکەی خۆم دەربارەی دڵداری دەڕووخێنم
هەوڵ دەدەم ئەو جوانەم لەبیر بچێتەوە
بە دوورەپەرێزی لە ماشا،
دەمەوێ سەرفرازی وەدەست بێنم
بەڵام ئەو چاوانەی یەخسیریان کردووم
هەمیشە دێنەوە بەرچاوم"
گیانیان هەژاندووم و،
ئارامییان تێکداوم
دە بەزەییەکت بێتەوە، ماشا، بە گیانمدا
هەر تۆی بە دەردو ئازارەکانم دەزانی
دەبینی چەند دڵتەنگم و
چۆن دەستبەسەرت کردووم.
- ڕات چیە لەمە؟

ئەم پرسیارەم لە شڤابرین کردو چاوەڕوانی پیاهەڵدانێك بووم کە بێگومان شایستە ی بووم. بەڵام زۆر بەداخەوە، شڤابرینی لێبووردوو بەبێ سێو دوو لێکردن ڕایگەیاند کە گۆرانیەکەم کاڵ و کرچە. بەبێ ئەوەی سەغڵەتبوونم دەربڕم، لێمپرسی: بۆچی؟

وەڵامیدایەوە:

چونکە ئەم شیعرانە شیاوی ئەوەن مامۆستام ڤاسیلی کیریلۆڤیچ تریدیاکۆڤسکی [2] دایانبنێ. ئەمەش بە زۆری دووبەیتیە دڵدارییەکانیم وەبیر دەهێنێتەوە.

لێرەدا دەفتەرەکەی ل یۆەرگرتم و بێبەزەییانە هەموو دێڕێکی لێکدەدایەوە، هەروەها هەموو وشەیەکیشی و بە ناشیرینترین شێوە گاڵتەی پێدەکردم. خۆم پێ ڕانەگیرا و دەفتەرەکەم لە دەست هەڵپڕووکاندو پێموت کە ئیدی لەمەودوا هیچ شیعرێکی پیشان نادەم . شڤابرین دیسانەوە بەم هەڕەشەیەش پێکەنی و وتی:

"با بزانین قسەی خۆت دەبەیتە سەر ، شاعیران پێویستیان بە گوێگرە وەك چۆن ئیڤان کووزمیچ پێویستی بە گۆزەڵەیەك ڤۆدکایە پێش نانخواردنی نیوەڕۆ. ئەی ئەم ماشایە کێیە کە شێت و شەیدای بوویت و بێچارەیی خۆتی لە خۆشەویستیدا بۆ دەردەبڕی؟ تۆ بڵێی مارییا ئیڤانۆڤنا بێت؟".

بە ڕووگرژییەکەوە وەڵامم دایەوە:

ـ تۆ کارت بە سەر ئەوەوە نیە ئەم ماشایە ك یێە. من بیروڕاو بۆچوونی تۆم ناوێ.

بەڵام شڤابرین بەردەوام زیاتر ناڕەحەت و تووڕەی دەکردم و دەیوت:

---

(2) شاعیر و وەرگێڕێکی ڕووسە، لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە. چەکامەکانی (قەسیدەکانی) بە زۆری بووبوونە مایەی گاڵتە پێکردنی هاوچەرخەکانی

ـ ئەها! شاعیرێکی لەخۆبایی و دڵدارێکی خۆ بەکەم زان. بەڵام تاقە ئامۆژگارییەکی دۆستێك بگرە گوێ: ئەگەر سەرکەوتنت دەوێ وا من ئامۆژگاریت دەکەم بەبێ گۆرانی هەوڵی بۆ بدە.

ـ ئەمە مانای بەچی، جەناب؟ تکام ڕونکردنەوەیەکە.

ـ بەوپەڕی شادمانییەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر تۆ ئارەزووت لێیە کە ماشا میرۆنۆڤا، تاریك داهات بێتەلات، جووتێ گوارەی پێشکەش بکە لەباتی شیعری ناسك.

بەرچاوم تاریك بوو و خوێنم هاتە کوڵ، بە هەزار زەحمەت ڕق و تووڕەیی خۆم خواردەوە و لێمپرسی:

ـ باشە تۆ چۆن ڕات بەرانبەر ئەو وایە؟

بە گاڵتەپێکردنێکی ژەهراوییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ من بەتاقیکردنەوە شارەزای ڕەوشت و خووی بووم.

وەکو شێت قیژاندم بەسەریدا:

ـ تۆ درۆدەکەی هەی بێ ئابڕوو، تۆ زۆر بێشەرمانە درۆ دەکەی.

ڕەنگ و ڕوخساری شڤابرین گۆڕاو تێکچوو و بەدەم دەست گوشینمەوە وتی:

ـ ئەمەت هەروا بەسەرەوە ناچێ. من داوای شەڕەشیرت لێدەکەم.

ـ کەی دەتەوێ ئامادەم!

بە شادمانییەوە ئەم وەڵامەم دایەوە و لەو ساتەدا ئامادە بووم ونجڕ ونجڕی بکەم. دەسبەجێ چووم بۆ لای ئیڤان ئیگناتیڤیچ، سەیرم کرد دەرزیی بەدەستەوەیەو لە سەر داواکاریی ژنەکەی فەرماندە قارچك دەکا بە پەتەوە بۆ ئەوەی وشکی بکاتەوەو

هەڵگیرێ بۆ زستان. کە بینیمی وتی:"پێتەر ئەندرییێڤیچ! وەی بەخێرهاتی! چۆن بوو خوا ناردیتی بۆمان؟ چ کارێکت هەیە، فەرموو بڵێ؟" بەکورتی بۆم باس کرد کە لەگەڵ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ بەگژیەکدا چووین و، تکام ل ێکرد، واتە تکام لە ئیڤان ئیگناتیڤیچ کرد، کە ئامادەبێت و ببێ بە سەرپشکم. ئیڤان ئیگناتیڤیچ لەم قسەیەم گوێ قولاخ بوو بە تاکە چاوەکەی لێم وردبووەوە و پێی وتم:"تۆ دەڵێی کە دەتەوێ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ بە شیر داگریتەوە و دەتەوێ منیش شایەتحاڵی ئەوەبم؟ ئاوها؟ ویستم پرسیار بکەم".

- بەڵێ ڕێك و ڕاست وایە.

-تکات ل ێدەکەم، پێتەر ئەندرییێڤیچ! بەتەمای چیت؟ جوێنتان بەیەكتر داوە لەگەڵ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ؟ کێشەیەکی گەورە نیە! جوێن کەس ناکوژێ. ئەگەر جوێنی پ ێد اوی جوێنی پ ێدەرەوە. ئەگەر زللەی ل ێداوی تۆش بناگوێی دوو جاران و سێ جاران بەر زللە بدە و جیابنەوە و پاشان ئاشتتان دەکەینەوە. باشە بۆم هەیە پرسیار بکەم کە خێری چیە مرۆڤ هاوڕێ و خزمی خۆی بکوژێ؟ لەوانەیە چاك بێ کە تۆ ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، خوای لێ ڕازی بێ، بکوژی چونکە من حەزی ل ێناکەم. بەڵام ئەی ئەگەر ئەو تۆی کوشت؟ ئەوە چۆن دەبێ؟ کێ ئەو کاتە نەفام و هەڵخەڵەتاو دەبێ؟ تو ئەو خوایە پێم بڵێ!

چەندوچوونی ئەم ئەفسەرە دووربینە لە بڕیاری خۆم نەیهێنامە خوارو و لە سەر نیازی خۆم سوور بووم. ئەوجا ئیڤان ئیگناتیڤیچ

وتی:"کەیفی خۆتە، چی بەڕاست و گونجا و دەزانی وا بکە. بەڵام من بۆ لێرەدا شایەت بم؟ بە چ بۆنەیەکەوە؟ باشە بۆم هەیە بپرسم ژیری و دانایی چیە لەوەدا کە خەڵکی یەکتر بکوژن؟ شەڕ و کوشتارم لەگەڵ سوێدی و تورکدا کردووە و، سوپاس بۆ خوا هەموو شتێکم بینیوە".

بەهەر شێوەیەك بێ ئەرکی شایەتم بۆ ڕو ونکردەوە، بەڵام ئیڤان ئیگناتیڤیچ نەیتوانی تێمبگا ت. وتی: "کەیفی خۆتە ، ئەگەر لەسەرمە خۆم لەم کارەدا هەڵقورتێنم ئەوە من بێ سێ و دوو دەچم بۆ لای ئیڤان کووزمیچ و بەپێی ئەرکی سەربازیی ئاگاداری دەکەمەوە کەوا خەریکە لە قەڵاکەماندا تاوانکارییەك سازدەدرێ بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی دەوڵەتەوە. بەڵکو جەنابی فەرماندە خۆی چی بە پێویست دەزانێ بیکات...".

ترسم لێهێشت و دەستم کردە پاڕانەوە لە ئیڤان ئیگناتیڤیچ کە هیچ شتێ نەگەیەنێتە فەرماندە و، دوای کۆششێکی زۆرتوانیم قایلی بکەم و، پەیمانی دامێ کە نەیگەیەنێ و منیش دەستبەرداری بووم.

ئەو ئێوارەیەم، بە عادەتی ڕۆژانی دیکە، لە ماڵی فەرماندە بردەسەر. زۆرم هەوڵدا کە ڕووخۆش و بێباك بم تا هیچ دوودڵی و گومانێك دروست نەکەم و خۆم لە پرسیاری جۆراوجۆر وەدوورخەم، بەڵام دان بەوەدا دەنێم ئەو خۆڕاگرییەم نەبوو کە زۆربەی ئەو کەسانەی خۆیان لە بارودۆخێکی وەك ئەمەی مندا دەبینن، دەیانبێ و شانازیی پێوە دەکەن. ئەو ئێوارەیە بە ئەنقەست کەوتمە دەربڕینی میهرەبانی و ڕووخۆشی و مارییا

ئیڤانۆڤنام پتر لە جاران لا جوان و شیرین بوو ، چونکە بیرکردنەوە لەوەی کە لەوانەیە بۆ دواجار بیبینم، خەرمانەیەکی دڵبەریی بەدەوریدا دروستکردبوو لەبەرچاوم. شڤابرینیش هات، بردمە لایەکەوە و ئەوەم پیڕاگەیاند کە لە نێوان من و ئیڤان ئیگناتیڤیچدا ڕوویدا. ئەویش بە ساردییەکەوە پیێوتم:"پێویستمان بە شایەت نیە، بێ ئەوان کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین". پاشان ڕێکەوتین لە سەر ئەوەی لە پشتی کۆمەڵە گزرەکانی نزیك قەڵاوە شیربازییەکەمان بکەین و کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی ڕۆژی ئایندە لەوێ بین. ئێمە ڕووخۆشیەکی وامان لە گفتوگۆکەماندا دەرخست کە ئیڤان ئیگناتیڤیچ لە شادمانیدا هەرچی بەدەمدا دەهات دەیوت و پێی وە زەوی نەدەکەوت و بە ڕەزامەندییەکەوە پێی وتم: "هەردوکتان زۆر باشتان کرد ، ئاشتبوونەوەیەکی خراپ لە بەگژداچ وونێکی باش، چاکترە ، با ئەم ئاشتب وونەوەیە بێ خەوش و ڕاستیش نەبێ بەڵام هەر چاکە و لە جێی خۆیدایەتی".

ژنەکەی فەرماندە کە لەو کاتەدا کاغەزی یاریی لە قوژبنێکی ژوورەکەدا ڕیز دەکرد وتی:

-ئەوە چیت وت، ئیڤان ئیگناتیڤیچ، چاکم گوێ لێنەبوو؟

ئیڤان ئیگناتیڤیچ نیشانەی تێکچ وونی تێدا بینیم و بەڵێنەکەی خۆی بیرکەوتەوە، پەشۆکاو نەیزانی بەچی وەڵام بداتەوە، شڤابرین خێرا فریای کەوت و وتی:

-ئیڤان ئیگناتیڤیچ ئاشت بوونەوەکەمان پیرۆز دەکات.

-بۆ بەگژی کێدا چووبووی کوڕم؟

-من و پیێتەر ئەندرییێڤیچ هەندێ قسەی زشتمان بە یەکتر وت و دەمەقرێیەکمان بوو.

-لە سەر چی؟

-لە سەر شتێکی هیچ و پووچ، لە سەر گۆرانییەك، ڤاسیلیسا ییێگۆرۆڤنا.

-دەتوخوا سەیر لە سەرچی شەڕ بکەن! لە سەر گۆرانییەك! باشە ئەمە چۆن ڕوویدا؟

-کارەکە بەم جۆرە بوو: ماوەیەك پێش ئێستا پیێتەر ئەندرییێڤیچ گۆرانییەکی دانابوو، ئەمڕۆ بۆی چڕیم، منیش ئەم گۆرانییە خۆشەی خۆمم بە زاردا هات:

ئەی کیژەکەی فەرماندە

بە نیوەشەو پیاسە مەکە ..

لەبەر ئەوە ناخۆشییەك لە نێوانماندا پەیدابوو، پیێتەر ئەندرییێڤیچ تووڕەبوو، بەڵام پاشان درکی بەوە کرد کە هەرکەسەو هەقی خۆیەتی گۆرانیی خۆی بڵێ و بەم شێوەیە مەسەلەکە بڕایەوە.

ئەم دەمدرێژی و ڕووهەڵماڵراویەی شڤابرین خەریکبوو لە دۆخی ئاساییم دەربێنێ، بەڵام جگە لەخۆم کەس لەم پلار هاوێشتنە ڕەقە تێنەگەیشت، یان ڕاستتر بڵێم کەس بایەخی نەدایە. باس و خواس لە گۆرانییەوە گۆڕا بۆ شیعردانەرەکان، فەرماندە وایدەچوو کە ئەمانە هەموویان کەسانی بێ ڕەوشت و سەرخۆش و بەدمەستن و، بە دلۆڤانییەوە ئامۆژگاری کردم کە واز لە شیعردانان بێنم، چونکە ئەم کارە لەگەڵ خزمەتی سەربازیدا ناگونجێ و ئەنجامیشی چاك نابێ.

بوونی شڤابرینم پێ قووت نەچوو لەوێ ، بۆیە پاش ماوەیەکی کورت ماڵاواییم لە فەرماندە و خێزانەکەی کرد. کاتێ گەیشتمە ماڵەوە تەماشای شیرەکەم کردو نووکەکەیم تاقی کردەوەو، چوومە نێو جێگاکەمەوە، پاش ئەوەی فەرمانم بە ساڤێلیچ دا کاتژمێر حەوتی بەیانی لە خەوم هەڵسێنێ.

بۆ سبەی بەیانی لە کاتی دیاریکراودا لە پشتی کۆمەڵە گزرەکانەوە ڕاوەستابووم چاوەڕێی ڕکابەرەکە مم دەکرد. خێرا ئەویش هات و پێی وتم:"دەبێ دەستوبرد بکەین، چونکە لەوانەیە پێمان بزانن و بماندۆزنەوە".

ئەوجا هەردوکمان چاکەتە سەربازییەکانمان داماڵی و تەنها یەلەکەکانمان لەبەردا مایەوە، هەر یەکە شمشێری خۆی هەڵکێشا. لەم کاتەدا ئیڤان ئیگناتیڤیچ لە پشتی کۆمەڵەگزرەیەکەوە لەگەڵ پێنج سەربازی عەیبداردا دەرکەوت، داوای لێکردین کە بچین بۆ لای فەرماندە. بە نابەدڵی ملکەچی بووین، سەربازەکان دەوریان گرتین و بە شوێن ئیڤان ئیگناتیڤیچدا بەرەو قەڵا بەڕێکەوتین، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەیبردین بە تەنتەنەو خۆ گیڤکردنەوەیەکی سەیرەوە دەڕۆیشت.

چووینە ماڵی فەرماندە. ئیڤان ئیگناتیڤیچ دەرگاکەی کردەوە و بە دەنگێکی زل هاواری کرد: "هەردوکیانم هێنا!". ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا بە پیریمانەوە هات و دەیوت:"ئای ئەمە مانای بەچی؟ چۆن؟ لە قەڵاکەماندا هەوڵی کوشتن بدرێ؟ ئیڤان کووزمیچ، هەردوکیان یەکسەر بەند بکە! پێتەر ئەندرییێڤیچ! ئەلێکسی

ئیڤانۆڤیچ! شمشێرەکانتان دا نیّن، بیانهێنن.. بیانهێنن: پالاّشکا ئەم دوو شمشێرە ببە بۆ جبەخانە. پیّتەر ئەندرییێڤیچ ئەمەم لیّ چاوەڕوان نەدەکردی ، شەرم ناکەی؟ ڕەنگە ئەمە لە ئەلیێکسی ئیڤانۆڤیچ بوەشیّتەوە کە لە پاسەوانی دەرکراوە، چونکە پیاوێکی کوشتووەو باوەڕی بە خوانیە، بەلاّم تۆ چۆن کاری وادەکەیت؟".

ئیڤان کووزمیچ هەر ئەشەوبیللای بۆ ژنەکەی دەکردو دەیوت:"ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا هەقیەتی شیربازی بەپەسمی قەدەغەیە لە یاسای سوپادا". لەم ماوەیەدا پالاّشکا هەردوو شمشێرەکەی لێسەندین و بردنی بۆ جبەخانە.من خۆم پیّ ڕانەگیراو دەستم کردە پیّکەنین، بەلاّم شڤابرین هیچ خۆی تیّکنەداو بە ژنەکەی فەرماندەی وت:"لەگەڵ هەموو ڕێزێکما بۆت، ناتوانم پیّت نەڵیّم کە خۆشپرزە کردنت لە دادوەری کردنماندا کارێکی بیّهوودەیە. واز لەوە بیّنە بۆ ئیڤان کووزمیچ، چونکە ئەوە کارو ئەرکی ئەوە". ژنەکەی فەرماندەیش وتی:"ئیّ، ڕۆڵە! بۆ ژن و مێرد یەك گیان و یەکجەستە نین؟ ئیڤان کووزمیچ! ئەوەچاوەڕێی چیتە؟ هەر ئیّستا لە دووشوێنی جیاوازدا بەندیان بکە. تەنها نان و ئاویان بدەریّ و بەس تا لەم بیّ ئەقڵیەیان دەکەون. با باوە گێراسیمیش سزایان بەسەردا بسەپیّنیّ تاوەکو نوێژی تۆبەکردن دەکەن بۆ خوا و لەبەردەمی خەڵکیدا دان بە گوناهەکانی خۆیاندا دەنیّن".

ئیڤان کووزمیچ نەیدەزانی چ حوکمیّ بدات ، مارییا ئیڤانۆڤناش بەتەواوی ڕەنگی پەڕیبوو. گێژاوەکە بەرەبەرە نیشتەوە و ژنەکەی فەرماندە هێور بووەوە و ناچاری کردین کە ئاشت ببینەوە و یەکتر

ماچ بکەین و دواجار پالأشکاش شمشێرەکانی بۆ هێنایینەوە. هەردوکمان بە ڕواڵەت ئاشت بووینەوەو لە ماڵی فەرماندە دەرچووین. ئیڤان ئیگناتیڤیچ کەوتە تەکمان و بە تووڕەییەوە پێموت: "شەرمت نەکرد فەرماندەت لێ ئاگادار کردینەوە، خۆ تۆ بەڵێنت دامێ بە کەس نەڵێی؟"، وتی: "بە خوای گەورە من بە ئیڤان کووزمیچم نەوتووە، ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا هەموو شتێکی لێدەرهێنام و ئەویش بێ ئاگاداری فەرماندە، فەرمانی بە هەموو شتێك دا. بە هەرحاڵ سوپاس بۆ خوا کە کارەکە بەمجۆرە بڕایەوە"، ئەم قسانەی کردو پێچی کردەوە بۆ ماڵی خۆیان. تەنها من و شڤابرین ماینەوەو پێم وت:" ئەم مەسەلەیەمان نابێ بەمجۆرە کۆتایی پبێت". شڤابرینیش لە وەڵامدا وتی:"هەڵبەتە، بە خوێنی خۆت هەقی ئەم زمان درێژییەت بەسەرمدا دەدەیتەوە، بەڵام هێشتا هەر چاودێریمان دەکەن، دەبێ ئەم ئاشتب وونەوەمان تا چەند ڕۆژێکی دیکەش پیشان بدەین، خواحافیز!". بەمجۆرە لێکجیابووینەوە هەر وەکو هیچ شتێك ڕووی نەدابێ.

کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵی فەرماندە، وەك جاران، نزیکی مارییا ئیڤانۆڤنا دانیشتم. ئیڤان کووزمیچ لە ماڵ نەبوو و ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤناش خەریکی کار وبار ی ناوماڵ بوو. هەردوکمان بە ئەسپایی کەوتینە گفتوگۆ کردن، مارییا ئیڤانۆڤنا گلەییەکی نەرمی لێکردم لە سەر ئەو نیگەرانیەی، بەم ناکۆکییەم لەگەڵ شڤابرین، بۆ هەمووانم بەرپا کردو دەیوت:"لەترساندا خەریکبوو زیرەبکەم کە پێیانوتین ئێوە نیازی شەڕەشیرتان هەیە. پیاوان چەند سەیرن!

ئەوان بە هۆی قسەیەکەوە کە بێگومان پاش حەفتەیەك لە بیریان دەچێتەوە، ئامادەن یەکتر بکوژن و نەك تەنها قوربانی بە ژیانی خۆیان بدەن بەڵکو بە ئاسوودەیی ئەوانەش کە ...بەڵام من دڵنیام کە دەسپێشخەر لەم ناکۆکییەدا تۆ نەبووی، بێگومان تاوانبار هەر ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچە".

-بۆچی وا هەست دەکەی، مارییا ئیڤانۆڤنا؟

-هەروا ، ئەو زۆر بە تانە و توانجە! من ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچم خۆش ناوێ و زۆری بێزلێدەکەمەوە بەڵام سەیر ئەوەیە کە قەت نامەوێ جێگای ڕێز و پەسەندیی ئەو نەبم. ئەمەش نیگەرانی و ترسم تێدا دەورووژێنێ.

-هەست بەچی دەکەی مارییا ئیڤانۆڤنا؟ باشە ئەو تۆی بەدڵە و پەسەندی بەلایەوە یان نە؟

مارییا ئیڤانۆڤنا پەشۆکاو سوور بووەوەو وتی:

-وادیارە.. وابزانم ئەو منی بەدڵە.

-باشە بۆچی واهەست دەکەی؟

-چونکە خوازبێنی کردم.

-خوازبێنی کردووی! ئەمەشی کردووە؟ کەی؟

-پار، دوو مانگ پێش هاتنی تۆ.

-تۆش ڕازی نەبووی؟

-وەکو دەبینی، بێگومان ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ پیاوێکی زیرەکەو لە بنەماڵەیەکی باشەو سەروەت و سامانیشی هەیە بەڵام من هەرچەند بیرم دەکردەوە کە پێویستە لە سەرم لە کەنیسە لە کاتی

مارەکردندا بە بەرچاوی خەڵکەوە ماچی بکەم بە خۆمم دەوت:
هەرچی شتێك ببێ ئەمەیان نابێ!

قسەکانی مارییا ئیڤانۆڤنا چاویان کردمەوەو زۆر شتیان بۆ ڕوونکردمەوەو ئەوجا زانیم کە بۆچی شڤابرین بەردەوام ئەم ناو و ناتۆرەیەی دوادەخات، ڕاستتر ئەو سەرنجی دابوو کە ئێمە حەزمان بەیەکترەو دەیویست لەیەکمان ببێزرێنێ. ئەو قسانەیم کە بوون بە هۆی ناکۆکیەکەمان بەپیستر و خراپتر هاتنە بەرچاو کاتێ کە بینیم درۆیەکی بە ئەنقەست و دەسهەڵبەستە نەك تەنها گاڵتە و لاقرتێیەکی بێئابڕووانە. بۆیە بڕیارەکەم بەهێزتر بوو بۆ سزادانی ئەم بێشەرمە زمان پیسە و لەو سۆنگەیەوە بە بێئارامیەوە کەوتمە چاوەڕێ کردنی هەلێکی لەبارو گونجاو.

چاوەڕوانیەکەم درێژەی نەکێشا و بۆ ڕۆژی ئایندە کاتێ کە خەریك بووم قەسیدە شیعرێکی خەمناکم دادەناو بە چاوەڕێ کردنی کێشی شیعرەوە خامەکەم دەکرۆشت، شڤابرین تەقەی لە پەنجەرەی ژوورەکەم دا. منیش قەڵەمەکەم داناو شیرەکەم هەڵگرت و چوومە دەرەوە بۆ لای. شڤابرین پێی وتم: "بۆچی دوای بخەین؟ ئێستا کەس نیە چاودێریمان بکات، بادەرچین بۆ گوێی ڕووبارەکە، لەوێ کەس نامانبینێ". هەردوکمان بێ خشپەو بێدەنگ بەڕێکەوتین و لە ڕێگایەکی هێجگار هەڵەت و لێژەوە چووینە خوارەوە و بەتەواوی لە لێواری ڕووبارەکەدا وەستاین و شمشێرەکانمان لە کالان دەرهێنا. شڤابرین لە من لێزان و زیرەکتر بوو بەڵام من لەو بەهێزتر و پڕکێشتر بووم. کاتی خۆی سوودم لەو

چەند وانە کەمەی شیربازی وەرگرتبوو کە مسیۆ بۆپریێ فێری کردبووم کە خۆیشی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرباز بوو. شڤابرین بەتەمای ئەوەبوو کە من رکابەرێکی پڕ مەترسی بم و کاتێکی زۆری خایاند بیڤەوەی کەسمان بتوانین ئازار و زیان بەو یترمان بگەیەنین. لەدواییدا سەرنجم دا شڤابرین بەرەو کزی دەچێ و بەتوندی کەوتمە پەلاماردانی و بەرەو ڕووبارەکەم ڕاونا و لەناکاو ناوی خۆمم بەدەنگێکی بەرز گوێ لێبوو، لام کردەوە، ڕوانیم ساڤێلیچ بە ڕێگە لێژەکەدا بەرەو لام ڕادەکا.. ئا لەم چرکە ساتەدا هەستم بە چووزانەوەیەکی توند کرد لە سینگمدا، لای خواری شانی ڕاستەوەو، بوورامەوەو کەوتم.

# بەشی پێنجەم

# دڵدارییەك

هۆ کیژە جوانەکە!
زووشوومەکە؛
کیژێ، ڕاوێژ بە باوك و دایکت کە،
باوکت و دایکت، کەس و کارو هۆز؛
کیژێ، ئەقڵ و هۆش کۆکەرەوە،
ئەقڵ و هۆش و مارەیی.
"گۆرانییەکی میللی"
ئەگەر لە منت باشتر دەسگیر بوو، من لە یاد دەکەی
ئەگەر لە من خراپتریشت بوو بە تووشەوە، بیری من دەکەیتەوە

"گۆرانییەکی میللی"

که به هۆشی خۆدا هاتمەوە، تا ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی یاد بکەمەوە لەوەی بەسەرم هاتبوو تۆڤەدەگەیشتم. بینیم کەوا لە سەر چەرپایەك ڕاکشاوم، لەژوورێکی نامۆداو هەست بە لاوازییەکی هێجگار زۆر دەکەم. ساڤێلیچ لەبەردەممدا ڕاوەستابوو و مۆمێکی بە دەستەوە بوو. یەکێك بە ئاستەم ئەو شاش و برین پێچانەی دەکردەوە کە سینگ و شانمیان پێ پێچرابوو. بیرکردنەوەکەم کەمێ ڕوون بووەوە. شیربازییەکەم هاتەوە یاد و هەستم کرد کەوا بریندارم. لەم کاتەدا جیڕەی دەرگاکە هات. چرپەی دەنگێك هات مووچڕکەو لەرزێکی بە لەشدا هێنام:"چیە؟ حاڵی چۆنە؟" ساڤێلیچ بە هەناسە هەڵکێشانەوە وەڵامی دایەوە:"هێشتا هەربێهۆشە" ، ویستم لابکەمەوە بەڵام نەمتوانی. زۆرم لەخۆم کردو وتم:"من لەکوێم؟ کێ لێرەیە؟" ماریا ئیڤانۆڤنا هات بەلامەوە و نووشتایەوە بەسەرمداو وتی:"چۆنی؟".بەدەنگێکیبێهێزوەڵاممدایەوە:"سوپاس بۆ خوا، ئەمە تۆی ماریا ئیڤانۆڤنا؟ پێم بڵێ..." ، نەمتوانی درێژە بە قسەکانم بدەم و بێدەنگ بووم. ساڤێلیچ ئاخێکی هەڵکێشاو دەموچاوی لە خۆشییاندا گەشایەوە و دووپاتی دەکردەوەو دەیوت:" هۆشی هاتەوە! هۆشی هاتەوە! شکۆمەندی بۆ تۆ، خوای بانی سەر، وای گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ، بەجارێ زراوت بردم! پێتوایە هەروا ئاسانە؟ پێنج ڕۆژ!.." ماریا ئیڤانۆڤنا بەم وشانە قسەکەی پێ بڕی: "زۆر مەدوێ لەگەڵی ساڤێلیچ ، هێشتا هەر بێهێزە". ئەمەی وت و چووە دەرەوەو، لەسەرخۆ دەرگاکەی داخست. بیرو خەیاڵم شڵەژا، کەواتە لە ماڵی فەرماندەم، بۆیە

مارییا ئیڤانۆڤنا هاتەلام. ویستم چەند پرسیارێ لە ساڤێلیچ بکەم، بەڵام پیرە سەری ڕاوەشاندو دەستی خستە سەر هەردوو گوێی. منیش بە سەغڵەتیەکەوە چاوەکانم لێکناو خێرا خەوم لێکەوت.

کاتێ وەئاگا هاتمەوە بانگی ساڤێلیچم کرد، لەجیاتی ئەو مارییا ئیڤانۆڤنام لەبەردەمی خۆمدا بینی و بە دەنگێکی پەر ێانە ڕۆژ باشی لێکردم. ناتوانم باسی ئەو خۆشحاڵ ییەبکەم کە لەو ساتەدا دایگرتبووم. دەستیم گرت و پێوەی نووسام و بە فرمێسکی تاسەو سۆز تەڕم کرد. ماشا دەستی نەکێشایەوەو.. لەپڕ لێوەکانی خستە سەر ڕوومەتم، هەستم بە ماچێکی گەرم و نەرم کردو ئاگر بەربووە گیانم. پێموت: "ئازیزەکەم مارییا ئیڤانۆڤنای دڵپاك، ببە بە خێزانم و بەختەوەرم بکە". هاتەوە سەرخۆی و دەستی لە نێو دەستم کشاندەوەو وتی: "هێدی بەرەوە، بۆ خاتری خوا. تۆ هێشتا لە مەترسیدای، لەوانەیە برینەکەت بکولێتەوە. خۆت بپارێزە، هەر هیچ نەبێ لەبەر خاتری من". ئەم قسەیەی کردو لە مەستیەکی خۆشدا بەجێیهێشتم. بەختیاریی بووژاندمیەوە، ئەو بۆ من دەبێ! خۆشی دەویم! ئەم بیرۆکەیە سەرتاپای گیانی داگرتبووم.
لەوکاتەوە ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دەهات لە چاکبوونەوەدا بووم. لە ماوەی ئەم برینداریەمدا سەرتاشی قەڵا تیماری دەکردم چونکە قەڵا حەکیمێکی دیکەی تێدا نەبوو ، سوپاس بۆ خوا ئەویش لە تیمارکردنمدا مەرایی نەدەکرد. سروشت و لاوێتیم یاریدەدەری چاکبوونەوەم بوون. خێزانی فەرماندە گشتیان بەدڵ و بەگیان خزمەتیان دەکردم و مارییا ئیڤانۆڤنا بەجێ ینەدەهێشتم. شتێکی

ئاسایی بوو کە یەکەم هەلم بۆ ڕەخسا لە دەست خۆمم نەدا بۆ تەواوکردنی نیاز و مەبەستم کە لەپێشدا بۆم دەربڕیبوو. ئەویش بە ئارامییەکی پترەوە گوێی بۆ شلکردم. پاشان بێ پێچ و پەنا دانی بەوەدا نا کە حەزم لێدەکاو، باوك و دایکی خۆشحاڵ دەبن بەکامەرانیی ئەو و پێیشی وتم: "بەڵام بە چاکی بیر بکەرەوە ئاخۆ باوك و دایکی تۆ بەرەنگارت نابنەوە؟".

بیرم لێکردەوە. گومانم لە دڵنەرمیی دایکم نەبوو، بەڵام خوو و ڕەوشتی باوکم و شێوەی بیرکردنەوەیم دەزانی، هەستم کرد کە دڵدارییەکەم زۆر کاری تێکاکاو ئێستا بە سەرچڵییەکی لاوێتی دادەنێ، بە دڵسافییەوە ئەمەم لای مارییا ئیڤانۆڤنا درکاند. بەڵام بڕیارمدا کە نامەیەکی ڕازاوە بنێرم بۆ باوکم و داوای پیرۆزبایی لە باوك و دایکم بکەم. مارییا ئیڤانۆڤنا نامەکەی خوێندەوە و بەلایەوە زۆر کاریگەر و قەناعەتهاوەر بوو بەڕادەیەك گومانی لەوەدا نەما کە کارەکە سەردەگرێ و، بەتەواوی بڕوا بەخۆبوونی لاوێتی و خۆشەویستییەوە خۆی دایە دەستی سۆزو تاسەی دڵە ناسکەکەی.

هەر لە هەوەڵ ڕۆژەکانی چاکبوونەوەمدا لەگەڵ شڤابرین ئاشت بوومەوە. ئیڤان کووزمیچیش بە سەرزەنشت کردنمەوە لە سەر ئەم شەڕەشیرە پێیوتم: "ئای، پێتەر ئەندرییێڤیچ! تۆ پێشەکی سزای خۆت وەرگرت، بەڵام ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ لە عەماری دانەوێڵەدا بەند کراوە و لە ژێر چاودێریی یاساوڵاندایە و شمشێرەکەشی لێسەندراوە و لای ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا یە و دەرگای لە سەر کڵۆم کراوە. لێگەڕێ با بیر لەم کارەی بکاتەوە و هەست بە پەشیمانی

بکات". من لەوە ئاسوودەترو خۆشبەختتر بووم کە ڕق و کینە بپێچمە دڵی خۆم لەبەر ئەوە کەوتمە داواکردنی بەخشین و لێبووردنی شڤابرین لە فەرماندەی دڵپاك. ئەویش، بە ڕەزامەندی ژنەکەی، بڕیار یدا بەربدرێت . شڤابرین هات بۆلام و ئەوپەڕی پەشیمانیی دەربڕی لەوەی کە لەنێوانماندا قەوماو دانی بەوەدانا کە هەموو گوناهەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو و تکای لێکردم کە ڕابوردوو لە بیرخۆ ببەمەوە. چونکە من بە پێی سروشتی خۆم، داخ و کینە لەدڵ نەبووم، پڕ بەدڵ لەو ناکۆکیە بووردم و لەو زامەش کە لێی کردم و بوختانەکەشیم بە داخی نەفس بەرزییەکی بریندار کراو و خۆشەویستییەکی ناکام و ڕەتکراوە لێکدایەوە و بە دڵێکی فراوانەوە پاکانەم بۆ ئەم کردەوانەی رکابەرە نائومێدەکەم کرد.

من زۆر بە زوویی چاکبوومەوەو توانیم بگوێزمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی وەڵامی نامەکەم دەکرد، بێ ئەوەی پرکێشی بەدیهاتنی هیواو ئاواتم بکەم و لەهەمان کاتیشدا هەوڵم دەدا خەیاڵە خەماوییەکانم بخنکێنم. باسی ئەم کارەم هێشتا لەلای ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا و مێردەکەی دەرنەبڕیبوو، بەڵام وام هەست نەدەکرد کە داواکاریەکەم شتێکی کوتوپڕی بێ بۆیان ، چونکە نە من و نە مارییا ئیڤانۆڤنا هەوڵی ئەوەمان نەدەدا هەست و سۆزی خۆمانیان لێ بشارینەوەو هەردوکمان پێشەکی لە ڕاز یبونیان دڵنیابووین.

سەرەنجام، جارێکیان ساڤێلیچ سەرلەبەیان یەك هاتە ژوورەوە بۆلام و نامەیەکی بەدەستەوە بوو منیش بە شڵەژانێکەوە لەدەستیم

هەڵپڕووکاند. ناونیشانەکەی بە دەسخەتی باوکم نووسرابوو. ئەوە گورجی کردمەوە بۆ چاوەڕوانی کردنی کارێکی سام ناك، چونکە نامەکان هەموو جار دایکم دەینووسین و باوکیشم لە داوێنیەوە چەند دێڕێکی دەنووسی . ماوەیەکی زۆری پێچوو نەمدەوێرا زەرفەکە هەڵبچڕم و هەر بە خوێندنەوەی ناونیشانە بەسامەکەیدا دەچوومەوە: "بۆ کوڕی خۆم پیێتەر ئەندرییێڤیچ گرینیۆڤ ، ویلایەتی ئۆرێنبوورگ، قەڵای بێڵۆگۆرسك" . هەوڵمدا بەدەسخەتەکەدا ئەو بارە دەرو ونییەی نامەکەی تێدا نووسراوە بدەمە بەر مەزەندە، پاشان بڕیارمدا نامەکە هەڵبچڕم، هەر بەدێڕەکانی هەوەڵدا زانیم کەوا مەسەلەکە هیچی سەری نەگرتووە، سەرنەگرتنێکی زۆر خراپیش. ناوەرۆکی نامەکە بەم شێوەیە بوو: "کوڕم پیێتەر لە پانزەی ئەم مانگەدا ئەو نامەیەتم پێگەیشت کە داوای پیرۆزیی باوکێتیمان و ڕەزامەندیمانت کردبوو تێیدا لە مارەکردنی مارییا ئیڤانۆڤنای کچی میرۆنۆڤ. نیازم نیە نە پیرۆزی و نە ڕازەمەندیمت پێبەخشم، سەرەڕای ئەوەش نیازم وایە لە سەر هەڵەشەییەکانت سزات بدەم وەك چۆن منداڵ سزا دەدرێ، هەرچەندەش بە پلە ئەفسەری. چونکە تۆ سەلماندت کە شایانی هەڵگرتنی ئەو شمشێرە نیت پیێتدراوە بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان نەك بۆ شیربازی لەگەڵ کەسانی هەڵەشەی هاوبابەتی خۆتدا. هەر ئێستا دەنووسم بۆ ئەندریێ کارلۆڤیچ و تکای لێدەکەم کە لە قەڵای بیلۆگۆرسك بتگوێزێتەوە بۆ جێگایەکی دوورتر بۆ ئەوەی ئەم گەوجێتیەت لە مێشك دەربچێت. دایکت، کە هەواڵی برینداربوونتی

بیست لە شیربازیدا، لە بەرخەم و پەژارە نەخۆش کەوت و ئێستاش لە ناو جێگەدا کەوتووە. نازانم چی داویە لە کەللەت؟ لە خوا دەپاڕێمەوە بتخاتە سەر ڕێگای ڕاست ، هەرچەندە پڕکێشی ئەو هیوایە ناکەم کە بتخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی فراوانی خۆیەوە.

باوکت: ئە.گ."

خوێندنەوەی نامەکە هەستی جۆراوجۆری لە دەرونمدا وروژاند و ئەو ڕستە ڕەق و وشکانەی باوکم هەڵیڕشتبوون بە قووڵی بریندارایان کردم و ناوهێنانی مارییا ئیڤانۆڤناش بەو سووک یەبە بەهیچ کلۆجێ شیاوی نەبوو و ڕەواش نەبوو. بیرۆکەی گواستنەوەم لە قەلای بێلۆگۆرسك تۆقاندمی ، بەلام ئەوەی کە زۆر مایەی پەژارە بوو بۆم هەواڵی نەخۆشیەکەی دایکم بوو. لە ساڤێلیچ پەست بووم، لەبەر ئەوەی لەوەدا گومانم نەبوو کە ئەو هەواڵی شەڕەشیرەکەی بە باوکم گەیاندووە. ژووره تەنگەبەرەکەم بە هاتوچۆ دەپێواو، لە بەردەمیدا ڕاوەستام و، پاش ئەوەی چاوێکی پڕ لە هەڕەشەم تێبڕی پێموت: "دیارە ئەوەت بەس نەبوو کە لەسۆنگەی تۆوە بریندار ببم و یەك مانگی ڕەبەق لەگوێی گۆڕدابم، بۆیە دەتەوێ دایکیشم بکوژی". ساڤێلیچ هەروەکو هەورە برووسکەیەکی بەرکەوێ ڕاچڵەکی و ئەوەندەی نەمابوو بداتە پڕمەی گریان و وتی: "گەورەم، ئەم قسەیە چیە؟ من هۆی بریندار بوونی تۆ بووم! خوا دەیزانێ من ڕامکرد بۆ ئەوەی بە سینگی خۆم لە شمشێری ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچت بپارێزم بەلام پیری، بەنە علەت بێ، ڕێگای نەدام. پاشان من چیم لە دایکت کردووە؟"

وەڵاممدایەوە: "چیت کردووە؟ کێ داوای لێکردووی دووزمانی بکەی و دەربارەی من بۆی بنووسی؟ بۆ تۆیان بە خەفیە داناوە لە سەر من؟". ساڤێلیچ لە وەڵامدانەوەدا چاوەکانی پڕب وون لە فرمێسك: "من؟ خەفیەییم لە سەر کردووی؟ خواوەندی ئاسمان! ئەو نامانە بخوێنەرەوە کە ئاغا بۆم دەنێرێ جا بە خۆت دەیبینی کە من خەفیەییم لە سەر کردووی یان نە". لێرەدا نامەیەکیشی لە گیرفانی دەرهێنا و ئەمانەم تێدا خوێندەوە: "شوورەییە بۆ تۆ، هەی سەگە پیر، کە خۆت لە فەرمانە توندوتیژەکانم گێل دەکەی و هەواڵی پێتەر ئەندرییێڤیچی کوڕم بۆ نانێری، تاخەڵکی لاوەکی ناچار دەبن هەواڵی گەوجی و نەفامیەکانیم بۆ دەنێرن. ئا بەم شێوەیە ئەرکی خۆت ڕادەپەڕێنی و فەرمانی ئاغات بەج ێدێنی؟ هەی سەگە پیر، لە سزای ڕاستی شاردنەوەت و چاوپۆشی کردنتا لە کوڕەکە دەتکەمە شوانی بەراز بیانلەوەڕێنی. فەرمانت دەدەمێ یەکسەر بە وەرگرتنی ئەم نامەیە یەکسەر هەواڵی تەندروستی کوڕەکەم بۆ بنێری و لەبارەی ئەوەوە کە پێمگەیشتووە گوایە خەریکە چاك دەبێتەوە، بەڕاستی کوێی بریندار کراوەو، ئاخۆ باش تیمار کراوە؟".

بەمە بۆم ڕوونبۆوە کە ساڤێلیچ بەرانبەر بە منیێگوناهە و من هەڵە بووم کە بە توندی و گومان لێکردنەوە سەرکۆنەم کرد. پۆزشم بۆ هێنایەوە، بەڵام پیرە هیچ دڵنەوایی و سەبوورییەکی بۆ نەهات، بۆیە هەردووپاتی دەکردەوە: "حاڵم وای لێهات؟ ئاغاکانم بەم شێوەیە پاداشتم بدەنەوە؟ من سەگە پیرم؟ من شوانی گەلە بەرازم؟ منیش

بوومە هۆی بریندارپوونت؟ نەگیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ! ئەمانە من هیچیان نیم بەڵکو ئەو مسیۆ نەفرەت لێکراوە لەگشت ئەمانەدا بەرپرسیارە، ئەو بوو کە فێری شیشە ئاسن وەشاندن و هەڵبەزودابەزی کردی، وەك بڵێی تۆ بەم شیش وەشاندن خۆتاودانە دەتوانی خۆت لە خەڵکی پیاوخراپ بپارێزی! هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد مسیۆڕابگیرێ و پارەی بەفێڕۆ تێدا خەرج بکرێ!"

بەڵام ئەی کێ ئەم ئەرك و زەحمەتەی گرتووەتە ئەستۆ کە هەڵسوکەوتی من بگەیەنێتە باوکم؟ تۆ بڵێی جەنەراڵ بووبێت ؟ خۆ ئەو وادەردەکەوت زۆری بایەخ نەدەدامێ و ئیڤان کووزمیچیش بە پێویستی نەدەزانی هەواڵی شەڕەشیرەکەی پ ێڕابگەیەنێ. زۆر نوقمی خەملێ و مەزەنەکانی خۆم بووبووم و گومانم لە شڤابرین کرد، چونکە تەنها ئەو قازانجی لەگەیاندنی هەواڵێکدا هەبوو کە ببێتە هۆی دوورخستنەوەم لە قەڵاو جیاب وونەوەم لە بنەماڵەی فەرماندە. پاشان ڕۆیشتم مارییا ئیڤانوڤنا لە هەموو شتێ ئاگادار بکەمەوەو لە بەر دەرگای ماڵدا پێیگەیشتم و لێی پرسیم : "چیت لێقەوماوە ، بۆچی وا رەنگت پەڕیوە؟ !". منیش لە وەڵامدا وتم : "هەموو شتێك بڕایەوە و کۆتایی هات !" و نامەکەی باوکمم دایە. ئەویش ڕەنگی هەڵبزڕکاو، کە خوێندنەوەی نامەکەی تەواو کرد بە دەستێکی لەرزۆکەوە بۆی گێڕامەوە و بە هەناسە ساردییەکەوە وتی: "وادیارە چارەنووس رووی لێوەرگێڕاوم .. ئەوەتا باوك و دایکت لە نێو خێزانی خۆیاندا نایانەوێم و ئەمەش خواستی خوایە چۆنی بوێت وادەبێت ! خوا لەخۆمان چاکتر دەزانێ کەچی

خێر و باشەیە بۆمان ، لەمەدا چارێك نیە، پێتەر ئەندرییێڤیچ، کەوابوو هەر هیچ نەبێ با تۆ بەختەوەر بیت.." دەستیم گرت و هاوارم کرد: "ئەمەیان نابێ! تۆ منت خۆش دەوێ و منیش ئامادەی هەموو شتێکم. با بڕۆین و خۆمان بخەین بە سەر دەست و پێی باوك و دایکتدا، ئەوان دوو کەسی سادە و ساکارن، بوختانکەرو دڵڕەق نین.. پیرۆزمان دەکەن و مارەت دەکەم.. من دڵنیام ئێمە سەرەنجام باوکم ڕازی دەکەین و ئەو دەمەش دایکم لایەنی من دەگرێ و، باوکیشم لێم دەبووری.." ماشا وەڵامی دایەوە:" نە گیانەکەم، پێتەر ئەندرێیڤیچ، من بێ پیرۆزبایی دایك و باوکت شووت پێ ناکەم، چونکە بێ پیرۆزبایی ئەوان بەختەوەر نابی. با ملکەچی خواستی خوا بین . خوا ئەو هاوسەرگیرییەت لێ پیرۆز بکا کە لە ن اوچاوانت نووسراوەو، ئەو کچەش کە خۆشت دەوێ - منیش دۆعای خێرتان بۆ دەکەم.." . لێرەدا دایە پڕمەی گریان و بەجێی هێشتم. ویستم بچمە ژوورەوە بۆ لای، بەڵام هەستم کرد کە ناتوانم بە سەر خۆمدا زاڵ بم و خۆم پێ ڕاناگیرێ، لە بەر ئەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ.

لە ماڵەوە دانیشتم و لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا نوقم بووم، لە پڕ ساڤێلیچ تێڕامانی پ ێبڕیم کاتێ کاغەزێکی نووسراوی دامێ و وتی:" ئەمەیە، ئاغا، سەیرکە بزانە ئایا منم خەفیەی سەر ئاغام و منم هەوڵ و تەقەلای بەین تێکدان و ناکۆکیمە لە نێوان باوك و کوڕدا؟!". کاغەزەکەم لە دەست وەرگرت و کەوتمە خوێندنەوەی ، دەبینم وەڵامی ساڤێلیچە بۆ ئەو نامەیەی ئەو کە بە دەستی

گەیشتبوو. ئەمەش وشە بە وشەی نامەی وڵامدانەوەکەیەتی:
"جەنابی ئاغام، ئەندریێ پێترۆڤیچ، باوکی خاوەن بەزەییمان! نامە بەڕێزەکەتمان پێگەیشت کە ڕق و تووڕەییتان تێدا دەربڕیبوو، لە منی بەندەتان، چونکە شوورەییە فەرمانی ئاغاکانم بەجێ نەهێنم. من سەگە پیر نیم، بەڵکو نۆکەرێکی بەئەمەکتانم و گوێدێری فەرمانی گەورەکانم، هەمیشە بە دڵسۆزی خزمەتم کرد وون و ژیانی خۆمم لەگەڵتاندا بەسەربردووە تا مووم سپی بوو. سەبارەت بە بریندار بو ونی پێتەر ئەندرییێڤیچ بۆم نەنووسین نەوەکا بە بێسوود ترستان بخەمە دڵەوە. بیستو ومە کە خاتوونی دایکمان ئەڤدۆتیا ڤاسیلییێڤنا لەتاو ئەم ڕووداوە نەخۆش کەتووە ، لە خوا دەپاڕێمەوە کە لەشساغی بێبەخشێ. برینەکەی پێتەر ئەندرییێڤیچ بە سینگیەوەیە، ڕاستەوخۆ لە ژێر ئێسکی شانی ڕاستیدایە و قووڵیشی نزیکەی گرێ پەنجەو نیوێکە. لە ماڵی فەرماندە کەوتبوو، لە قەراخی ڕووبارەکەوە گواستمانەوە بۆ ئەوێ و ستێپان پارامۆنۆڤی سەرتاشی قەڵا تیماری کرد. سوپاس بۆ خوا ئێستا تەندروستیی پێتەر ئەندرییێڤیچ زۆر باشە. لە هەواڵی خۆشی بەولاوە هیچ شتێك شکنابەم بینووسم. بیستوومە ئەفسەرەکان لێی ڕازین و ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا وەك کوڕی خۆی تەماشای دەکا ت. بەڵام ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەی ل ێبقەومێ، ئەوە هەموو لاوێ هەڵەی هەیە و ئەسپیش بە چوار پێوە دەگلێ. بۆ ئەوەش کە نووسیبووتان گوایە دەمکەنە لای بەراز ئەوە پەیوەندیی بە ویست

و خواستی خۆتانەوە هەیە گەورەم ، من بەندەتانم و کڕنۆشتان بۆ دەبەم.

بەندەی سەرڕاستتان

ئەرخیپ ساڤێلییڤ".

که نامەکەی پیرەی دڵ پاکم دەخوێندەوە نەمتوانی چەند جارێك زەردەخەنه نەمگریێ. من له بارودۆخێکی وادا نەبووم که بتوانم وەڵامی باوکم بدەمەوەو بۆ دڵنیا کردنەوەی دایکیشم نامەکەی ساڤێلیچم به چاك و گونجاو زانی.

لەو کاتەوە ئیدی بارو دۆخم گۆڕا و مارییا ئیڤانۆڤنا به دەگمەن قسەی لەگەڵ دەکردم و به بیانووی جۆراوجۆر کەوته خۆدزینەوەو خۆ دوورخستنەوە لێم. ماڵی فەرماندەم لابوو به نامۆو بەرەبەره له ماڵەکەی خۆمدا فێری به تەنها مانەوە بووم. له سەرەتادا ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا له سەر ئەمه گلەیی ل یێدەکردم بەلام دواجار که بینی هەروا سوورم له سەر ئەم بارە ئیدی وازی لێهێنام. وام لێهات ئیڤان کوزمیچم نەدەبینی به ئەرك و پێویستی خزمەتی سەربازی نەبوایه و بەدەگمەنیش شڤابرینم دەبینی ئەویش به بێ ئارەزوو کردنی ئەوەی ببینم، بەتایبەتی که سەرنجم دەدا ڕقی لێ هەڵگرتووم و بەمەش دوودڵی و گومانەکانمی دەچەسپاند. ژیانم زۆر سەغڵەت و تاڵ بووبوو ، نوقمی ئەندێشەو بیری ڕەشبین بووبووم که تەنهایی و بێکاری ئەوەندەی دیکه خەستی کردبۆوە. خۆشەویستیەکەم لەم دابڕان و کەنارگیریەدا هەر کڵپەی دەسەندو پتر دەبوو به بار به سەرمەوە. ئارەزووی خوێندنەوەو ئەدەبم

**نەمابوو ، ورەم بەرداو ترسام ئەقڵم لەدەست بدەم، یان نوقمی بەدخوویی ببم. بەڵام هەندێ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو جێ پەنجەی خۆیان لە سەرانسەری ژیانمدا بەجێهێشت و، هەژانێکی توندو بەسوودیان لە ناخمدا بەرپاکرد.**

# بشی شەشەم

# تاقمەکەی پووگاچیۆڤ[1]

(1) ئەمە زاراوەیەکی کۆنە (لە نووسینەوەی مێژوودا لە سەردەمی سۆڤێتدا بەکارناهێنرێت) بۆ ڕاپەڕینی جووتیارانی ساڵانی1773 – 1775 بە سەرکردایەتی یێمێلیان ئیڤانۆڤیچ پووگاچیۆڤ (1742؟ – 1775) کە کوڕە جووتیارێکی هەژاری قەوزاقی ناوچەی دۆن بووە. ڕاپەڕینەکە لەناوقەوزاقی یایکدا دەستی پێکرد ، بەڵام خێرا قەبارەیەکی گەورەی وەرگرت بە بەشداری کردنی ژمارەیەکی زۆر جووتیاری زەویبەندەو کرێکاری ئووراڵ و خەڵکی هەمەجۆری باشکیرو تەتارو کیرغیز چوونە پاڵی. ڕاپەڕینەکە ناوچەیەکی پان و فراوانی ڤۆڵگاو ئووراڵی گرتەوە، پووگاچیۆڤ توانی ژمارەیەک قەڵاو شار (وەک کازان) بگرێت. پاشان حکوومەتی تساری کەوتە خۆی بۆ کۆتایی پێهێنانی ڕاپەڕینەکە. پووگاچیۆڤ بەفێڵ دەست حکوومەت کەوت و خرایە قەفەزێکی ئاسنەوەو برا بۆمۆسکۆو لەوێ دادگایی کراو لە کانوونی دووەمی 1775 دا لەسێدارەدرا.

لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا پووگاچیۆڤ ناوی پێتەری سێهەم ( 1728– 1762)ی لە خۆنا. ئەم ئیمپراتۆرە لە ساڵی 1762دا بە کوودەتایەک لەلایەن چەند ئەفسەرێکی گاردەوەو بە پیلانی ژنەکەی لە سەرتەخت لابراو ئەم ژنە لە ژێر ناوی یێکاتێرینای دووەمدا جێگای گرتەوە. پێتەری سێهەم بەندکرا و پاش ماوەیەک کوژرا. بەم مردنە کوتوپڕەی واتەواتێك لە ناو خەڵکدا بڵاوبۆوە کە لە زیندان ڕایکردووە و خەریکە سوپایەك پێکەوە دەنێ بۆ وەرگرتنەوەی تەخت ی پاشایەتی و تۆڵە

گویٚ شل کەن، کوڕینە

بۆ ئەوەی ئێمەی پیران، بۆتان دەگێڕینەوە.

گۆرانییەك

پێش ئەوەی دەست بکەم بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە سەیرو سەمەرانەی بینیمن، پێویستە بەچەند وشەیەك لە بارودۆخی دوادوایی ساڵی 1773ی ویلایەتی ئۆرێنبوورگ بدوێم. ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی نیمچە کێوی کە زۆر دەمێك نەبوو دانیان بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕووسەکاندا نابوو، لەم وڵاتە بەرین و بەرفراوانەدا. بشێوی و ئاژاوەی یەك لە دوای یەك نانەوەی ئەمانەو ڕانەهاتنیان لە سەر یاساو ژیانی شارستانییەت و، مل نەدانو دڕندەییان پێویستی بە چاودێر ییەکی بەردەوام بوو لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەپاندنی ملکەچی بەسەریاندا. لە هەموو شوێنە لەبارو گونجاوەکاندا قەڵا دروستکرابوو و بەزۆری پڕکراب وون لەو

---

کردنەوە لە ییٚکاتێرینا و حکوومەتەکەی. جەماوەری نەزان و هەژار و لێقەوماویش بڕوای بەوە کردبوو کە پێتەری سێهەم تسارێکی "باشە" و ئەگەر سەر بکەوێت باری گرانی خەڵك سووك دەکات و حوکمێکی دادپەروەرانە لە ڕووسیادا بنیات دەنێ.

تێبینی: وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەم سەرنجانە هی سەردەمی حکومەتی سۆڤیەتن ـ و.

قەوزاقانەی لە مێژەوە لە کەنا رەکانی زێی یایکدا جێگیربووبون. بەڵام ئەم قەوزاقانەی ناوچەی ڕووباری یایك کە بۆ پارێزگاریی ئەمن و ئاسایش دانرابون لەم ناوچەیەدا کاتی وابوو خۆیان دەبوونە ئاژاوەگێڕی مەترسیدار بۆ دەوڵەت. لەساڵی 1772 دا لە شارۆچکە هەرە گەورەکەیاندا ئاژاوە و بشێو یەك بەرپابوو، هۆی ئەوەش ئەو زەبروزەنگە بوو کە جەنەراڵ تراوبێنبێرگ [2] بەکار یهێنابوو بۆ ئەوەی هێزەکان ناچاری ملکەچیی پێویست بکات. ئەمەش بوو بە هۆی کوشتنی جەنەراڵ تراوبێنبێرگ بەشێوەیە کی دڕندانەو ئاڵ وگۆڕێکی ستەمکارانە لە دەزگای کارگێڕیداو سەرەنجام یاخیب وونەکە بە زەبری چەك و سزای سەخت دامرکایەوە.

ئەمە بە ماوەیەکی کورت لەپێش گەیشتنی مندا بۆ قەڵای بێلۆگۆرسك ڕوو یدابوو. کاتێ من گەیشتمە ئەوێ هەموو شتێك

---

(2) مێجەر- جەنەراڵ تراوبێنبێرگ: یەکێك بوو لەجەنەراڵەکانی یێکاتێرینای دووەم و نێررا بۆ پایتەختی قەوزاقی یایك (شاری یایتسکی گرادکە لە پاش بزووتنەوەکەی پووگاچیۆڤ ناوی گۆڕدرا بۆ ئووراڵسك)، بۆ ئەوەی سوپای قەوزاق ڕێکبخاتەوە. بەمجۆرە قەوزاقی لە سەربەخۆیی بەهەش کردو ڕاستە وخۆ خستنیە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتەوە. ئەم کردەوانەی ئاگری یاخیبوونی زیاتر خۆش کرد لەجیاتی ئەوەی دایمرکێنێتەوە. بەپێکدادانێك لەگەڵ یاخ یبووان‌دا جەنەراڵ تراوبێنبێرگ کوژرا و هێزەکانی بەزین. پاش ئەم سەرکەوتنەی قەوزاقەکان ئەو کاربەدەستانەیان لابرد کە لەلایەن حکوومەتەوە دانرابوون و هی خۆیان لە جێ دانان. بەڵام سەرکەوتنی قەوزاق زۆری نەخایاند و هێزەکانی حکوومەت بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ فرایمان یاخیبووانیان بەزاند و سزایەکی توند و دڵڕەقانەیان دان.

ئارام و لەسەرخۆ بوو یان به روالّەت وا دەهاتە بەرچاو. سەرکردەکان زۆر بە سووك و ئاسان بڕوایان بەو پەشیمان بوونەوە ساختەیە کردبوو کە یاخیبووە فێڵبازەکان دەیاننواند. بەڵام یاخیبووەکان داخ لەدڵ بونو چاوەڕێی هەل و دەرفەتێکی لەباریان دەکرد بۆ دەست پێکردنەوەی هەراو ئاژاوە نانەوە.

بابگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم.

ئێوارە وەختێك (لە سەرەتای تەشرینی یەکەمی ساڵی 1773دا) کاتێ کە بە تاقی تەنها لە ماڵەکەی خۆمدا دانیشتبووم گوێم لە گڤەو لوورەی بای پایز ڕاگرتبوو و، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەو پەڵە هەورە هەڵاتووانەم دەکرد کە مانگیان دادەپۆشی، بەناوی فەرماندەوە هاتن بانگیان کردم. دەسبەجێ چووم بۆ ئەوێ، سەیرم کرد شڤابرین و ئیڤان ئیگناتیڤیچ و دەرەجەدارە قەوزاقەکەش لەلای فەرماندەن. بەڵام ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا و مارییا ئیڤانۆڤنا لەوێ لە ژوورەکەدا نەبوون. فەرماندە بە شڵەژانێکی ئاشکرا و دیارەوە سڵاوە سەربازیە کەمی سەندەوەو دەرگاکەی داخست و داوای لە هەمووان کرد دانیشین جگە لە دەرەجەدارەکە کە لای دەرگاکەوە ڕاوەستابوو. فەرماندە پارچەکاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو پێی وتین:"ئەفسەرانی بەڕێز، هەواڵێکی گرنگ لە ئارادایە! گوێ بگرن جەنەراڵ چی نووسیوە". ئەو جا چاویلکەکانی لەچاو کردو ئەمەی خوارەوەی خوێندەوە:

"بۆ بەڕێز فەرماندەی قەڵای بێلۆگۆرسکایا کاپیتان میرۆنۆڤ

(نهێنی)

ئاگادارتان دەکەمەوە کە کابرا قەوزاقە لە تایەفە بەدەرەکەی ناوچەی ڕووباری دۆن، یێمێلیان پووگاچیۆڤی لە زیندان هەڵاتوو کۆمەڵە شەڕخوازێکی کۆکردووەتەوەو بێئابڕوویەکی هێجگار پیس دەنوێنێ بەوە کە ناوی ئیمپراتۆری کۆچ کردوو پیێتەری سێهەمی لەخۆی ناوەو لە گوندەکانی ناوچەی یایکدا ئاژاوەو پشێویی بەرپاکردووەو، چەند قەڵایەکی گرتووە و تێك ێداون و لە هەموو شوێنێ دەستی کردووەوە بە کوشتن و تاڵان و بڕۆ. بەمجۆرە، جەنابی کاپیتان، چی پێویست بێ سازی بکەن بۆ بەزاندنی پیاوخراپ و ساختەچی ناوبراو و بەتەواوەتی لەناوبردنی، گەر توانرا، ئەگەر هات و دەستدرێژیی کردە سەر ئەو قەڵایەی بە چاودێری کردنی ئێوە سپێردراوە".

فەرماندە بە دەم چاویلکە داکەندن و قەدکردنی پارچە کەغەزەکەوە وتی:

-"چی پێویست بێ سازی بکەن!" چەند بە لایەوە ئاسانە. وادیارە ئەم تاوانکارە بەهێزەو، ئێمەش لە سەدو سی کەس زیاترمان بەدەستەوە نیە، بێ حیساب کردنی قەوزاقەکان کە زۆر پشتیان پێ نابەسترێ، تۆ بەسەرخۆت ێدا مەهێنە مەکسیمیچ. (کابرای دەرەجەدار بزەیەك گرتی). لەگەڵ ئەوەشدا چار نیە، ئەفسەرانی بەڕێز! ئامادەبن، چەرخەچی و ئێشکگرتن بە شەو دابنێن و لەحاڵەتی هێرش هێنانیاندا دەروازەکە دا بخ ەن و سەربازان دەر بکەنە دەرەوە. تۆش، مەکسیمیچ، بە چاکی چاودێریی قەوزاقەکانی هاوەڵت بکە. پێویستە تۆپەکە بپشکنن و

به باشی پاك بكرێتەوە. لە هەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە ئەمانە هیچ نەدركێنن تاوەكو پێش وادە كەس لە قەڵادا نەزانێ.

ئیڤان كووزمیچ پاش ئەوەی لەم فەرمان دانە بووەوە ڕوخسەتی ڕۆیشتنی داین. لەگەڵ شڤابرین چوومە دەرەوە و كەوتمە قسە و مشتومڕی ئەوەی كە بیستمان. لێم پرسی:"بە بیروڕای تۆ ئەمە چۆن كۆتایی دێت؟" وەڵامی دایەوە: "خوا خۆی دەیزانێ، دەیبینین، بەڵام من ئێستا شتێكی گرنگ نابینم ئەگەر.." و كەوتە بیركردنەوەو، بەدەم بێدەنگی و مات بوونیەوە بە فیكە ئاوازێكی فەرەنسی لێدەدا.

بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵ و كۆششی ئێمەدا بۆ بڵاونەبوونەوەی ئەم دەنگوباسە، هەواڵی پەیدابوونی پووگاچیۆڤ لە تەواوی قەڵادا تەشەنەی كرد. ئیڤان كووزمیچ هیچ نهێنییەكی خزمەتی سەربازیی نەدەدركاند، هەرچەندە زۆریشی ڕێز لە ژنەكەی دەگرت. بەم چەشنە كاتێ كە نامەكەی جەنەراڵی پێگەیشت بە شێوەیەكی زیرەكانە خۆی لە ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنای ژنی رزگار كرد بەوەی گوایە باوەگێراسیم هەواڵی سەیر سەیری لە ئۆرێنبوورگەوە پێگەیشتووەو بەتوندی دەیشارێتەوەو ئاشكرای ناكات. لەبەر ئەوە ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا دەسبەجێ ئارەزووی سەردانێكی ژنەكەی قەشەی كرد و بە پێی ئامۆژگاریی ئیڤان كووزمیچ ماشاشی خستە تەك خۆی، بۆ ئەوەی بە تەنها وەڕس و دڵتەنگ نەبێ.

كاتێ كە ئیڤان كووزمیچ بە تەنها خۆی مایەوە و ناردی بە شوێن ئێمەدا. پاڵاشكاشی كردە هۆدەی ئازووقەوەو دەرگاكەی لە سەر

داخست نەوەك گوێی لێمان بێ.    ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا گەڕایەوە ماڵەوە بێئەوەی بتوانێ هیچ شتێ لە ژنەکەی قەشە دەربێنێ و زانی کەوا بە لە ماڵ نەبوونی ئەو لە لای ئیڤان کووزمیچ کۆبوونەوەیەك کراوە و پالاشکاش بەند بووە. هەستی کرد کە مێردەکەی تەفرەی داوە و بۆیە لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ ساز    کرد. بەلام ئیڤان کووزمیچ خۆی ئامادە کردبوو بۆ هێرش هێنانە سەر، لەبەر ئەوە هیچ خۆی تێکنەدا و بە        گورجی و چالاکی وەلامی ژنە خۆتێهەڵقورتێنەکەی دەدایەوە: "گیانەکەم تۆ خۆت دەبینی کە ئافرەتانمان دەستیان داوەتە بەکارهێنانی پووش بۆ ئیش و کاری ئاگردان، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەم کارە ببێتە هۆی گێچەڵ و تەنگ و چەڵەمە، منیش فەرمانێکی توند   م دەرکرد بۆ ئەوەی ژنەکان لەجیاتیدا  چیلکە  و چڵەداری بڕاو کار   بکەن". بەلام ژنەکەی فەرمانده پرسی:  "باشە ئەی  بۆچی  دەرگات لە  سەر پالاشکا داخستبوو؟ بۆچی ئەو کچە بەستەزمانەت لە ژووری ئازووقەدا بەند کردبوو تا ئێمە گەڕاینەوە؟". ئیڤان کووزمیچ خۆی بۆ ئەم پرسیارە ئامادە نەکردبوو، بۆیە زمانی هات بەیەکدا و قسەیەکی هێجگار هیچ و پووچی گلماند. ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا تێگەیشت کە مێردەکەی فێڵی لێکردووە، بەلام دەیزانی کە هیچی  لێهەڵناکڕێنێ، لەبەر ئەوە باس و خواسی گۆڕییە سەر ئەو خەیارە سوێرکراوەی کە ئەکوولینا پامفیلۆڤنا بە     ڕێگایەکی تایبەتی و زۆر جیاواز ئامادەی کردووە. ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا ئەو شەوە تابەیانی خەو نەچووە چاوی هەروەها نەیشیتوانی ئەو شتەی لە        مێشکی

مێردەکەیدا بوو و پێویست نەبوو ئەو بیزانێ، هەڵیبێنێ. بۆ ڕۆژی ئایندە کە لە نوێژگەڕایەوە سەیری کرد وا ئیڤان ئیگناتیڤیچ پەڕۆو پاتاڵی شڕو وردە بەرد و وردەدارو قاپە ئێسقان و جۆرەها پیسی لە دەمی لوولەی تۆپەکە دەردەهێنێ کە مندالآن تێیان فڕێدابوو. لە دڵی خۆیدا بیری لێکردەوە و وتی: "ئەم خۆ بۆ جەنگ سازدانە چی دەگەیەنێ؟ بشێ چاوەڕوانی هێرشێکی کیرغیزەکان بن؟ بەڵام چی وای لە ئیڤان کووزمیچ کردووە کە ئەم شتە پڕوپووچانە لە من بشارێتەوە؟" لێرەدا بە نیاز و بڕیارێکی بەهێزەوە بانگی لە ئیڤان ئیگناتیڤیچ کرد تا هەرچۆنێك بووە ئەم نهێنییەی لێدەربێنێ کە بووە بە مەراقێکی گەورە بۆی.

ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا هەندێ تێبینی تایبەتی کاروباری ناوماڵی بۆ ئیڤان ئیگناتیڤیچ دەربڕی، وەك چۆن دادوەرێك لێکۆڵینەوەکەی بە پرسیاری لابەلا دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە وریایی و سڵکردنەوەی پرسیارلێکراو بڕەوێنێتەوە. پاشان چەند ساتێك بێدەنگ بوو و، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە وتی: "خوایە! سەیر چ هەواڵێکن ئەمانە! ئەمە ئاکامی چی دەبێ".

ئیڤان ئیگناتیڤیچ وەڵامیدایەوە:

-هیچ شتێ نابێ، خانم، خوا کەریمە. ئێمە سەربازی تەواو و بارووتی زۆرمان هەیەو، وا تۆپەکەیشم پاك کردووەتەوەو، بە تەماین بەرەنگاری پووگاچیۆڤ بینەوە. هەر کەسێکیش خوای لە پشت بێ هەرگیز شکست ناهێنێ!

ژنەکەی فەرماندە پرسی:

-باشە ئەم پووگاچیۆڤە کێیە؟

لێرەدا ئیڤان ئیگناتیڤیچ هەستی کرد کە لە قسەکانیدا زۆر ڕۆیشتووە، بۆیە بێ دەنگ بوو. بەڵام دوای چی، لە پاش باران کەپنەك. ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا ئیستەرەمی ل ێکرد کە بچێتە ژێر هەموو شتێ و پەیمانی دایە کە لای کەس نەیدرکێنێ. لەوەودواش پەیمانەکەی خۆی بردەسەر و ئەو هەواڵەی لای کەس نەدرکاند تەنها لای ژنەکەی قەشە نەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو کە مانگای ژنەکەی قەشە هەموو ڕۆژێ دوور دەکەوتەوە بۆ دەشتەکەو لەوانەبوو پیاوخراپان بیفڕێنن.

پاش ماوەیەکی کورت وای لێهات پەلاماری پووگاچیۆڤ بوو بە قسەو باسی هەمووان و دەنگۆ و واتەواتی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە. فەرمانده دەرەجەدارەکەی نارد بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ بە وردیی لە تەواوی گوندو قەڵاکانی دەوروبەردا. کابرای دەرەجەدار دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە و ڕایگەیاند کە لە دەشتەکەدا زۆری ئاگر بینیوە، لە دووریی شەست فەرسەقەوە لە قەڵاو لە باشکیرەکانی بیستووە کەوا هێزێکی بێ شومار خەریکی خۆ کۆکردنەوە و خۆ تەیار کرنە، بەڵام نەیتوانی شتیکی بەڵگەدار بڵێ چونکە ترسابوو دوورتر بڕوات.

لە نێو قەوزاقەکانی قەڵادا شڵەژان و پشێوییەکی نائاسایی بەدی دەکراو کۆمەڵ کۆمەڵ لە شەقامەکاندا کۆدەبوونەوەو بەئەسپایی لە ناو خۆیاندا گفتوگۆیان دەکرد و کاتێ کە سوارێ یان سەربازێکی سەربازخانەکەیان دەبینی بڵاوەیان ل ێدەکرد. لە

بەر ئەوە     بەدزییەوە چاودێر    ێیان خرایە سەر. یۆلآی کە کالْمیك[3]بوو و هاتبووە سەر ئاینی عیسایی، هەواڵێکی گرنگی بۆ فەرماندە هێنا، ئەویش ئەوە     بوو کە قسەکانی دەرەجەدارەکە درۆبوون و ئەم قەوزاقە فێڵبازە دوای گەڕانەوەی بە هاوڕێکانی ڕاگەیاندووە کە سەری لە یاخ          ێبووەکان داوەو چاوی بە سەرۆکەکەیان کەوتووە و ڕێگەی پ ێداوە کە دەستی ماچ بکاو، زۆریشی گفتوگۆ لەگەڵ کردووە. لەبەر ئەوە فەرماندە خێرا دەرەجەدارەکەی بەند کردو یۆلآیی خستە جێگەکەی. ئەم هەواڵە قەوزاقەکانی بەئاشکرا ناڕەحەت کردو بەتەواوی کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین. ئیڤان ئیگناتیڤیچی بەجێهینەری فەرمانەکانی فەرماندە بەگوێی خۆی ئەم قسەیەی بیستبوو: "   باشە خۆت دەبینیتەوە  ، هەی مشکی سەربازگە!". فەرماندە بڕیار     یدا، هەر ئەو ڕۆژە دەرەجەداری بەندکراو بخاتە بەر لێپرسینەوە" بەلآم ئەو وادیاربوو بەیارمەتی هاوەڵەکانی، لە بەندیخانە هەلآتبوو.

پاشان ڕووداوێکی تازەتر فەرماندەی شڵەژاند، ئەویش ئەوە بوو کە کابرایەکی باشکیر گیرابوو بە کۆمەڵێ بەیاننامەی ورووژێنەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوەدا، فەرماندە بیری لەوە کردەوە کە سەرلەنوێ ئەفسەرەکانی کۆبکاتەوە، بۆیە ویستی جارێك          ێتر ڤاسیلیسا ییێگۆرۆڤنا بە بەهانەیەکی بەجێ و گونجاو دووربخاتەوە. بەلآم لەبەر ئەوەی ئیڤان کووزمیچ پیاوێکی هێجگار ڕاستو ڕەوان

(3) کالْمیك: نەتەوەیەکن بەڕەگەز مۆنگۆڵن. وەختی خۆی لە سەر ئاینی بووزی بوون.

و دڵپاك بوو ڕێگایەکی دیکەی نەدۆزییەوە بێجگە لەو ڕێگایە ی کە لەوەوپێش بەکار هێنابوو و بە دەم قوڕگ پاککردنەوەوە وتی: "گوێ بگرە، ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا، دەڵێن گوایە باوەگێراسیم لە شارەوە هەواڵی..." ، ژنەکەی ئەم قسەیەی پێبڕی و وتی: "بەس درۆ بکە، ئیڤان کووزمیچ ، تۆ دەتەوێ من لە ماڵ نەبم و کۆبونەوەیەك ساز بکەیت و دەربارەی یێمێلیان پووگاچیۆڤ تەگبیر و را بکەن، بەڵام ئەوە لە من ناشاردرێتەوە!". ئیڤان کووزمیچ هەردوو چاوی ئەبڵەق ب وون و وتی:"ئازیزەکەم، تۆ کە هەموو شتێك بزانی، دەتوانی بمێنیتەوەو، بەحوزووری تۆش گفتوگۆ دەکەین". ئەویش سەری بۆ لەقاند و وتی : "ئەمەیان ڕاستە، گیانەکەم، چونکە فریودان شیاوی تۆ نیە و بنێرە بە دوای ئەفسەرەکاندا".

ئەمجارەش سەرلەنوێ کۆبووینەوە و ئیڤان کووزمیچ بە ئامادەبوونی ژنەکەی، بانگەوازەکەی پووگاچیۆڤی بۆ خوێندینەوە، کە دیار بوو قەوزاقێکی کۆلکە خوێندەوار نووسیبووی و ئەم ڕێگرە لە بانگەوازەکەیدا ڕایگەیاندبوو کە نیازی وایە بێ دواکەوتن بدات بە سەر قەڵاکەماندا و داوای لە قەوزاق و سەربازەکان کردبوو بچنە ریزی تاقمە چەتەکەیەوەو هانی ئەفسەرەکانی دابوو کە بەرگری لە قەڵاکە نەکەن و هەڕەشەی کوشتنی ل ێکردبون ئەگەر بێت و بانگەوازەکەی ڕەتبکەنەوە. بانگەوازەکە بە ڕستە و دەستەواژە ی ڕەق و زشت، بەڵام بەهێز نووسرابوو و، بێگومان کاری ترسناکی خۆی لە ئەقڵ و بیری خەڵکی ساویلکەدا دەکرد.

ژنەکەی فەرماندە هاواری کرد:

ـ وەی کە فێڵبازە! چەند بە چاوقایمی ئەم پێشنیازەمان بۆ دەکا! دەرچین بۆ پێشوازی کردنی و ئالاکانمان بهاوینە بەرپێی! ئەی بەچکە سەگ! ئاخر نازانێ ئێمە ئەوە چل ساڵە لە خزمەتداین و سوپاس بۆ خوا هەموو شتێکمان تاقی کردووەتەوە؟ بەڕاست تۆ بڵێی ئەفسەر هەبێ لە دنیادا بیەوێ ملکەچی بۆ ئەم ڕێگرە بنوێنێ؟

ئیڤان کووزمیچ وەڵامی دایەوە:

-بڕوا ناکەم شتی وا ڕووبدات، بەڵام بیستوومە ئەم پیاوخراپە قەڵای زۆری داگیرکردووە.

شڤابرینیش وتی:

-ڕاستێکەی وا دەردەکەوێ بەهێز بێت.

فەرماندە وتی:

-ئێستا ڕاستیی هێزەکەی دەزانین، ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا کلیلی دەرگای عەماری دانەوێڵەکەم بدەرێ و تۆش ئیڤان ئیگناتیڤیچ کابرا باشکیرەکە بێنە و بڵێ بە یۆڵای قامچیەکان بێنێتە ئێرە.

ژنەکەی فەرماندە لە جێگاکەی خۆی هەڵساو وتی:

-ڕاوەستە ئیڤان کووزمیچ ، با ماشا لە ماڵ دوور بخەمەوە بۆ شوێنێك، ئەگینا گوێی لە قیژەو هاوار دەبێ و دەتۆقێ، ڕاستیەکەی منیش پێی لێدەنێم کە حەز بە لێکۆڵینەوە ناکەم، خواحافیز.

لە زەمانی کۆندا ئازار و ئەشکەنجەدان ڕەگێکی قووڵی هەبوو لە ڕێ و ڕەسمی لێکۆڵینەوەی دادوەریدا و تەنانەت ئەو فەرمانە

پیرۆزەش [4] کە دەرچوو بۆ دەستبەردار بو     ون لەم ڕێ  وڕەسمە ماوەیەکی دوور و درێژ  بێ پەیڕەوی کردن   مایەوە، چونکە  لایان وابوو پێویستە بەزۆریش بووە تاوانبار ناچار بکرێ دان بە تاوانەکەیدا بنێ بۆ ئەوەی تەواو ڕسوا ببێ. ئەم بۆچ    وونەش نەك هەر هەڵەیە بەڵکو یەکجار ناڕێك و نەگونجاویشە لەگەڵ بیری داوەریی ڕاستەقینەدا، چونکە ئەگەر نکوولی کردنی     تۆمەتبار  بە بەڵگە وەرنەگیرێ بۆ ب    ێتاوانیی ئەو، ئەوە بەڕادەی یەکەم دانپیانانیشی ناکرێ ببێ بە بەڵگە بۆ تاوانەکەی. من تەنانەت زۆر جار گوێم ل ێبووە دادوەرە پیرەکان بەداخەوە ب    وون کە واز لەم نەریتە دڕندانەیە هێنراوە. لە سەردەمی ئێمەدا کەسێك نەبوو نە لە دادوەران و نە   لە   تۆمەتبار  ان گومانی لەوە ببێ کە ئازار و ئەشکەنجەدان پێویستە هەر بۆیەش بوو کە دەستوردانەکەی فەرماندە بە   لای کەسمانەوە مایەی سەرسوڕمان نەبوو. ئیڤان ئیگناتیڤیچ ڕۆیشت باشکیرەکە بێنێ کە لە عەماری دانەوێڵەکەدا بەندکرابوو، کلیلی عەمارەکەش لای ژنەکەی فەرماندە بوو. پاش ماوەیەك کابرای بەندکراویان هێنایە هۆدەکەی پێشەوەو فەرماندە داوای کرد کە بهێنرێتە بەردەمی.

کابرای باشکیر بە ئاستەم توانی بە سەر کۆسپەی بەردەرگاکەدا سەر  بکەوێ، (چونکە هەردوو پێی کۆت کراب        وون) و کڵاوە

---

(4) مەبەستی مەرسووم یان فەرمانی ساڵی (           1802)ە کە دارکاری و ئەشکەنجەدانی لابرد. ئەم فەرمانە لە لایەن ئیمپراتۆر ئەلێکساندەرەوە دەرچوو.

قووچەکەی لە سەر داگرت و لای دەرگاکەوە وەستا. کە تەماشا م کرد ڕاچڵەکیم و تا لە ژیاندا بە زیندوویی ماوم ئەم مرۆڤەم لەبیر ناچێتەوە کە وادیاربوو لە تەمەنی حەفتاساڵیدا بوو ، نە لووتی هەبوو نە گوێ و سەری تاشرابوو و هەندێ مووی سپی بە شوێنی ڕدێنیەوە بوو، کورتە بالآیەکی ڕەقەڵەی پشت کۆماوە بوو، بەڵام چاوە بچکۆلە تەسکەکانی هێشتا پڕیشکی ئاگریان ل ێدەبووەوە. فەرماندە بە داخەکانیدا زانی کە یەکێکە لەو یاخیانەی ساڵی 1741[5] سزا دراون و وتی: "ها! گورگە پیر، وادیارە پێشتریش بە تەڵەمانەوە بووی، بەگوێرەی ئەوەی کەللەسەرت ئاوا بە وردی تەختکراوە. ئەمە یەکەمجارت نیە وەرە پێشەوەو پێم بڵێ کێ ناردوویتی؟".

باشکیرە پیرەکە هەروا بێدەنگ بوو و بە گێژ و وێژییەکی تەواوەوە دەیڕوانییە فەرماندە. ئیڤان کووزمیچ دیسان پێ ێوتەوە: "چیتە بۆ وا بێدەنگی؟ یان ڕووسی هیچ تێناگەی؟ یۆلای بە زمانی خۆتان لێی بپرسە کێ ناردوویەتی بۆ قەڵاکەمان؟".

یۆلای پرسیارەکەی ئیڤان کووزمیچی بە زمانی تاتاری دووبارە کردەوە، بەڵام باشکیرەکە هەر بە هەمان تەماشا کردنی جارانەوە تێیدەڕوانی و بە تاقە یەك وشەش وەڵامی نەدایەوە.

---

(5) ساڵی 1741 لە دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکەی ساڵانی 1740–1741ی باشکیرەکان دژ بە سیاسەتی دڵڕەقانەی حکوومەتی تساری سەرکوت کرا، (4000) لەوانە بەشدارییان تێداکردبوو دوورخرانەوەو(301)یش بە لووت و گوێ برین سزادران.

فەرماندە وتی:

-چاکە، دەتهێنمە قسە، ئادەی کوڕینە، قەفتانە کێڵ کێڵە گەلحۆکەی لە بەر داماڵن و لێدەن لە پشتی. یۆلای توانا و بلیمەتیی خۆتی لەگەڵ بنوێنە!

دوو کەس لە پەککەوتەکانی جەنگ کەوتنە ڕووتکردنەوەی کابرا باشکیرەکە. پەشۆکان و شڵەژاوی بە ڕوخسارە کلۆڵەکەیەوە بەدی دەکرا. بەهەموو لایەکدا دەیڕوانی، وەك گیانلەبەرێك منداڵ گرتێبێتیان. کاتێ کەیەکێ لە پەککەوتەکان هەردوو دەستی هەڵبڕی و نزیکی ملی کردنەوەو پیرەی بەرزکردەوە و خستیە سەرشانی، یۆلایش دەستی دایە قامچیەکەو کەوتە ڕاوەشاندنی، کابرای باشکیر بە دەنگێکی لاوازی پڕ لە کوڕووزانەوە نووزەیەکی لێوەهات و دەمی کردەوە و بە سەری ئیشارەتی دەکرد، ڕوانیم لەبری زمان پارچە گۆشتێکی بچکۆلە لەڕاو دەمیدا دەجوولایەوە.

هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە ئەوە لە سەردەمی مندا ڕوو یداو، تا ئێستا تەمەنم درێژای کێشا کە چەرخی لێبووردەی ئیمپراتۆر ئەلێکساند ەری یەکەمە [6]، ناتوانم لەو سەرکەوتنە خێرایانەی ڕووناکبیری و بڵاوبوونەوەی بنەماکانی مرۆڤ خۆشویستن سەرسام نەبم. ئەی لاو! ئەگەر ئەم یاداشتانەم کەوتە بەردەستت، ئەوە

---

(6) پوشکین کە بە لێبووردەیی باسی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەم ئیمپراتۆرە دەکات مەبەستی گاڵتە پێکردنێتی.

بێنەرەوە بیرت کە چاکترین و پتەوترین گۆڕان ئەو گۆڕانانەن لە ئەنجامی چاککردنی ڕەوشتەوە دێن بێ هەژانی توندو تیژ.

هەر هەمووومان تێکچووبووین و فەرماندە وتی: "چاکە، وادیارە هیچ سوودێکمان لێ دەسگیر نابێ یۆلای، بیگێڕەوە بۆ عەمارەکە. بەڕێزان، خۆشمان درێژە بە گفتوگۆکە مان دەدەین". لە کۆبوونەوەکەدا کەوتینە مشتومڕ کردن لە سەر بارودۆخی خۆمان و ئەوەندەمان زانی ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا بە هەناسەبڕکێ و شلەژانێکی زۆرەوە هاتە ژوورەوە بۆ لامان.

فەرماندە بە واق وڕمانەوە لێی پرسی:

-چیت لێقەوماوە؟

ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا لە وەڵامدا وتی:

-بەڵایە، خوایە! ئەم بەیان یەیە قەڵای نێژنی ئۆزیۆرنی[7]یان گرتووە. بریکارەکەی باوە گێراسیم ئێستا لەوێ گەڕاوەتەوە و بە چاوی خۆی بینیوێتی چۆنیان داگیرکردووە و چییان کردووە، ئەوان فەرماندە و گشت ئەفسەرەکانیان لە قەنارە داوەو، تەواوی سەربازەکانیشیان بە دیل گرتووە ، هەر ئێستا نە ساتێکی تر پیاوخراپان دەگەنە ئێرەش.

ئەم هەواڵە زۆریە بە توندی ڕایچڵەکاندم و من خۆم فەرماندەی قەڵای نیژنی ئۆزیۆرنایام دەناسی کە لاوێکی لەسەرخۆو بێ فیز

---

(7) نێژنی ئۆزیۆرنایا: لە سەروەختی ئەم چیرۆکەدا نشینگەیەکی بچووک و قەڵایەکی قەوزاق بو (62) میل لە ئۆرێنبورگەوە دوورە

بوو، پێش دوو مانگ هاتە لامان، لەگەڵ ژنە گەنجەکەیدا لە ئۆرێنبوورگەوە دەهاتن و، لە لای ئیڤان کووزمیچ دابەزین. قەڵای نیژنی ئۆزیۆرنی بیست و پێنج فرسەق لە قەڵاکەی ئێمەوە دووربوو. ئیدی گومان لەوەدا نیە کە پەلاماری پووگاچیۆڤ بۆ سەر ئێمەش لە ئێستاو سەعاتێکی تردایە و چارەنووسی مارییا ئیڤانۆڤنام هێنایە بەرچاوی خۆم و بەتەواوی دڵم گوشرا.

بە فەرماندەم وت:

-گوێ بگرە، ئیڤان کووزمیچ! ئەرکی ئێمە بەرگری کردنە لە قەڵا تا دوا هەناسە، ئەمە کارێکە پێویستی بە چەندو چ وون نیە، بەڵام دەبێ بیر لە سەلامەتی ئافرەتەکان بکەینەوەو ئەگەر ڕێگا تا ئێستا نەگیراوە بیاننێرە بۆ ئۆرێنبوورگ، یان بۆ قەڵایەکی دیکەی سەلامەتتر کە ئەو پیاوخراپانە نەتوانن بیگەنێ.

ئیڤان کووزمیچ ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە و پێی وت:

-ئازیزەکەم، تا یاخیەکان دەبەزێنین و راودەنێین ، دەتوانین بتاننێرین بۆ شوێنێکی دوور؟

ژنەکەی فەرماندە وتی:

-قسەی پووچ! قەڵای وا کوا کە گوللەی نەگاتێ؟ چیش وا لە قەڵاکەی خۆمان دەکا لێی دڵنیا نەبین؟ وا ئێمە ساڵی بیست و دووەمینمانی تێدا دەبەینە سەر، سوپاس بۆ خوا. باشکیرو کیرغیزمان بینی و پێموایە خۆلە بەرانبەر پووگاچیۆڤیشدا ڕادەگرین!

لەبەر ئەوە ئیڤان کووزمیچ لە وەڵامدا پێیوت:

-گیانەکەم بمێنەوە، ئەگەر متمانەت بە قەڵاکەمان هەیە بەڵام چی لە ماشا بکەین؟ شتێکی چاکە ئەگەر ئەوەندە خۆڕاگرین تا فریامان دەکەون، بەڵام ئەی ئەگەر پیاوخراپەکان قەڵاکەیان داگیرکرد، ئەو کاتە چۆن دەبێ؟

-ئەو کاتە..

لێرەدا ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا زمانی بەیەکداهات و بێدەنگ بوو و نیگەرانییەکی تەواوی پێوە دیاربوو.

فەرماندە دەستی کردەوە بە قسەکردن و سەرنجی دەدا کە قسەکانی، ڕەنگە بۆ یەکەمجار بێ لەژیانیدا، کاری خۆی کردبێ:

-نە، ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا ، پێویست ناکا ت ماشا لێرە بمێنێتەوە. با بینێرین بۆ لای دایەنەکەی لە ئۆرێنبوورگ، ئەوێ بەشی خۆی هێز و تۆپخانەی لێیە و شوورەکان بەردن. تۆش وا بە باش دەزانم لەگەڵی بڕۆیت و ئەگەر بە شالاوێك قەڵاکە بگرن پیری و بەساڵداچوونت ناتپارێزێ لەوەی کە بە سەرت دێت.

ژنەکەی فەرماندە وتی:

-چاکە با ماشا بنێرین بەڵام چەندم لەگەڵ بڵێی من ئێرە بەجێناهێڵم و پێویستم بەوە نیە لەم پیریەمدا لە تۆ دابڕێم و بە دوای گۆڕێکی تاکدا بگەڕێم لە خاکێکی نامۆداو ئێمە پێکەوە ژیاین و دەبێ پێکەوەش بمرین.

فەرماندە وتی:

-باوابێ، بەڵام دەبێ دەستوبرد بکەین، بڕۆ ماشا ئامادە بکە بۆ سەفەر. سبەینێ بەرەبەیان دەینێرین و، یاساوڵێکیشی دەخەینە تەك، هەرچەندە کە پیاوانی لەخۆزیادیشمان نیە. بەڵام ئەوە ماشا لەکوێیە؟

ژنەکەی فەرماندە وەڵامیدایەوە:

-لای ئەکوولینا پامفیلۆڤنایە ، کاتێ کە هەواڵی داگیرکردنی نیژنی ئۆزیۆرنسکی بیست خەریك بوو ببوورێتەوە و دەترسم نەخۆش بکەوێ. خوای گەورە چیمان بەسەرهات! ڤاسیلیسا ییگۆرۆڤنا چوو بەلای ڕێکخستنی کاروباری سەفەرکردنی کچەکەیەوە. گفتوگۆش لە هۆدەکەی فەرماندەدا هەر بەردەوام بوو، بەڵام من ئیدی خۆم تێ هەڵنەقورتاندو فرە گوێم نەدایە. کاتی شێوکردن مارییا ئیڤانۆڤنا هات بۆ لامان، ڕەنگی هەڵپڕووکابوو و بە چاوەکانیشیدا دیاربوو کە گریابوو. بە بێدەنگی شێومان کردو، لە جاران زووتر لە سەر خوان هەستاین و ماڵاواییمان لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزاندا کردو هەر یەکە ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی خۆمان. بەڵام من بە ئەنقەست شمشێرەکەم لەوێ لەبیرکرد و پاشان گەڕامەوە بۆ ئەوەی بیهێنمەوە. دڵم وای خەتەرە کرد کە مارییا ئیڤانۆڤنا بە تەنها دەبینم. هەروایش بوو، کە گەیشتم یەکسەر لە دەرگاوە پێشوازیی لێکردم و شمشێرەکەی دامێ و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێیوتم: "خوات لەگەڵ پیۆتەر ئەندرییێڤیچ! دەمنێرن بۆ ئۆرێنبوورگ، ئاواتم سەلامەتی و بەختەوەریتە. ڕەنگە ئەگەر خوا خواستی لە سەر بێ جارێکی دیکە بە یەك بگەینەوە، ئەگەر نە.." و

دایە پڕمەی گریان. منیش باوەشم پێدا کردو وتم: "خوات لەگەڵ، فریشتەکەم، خوات لەگەڵ، ئازیزەکەم، خۆشەویستەکەم. بڕوات هەبێ کە دوا بیرو دوا نزام بۆ تۆن، هەر شتێك ڕوویدات! ماشا بەدەم هەنسکی گریانەوە نووسا بە سینگمدا. منیش بەگەرمی ماچم کردو بە پەلە و خێرا لە ژوورەکە دەرچووم.

## بەشی حەوتەم

# پەلاماردان

سەرم، هۆ سەرم
هۆ سەری سەربازا
سی و سێ ساڵت
لە سەربازیدا بردە سەر
ئەنجامی نەبوو هەی سەر،
نە دەسکەوتێك و نە خۆشییەك و
نە وشەیەکی باش دەربارەت و،
نەپلەیەکی بەرز
ئەی سەر دەسکەوتت
دوو ستونی بەرز بوو
کە کاریتەیەکی سوورەچناریان بە سەرەوەیەو
پەتێکی ئاورێشمی پێوە شۆڕ بووەتەوە.

"گۆرانییەکی میللی"

ئەو شەوە نەخەوتم و نە جلەکانم داکەند و بڕیارمدابوو لە بەرەبەیاندا بۆ دەروازەی قەڵا بچم، بۆ دوا ماڵاوایی کردن لە ماریيا ئیڤانۆڤنا کە لەوێوە دەردەچوو. هەستم کرد گۆڕانێکی گەورە لە ناخمدا پەیدا دەبێ. ئەو هەڵچوون و هەژانەی لەگیانمدا بوو زۆرم لە سەر سووکتر بوو لەو ترس و لەرزەی پێش ماوەیەکی کورت دایگرتبووم. ئێش و ئازاری لێکدابڕان لەەروونمدا تێکەڵ بووبوو بە هیواو ئومێدی نادیار و تەم و مژاوی بەڵام شیرین و چاوەڕوانیەکی بەپەلەی مەترسییەکان و هەست و سۆزی نەفسبەرزییەکی مەردانە. شەو زوو بەسەرچوو لەوەدابووم لەماڵ دەربچم لەپڕدەرگا کرایەوەو چاوەشێك خۆی کرد بە ژووورداو هەواڵی ئەوەی بۆ هێنابووم کە قەوزاقەکان بەشەو لە قەڵا دەرچوون پاش ئەوەی بە تۆبزی یۆلای یان لەگەل خۆیان بردووە. هەروەها پی ی وتم کە خەڵکێکی نەناسراو بە دەوروپشتی قەڵادا دەسووڕێنەوە. بیرم لەوە کردەوە کە مارییا ئیڤانۆڤنا لەوانەیە بیوانەگات دەربچێ و ئەم خەیاڵە تۆقاندمی و بە پەلە هەندێ فەرمانم دا بە چاوەشەکە و دەسبەجێ گوڕم بەخۆم دا بەرەو ماڵی فەرماندە.

دنیا ڕو وناك بووبوەوەو بە شەقامەکەدا ڕامدەکرد کە گوێم لە یەکێك بوو بانگی دەکردم. ڕاوەستام، سەیرم کرد ئیڤان ئیگناتیڤیچە، پێمڕاگەیشت و وتی: "بۆ کویێ دەچی؟ ئیڤان کووزمیچ لە سەر شوورەکەیەو نا ردوومی بەشوێن تۆدا و وا پووگاچیۆڤ گەیشت". بە دڵەڕاوکێوە لێمپرسی: "باشە ئەی مارییا ئیڤانۆڤنا سەفەری کرد؟" ئیڤان ئیگناتیڤیچ وەڵام یدایەوە:

"پیرۆزانەگەیشت، ڕێگەی ئۆرێنبوورگ بڕاوە و قەڵا گەمارۆ دراوەو بارودۆخ خراپە، پیێتەر ئەندرییێڤیچ!".

ڕۆیشتین بۆ شوورەکە کە بەرزاییەك بوو سرووشت دروستی کردبوو و بەپەرژینێکی دارین بەهێز کرابوو. تەماشامان کرد دانیشتووانی قەڵا هەموو لەویێ کۆمەڵەیان کردووە. سەربازگە وەخۆکەوتبوو بۆ شەڕ و کوشتار و دەمەو ئێوارە تۆپەکە گوێزرابووە بۆ سەر شوورەکە. فەرماندە بە پێش ڕیزە سەربازێکی ژمارە کەمدا دەهات و دەچوو. نزیك بونەوەی مەترسی گوڕ و چالاك یهەکی نائاسایی دابووە ئەم جەنگاوەرە دێرینە و لە دەشتەکەدا لە نزیکی قەڵاوە دەوری بیست سوارێك دەجووڵانەوە. وا دەردەکەوت قەوزاق بون، بەڵام هەندیێ باشکیریشیان لەناودا بوو و بە کڵاوی پێستە دەڵەك و بە توورەکەکانی بەرباخەڵیاندا بە ئاسانی دەناسرانەوە. فەرماندە بە سەر سەربازەکانیدا دەگەڕاو پیێدەوتن: "ڕۆڵەکانم، با ئەمڕۆ لە پێناوی خاتوو نی ئیمپراتۆرەی دایکماندا خۆڕاگرین و بۆ تەواوی جیهانی دەربخەین کە قارەمانین و ئەو سوێندانە ناشکێنین کە خواردوومانن!". سەربازەکان بە دەنگێکی بەرز دڵگەرمیی خۆیان دەربڕی. شڤابرین بەتەنیشتمەوە ڕاوەستابوو، لە دوژمن ورد دەبووەوە و ئەوانەی کە لە دەشتەکەدا ڕاکە ڕاکەیان بوو، تێبینی جموجووڵێکیان کرد لە قەڵادا، بۆیە لە دەوری یەك خڕبوونەوەو لە ناوخۆیاندا کەوتنە وتوویێژ. فەرماندە دەستووری بە ئیڤان ئیگناتیڤیچ دا کە ڕووی تۆپەکە بکاتە ئاپۆرەکەیان، شاپڵیتەکەی بە دەستی خۆی خستە تۆپەکەوەو

گولله تۆپ نرکەی لێوەهات و بەسەریاندا تێپەڕبوو بێئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگەیەنێ. سوارەکان بڵاوەیان کردو دەسبەجێ لە چاو ونبوون و دەشتەکە چۆڵ بوو.

لەو ساتەدا ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا وەدیار کەوت و ماشای لەتەکدابوو، نەیدەویست لێی جیاببێتەوە. ژنی فەرماندە وتی: "شەڕەکە چۆن بەڕێوە دەچێ؟ دوژمن لەکوێیە؟" ئیڤان کووزمیچ وەڵامی دایەوە: "دوژمن دوور نیە. ئیشەڵڵا هەموو شتێك وەك خۆیی لێدێتەوە و ئاسایی دەبێتەوە ، ئەوە چیە ماشا دەترسی؟" مارییا ئیڤانۆڤناش پێی وت: "نە بابە بەتەنها مانەوەم لە ماڵەوە پتر دەمتۆقێنێ". لێرەدا چاوێکی تێبڕیم و بەزۆر بزەیەکی خستە سەر لێوانی و بێئەوەی بەخۆم بزانم مشتووی شمشێرەکەم گوشی و ئەوەم هاتەوە یاد کە دوێنێ لە دەستی ئەوم وەرگرت، وەك بۆ ئەوەم بێ کە خۆشەویستەکەمی پێ بپارێزم. دڵم کڵپەی سەندبوو و خۆم بە شۆڕەسوارێك دەهاتە بەرچاو و بۆ سەلماندنی شایستەییم بە بڕوای ئەو بەپەرۆش بووم و بە بێقرە لێبڕاوییەوە چاوەڕێی ئەو ساتەم دەکرد.

لەم ماوەیەدا لە پشت تەپۆڵکەیەکەوە کە نیو فرسەق لە قەڵاکەوە دوور بوو چەند کۆمەڵە ئەسپ سوارێکی نوێ وەدەرکەوتن و خێرا دەشتەکە پڕبوو لە ژمارەیەکی زۆر ڕم هەڵگرو تیروکەوان بەدەست کە سوارچاکێك بە سەر ئەسپێکی سپییەوە لەنێوانیاندا دەڕۆیشت

و قەفتانێكی [1] سووری لەبەردابوو و شمشێرێكی ڕووتی بەدەستەوە گرتبوو. ئەمە پووگاچیۆڤ خۆی بوو ، ڕاوەستاو دەوروبەرەكەی لێی ئالان، وادیار بوو بەپێی فەرمانی ئەو بوو كە چوار ئەسپ سوار بەپڕتاو و بەوپەڕی توانای ئەسپەكانیانەوە بەرەو قەڵاكەمان هاتن و كە نزیكب وونەوە ناسیماننەوە خیانەتكارە كانی خۆمان ب وون. یەكێكیان كاغەزێكی لە نزیك شەپقەكەیەوە بەرز كردبووەوەو یەكێكی دیكەشیان سەری یۆلای كردبووە نووكی ڕمەكەیەوە و ڕایوەشاند و بەرەو ڕوومان تووڕ یدا بە سەر پەرژینەكەدا و سەری كابرای كاڵمیكیی داماو لەبەر پێی فەرماندەدا كەوتە زەوی و خیانەتكار ان هاواریان كرد: "تەقە مەكەن و بێنە دەرەوە بۆ لای تسار، ئەوەتا لێرەیە!".

ئیڤان كووزمیچ بانگی كرد: "پێتان دەنوێنم! كوڕینە ئاگر بارانیان كەن!". سەربازەكانیش دەستیان كردە تەقە كردن و ئەو قەوزاقەی كە نامەكەی هەڵگرتبوو لاربووەوە و لە ئەسپەكەی كەوتە خوارەوە، ئەوانی دیكەش پشتی پێیان هەڵكردو لەكوێوە هاتبوون گەڕانەوە بۆ ئەوێ. سەیرێكی ماریبیا ئیڤانۆڤنام كرد وەكو بوورابێتەوە وابوو، دیمەنی سەرە خوێناویەكەی یۆلای زارەترەكی

---

(1) قەفتان: جۆرە پۆشاكێكی باوی زۆر لە گەلانی ناوەڕاستی ئاسیاو ڕووسیای جاران بوو. چەشنی جبەی مەلایانی لای خۆمانە، بەڵام ئەو ڕەنگاوڕەنگە و فرە جاریش گۆل گۆلی ڕەنگاو ڕەنگە. لە دەقە ڕووسیەكەشدا هەر وشەی قەفتان بەكارهاتووە كە لەبنەڕەتدا عەرەبییە. بۆیە منیش وام بە باش زانی وەك خۆی بمێنێتەوە ــ و.

کردبوو و دەنگی گوللەش کاسی کردبوو. فەرماندە چاوەشەکەی بانگ کردو فەرمانی دایە کە بچێ کاغەزەکە لە دەستی قەوزاقە کوژراوەکە دەربێنێ. چاوەش دەرچوو بۆ دەشتەکەو وەختێ گەڕایەوە جڵەوی ئەسپەکەی کابرای کوژراوی بەدەستەوە بوو و نامەکەی دایە دەستی فەرماندە. ئیڤان کووزمیچ لە دڵی خۆیدا خوێندیەوە و پاشان دڕاندی و لەت وپەتی کرد. لەم ماوەیەدا یاخیەکان وا دیاربوو وەخۆکەوتن بۆ شەڕ. پاش ماوەیەکی کورت گوللە بەلای گوێماندا دەستی کردە گیزەگیز و هەندێ تیریش لە نزیکمانەوە چەقین بە زەوی و پەرژینەکەدا. فەرماندە وتی: "ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا! ئێرە جێگای ژنان نیە، ماشابەرە کچەکە لە نێوان مردن و ژیاندایە".

ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا لە ژێر هاڕەی گوللەدا کوروشکەی کردبوو، تەماشایەکی دەشتەکەی کرد کە جموجووڵێکی سەرنجڕاکێشی گەورەی تێدا بەدیەکراو ئەمجار ئاوڕی دایەوە بە لای مێردەکەیدا و پێی وت: "ئیڤان کووزمیچ، مردن و ژیان بە دەست خوایە، ماشا پیرۆزکە، ماشا نزیك بەرەوە لە باوکت". ماشا بە ڕەنگی پەڕیوو بە دەم لەرزەوە لە ئیڤان کووزمیچ هاتە پێش و نووشتایەوە بۆ زەوی. فەرماندەی پیرەمێرد سێ جار وێنەی خاچی بە سەردا کێشاو پاشان بەرزی کردەوە و ماچی کردو بە دەنگێکی گۆڕاوەوە پێی وت: "هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم ماشا گیان. لەخوا بپاڕێرەوە، خوا دەستبەردارت نابێ. ئەگەر مێردێکی باشت بوو بە نسیب، ئەوا منیش داوای خۆشەویستی و پێکەوە گونجانتان بۆ دەکەم لە خوا،

من و ڤاسیلیسا   یێگۆرۆڤنا چۆن ژیاین ئێوەش ئاوها بژین.
ئێستاش خوات لەگەڵ، خێرا دووری خەرەوە، ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا". (ماشا کەوت بە سەر باوکیدا و بانگی لێ بەرزبووەوە). ژنەکەی فەرماندەیش دەستی کرد بە گریان و وتی:"باخۆیشمان دەست لەملان بکەین و یەکتری ماچ کەین. خوات لەگەڵ ئیڤان کووزمیچی هاوسەرم ، بمبەخشە ئەگەر من دڵم لەشتێکدا ئێشاندبیت!". فەرماندە دەستی لە مل ژنە پیرەکەی کردو وتی: "خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ، خۆشەویستەکەم! ئێستاش بەسە هەردوکتان برۆن، برۆن بۆ ماڵەوە و ئەگەر پێڕاگەیشتی جل و بەرگێکی ساکار بکەرە بەری ماشا". ژنەکەی فەرماندە و کچەکەی ئەوێیان بەجێهێشت. سەیرێکم بەدووی مارییا ئیڤانۆڤنا داکرد، ئەویش ئاورێکی دایەوە و سەرێکی بۆ دانەواندم. لەو کاتەدا ئیڤان کووزمیچ بەرەو لامان هات، تەواوی هەست و ئاگای خستبووە سەردوژمن. یاخیبووان دەوری سەرۆکەکەیان دابوو و، لەناکاو لە ئەسپەکانیان دابەزین. فەرماندە وتی: "ئێستا بەتوندی خۆڕاگرن، وا هێرش دەست پێدەکات..". لەو ساتەدا هاوارو زریکەیەکی سامناك هات و یاخیبەکان بە ڕاکردن بەرەو قەڵا هاتن. تۆپەکەمان بە گوللەتۆپێك داگیرایەوە و فەرماندە دەنگی نەکرد تا نزیکبوونەوە و ئەو جا شاپڵیتەکەی دووبارە گرت بەردا و چاوترووکانێك و گوللەتۆپ کەوتە ناوەڕاستی ئاپۆرەکەوە. یاخیبووان بەهەرچوارلادا پەرش و بڵاوبوونەوە و گەڕانەوە دواوە و تەنها سەرۆکەکەیان لەپێشەوە ڕاوەستابوو.. شمشێرەکەی

ڕادەوەشاند و پێیدا دیاربوو دڵگەرمانە هانیەدان. دەسبەجێ ئەو هاوارو زریکەیەی تاوێك کپبووبۆ وە هەڵیدایەوە. فەرماندە وتی: "ئێستاش کوڕینە، دەروازەکە بکەنەوە دەست بکەنە تەپڵ لێدان! ئادەی کوڕ ئازاکانم بۆ پێشەوە، شوێنم بکەون بۆ هێرشبردن!".

یەکسەر لە چاوترووکانێکدا فەرماندە و ئیڤان ئیگناتیڤیچ و من کەوتینە پشتی شوورەی قەڵاوە. بەڵام بەرگریکارانی قەڵا زەندەقیان چووبوو و لە شوێنی خۆیان نەجووڵان. ئیڤان کووزمیچ هاواری کرد: "ڕۆڵەکانم بۆچی وەستاون؟ مردن هەر مردنە ، سەربازیی ئەمەیە!". لەو ساتەدا یاخییەکان گەیشتنە سەرمان و هاتنە ناو قەڵاوە. تەپڵ بێدەنگ بوو و سەربازە بەرگریکارەکان چەکیان فڕێدا و خۆیان دا بە دەستەوە. منیش درام بە زەویدا، بەڵام هەستامەوە و لەگەڵ یاخییووەکاندا چوومە قەڵاوە. فەرماندە سەری بریندار بووبوو و لە ناو ئاپۆرە ی پیاوخراپەکاندا ڕاوەستابوو، ئەوانیش داوای کلیلەکانیان ل ێ دەکرد و منیش گوڕم بە خۆم دا بۆ یارمەتیدانی، بەڵام هەندێ قەوزاقی چوارپەل ئەستوور گرتمیان و بە پشتێن شەتەکیان دام و دەیانوت: "لە سەر ئەم ملکەچ نەکردنەتان بە سزای خۆتان دەگەن!". پاشان کەوتنە ڕاکێشانمان بە شەقامەکاندا و خەڵکی لە ماڵەکانی خۆیان هاتبوونە دەرەوە و نان و خوێیان بە دەستەوە بوو. زەنگ لێدراو لەناکاو هاواریان لە ئاپۆرەکە کرد کە تسار لە گۆڕەپانەکەدا چاوەڕێی دیلەکانێتی و سوێندی ملکەچیی قوبووڵ دەکا. خەڵکەکە ش بە هەڵەداوان ڕایان کرد بۆ گۆڕەپانەکەو ئێمەشیان دایە بەر بۆ ئەوێ.

پووگاچیۆڤ لە بەر دەرگای ماڵی فەرماندەدا لە سەر تەختێکی نەرمونۆڵ دانیشتبوو، قەفتانێکی قەوزاقیانەی سووری لەبەردابوو کە بە قەیتانی زێڕین تەریب درابوو ، کڵاوە قووچەکەیشی کەوڵی سمۆرە بوو کە بە گوڵەنگ و ریشووی زێڕین ڕازێنرابووە و بە سەر چاوە گەشەکانیدا شۆڕبووبوەوە و ڕەنگ و ڕوخساری دەم وچاوی نامۆ نەبوو لام. گەورە پیاوانی قەوزاق دەوروپشتیان گرتبوو، باوە گێراسیمیش بە ڕەنگی هەڵپڕووکاو و هەڵلەرزینەوە لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو خاچێکی بەدەستەوە بوو، وادیار بوو دەتوت لەو بێدەنگیەیدا لێیەپاڕێتەوە کە بەزەیی بە دیل و قوربانیانی دواتردا بێتەوە. ئەوجا خێرا سێدارەیەك لە گۆڕەپانەکەدا هەڵخرا و کاتێ ئێمە گەیشتین باشکیرەکان خەڵکەکەیان دوورخستەوەو بردینیانە بەردەستی پووگاچیۆڤ. زەنگەکە لە لێدان کەوت و کشروماتیەکی قووڵ ئەو ناوەی داگرت. کابرای ساختەچی پرسی: "فەرماندەتان لێیە؟" ، کابرای دەرەجەدار لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە دەرچوو دەستی بۆ ئیڤان کووزمیچ درێژ کرد. پووگاچیۆڤ بە چاوێکی پڕ لە هەڕەشەوە تەماشا ی پیرەی کرد و وتی: "چۆن پرکێشیت کرد بەرەنگاری من بکەیت و دژم بوەستی، کە من تساری تۆم؟". فەرماندە کە برینەکەی لاوازی کردبوو، پاشماوەی ئەو تین و هێزەی تێیدا مابوو وەبەرخۆی دا و بە دەنگێکی نێر انە وەڵامیدایەوە: "گوێ بگرە تۆ تساری من نیت، تۆ تەنها دز و ساختەچیت!". پووگاچیۆڤ بە دەمار گرژییەوە ڕووی دا بەیەکدا و دەستەسڕێکی سپی ڕاوەشاند و دەسبەجێ چەند قەوزاقێك

کاپیتانی پیریان گرت و پەلکێشیان کرد بۆ لای سێدارەکە. کابرا باشکیرە سەرو گوێلاك شێواوەکە ی دوێنێ خستمانە بەر لێپرسینەوە چووبووە سەر کاریتەی قەنارەکەو پەتێکی بەدەستەوە گرتبوو و هێندەی پێچەچوو ڕوانیم ئیڤان کووزمیچی بەستەزمان بە هەواوە هەڵواسرا. پاشان ئیڤان ئیگناتیڤیچیان ڕاپێچ کرد بۆ لای پووگاچیۆڤ و پێی وت: "ئادەی سوێندی ملکەچی بۆ تسار پێتەر فێودۆرۆڤیچ بخۆ!". ئیڤان ئیگناتیڤیچیش لە وەڵامدا هەر قسەکانی فەرماندەکەی خۆی دووپات کردەوە و وتی: "تۆ تساری من نیت. مامە، تۆ دز و ساختەچیت!". پووگاچیۆڤ دووبارە دەستەسڕە سپیەکەی ڕاوەشاندەوە و ئەم پیاوە قارەمانەش لە تەنیشت فەرماندە پیرەکەیەوە کرا بەدارا.

ئەمجار نۆبە هاتە سەر من و بە جورئەتەوە سەیرێکی پووگاچیۆڤم کرد و ئامادەبووم هەمان قسەی دوو هاوڕێ مەزنەکەم بڵێمەوە. لەو ساتەدا، بە سەرسامی و واق وڕمانێکەوە کە هەر لە باسکردن نایە ت، شڤابرینم لەن او پیاوماقووڵانی یاخ یبووەکاندا بینی، بە شێوەیەکی بازنەیی سەری تەراش کردبوو و قەفتانی قەوزاقیانەی پۆشیبوو. لە پووگاچێوڤ نزیکبووەوە و بەئەسپایی چەند وشەیەکی بەگوێدا چرپاند. پووگاچێوڤ ڕووی ل ێوەرگێڕام و وتی: "لەسێدارەی دەن!". پەتەکەیان خستە ملم و لە دڵی خۆمدا کەوتمە نوێژ و نز ا کردن و پەشیمانیەکی ڕاستەقینەم لە هەموو گوناهەکانم بە خوای خۆم سپارد و لێی پاڕامەوە گشت ئەوانەی بە دڵم نزیکن بیانپارێزێ. ئەوجا ڕایانکێشامە ژێر سێدارەکە و خوێن

ڕیژەکان لێیان دووپات دەکردمەوە و دەیانوت: "مەترسە، مەترسە" و لەوانەیە بەڕاستی مەبەستیان بووبێ زاتم بنێنە بەر. لەو چرکە ساتە دا لەپڕ گوێم لە قیژە و هاوارێك بوو: " بوەستن، هەی نەعلەتیانە! لەسەرخۆبن!..". لێرەدا جەللادەکان هەڵوەستەیەکیان کرد و ئاوڕمدایەوە تەماشا دەکەم ساڤێلیچ کەوتووە بە سەر دەست و پێی پووگاچیۆڤدا و لەلە بەستەزمانەکەم پێ یدەوت: "گەورەی ئازیزم چ پێویست یەکت بە کوشتنی ئاغایەکی من دالْکار هەیە؟ بەرەڵای بکەو لەبری ئەو خوێنت دەدەنێ، فەرمانی لە قەنارەدانی منی پیرەمێرد بدە بۆ تەم یخوار بوونی خەڵك و ترس و لەرز بڵاوکردنەوە لە ناویاندا". پووگاچیۆڤ ئیشارەتێکی کردو یەکسەر پەتەکەیان لە مل داماڵیم و وازیان لێهێنام و پێیانوتم: "وا بەر سۆز و بزەیی گەورەمان کەوتی". ناتوانم بڵێم لەو ساتەدا دەرباز بوونم خۆشحاڵی کردم، بەڵام ناشڵێم بەداخەوە بووم بۆی ، چونکە بەجارێ هەست و هۆشم تێکەلْوپێکەڵ و تەمومژاوی بوو. جارێکی تر دامیانەوە بەر بۆ لای کابرای ساختەچی و لەبەردەمیدا چۆکیان پێدادام. پووگاچیۆڤ دەستە ڕەگ ڕەگاوییەکەی بۆ درێژ کردم و ئەوانەی لە نزیکمەوە بوون وتیان: "دەستی ماچ کە، دەستی ماچ کە"، بەڵام من پیسترین خنکاندم لەلا چاکتر بوو لەم سووکایەتی پێکردنە نامەردانەیە. ساڤێلیچ لە پشتمەوە ڕاوەستابوو، پاڵی پێوەدەنام و بە چپە دەیوت: "گیانەکەم پێتەر ئەندرییڤیچ سەرپێچی مەکە ئەوە چی تێدەچێ بۆ تۆ؟ تف ڕۆ بکەو ماچی پیاوخر.. (تف) و دەستی ماچ کە". بەڵام من هیچ نەجووڵام و

پووگاچیۆڤ دەستی داگرت و بە بزەیەکی گاڵتە پێکردنەوە وتی: "جەنابی لەخۆشیاندا ئەقڵی تێکچووە، هەڵیسێنن!".

ئەوجا هەڵیانساندم و بەدەردی خۆمەوە لێمگەڕان و کەوتمە سەرنجدانی بەشەکانی تری ئەم کۆمیدیا بەسام و ترسناکە.

خەڵکەکە دەستیان کرد بە سوێندی ملکەچی خواردن و یەك لەدوای یەك دەهاتنە پێشەوە خاچیان ماچ دەکرد و دەنووشتانەوە بۆ کابرای ساختەچی. سەربازانی سەرباز گەکەش لەوێ وەستابوون. بەرگدرووی بەتالیۆنەکە بە مەقەستە کولەکەی پەلکەی دەبڕین و ئەوانیش تووکەکانیان لەخۆ دەتەکاند و لە دەستی پووگاچیۆڤ نزیك دەبونەوە و ماچیان دەکرد و ئەمیش لێبووردن و بەخشینی خۆی ڕادەگەیاند و لە تاقمەکەیدا وەریدەگرتن. هەموو ئەمانە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند و دواجار پووگاچیۆڤ لە سەر تەختەکە هەلسا و پیاوماقووڵەکانی خۆی لەگەڵی ڕاستبوونەوە و کەوتنە تەکی. ئەسپێکی سپییان بۆ هێنا کە بە ڕەخت و زینێکی پۆشتە و پەرداخ ڕازێنرابووەوە و دوو قەوزاق چ وونە ژێر باڵی و بەرزیان کردەوە و لە سەر زینەکە دایاننا. لێرەدا بە باوە گێراسیمی ڕاگەیاند کەوا نانی نیوەڕۆ لە سەر خوانی ئەو دەخوا. لەو کاتەدا قیژەو هەرایەکی ژنانە پەیدابوو و تاقمێ پیاوخراپ و بێڕەوشت ڤاسیلیسا یێگۆرڤنایان بە قژی ئاڵۆزکاو و جەستەی ڕووت و قووتەوە بۆ ڕاڕەوەکە ڕادەکێشا. یەکێك لەوانە کورتەکە بەردارەکەی ئەوی لەبەرکردبوو، لەولاشەوە هەندێکی تر پشتی و نوێن و سنووقی چا و جل و پۆشاك و هەموو کەلوپەلی ماڵەکەیان بەکێش

دەكرد و پیرەژنە داماوەكەش هاواری دەكرد: "ئازیزەكانم! بەرەڵلام كەن ، ڕۆڵەكانم، بمبەن بۆ  لای ئیڤان كووزمیچ" . لەناكاو چاوی كەوت بە سێدارەكەو مێردەكەی خۆی ناسیەوە و بە گەروویەكی پڕ لە ترسەوە قیژاندی: "پیاو خراپینە ، نامەردینە ! ئەوە چیتان كردووە؟ ڕوناكیی دڵەكەم، ئیڤان كووزمیچ، ئەی سەركردەی جەنگاوە ری دلێر، نێزەی پرووس  یەكان و گوللەی توركەكان هیچیان لێنەكردی، لە شەڕێكی مەردانەو پاكدا نەكوژرای، بەڵكو تاوانبارێكی قاچاخ كوشتیتی!". لێرەدا پووگاچیۆڤ بە تووڕەییەوە وتی: "ئەم پیرەژنە جادووگەرە بێدەنگ كەن!" و یەكسەر قەوزاقێك بە  شمشێر كێشای بەسەریدا، ئەویش گیانی سپاردو كەوتە سەرپێپلكانەكانی بەر  دەرگاكە. پووگاچیۆڤ لێیدا ڕۆیشت و خەڵكەكەیش بەپڕتاو كەوتنە شوێنی.

# بەشی هەشتەم

# میوانێکی خوڵك نەکراو

## میوانێکی خوڵك نەکراو لە تاتارێك خراپترە[1]

**پەندێك**

**گۆڕەپانەکە کەسی تێدا نەما ، بەڵام من هێشتا هەر لە شوێنی خۆمدا چەقیبووم و نەمدەتوانی ئەندێشە و بیرەکانم یەکبخەمەوە کە ئەو دیمەنە سامناکانە وورووژاندبونیان. ئەوەی کە لە هەموو شتێ زیاتر ئازاری دەدام ئەوە بوو کە بە چارەنووسی مارییا ئیڤانۆڤنام نەدەزانی، لەکوێیە؟ چی بەسەرهاتووە؟ پێڕاگەیشتووە خۆی بشارێتەوەو، ئەو شوێنەی خۆی تێدا شار دووەتەوە جێگەی**

---

(1) ئەم پەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەروەختی زوڵم و ستەمکاریی تاتارەکان لە ڕووسیادا (سەدەی 13- 15).

متمانەیە؟.. بەکۆمەڵێ بیر و مەراقی هەست شڵەژێنەوە چوومەماڵی فەرماندەوە.. هەموو شتێك بۆش و بەتاڵ بوو ، تەخت و مێز و سنووق وردوخاش کراب وون، قاپ و قاجاخ شکێنراب وون بە سەریەکدا و هەرچی هەبوو بە تالآن برابوو. بە ڕاکردن بەو پێپلکانە بچوووکەدا دەچێ بۆ نهۆمی دووەم هەڵکشام، بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا بچمە ژوورەکەی مارییا ئیڤانۆڤناوە. چەرپاکەیم بینی دزەکان تێك‌وپێکیان دابوو، دۆڵابەکە شکێنرابوو و تالآن کرابوو ، چراکە لەبەردەمی دۆلآبی ئەیقوونە تالآن کراوەکاندا هێشتا هەر دەگڕا بەلآم ئاوێنە بچکۆلەکەی لەنێوان دوو پەنجەرەدا هەڵواسرابوو وەکو خۆی بە ساغی مابۆوە.. کوانێ خاوەنی ئەم پەنا هێمن و خاوێنە؟ تەزووی بیرێکی سامناك بەمێشکمدا هات: چونکە وام بە خەیاڵدا هات بە دەستی خراپەکارانەوە بێت.. دڵم گوشراو.. بەکوڵ کەوتمە گریانێکی بێئامان و بە دەنگی بەرز هاواری خۆشەویستەکەمم دەکرد.. لەوکاتەدا گوێم لە سووکە ج‌ووڵانەوەیەك بوو و لەپڕ پالآشا لە پشتی دۆلآبەکەوە دەرچووە دەرەوە، ڕەنگ و ڕوخساری ترشابوو بە سەریەکدا و هەڵدەلەرزی و کە منی بینی هەردوو دەستی بەرز کردەوەو وتی:

-ئای پێتەر ئەندرییڤیچ! ئەمە چ ڕۆژێکە! ئای ئەمە چ بەلآ و مەینەتیەکە!..

منیش بە تاسە و پەرۆشەوە وەك شێت لێمپرسی:

-ئەی مارییا ئیڤانۆڤنا؟ کوا چی لێهاتووە؟

پالآشا لە وەلآمدا وتی:

-خانم زیندووە و لای ئەکوولینا پامفیلۆڤنا خۆی شاردووەتەوە.
بە ترس و لەرزەوە هاوارم کرد:
-لە ماڵی قەشە! خوایە! خۆ پووگاچیۆڤ لەوێیە!..
خێرا لە ژوورەکە دەرچووم و بەچاوتروکانێك گەیشتمە شەقامەکە و بێئەوەی گوێ بدەمە هیچ و هەست بە هیچ شتێ بکەم ڕامکرد بۆ ماڵی قەشە. لەوێ هەراو زەناو تریقەی پێکەنین و گۆرانی بوو.. پووگاچیۆڤ و یاوەرەکانی لە ئاهەنگی بانگهێشتندا ب وون. پالاشا شوێنم کەوت بۆ ماڵی قەشەو، ناردم بۆ ئەوەی بەدزییەوە ئەکوولینا پامفیلۆڤنا بانگ بکات. پاش کەمێك ژنەکەی قەشە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەدالانەکەدا بمبینێ و گۆزەڵەیەکی بەتاڵی بەدەستەوە بوو. بەبێ ئارامییەکەوە کە هەر باس ناکرێ لێم پرسی:
-توخوا! مارییا ئیڤانۆڤنا لەکوێیە؟
ژنەکەی قەشە لە وەلامدا وتی:
– گیانەکەم، لە جێگەی مندا لە پشتی پەردەکەوە پاڵکەوتووە. خەریکبوو کارەساتێك بقەومێ بەلام سوپاس بۆ خوا هەموو شتێ بە سەلامەتی تێپەڕی. هەر کە کابرای پیاوخراپ دانیشتە سەر نانخواردن، کچەی داماو هاتەوە هۆشی خۆی و ئاخێکی هەڵکێشا!.. منیش خەریکبوو ببوورێمەوە. پیاوخراپ گوێی لە ئاخ هەڵکێشانەکە بوو، بۆیە لێیپرسیم: "ئەوە کێیە لە لات ئاخ هەڵدەکێشێ پیرەژن؟". منیش لە بەر دزەکە نووشتامەوە و پێموت "ئەوە کچێکی برازامە، گەورەم، نەخۆش کەوتووەو، ئەوە حەفتەیەکە لە جێگەدایە"..ئەویش وتی:

ـ "باشه ئەم کچەی برازات گەنجە؟"..
ـ " بەڵێ گەنجە گەورەم"..
ـ "ئادەی با بیبینم پیرەژن".
دڵم گوشرا، بەڵام هیچ چارەم نەبوو.
ـ "فەرموو گەورەم، بەڵام ناتوانێ هەڵسێ و بێتە بەردەمت"..
ـ "قەیناکە، پیرەژن، خۆم دەچم تەماشایەکی دەکەم".

دەبینی، ئەم نەفرەت لێکراوە چووە ئەودیوی دیوارەکەوە و پەردەکەی ڕاکێشا و بە چاوە دڕندەکانی تەماشایەکی کرد. بەڵام هیچ ڕووی نەداو خوا ڕزگاری کردین! بلوەڕ دەکەی من و مێردەکەم خۆمان ئامادە کردبوو بۆ شەهید بوون. لە بەختی ئێمەدا، مارییا ئیڤانۆڤنای ئازیز نەیناسییەوە. خوای پەروەردگار، بۆ بینینی ئەم ڕۆژە ڕەشە ژیاین! ئای لەم دەردو بەڵایە! ئیڤان کووزمیچی داماو! کێ دەیزانی!.. ئەی ڤاسیلیسا یێگۆرۆڤنا؟ ئیڤان ئیگناتیڤیچ؟ لەبەرچی و بۆچ یان خنکاندن؟.. ئەی چۆن بەزەییان بە تۆدا هاتەوە؟ چ نامەردێکە ئەم شڤابرین ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچە؟ سەری بە شێوەیەکی بازنەیی تەراش کردووە و ئێستاش لەبانگهێشتندایە لەگەڵیاندا بێگومان کابرایەکی خوێڕ یە. هەر کە باسی کچەکەی برازام کرد، چاوێکی تیژی ت یڕیم، تیژ وەکو چەقۆ بڕوات ببێ ، بەڵام شۆفاریی نەکرد، سوپاسی دەکەم ئەگەر هەر بۆ ئەوەش بێ. لەو کاتەدا دەنگە دەنگ و هەرای میوانە سەرخۆشەکان بەرزبۆوەو دەنگی باوە گێراسیمیش دەهات. میوانەکان داوای خواردنەوەیان دەکرد و قەشەش بانگی لە ژنەکەی کرد و ژنە ش بە شڵەژاوییەوە

وتی: "بڕۆرەوە بۆ   ماڵی خۆتان، پێتەر ئەندرییێڤیچ وەختم نیە قسەت لەگەڵ بکەم. پیاوخراپەکان خەریکن دەخۆنەوە و بێشەرمانە نمایشی بێ‌ئابڕوویی دەنوێنن و چاکتر وایە کەس لەو سەرخۆشانە نەتبینن. ماڵاوا، پێتەر ئەندرییێڤیچ چی دەبێ با     ببێ. . بڕوا  ناکەم خوا دەستمان لێ بەربدات".

ژنەکەی قەشە لێیدا ڕۆیشت     و منیش بەرەو ماڵەکەی خۆم بوومەوەو کەمێك هێوڕ بووبووم و هاتبوومەوە سەر خۆم . کاتێ کە بە گۆڕەپانەکەدا گوزەرم کرد ژمارەیەك لە باشکیرکانم بینی لە نزیك سێدارەکەوە کەڵەکەیان کردبوو، پێڵاوەکانیان لە             پێی خنکێنراوەکان دادەکەند. بەزەحمەت خۆم پێ ڕاگیرا و تووڕە نەبووم و هەستم کرد کە    خۆتێهەڵقورتاندنم هیچ کەڵکێکی نیە. جەردە و دزەکان بە هەموو کون و قوژبنێکی قەڵادا ڕاوراوێنیان بوو و ماڵی ئەفسەرەکانیان تاڵان دەکردو لە      هەموو شوێنێ قیڕەو هاواری یاخییە سەرخۆشەکان دەهات. کە گەیشتمە ماڵەوە ساڤێلیچ لەبەر دەرگاوە پێشوازیی لێکردم و هاواری کرد:

"سوپاس بۆ خوا! پێموابوو پیاوخراپان دووبارە گرتوویتیانەوە   ، گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ بڕوا دەکەی؟ ئەو گوناهکارانە هەرچی ماڵمان هەبوو تاڵانیان کرد: جل و بەرگ، ڕایەخ، کەل وپەل، قاپ و قاجاخ.. هیچ شتێکیان بۆ نەهێشتووینەتەوە. قەیناکە، سوپاس بۆ خوا کە تۆیان بە زیندوویی هێشتەوە، ئەی دەزانی  سەرۆکەکەیان کێیە قوربان؟"

-نە، نەمناسی، کێیە؟

-چۆنت نەناسیەوە گیانەکەم؟ باشە ئەو بەدمەستەت لەبیرچووەتەوە کە لە کاروانسەراکەدا پاڵتۆ کەوڵە کەروێشکەکەی بە فڕوفێڵ لێسەندی؟ ئەو پاڵتۆیە زۆر تازە بوو بەڵام ئەو دڕندەیە کە لەبەری کرد هەڵتەقاند.

من بە جارێ واقم وڕما و سەرسام بووم ، ڕاستێکەی پووگاچیۆڤ و ڕێبەرەکەی ئەو کاتەم بە شێوەیەکی سەرسوڕهاوەر لێکدەچ وون، بۆیە دڵنیابووم کە هەردوکیان هەر یەك کەسن. ئێستا لە هۆکاری ئەو بەزەیی پێداهاتنەوە یە گەیشتم کە بەرانبەر بە من نواندی و هیچم پێنەکرا ئەوە نەبێ کە بە سەرسامیەوە بڕوانمە ڕۆژگار: پاڵتۆی مێرمنداڵێك بەخشیومە بە لانەوازێك لە پەتی سێدارە ڕزگاری کردم و سەرخۆشێك کاتی خۆی لە مەیخانەکاندا لەتری دەدا توانیوێتی چەند ین قەڵا گەمارۆ بدات و دەوڵەت بێنێتە هەشۆکە و لەرزین!.

- ساڤێلیچ یێئەوەی واز لە پیشەی جارانی بێنێ پرسی:

- ناتەوێ نان بخۆی؟ هیچ لەماڵدا نیە و دەڕۆم دەگەڕێم هەرچۆنێك بووە خواردنێکت هەر بۆ پەیدا دەکەم.

کەبەتاقی تەنهامامەوە نوقمی بیرکردنەوە بووم. دەبێ چیبکەم؟ مانەوە لەقەڵایەکدا کە لەژێر ڕکێفی ئەم پیاوخراپەدا بێت یان خۆگونجاندن لەگەڵ جەردەکانیدا شیاوی ئەفسەرێك نەبوو. ئەرکی سەرشانم وای پێویست دەکرد لە سەرم بچم بۆ شوێنی خزمەت کردنم لەم بارودۆخە تەنگانەو ناسکەی ئێستادا سوودێ بەنیشتمانم بگەیەنێ.. بەڵام خۆشەویستی بەتوندی بانگی لێ

دەکردم کەلای مارییائیڤانۆڤنا بمێنمەوە و ببمە پارێزگار و پاسەوانی ئەو. هەرچەندە پێشبینی گۆڕانێکی خێرا ومسۆگەری ئەم بارودۆخەم دەکرد، بەڵام کە بیرم لەدۆخی سامناکی ئەو دەکردەوە لەرزم لێ‌دەهات. هاتنی قەوزاقێك ئەم تێڕامانەی پێ بڕیم. ئەم کابرایە هات و پێی وتم کە "تساری مەزن داوات دەکا ئامادەبی لەبەردەمیدا". منیش کەوتمە خۆ بۆ ئەوەی بچم بەدەم ئەم داواکارییەوە و لێمپرسی: "لەکوێیە؟". قەوزاقەکە لە وەڵامدا وتی: "لە ماڵی فەرماندەیە. لە پاش نانخواردنی نیوەڕۆ گەورەمان چوو بۆ گەرماو و ئێستاش لەحەوانەوەدایە. خاوەن شکۆ، ئەو بە هەموو شتێکدا دیارە کە کەسایەتییەکی هێجگار پایە بڵندە: لە ژەمە خواردنی نیوەڕۆدا دوو بەچکە بەرازی سوورەوەکراوی خوارد، لە گەرماودا [2] بە هەڵمێکی زۆر گەرم خۆی شۆرد، تەنانەت تاراس کوورۆچکین نەیتوانی خۆی ڕا بگرێ و بە ناچاری لفکەکەی دا بە فۆمکا بیکباییێڤ و دوای ئەوەی کە ئاوێکی ساردی زۆری کرد بە لەشیدا ئەوجا گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی. بەکورتی هەموو بەڵگەیەك نیشانەی مەزنیی ئەوەو دەڵێن گوایە لە کاتی خۆشۆردندا نیشانەی تسارێتیی کە بەسەر سینگیەوە دەرکەوتووە و لەلایەکەوە هەڵۆیەکی دوو سەر بەقەبارەی پێنج کۆپیك یەك و لەولاشەوە وێنەیەکی خۆی".

---

(2) گەرماوی ڕووسیا ژوورێکی تایبەتی هەڵمی تێدایە، ئەوکەسەی خۆی دەشوا لە سەر تەختەدارێك تێیدا ڕادەکشێ و ئارەق دەکاتەوە ئەوجا بە گسکێکی شووڵی دار بەتوولا لێیدەدرێ پاشان دەچێتە ژوورێکی نزیك و ئاوی سارد بەسەرخۆیدا دەکات.

بەپێویستم نەزانی چەند و چ     وون لەگەڵ ئەم قەوزاقە بکەم لەبارەی بیروڕایەوە و لەگەڵیدا بەرەو   ماڵی فەرماندە کەوتمەڕێ  و پێشبینی ئەوەم دەکرد کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ پووگاچیۆڤ چۆن دەبێ و بە  چی کۆتایی پێدێت، خوێنەریش بەئاسانی  درك بەوە دەکات کە لە کات و ساتێکی لەو جۆرەدا چەند ئارام و   لەسەرخۆ بووم  ! وەختێ گەیشتمە ماڵی فەرماندە ئێوارە داهاتبوو.

سێدارەکان و قوربانییەکان بەشێوەیەکی سام ناك ڕەش دەچ وونەوەو لاشەی ژنەکەی فەرماندەیش هێشتا هەر لە بەرماڵدا کەوتبوو، دوو قەوزاق پاسیان دەکرد. ئەو قەوزاقەی کە لەگەڵمبوو چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەواڵی  گەیشتنی منی بداتێ و دەسبەجێ گەڕایەوە و بردمی بۆ ئەو   هۆدەیەی کە دوێنێ لەگەڵ مارییا ئیڤانۆڤنادا بە تاسەو پەرۆشەوە ماڵاواییمان تێدا ل        ێکتر کرد   و دیمەنێکی نائاساییم لەوێ بەرچاو  کەوت. ڕوانیم  پووگاچیۆڤ و نزیکەی دە کەس لە گەورەپیاوانی قەوزاق بە سەر خوانێکەوە دانیشتبوون بە ڕایەخێك داپۆشرابوو و لە   گۆزەڵەو پەرداخدا جمەی دەهات      و کڵاوی جۆراوجۆریان لە     سەر نابوو و کراسی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو. مەی گڕی ت        ێهەرداب  وون و ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاندب وون و چاوی   ئاگراوی و   گەشکردب وونەوە. نە شڤابرینیان لە گەڵ بوو و  نە  کابرای دەرجەدارەکەشمان، کە دوو کەسی تازە خیانەتکار  بوون. کاتێ کە پووگاچیۆڤ بینیمی پێی وتم: "ئای خاوەن شکۆ! بەخێرهاتی سەرچاو فەرمووو دانیشە".

مەیخۆرەکان خۆیان پەستاندە یەك و منیش لە     پەڕی خوانەکەوە

بێدەنگ دانیشتم. دەراوسێ قەوزاقەکەم، کە لاوێکی قەشەنگی ناوقەد باریك بوو، پەرداخێك شەرابی سادەی بۆ تێکردم بەڵام دەستم بۆ نەبرد و بە مەراقەوە کەوتمە چاوگێڕان بە دانیشتوواندا.

پووگاچیۆڤ لای سەرەوە دانیشتبوو ئانیشکی خستبووە سەر مێزەکەو م شتە پانەکەشی دابووە بەر ڕدێنە ڕەشەکەی. قەڵەمی ڕوخسار و دەموچاوی ڕێك وپێك و زۆر میهرەبان بوو و دڕندەیی تێدا بەدی نەدەکرا و گەلێ جار ڕووی دەمی دەکردە پیاوێك تەمەنی لە نزیکەی پەنجا ساڵیدا بوو، جارێ بە کۆنت ناوی دەبردو جارێك بە تیمۆڤێیچ و جارجارەش بە مامەی بانگ دەکرد. هەمووان لە نێوان خۆیاندا وەك هاوڕێ و هاوەڵ هەڵس وکەوتیان دەکرد و هیچ مەزنیەکی تایبەتیان بۆ سەرۆکەکەیان دەرنەدەبڕی. لەبارەی پەلاماردانەکەی ئەو بەیانییەوە وت وویژیان دەکرد، هەروەها سەبارەت بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەو چالاکی و جموجووڵی دواتریان. هەموو کەسێکیان شانازی بە پێشنیارو بیروڕای خۆیەوە دەکردو بەتەواوی سەربەستیەوە مشتومڕی لەگەڵ پووگاچیۆڤدا دەکرد. لەم ئەنجومەنە جەنگیە سەیرەدا بڕیاردرا بدەن بە سەر ئۆرێنبوورگدا: ئەوەش گوژم و پەلامارێکی چاونەترسانە بوو و ئەوەندەی نەمابوو سەرکەوتنێکی جەرگبڕ وەدەس بێنێ و ڕۆژی ئایندە دیاری کرا بۆ هێرش و پەلامارەکەیان . پووگاچیۆڤ وتی:

"برایان، ئێستاش با لەپێش خەوتندا گۆرانی یە پەسەندەکەی من بچڕین و ئادەی چوماکۆڤ![3] دەست پێبکە!".

ئەوەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو بە دەنگێکی نەرم و زوڵاڵ کەوتە چڕینی گۆران یەکی خەمناك لە گۆرانیەکانی کەشتی ڕاکێشان و هەمووان یەکدەنگ دایانە پاڵی:

هۆ لێڕەوارە سەوزەکە هاژ و هووژ مەکەو
ڕێگەی بیرو خەیاڵێ ئەو کوڕە لاوچاکە مەگرە.
سبەینێ بەیانی دەچمە بەردەمی دادوەرێکی بەسام،
کە تسار خۆیەتی.
تساری گەورەم لێمدەپرسێ:
پێم بڵێ ئەی کوڕە جووتیاری لاو
کێ بوون ئەوانەی لە دزی و جەردەییدا لەگەڵت بوون؟
ئەی هاوەڵت زۆرن؟
ئەوکاتە وەڵامی باوکە تساری خاوەن باوەڕم دەدەمەوەو

---

(3) فیۆدۆر فیۆدۆرۆڤیچ چوماکۆڤ: قەوزاقێکی یایك بوو ، سەرکردەی هێزی تۆپخانە بوو لە سوپای پووگاچیۆڤدا. خۆی کردبوو بە کەسایەتی کۆنت گریگۆری ئۆرلۆڤ (1734 – 83) کە دۆستی نزیکی یێکاتێرینای دووەم بوو. چوماکۆڤ لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ پووگاچیۆڤدا بوو. وەختێ پووگاچیۆڤ لە بەرانبەر هێزەکانی حکوومەتدا بە سەرکردایەتی جەنەراڵ میخڵسۆن بۆڕی خوارد، چوماکۆڤ و دوو هاوەڵی قەوزاقی، پووگاچیۆڤیان گرت، دەست و پێیان بەست و بردیان بۆ یایتسکی گراد و دایان بە دەستەوە. لە بەر ئەوە چوماکۆڤ لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بەخشرا.

تەواوی ڕاستیی پەیڕادەگەیەنم و
دەڵێم هاوڕێکانم چوار بوون:
شەوەزەنگی تاریك هاوڕێی یەکەمم بوو
دووەمیان کێردە پۆڵاینەکەم بوو
سێهەمیش ئەسپە گوێڕایەڵەکەم و
چوارەمیشیان کەوانە شەتەکدراوەکەم بوو..
هەمیشەش تیری ڕەق و سەختم دەوەشاند.
ئیدی باوکە تساری خاوەن باوەڕم وەڵامم دەداتەوە:
دەك بتڕەژم، هەی کوڕە جووتیاری لاو:
تۆ لە جەردەییدا لێهاتووی، لە وەڵامدانەوەدا لێهاتووی!
پاداشتی ئەمەت دەدەمەوە
بە کۆشکێکی بەرز لە پێدەشتێکدا:
دوو کۆڵەکەداری ڕاوەستاو..
کاریتەیەکیان لە سەر بێت.

زۆر زەحمەتە لەلام باسی ئەو کاریگەرییە بکەم کە ئەم گۆرانییە میللییە سادە و ساکارە لەناخمدا بەجێیهێشت، ئەو گۆرانییەی کە لەبارەی سێدارەوە دەدوێ و کەسانێك دەیانچڕی کە دەبوو هەر لەسێدارە بدرێن. سیماو ڕوخساری سەختی دەموچاویان و دەنگە هاوئاوازەکانیان و ئەو مۆرکە سامئامێزەی دابوویانە ئەم وشانە کە لە بناغەدا بەهێز ب وون لەدەربڕیندا، تەواوی ئەمانە بە ترس و سامێکی شاعیرانەوە ناخیان هەژاندبووم. میوانەکان دوا پێکیان هەڵداو لە سەر خوان هەستان و ماڵاواییان لە پووگاچیۆڤ کرد.

منیش ویستم وەکو ئەوان هەڵسم و خواحافیز یی بکەم بەڵام پووگاچیۆڤ پێیگوتم: "دانیشە، دەمەوێ گفتوگۆیەکت لەگەڵدا بکەم. هەردوکمان بەتەنهاماینەوەو چەند ساتێك هەردوو بێدەنگ بووین. پووگاچیۆڤ چاوی تێبڕیبووم و ناوبەناو چاوی چەپی لێکدەناو بەوە فێڵبازی و گاڵتەجاڕییەکی سەرسوڕهاوەری دەردەبڕی. پاشان بەشادمانییەکی هێجگار بێپایانەوە دایە قاقای پێکەنین بەڕادەیەك کە منیش تەماشام دەکرد و بە بێ ئەوەی هیچ هۆیەك بزانم پێدەکەنیم، ئەوجا پێیگوتم:

-خاوەن شکۆ! ڕاست بڵێ، کە پیاوەکانم پەتەکەیان خستە ملت، ترسای؟ پێمولیە لە ترساندا خەریکبوو زارەترەك ببی .. ئەگەر خزمەتکارەکەت نەبوایە ئێستا تۆش بکاریتەکەداشۆڕبووبوویتەوە. من دەسبەجێ پیرەی بۆڵەبۆڵکەرم ناسییەوە، بەڵام خاوەن شکۆ تۆ هەستت بۆ ئەوە دەچوو کە ئەو پیاوەی بردیتی بۆ کاروانسەراکە تساری مەزن خۆی بوو؟ (لێرەدا روخساری گۆڕاو شێوەیەکی مەزنی و تەمومژاوی وەرگرت و لە سەر قسەکەی ڕۆیشت) تۆ گوناهباری و بەرانبەر بە من گوناهێکی گەورەت کرد، بەڵام من لە پاداشتی چاکەو پیاوەتییەکەتدا بەخشیمیت، چونکە تۆ لەو ڕۆژگارەدا کە من بە ناچاری خۆم لە دوژمنەکانم دەشاردەوە خزمەتێکت کردووم. لەمەولاش شتی زۆر دەبینی! کاتێ کە فەرمانڕەوایی شەرعی خۆم دەسگیر دەبێتەوە پاداشتت دەدەمەوە! باشە بەڵێنم دەدەیتێ بە دڵگەرمی و دڵسۆزی خزمەتم بکەی؟

پرسیار و پرکێشیی ئەم کابرا تەڵەکەبازە بەلامەوە زۆر سەیر و گاڵتەئامێز بوو بەڕادەیەك کە لەوە بەولاوە پێبکەنم هیچم پێنەکرا.

ئەویش بە ڕووگرژکردنێکەوە لێی پرسیم:

-چی هێناویتیە پێکەنین؟ یان باوەڕ ناکەی من تساری مەزنم؟ بەئاشکرا وەڵامم بدەرەوە. منیش پەشۆکام و نەمدەتوانی دان بەوەدا بنێم کە ئەم کابرا پەرتەوازەیە تسارە: چونکە ئەوە دەبووە ترسنۆك یەکی ئەوتۆ هەرگیز لە بەخشین نەیەت. هەروەها ناوهێنانیشی بە فێڵباز و ساختەچی لە بەردەمی خۆیدا لەوانەبوو بمخاتەوە دەستی پیاوکوژەکان. ئەوەی لە هەڵچ وونی ڕق و تووڕەییەکەی جاری یەکەمدا بۆی ئامادە بووم لەپای قەنارەداو بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە ئێستا بە ملهوڕییەکی ب ێسوود هاتە بەرچاوم و دوودڵ بووم. پووگاچیۆڤیش بە روخساریکی مۆنەوە چاوەڕێی وەڵامدانەوەم بوو. دواجار هەستی پێویست لەناخمدا بە سەر لاوازیی ئادەمیزاددا سەرکەوت و وەڵامی پووگاچیۆڤم دایەوە: "گوێ بگرە، تەواوی ڕاستێکەیت پێدەڵێم. تۆ خۆت لێکی بدەرەوە ئاخۆ دەتوانم پێ لەوە بنێم کە تۆ تساری؟ خۆت پیاوێکی زیرەکی و بە چاوی خۆت دەیبینی شتی وا بڵێم فریوت دەدەم و درۆت لە گەڵ دەکەم".

-ئەی بە ڕای تۆ من کێم؟

-خوا خۆی دەزانێ ، بەڵام تۆ هەرچ یەك و هەر کەسێك بیت کارێکی پڕ مەترسی دەکە یت. پووگاچیۆڤ سەیرێکی خێرا و بەپەلەی کردم و وتی: "کەواتە تۆ بڕواناکەی من تسار پێتەر

فیۆدۆرۆڤیچ بم؟ چاکە، ئەی دان بەوەدا نانێی کە سەرکەوتن هەر بۆ پیاوی ئازا و بەجەرگە؟ باشە ئەی گریشکا ئۆترێپیێڤ [4] تساریی بەدەست نەهێنا لە ڕۆژگاری دێریندا؟ کەیفی خۆتە تۆ سەربەستیت چۆنت دەوێ وام تێبگە، بەڵام دەستبەردارم مەبە. تۆ چیت داوە بە سەر ئەوەیانەوە؟ جیاوازیی لەخزمەتدا نیە، بەڕاستی و دڵسۆزی خزمەتم بکەو منیش پاداشتت دەدەمەوەو دەتکەم بە فیلدمارشاڵ و میر، ڕات چیە؟

منیش سوور وەڵاممدایەوە و وتم:

-نە، من لە بنەچەدا ڕەسەنزادەم و سوێندی ملکەچیم بۆ ئیمپراتۆرە خواردووە و ناتوانم خزمەتت بکەم ، ئەگەر تۆ خێر و چاکەت بۆ من دەوێ بەرمدە بابڕۆم بۆ ئۆرێنبوورگ. پووگاچیۆڤ بیری کردەوەو وتی: "باشە بەڵێنم دەدەیتێ، گەر بەرمدا یت و ڕۆیشتی، هەر هیچ نەبێ دژم نەوەستی؟"

وەڵاممدایەوە:

---

(4) گریشکا ئۆترێپیێڤ: گریگۆری ئۆ ترێپیێڤ (؟ – 1606) ملهوڕێك بوو خۆی کردبوو بە تساریڤیچ دیمتریۆس، کوڕی ئیڤانی بەسام کە لە ساڵی 1591 دا کوژرا. ئۆترێپیێڤ داردەستی وەجاخزادە پۆڵۆنیەکان بوو کە بە چاکی یارمەتییان دەدا و بە هێزی سوپایی پشتگیرییان دەکرد. پاش مردنی کوت وپڕیی تسار بۆریس گدانۆڤ، ئۆترێپیێڤ بە پشتیوانی پۆڵۆنیەکان لە 20ی حوزەیرانی 1605 دا هاتە مۆسکۆ و تاجی تساریی لەسەرنا. لە 17ی ئایاری 1606دا لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی خەڵکی مۆسکۆ دژ بە داگیرکەرە پۆڵۆنیەکان ئۆترێپیێڤ لە سەر تەخت لابراو لە کرێملیندا کوژرا، پاش ئەوەی بۆ ماوەی یانزە مانگ تەختی پاشایەتیی ڕووسیای بە ساختە زەوتکردبوو.

-باشه چۆن دەتوانم بەڵێنی ئەوەت بدەمێ؟ تۆ دەزانی کە من جڵەوم بە دەستی خۆمەوە نیە ، ئەگەر فەرمانیان پێدام لەدژت بوەستم چارم نیە لەوەدا. تۆ ئێستا سەرۆک یت و ملکەچیت لە پیاوەکانت دەوێ باشە چۆن دەبێ ئەگەر من خزمەتکردنم ڕەتکردەوە لەو شوێنەی کە پێویستیان پێمەبێت؟ من ئێستا سەرم لە ژێر دەسەڵاتی تۆدایە، ئەگەر بەرتدام ئەوە سوپاست دەکەم، ئەگەریش خنکاندمت ئەوە خوا خۆی دادوەرت بێ ، بەڵام من تەواوی ڕاستیەکانم پێوتی.

-پووگاچیۆڤ سەری سوڕما لەم ڕاست و ڕەوانیەم و دەستێکی کێشا بە سەر شانمدا و وتی: "باوابێ، سزام دڵڕەقانەو سەختە و بەخشینیشم بێبایانە ، بۆ کوێ دەچی بچۆ و چی دەکەی بیکە و سبەینێ وەرە بۆ ماڵاوایی لێکردنم ، ئێستاش بڕۆ بخەوە، منیش وەنەوز دەمباتەوە".

پووگاچیۆڤم بەجێهێشت و دەرچوومە دەرەوە بۆ شەقامەکە ، شەوێکی کپ وبێدەنگ بوو بەڵام زۆر سارد. مانگ و ئەستێرەکان بەجوانی لە ئاسمان دەدرەوشانەوە و گۆڕەپان و سێدارەکانیان ڕووناك دەکردەوە هەموو شتێك لەقەڵادا خامۆش و ڕەش دەچووەوە و بە تەنها مەیخانەکە ڕوناك بوو دەنگەدەنگ و هەرای سەرخۆشانی درەنگوەختی لێوە دەهات. سەیرێکیماڵی قەشەم کرد دەرکە وتاق و پەنجەرەکان داخراوبون و هەموو شتێکی تێداکپبووبۆوە.

گەیشتمە ماڵەکەم و ڕوانیم ساڤێلیچ زۆر بێتاقەتە بۆ ئەم لەماڵ نەبوونەم و هەواڵی بەردانم لەڕادە بەدەر خۆشحاڵی کرد و بە دەم

نیشانه کێشانی خاچەوە وتی:       "سەروەری بۆ تۆ، خوای پەروەردگار! بەردەبین و قەڵا بەج  یدێڵین و بەجیهانی بەرفراواندا دەڕۆین. هەندێ خواردنم بۆ ئامادە کردووی، بخۆ گیانەکەم    ، بۆ خۆت تابەیانی بح ێاك و سەرئاسوودە بخ ەوە".

منیش ئامۆژگارییەکەیم بەج  ێهێناو بە ئارەزوویەکی زۆرەوە شیوم کرد و بە جەستەو گیانێکی تەواو شەکەت و ماندووەوە لە سەر زەوییە ڕووتەکە لێی خەوتم.

# بەشی نۆهەم

# لێکدابڕان

**ئەو ساتە چەند خۆش بوو**
**کە ناسیمیت تێیدا نەشمیلانەکەم..**
**ئای کە دابڕانیشت تاڵەو**
**هەردەڵێی دابڕانە لە گیان.**

**لە گۆرانیی"لێکدابڕان"ی خێراسکۆڤ[1] وەرگێراوە**

---

(1) میخاییڵ ماتڤێڤیچ خێراسکۆڤ ( 1773 – 1807): شاعیرو ڕۆمان نووس و ڕەخنەگرێکی ڕووس بووە.

دەنگی تەپڵ لێدان بەیانیی زوو هەڵیساندم و ڕۆیشتم بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، ڕوانیم دەستەو تاقمەکەی پووگاچیۆڤ لە نزیک ی سێدارەکەوە ڕیز بوون، کە هێشتا دوو قوربانیەکەی دوێنێیان پێوە هەڵواسرابوو. قەوزاقەکان بە سواری ئەسپەکانیان و سەربازانیش تقەنگەکانیان لە شان کردبوو و بەیداخ و ئالاش دەشەکانەوە. چەند تۆپێك بە عەرەبانەکانەوە بەستراب وون و تۆپەکەی خۆمانم لەناویاندا ناس یەوە. هەموو خەڵکەکە لەوێ کۆبووبونەوە و چاوەڕێی کابرای ساختەچی بوون. لە بەر دەرگای ماڵی فەرماندەدا قەوزاقێك جڵەوی ئەسپێکی قەشەنگی سپی و بەڕەگەز کیرغیزیی گرتبوو. چاوم بۆ لاشەی ژنەکەی فەرماندە گێڕا و ڕوانیم کەمێك ڕاکێشراوەتە لایەکەوە و بە حەسیرێکی گوش داپۆشراوە. دواجار پووگاچیۆڤ لە دالانەکەوە هاتەدەرو خەڵکەکە شەپقەکانیان لە سەر داگرت بۆی ، پووگاچیۆڤ یش لە بەر دەرگای ماڵەکەدا وەستاو سلاوی لە هەمووان کرد. یەکێك لە پیاوماقوولان توورەکەیەك پارەی مسی دایەو ئەویش بە مشت بە سەر خەڵکەکەیدا هەڵدەدا و ئەمانیش بە دەم هەراو هوریاوە پەلاماریاندا بۆ چنینەوەی و هەندێکیش بە بێ زیان دەرنەچ وون. سەرۆکەکانی داروودەستەی پووگاچیۆڤ دەوریان ل ێدابوو کە شڤابرینیش لەن اویاندا بوو. تەماشایە کی یەکترمان کرد و توانی ڕق و بێزهاتنەوە لە چاوەکانمدا بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە بە دەربڕینی ڕق و تەوسێکی ئاشکرا و تیژ و گاڵتەپ یکردنێکی زۆر لەخۆکردووانەوە پشتی تێکردم. پووگاچیۆڤ لە نێو کۆمەڵە خەڵکەکەدا بەد یکردم و بە

سەرلەقاندنەوە بانگی کردم بۆ لای خۆی و پێیوتم: "گوێ بگرە، هەر ئێستا بڕۆ بۆ ئۆرێنبوورگ و بە والی و هەموو جەنەراڵەکان ڕابگەیەنە کە پاش حەفتەیەکی تر لەوێ چاوەڕوانم بن، ئامۆژگارییان بکە بە ملکەچی و خۆشەویستیی باوك و فەرزەند پێشوازیم لێبکەن، ئەگینا سزای توند و سەخت چاوەڕێیان دەکات، بڕۆ ئۆغرت خێربێ، خاوەن شکۆ!.. پاشان ئاوڕی دا بە لای خەڵکەکەوە و دەستی بۆ شڤابرین ڕاکێشاو وتی: ڕۆڵەکانم، ئەمەیە فەرمانداری نوێتان، لەهەموو شتێکدا بە قسەی بکەن و لەبەردەمی مندا بەرانبەر بە ئێوەو بە قەڵا بەرپرسیارە".

که گوێم لەم وشانە بوو زراوم چوو، کەواتە شڤابرین بوو بە خاوەن فەرمان و بکوژو ببڕی قەڵاو مارییا ئیڤانۆڤناش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو! خوا دەزانێ چی بەسەردێت! پووگاچیۆڤ بەردەرگای ماڵەکەی جێهێشت و ئەسپەکەیان بۆ هێنا بێئەوەی چاوەڕێی ئەو دوو قەوزاقە بکات کە ویستیان یارمەتی بدەن و سووك پەڕییە سەر زینەکە. لەم کاتەدا ساڤێلیچی خزمەتکارمم بینی لە ناو عەشاماتەکەوە دەرچوو و، لەپووگاچیۆڤ چووە پێشەوەو پارچە کاغەزێکی دایە. نەمتوانی هەڵیبێنم کە ئەنجامی ئەو کارە بەچی دەگا. پووگاچیۆڤ بە کەش و فشێکەوە لێی پرسی: "ئەمە چییە؟". ساڤێلیچ وەڵام یدایەوە :"بیخوێنەرەوە، دەزانی". پووگاچیۆڤ کاغەزەکەی وەرگرت و ماوەیەکی زۆر لێی وردبووەوەو لەدواییدا وتی: "ئەم نووسینە خراپە چییە؟ تەنانەت دوو چاوە

پرشنگدارەکانیشمان ئەم تێکەڵ و پێکەڵیە یان پێ لێکناکرێتەوە. کوا گەورەی ئەمینداران؟".

کوڕە لاوێك کە چاکەتی چاوەشێکی لەبەردا بوو خێرا ڕایکرد بۆ لای پووگاچیۆڤ. ساختەچیش کاغەزەکەی دایەو پێی وت:"بە دەنگێکی بەرز بیخوێنەرەوە". مەراقێکی زۆر دایگرتم بۆ ئەوەی بزانم چی بە ئەقڵ و بیری بەخێوکەرەکەمدا هاتووە بۆ پووگاچیۆڤی بنووسێ.

گەورەی ئەمینداران بەدەنگێکی بەرزو بە حینجەکردنی بڕگەکانەوە کەوتە خوێندنەوەی ئەمانەی خوارەوە:

"دوو پەشتەماڵ یەکەمیان لە لۆکەو دووەمیان لە ئاوریشمێکی گۆل گۆل، نرخی هەردوکیان شەش ڕۆبڵ".

پووگاچیۆڤ بە ڕووگرژ کردنێکەوە وتی:

-ئەمە یانی چی؟

ساڤێلیچ بە نەرمی و هێمنی وەڵامی دایەوە:

-بفەرموو لە سەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت.

گەورەی ئەمینداران[2] درێژەی بە خوێندنەوەکە دا: "چاکەتێکی سەربازیی لەچۆغەی سەوزی نەرم بە حەوت ڕۆبڵ. شەرواڵێکی چۆغەی سپی بە پێنج ڕۆبڵ. دوانزە کراسی کەتانی هۆڵەندیی قۆڵدار بە دە ڕۆبڵ، جانتایەکی تفاقی چا بە دوو ڕۆبڵ و نیو..."

---

(2) گەورەی ئەمیندارانی پووگاچیۆڤ، کابرایەکی قەوزاق بووە، ناوی یاکۆڤ پۆچیتالین بووەو، گەورەترین باوەڕپێکراو و ڕازگری بووە.

پووگاچیۆڤ خوێندنەوەکەی پچڕی و وتی:

-ئەم وڕێنەیە چیە؟ من پێوەندیم بە جانتاو شەرواڵی قۆڵدارەوە چیە؟

ساڤێلیچ قوڕگی پاککردەوەو کەوتە ڕوونکردنەوە:

-ئەمە ئەگەر بفەرمووێت و ڕێگەم بدەیت لیستی کەلوپەلی ئاغایە کە پیاوخراپان تالآنیان کردووە.

پووگاچیۆڤ بە شێوەیەکی هەڕەشە ئامێز پرسی:

-کێن ئەو پیاوخراپانە؟

ساڤێلیچ وەڵامی دایەوە:

-تکام وایە بمبووری زمانم تەتەڵەی کرد ، پیاوخراپ بن یان پیاوخراپ نەبن، پیاوەکانی تۆ لە کاتی پشکنیندا تالآنیان کرد ، ئەسپ بە چوار لاقیشەوە دەکەوێ. فەرمان بدە تا کۆتایی بیخوێنێتەوە.

پووگاچیۆڤ فەرمانیدا تا کۆتایی بیخوێنێتەوە.

گەورەی ئەمیندارانیش لە سەر خوێندنەوەکەی ڕۆیی: "ڕۆبێکی لۆکە و یەکێکی دیکە لە تافتەی تێکەڵ بە لۆکە، چوار ڕۆبڵ. پاڵتۆیەکی کەوڵە ڕێوی بە چۆغەی قرمزی بەرگیراو، چل ڕۆبڵ. پاڵتۆیەکی دیکەی بچووک لە کەوڵە کەروێشك لە کاروانسەراکەدا دراوەتە جەنابت، پانزە ڕۆبڵ".

پووگاچیۆڤ لەتووڕەییدا هەردوو چاوی پەڕییە تەوقی سەری و قیڕاندی بە سەریدا:

-ئەمە چیە دیسان؟

پێی لێدەنێم کە زۆر ترسام بەخێوکەرە هەژارەکەم تووشی نەهامەتییەك ببێت. جارێکی دیکەش ویستی مەسەلەکە روونبکاتەوە، بەڵام پووگاچیۆڤ بە قیڕەو هاوار قسەکەی پێبڕی و کاغەزەکەی لە دەست گەورەی ئەمینداران هەڵپڕووکاند و کێشای بە سەرو چاوی ساڤێیلچدا و وتی:

"چۆنت وێرا بەم شتە هیچ و پووچانە زماندرێژی بکەی پیرەمێردی گەوج و نەفام؟! تالانیان کرد! باشە ئەوە چ گرفتێکی تێدایە؟ پاشان تۆ دەبێ تا ماویت دۆعای خێر و چاکە بکەی بۆ خۆم و پیاوەکانم، هەی پیرەی ڕیوەڕیوکەر، چونکە خۆت و ئاغاکەتمان لێرەدا لەسێدارە نەدا، لەگەڵ ئەوانەی کە ملکەچییان بۆ دەرنەبڕیم ... پاڵتۆیەکی کەوڵە کەروێشك! پاڵتۆکەت دێنمە بەرچاو! دەزانی ئێستا گاڵ دەدەم بە زیندوویی کەوڵت بکەن بۆ ئەوەی پاڵتۆیەك لە پێستەکەت دروست بکەم؟".

ساڤێیلیچ وەڵامی دایەوە:

- چۆنت دەوێ کەیفی خۆتە، بەڵام من کابرایەکی فەرمان پێکراو و لێپرسراوی کەلوپەلی ئاغامم. پووگاچیۆڤ وا دیار بوو لەباری بەخشیندا بوو، بۆیە وەرچەرخایەوەو بێئەوەی وشەیەکی دیکەی لە زار بێتەدەر بەرێی خۆیدا ڕۆیشت. شڤابرین و گەورە پیاوانیش شوێنی کەوتن و خەڵکەکەش کەوتنەڕێ بۆ ماڵاوایی کردن لە پووگاچیۆڤ. لەگەڵ ساڤێلیچدا لە گۆڕەپانەکەدا مامەوە. بەخێوکەرەکەم لیستەکەی بە هەردوو دەستیەوە گرتبوو و بە پەژارەیەکی قووڵەوە تەماشای دەکرد.

ساڤێلیچ منی بینیبوو لەگەڵ پووگاچیۆڤدا نێوانمان خۆشە، بۆیە بیری لەوە کردبۆوە کەڵکێکی لێ وەربگرێ بەڵام کۆششەکەی سەری نەگرت. کەوتمە سەرزەنشت کردنی بۆ ئەم دەرون گەرمییەی کە لە جێگەی خۆیدا نەبوو، ئەڵبەتە نەشمتوانی خۆم لەبەر پێکەنین ڕابگرم. ساڤێلیچ وەڵامی دایەوە: "پێبکەنە ئاغا پێبکەنە ، بەڵام کاتێ کە سەرلەنوێ کەل وپەلمان پێویست بوو ئەو کاتە دەبینین ئاخۆ پێکەنینت دێت".

دواجار بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵی قەشە بۆ ئەوەی مارییا ئیڤانۆڤنا ببینم و ژنەکەی قەشە بە هەواڵێکی دڵتەزێن پێشوازیی لێکردم و پێیڕاگەیاندم کە مارییا ئیڤانۆڤنا شەو تووشی تایەکی قورس بووە و ئێستاش بێهۆش ڕاکشاوە و وڕێنە دەکات. ئەوجا پێشمکەوت بۆ ژوورەکەی و بەئەسپایی لەجێگەکەی نزیکبوومەوە. بە شێوەیەکی وا روخساری گۆڕابوو کە ڕایچڵەکاندم و مارییا ئیڤانۆڤنای نەخۆش نەیناسیمەوە. بەڕاسەریەوە ڕاوەستام بێئەوەی گوێ بدەمە قسەکانی باوە گێراسیم و ژنە چاکەکەی، کە دیاربوو هەوڵیاندەدا دڵنیام بکەنەوە. بیرو ئەندێشەی خەمناک نیگەرانیان دەکردم و ترس و لەرزێکی زۆرم بۆ حاڵەتی ئەم کچە بەستەزمانە بێباوک و دایکە کەوتە دڵ کە بێکەس و بێدەرەتان لە ناو کۆڕو کۆمەڵی یاخییە شەڕخوازەکاندا بەجێدەمێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا دەستەوسان بووم و هیچم پێنەدەکرا. بیر کردنەوەو تێڕامان لە شڤابرین پتر ئازاری دەدام، چونکە لەتوانایدا بوو هەموو شتێك بکات و دەسەڵاتی تەواوی لەلایەن کابرای ساختەچییەوە درابوویە

و بوو بە بکوژو بڕ لەم قەڵایەدا، کە  کچێکی کلۆڵی  بێچارەی تێدا بەج یێدەمێنێت و بەر کینە و ڕقی ئەو دەکەوێت. چ    یهکەم؟ چۆنی یارمەتی بدەم؟ چۆن لەدەستی کابرای پیاوخراپ دەرباز   بم؟ تەنها یەك ڕێگە نەبێ نەمابۆوە: بۆیە بڕیارمدا هەر    لەم ساتەوە بەرەو ئۆرێنبوورگ بکەومەڕێ، تاوەکو دەسبتوبرد بکرێ بۆ ڕزگار  کردنی قەڵای بێلۆگۆرسك و بەپێی توانا    کاری بۆ بکرێ. ماڵاواییم لە قەشەو ئەکوولینا پامفیلۆڤنا کردو ڕامسپاردن چاودێریی مارییا ئیڤانۆڤنا بکەن، کە  بە ژنی خۆمم دانابوو. ئەوجا دەستی کچەی داماوم گرت و فرمێسکم بەسەردا هەڵڕشت و ماچم کرد. ژنەکەی قەشە لە  کاتی خواحافیزی  کردندا پی‌یوتم: "خوات لەگەڵ پێتەر ئەندرییێڤیچ هیوادارم لەکاتێکی باشتردا چاومان بە یەك بکەوێتەوە، لەبیرمان نەکە  یت و نامەمان بۆ بنووس  یت، ئێستا  ئیترمارییا ئیڤانۆڤنای بەستەزمان لە    تۆی سەبووری بەخش و پارێزگار بەولاوەکەسی تری نیە".

دەرچوومە دەرەوە بۆ گۆڕەپانەکە، ساتێك ڕاوەستام و سەیرێکی سێدارەکەم کرد   و بۆی نووشتامەوە. قەڵام بەج  یهێشت و لەگەڵ ساڤێیلیچ کە هیچ کاتێ لێم جیانەدەبووەوە بەرەو ئۆرێنبوورگ ڕێگام گرتەبەر. بەدەم جەنجاڵ       یی بیرو خەیاڵاتی خۆمەوە دەڕۆیشتم، لەناکاو لەپشتەوە خرمەی پێی ئەسپێك هاتە بەربای گوێم و ئاوڕمدایەوە ڕوانیم قەوزاقێك لە  قەڵاوە غار  دەکاو جڵەوی ئەسپێکی  تر ی باشکیریی گرتووە و لە    دوورەوە ئیشارەتم بۆ دەکات. منیش ڕاوەستام و پاش تۆزێك ناسیمەوە دەرەجەدارەکەی

خۆمان بوو. کە گەیشتە بەرەوە لە ئەسپەکەی باز یدایە خوارەوە و جڵەوی ئەسپەکەی تری دامێ و وتی: "خاوەن شکۆ! گەورەمان ئەم ئەسپەی پێشکەش کردوو یت لەگەڵ کەوڵێکی سەرشانی خۆیدا (کەوڵەمەڕێك کە بە زینەکەوە شەتەك درابوو)" و بە زمان تەتەڵە کردنەوە دیسانەوە وتی: "شتێکی دیکەش ، نیو ڕۆبڵی پێبەخشیو یت.. بەڵام من لە ڕێگادا ونمکرد و بمبوورە بە بەخشندەیی خۆت". ساڤێلیچ تەماشایەکی کردو کەوتە بۆڵەبۆڵ: "ونبووە لە ڕێگادا؟ ئەی ئەوە چیە لە بەر باخەڵی کراسەکەتدا زڕەی دێ هەی بێویژدان!". دەرەجەدارەکە بەبێ هیچ پەشۆکانێك پێی وتەوە: ئەمە چیە لەبەر باخەڵی کراسەکەمدا زڕەی دێ؟ خوات لێ ڕازی بێ پیرەمێرد! ئەمە زڕەی جڵەوەکەیە نەك هی نیو ڕۆبڵکە". منیش چەندو چ وونەکەم بڕین و وتم: "چاکە، سوپاسم بگەیەنە بەوەی کە ناردیتی و ئەو نیو ڕۆبڵەش کە بزرت کرد هەوڵدە لە گەڕانەوەتدا بیدۆزەرەوەو هەڵیگرە بۆخۆت و ڤۆدکای پێ بخۆرەوە". کابراش ئەسپەکەی وەرچەرخاندەوەو لە وەڵامدا وتی: "زۆر منەتبارم، خاوەن شکۆ! تاماوم دۆعای خێرت بۆ دەکەم". پاش ئەم قسەیە بە غاردان گەڕایەوەو دەستێکی خستبووە سەر باخەڵی کراسەکەی و هێندەی نەبرد لە چاو ونبوو. کەوڵەکەم لەبەرکرد و پەڕیمە کۆڵی ئەسپەکە و ساڤێلیچیشم خستە پاشکۆم. پیرە وتی:

"دەبینی ئەو سکاڵانامەیەی دام بە کابرای ساختەچی بە فیڕۆ نەڕۆیشت، دیارە ئەم دزە شەرم گرتوویەتی و ئەگەرچی ئەم بارگیرە باشکیرییە لەڕو لاوازە و کەوڵە مەڕەکەش ناگەنە نیوەی نرخی

ئەوشتانەی کە ساختەچییان لێیان دزین و ئەوەی کە تۆ پێت بەخشی بەڵام هەموو شتێك کەڵکی خۆی هەیە. موویەکیش لە بەرازێك بکەیتەوە هەر باشە".

## بەشی دەیەم

# گەمارۆدانی شار

**پاش ئەوەی باخ و شاخی داگیر کرد،**
**لە بەرزاییەکەوە وەك هەڵۆ سەیرێکی شارەکەی کردو،**
**فەرمانی دروستکردنی بەربەستێکی**
**لە پشتی ئۆردووگاکەوە دا**
**تا تۆپەکان لە پشتیەوە بشاردرێنەوەو،**
**بە شەو شاریان پێ بەر گوللە تۆپ بدرێ.**

**خێرا سکۆڤ**

که له ئۆرێنبوورگ نزیکبووینەوە تاقمێ خەڵکی سزادراومان بینی کۆت و پێوەند کرابون و سەریان پاك تاشرابوو، دەموچاویان بە گاز و چەقۆی خوێنڕێژان شێوێندرابوو. ئەمانە لە ژێر چاودێریی سەربازە عەیبدارەکانی پاسگاکەدا کاریان دەکرد و هەندێکیان بە عەرەبانەی بچووك پیسایی خەوش و خاڵی نێو خەنەکێکیان لادەبرد ، هەندێکی تریشیان بە پاچ و بێڵ زەوییان هەڵدەکەندو بە سەر بەستەکەیشەوە کرێکارانی بەرد هەڵکەن خشتیان دەکێشاو شوورەکەی شاریان پێ چاك دەکرد. لە لای دەروازەی شارەوە یاساوڵەکە ڕایوەستاندین و داوای شناسنامەکانمانی کرد. هەر کە سێرجانتەکە زانی لەقەڵای بێلۆگۆرسکەوە هاتووم یەکسەر پێشم کەوت بۆ ماڵی جەنەراڵ. لە باخچەکەدا چاوم بەجەنەراڵ کەوت، خەریکی تەماشاکردنی دارسێوەکان بوو کە کزەبای پایز ڕووتاندبونیەوەو، بەپڵ و پووشی گەرم بەئاستەم و ئەسپایی دایدەپۆشین. باخەوانێکی پیریش یارمەتی دەدا لەوەدا. دڵنیایی و لەش ساغی و دڵ سافی لەڕوخساری جەنەراڵدا پرشنگی دەدایەوە. پێخۆشحاڵ بوو بە هاتنم و دەستی کردە پرسیارکردن سەبارەت بەو ڕووداوە بەسامانەی بینیبوومن و بە سەرمدا هاتبون. منیش هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە و پیرەی جەنەراڵ لەو کاتەدا لقە وشکەکانی دەبڕییەوە بەڵام بەوریایییەوە گوێی بۆ ڕاگرتبووم. کاتێ کە لە گێڕانەوەی دەنگوباسە جەرگبڕەکەم بوومەوە، وتی: "داماو خۆت، میرۆنۆڤ! داخی گرانم بۆ کوژرانی، ئەفسەرێکی ئازاو چاو نەترس بوو. مەدام

میرۆنۆڤیش خانمێکی وەجاخزادە بوو، قارچکی زۆر باش ترش و خوێ دەکرد! ئەی ماشای کچی فەرماندە چۆنە؟" وەڵامم دایەوەکە ئەو لە قەڵاکەدا ماوەتەوەو لە ژێر چاودێریی ژنەکەی قەشەدایە. جەنەراڵ هەر دەیوت و دەیوتەوە: "ئای، ئای، ئای! ئەمە شتێکی خراپە، هێجگار خراپە، قەت ناکرێ پشت بە ئاکار و کردەوەی دزان ببەسترێ، باشە کاری ئەم کچە داماوە دەبێ بە کوێ بگات؟" وەڵامم دایەوە کە قەڵای بێڵۆگۆرسك دوور نیەو زۆر لەوە دەچێ کە جەنابی پەلە بکا ت لە ناردنی هێزدا بۆ ڕزگار کردنی خەڵکە هەژار و لێقەوماوەکەی. جەنەراڵ بەگومان و دوودڵییەوە سەرێکی لەقاندو وتی: "بابزانین، بابزانین لەو بارەیەوە لە کاتی خۆیدا قسەی لەبارەوە دەکەین، تکام وایە بفەرمووی چایەکم لا بخۆیتەوە: ئەمڕۆ ئەنجومەنی جەنگ لە ماڵی ئێمە کۆدەبێتەوە و دەتوانی سەبارەت بەم پووگاچیۆڤە ڕووتەیەو سەبارەت بە هێزەکانی زانیاریەکی وردمان بدەیتێ، ئێستاش برۆ پشوویەك بدە".

چووم بۆ ئەو خانووەی بۆ نیشتەجێ کردنم تەرخان کرابوو، بینیم وا ساڤێلیچ جەنجاڵی ڕێکخستنێتی بەڵام من ئارامم لێبڕابوو چاوەڕێی کاتی دیاریکراوم دەکرد. خوێنەریش دەتوانێ بە ئاسانی ئەوە بێنێتە بەرچاوی کە چەند پەرۆش دەبم بۆ ئامادەبوون لە ئەنجومەنێکدا کە بێگومان کارێکی گەورە دەکاتە سەرچارەنووسم. بەمجۆرە لە کاتی دیاریکراودا لای جەنەراڵ بووم.

یەکێك لە فەرمانبەرانی شارم لەلا بینی، وەك بێتەوە یادم بەڕێوەبەری گومرگ بوو کە پیاوێکی پیری قەڵەوی ڕوومەت ئاڵ

بوو، قەفتانێکی ئاوریشمی خەتخەتی لەبەردابوو. کەوتە ئەم پیاوە پرسیار لێکردنم دەربارەی ئیڤان کووزمیچ کە بە باوکی ئاینیی منداڵەکانی ناودەبردو پەیتا پەیتا بە پرسیاری لابەلایی قسەی پێدەبڕیم و تێبینی ئامۆژگاری دادەرانەی وای پیشاندەدا کە ئەگەر وایشی دەرنەبڕایە پیاوێکی زانا و پسپۆڕە لە کاروباری سەربازیدا، هیچ نەبێ ئەوەی دەردەخست کە وا کەسێ کی بیر تیژ و لەخ ۆڕسکەوە زیرەکە. لەم ماوەیەدا بانگکراوانی دیکەش هاتن کە لە جەنەراڵ خۆی بەولاوە هیچ لەشکر یەکی دیکەیان لە نێواندا نەبوو. کە هەمووان دانیشتن و چایان بۆگێڕ درا، جەنەراڵ بارودۆخەکە ی بە ڕوونی و دووروودرێژییەکی زۆرەوە خستەڕوو و لە پاشاندا وتی: "بەڕێزان، ئێستاش پێویستە بڕیار لە سەر ئەوە بدەین کە دەبێ لەگەڵ یاخیەکان چۆن بجووڵێینەوە و ئاخۆ ڕێگای **هێرشبردن یان بەرگری کردن بگرینە بەر؟** چونکە هەر یەکێك لەم دووڕێگەیە سوودو زیانی خۆی هەیە. ڕێگای هێرش بردن هیوایەکی گەورەتر بۆ بەزاندنێکی خێرای دوژمن دەڕەخسێنێ، بەڵام ڕێگای بەرگری کردن مسۆگەرترە و پتر جێگای متمانەیە.. ئێستاش با دەست بکەین بە کۆکردنەوەی دەنگەکان بە شێوەیەکی یاسایی، واتە لە خاوەن پلە بچووکەکانی نێوانمانەوە دەست پێبکەین". لێرەدا جەنەراڵ ڕووی تێکردم و لێی پرسیم: "ئاغای مولازم تکایە بفەرموو بیروڕای خۆت دەربڕە". منیش هەستام و لە سەرەتادا بە چەند وشەیەکی کورت باسی پووگاچیۆڤ و تاقمە

چەتەکەیم کرد، پاشان بە پ ێداگرتنەوە وتم کە ئەم ساختەچیە هێز و توانای بەرگری کردنی چەکی نیزامیی نیە.

میوانەکان بە ساردییەکی ڕوون و ئاشکراوە ڕاکەیان وەرگرتم و بە ملهوڕی و چاوقایمیی لاوێکیان دانا. دەنگەدەنگێك پەیدا بوو، بەئاشکرا گوێم لە وشەی "منداڵێکی دنیا نەدیو"ە بوو کە یەکێکیان بە دەنگێکی ئەسپاییەوە دەیوت. جەنەراڵ ئاوڕی لێدامەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: "جەنابی مولازم! عادەت وایە لە ئەنجومەنە سەربازیەکاندا هەوەڵ دەنگەکان بەلایەنی جموجووڵی هێرش بردندا دادەتاشن و ئەمەش کارێکی ڕەوایە. ئێشتاش با لە سەر کۆکردنەوەی دەنگەکان بڕۆین. جەنابی مولاحیز! ڕای خۆتمان پێ بڵێ!"

پیرەی قەفتان خەتخەت خێرا پاشماوەی پەرداخی سێهەمی هەڵدا کە بڕێکی زۆر شەرابی ڕووەی تێکردبوو، وەڵامی فەرماندەی دایەوە: "خاوەن پایە، من باوەڕم بە پێویستیی پەیڕەوکردنی شێوەی هێرش بردن یان بەرگری کردن نیە".

جەنەراڵ بە سەرسوڕمانەوە بەرەنگاری بووەوە:

-چۆن وادەبێ، جەنابی مولاحیز؟ لە تەکتیکی شەڕدا لەم دوو ڕێگە بەولاوە نیە:

ڕێگای هێرش بردن و ڕێگای بەرگری کردن...

-ڕێگای بەرتیل پێدان تاقیبکەنەوە.

-هە، هە، هە! ڕاکەت زۆر بەجێیە و تەکتیکی شەڕ بواری ڕێگەی بەرتیل پێدان دەدات و سوود لەم ئامۆژگاریەت وەردەگرین .

لەوانەیە بڕی حەفتا و پێنج تا سەد ڕۆبڵێك لە پارەی تەرخانكراوی نهێنی دا بنێین بە پاداشتی هەر كەسێك كە سەری ئەم كابرا ڕووتەیەمان بۆ بێنێ...

بۆیە بەڕێوەبەری گومرگ دەسپێشخەری كردو وتی:

-بەرانێكی [*] كیرغیزی بم نەك مولاحیز ئەگەر ئەو دزانە سەرۆكەكەیان بە دەست و پێ بەستراوی نەدا بەدەستەوە.

جەنەراڵ لە وەڵامدا وتی:

-بیر لەوە دەكەینەوە و جارێكی دیكە گفتوگۆی لێوە دەكەین. بەهەر حاڵ دەبێ چەند تەگبیرێكی سەربازیانە بۆ هەر پێشهاتێكی لەناكاو ڕەچاو بكەین. بەڕێزان ڕای خۆتان بە پێی زنجیرەی یاسایی دەربڕن.

دەركەوت كە هەموو بیروڕاكان بەپێچەوانەی ڕاكەی منەوە بوون و گشت فەرمانبەرەكان لە قسەكردندا متمانە نەكردنیان بە هێز و بڕوانەبوونیان بەسەركەوتن و ئاگا لەخۆبوون و شتی لەم بابەتەیان ڕادەگەیاند و هەموو وایان بەچاك دەزانی كە پشت بە تۆپەكانمان ببەستین و لە پشت شوورە بەردینە بەهێزەكەوە بمێنینەوە، ڕاستترە لەوە كە دەرچین بۆ دەشتە سارایینەكەو لەوێ بەختی خۆمان بە چەك تاقی بكەینەوە.

---

* لە دەقە ڕووسییەكەشدا هەر وشەی "بەران" نووسراوە. كە پێموایە لە زمانی كوردییەوە چووبێتە نێو زمانی ڕووسییەوە بە حوكمی دراوسێتی ـ و.

که سەرەنجام جەنەراڵ لە بیستنی هەموو ڕاکان بووەوە، سووتووی پایپەکەی داوەراندو ئەم لێدوانەی خوارەوەی دا:

-بەڕێزان! دەبێ ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە من بەش بەحاڵی خۆم بەتەواوی لەگەڵ ڕاکەی جەنابی مولازمدام، چونکە ڕاکەی بە هەموو بنەماکانی تەکتیکی شەڕی ڕێك و پێك پشت ئەستوورە، کە تاڕادەیەك هەمیشە جموجووڵی هێرش بردنی لەجموجووڵی بەرگری کردنی بەلاوە چاکترە.

لێرەدا وەستاو کەوتە داگرتنەوەی پایپەکەی و هەستم کرد کەوا فیزو دەمارەکەی من سەرکەوت و بە لووتبەرزیەوە تەماشایەکی فەرمانبەرەکانم کرد کە لە ناو خۆیاندا چپەچپیان بوو و نیگەرانی و سەغڵەت بونیان پیشان دەدا. جەنەراڵ لەگەل هەناسەبەبادانێکی قووڵدا چرە دووکەڵێکی کردو وتی:

-بەڵام بەڕێزان، من پڕکێشیی ئەوە ناکەم کە بەرپرسیارێتیەکی گەورەو گران بخەمە ئەستۆی خۆم کاتێ کە مەسەلە پێوەندیی بە سەلامەتیی ئەو هەرێمانەوە بێت کە دایکی خاوەن شکۆم، ئیمپراتۆرەی بەڕێز پێی سپاردووم. لەبەر ئەوە ملکەچی زۆربەی ڕاکانم کە بڕیاری ئەوەیان داوە ڕاستترین و سەلامەتترین ڕێگا خۆقایمکردنە لەناو شارداو چاوەڕێی گەمارۆدان بین ، پاشان بە هێزی تۆپخانە بەرەنگاری دوژمن ببینەوەو (ئەگەریش توانرا) هەندێ جاریش بە پێکدادانی بچڕبچڕ بچین بەگژیدا.

-فەرمانبەرەکانیش لەلایەن خۆیانەوە بە گاڵتەپێکردنەوە تەماشا ی منیان دەکرد. کۆبونەوەی ئەنجومەن کۆتایی هات و

داخی لاوازیی ئەم جەنگاوەرە بەڕێزەم لەدڵ دەرنەچوو کە بەپێچەوانەی ویست و قەناعەتی خۆیەوە بڕیاریدا ڕای کەسانێکی نەزان و بێهەزموون وەرگرێ.

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر کۆبوونەوەی ئەم ئەنجومەنە لەبیرنەکرا وەدا هەواڵمان زانی کە پووگاچیۆڤ بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکەی خۆی لە ئۆرێنبوورگ نزیك بووەتەوە. لە سەر شوورەی شارەوە تەماشای هێزی یاخیبەکانم کرد و وام هاتە بەرچاو کە ژمارەیان لەدوا شاڵاویانەوە کە خۆم بینیم دەجاران زیادی کردووە و ئەو تۆپانەیان لەگەڵدا بوو کە پووگاچیۆڤ لەو قەڵا بچووکانەدا کە داگیری کردبوون و دەستی بەسەردا گرتبوون. بڕیاری ئەنجومەنی سەربازیم هات بە مێشکدا و لەبەر ئەوە پێشبینیی گەمارۆدانێکی درێژخایەنم کرد لە ناو شوورەکانی ئۆرێنبوورگدا و خەریکبوو لەبەر خەم و پەژارە دەست بکەم بەگریان.

نامەوێ باسی ئابلۆوقەدانی ئۆرێنبوورگ بکەم چونکە ئەوە کاری تایبەتی مێژو ونووسەو پێوەندیی بە یاداشتی خێزانیەوە نیە بەڵکو بەکورتی دەڵێم کەوا ئەم گەمارۆدانە بە هۆی شلوشۆڵی و کەمتەرخەمیی سەرکردایەتیی ناوخۆییەوە بوو بە بارێکی سەخت و دژوار بە سەر خەڵکەکەوە کە تووشی برسێتی و دەرد و مەینەتیی جۆراوجۆر بوون. پیاو بە ئاسانی دەتوانێ ئەوە بێنێتەوە پێش چاو کە ژیان لە ئۆرێنبوورگدا لەوپەڕی تاڵی و ناڕەحەتیدا بوو چونکە هەمووان بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە چاوەڕێی حوکمی چارەنووس بوون بە سەریاندا و بە ئێش و ئازاری سەخت و

سامناکەوە دەتلانەوە. خەڵکەکە ڕاهاتبوون بە گرم و هووڕی گوللە تۆپ لە پەنای ماڵەکەنیاندا. تەنانەت هێرشەکانی پووگاچیۆڤیش وایلیهاتبووکەوا لەلایەن ڕەشە خەڵکەکەوە بایەخێکی ئەوتۆی پیهدەدرا. من لێرە تووشی وەڕسی و بێزار یەکی کوشندە بووبووم. ئەم کارە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاو، نامەم لە قەڵای بێڵۆگۆرسکەوە پیهدەگەیشت، چونکە هەموو ڕێگاکان بڕاب وون. وام لیهات ئیدی لەتوانامدا نەما لەتاو دووریی مارییا ئیڤانۆڤنا خۆم ڕا بگرم و ئەوە زۆری ئازار دەدام کەنەمدەزانی چی بەسەرهاتووە. بۆیە سواریی ئەسپ تاقە دڵنەواییم بوو و ئەو ئەسپەی کە پووگاچیۆڤ پێی بەخشیبووم ئەسپێکی چاك بوو و کردبووم بە هاوبەشی ئەو خۆراکە کەمەی کە هەمبوو. ڕۆژانە پێی دەردەچووم بۆ دەرەوەی شار و لەگەڵ سوارەکانی پووگاچیۆڤدا شەڕە تفەنگم دەکرد. ئەڵبەتە شتێکی ئاسایی بوو کە زاڵبوون لەم پێکدادان و پێکهەڵپژانانەدا بەشی ئەو شەڕخوازە تێروتەسەل و سەرمەستانە بێ کە ئەسپی نایاب و خۆشبەزیان لەژێردا بوو. بۆیە تیپی سوارەی نیوە برسیی ناوشار نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت. هێزی پیادە برسییەکانیشمان جارجارە دەردەچ وون بۆ مەیدان، بەڵام بەفری زۆر کۆسپی دەخستە بەر سەرکەوتنی کارو جموجووڵیان دژ بە سوارە پەرش و بڵاوەکانی دوژمن ، تۆپخانەکەشمان لە سەرشوورەکەوە بێهوودە هەر نرکەی دەهات، بەڵام لە پیدەشت و کێڵگەدا بە هۆی لاوازیی ئەو ئەسپانەوە کە ڕایاندەکێشا گیر دەهات و جووڵەی بۆ نەدەکرد. ئەمە بوو وێنەی

جموجووڵی جەنگمان! ئەمەش بوو کە وا کاربەدەست انی ئۆرێنبوورگ ناویان لێنابوو وریایی و دووربینی!

جارێکیان هەرچۆنێك بوو توانیمان کۆمەڵێکی لەئەژمار نەهاتوویان پەرش و بڵاو بکەینەوەو چنگ لەسەرشان شوێنیان بکەوین و کاتێ گەیشتمە سەر قەوزاقێك کە لە هاوەڵەکانی بەجێمابوو خۆم ئامادە کرد بیدەمە بەر شمشێرە تورکییەکەم وهێندەم زانی لەپڕ کڵاوەکەی لە سەر داگرت و هاواری کرد:

-سلاّو پیتەر ئەندرییێڤیچ! ئەوە چی دەکەی خوا سەلامەتت کا؟

تەماشام کرد و ناسیمەوە دەرەجەدارەکەی خۆمان بوو، زۆری پێ شادمان بووم و پێموت:

-سلاّو مەکسیمیچ ، باشە لەمێژەوە لە قەڵای بێلۆگۆرسك دەرچووی؟

-نەخێر، جەنابی پێتەر ئەندرێیڤیچ ، دوێنێ لەوێ هاتووم و نامەیەکیشم بۆ هێناوی. سەرتاپای گیانم گڕی هەڵچونی تێپەربوو و هاوارم کرد:

-کوا لەکوێیە؟

مەکسیچ دەستی خستە سەر سینگی و بە دەم وەڵامدانەوەوە نامەکەی دەرهێنا و وتی:

-ئەوەتا پێمە و بەڵێنم داوەتە پالاّشا کە بە هەر ڕێگەیەك بێ پێتی بگەیەنم.

ئەوجا کاغەزێکی قەدکراوی دامێ و دەسبەجێ خۆی دا بە سەر ئەسپەکەیدا و بەغاردان بۆی‌دەرچوو. پارچە کاغەزەکەم کردەوە و بە پەرۆشەوە ئەم دێڕانەی خوارەوەم خوێندەوە:

"خوا کارێکی کرد لەپڕ باوك و دایکم لەدەست بدەم و لەدنیادا هیچ کەس و دەرەتانێك شکنابەم و وا پەنا بۆ تۆ دەهێنم و دەزانم کە هەمیشە خێر و چاکەت بۆ دەخواستم و ئامادەی بۆ یارمەتی‌دانی هەموو کەسێك. داواکارم لە خوا بە هەر ڕێگەیەك بووە ئەم نامەیەت پێ‌بگا ت! مەکسیمیچ پەیمانی داوە هەرچۆنێك بووە بیگەیەنێ پالاشاش لە مەکسیمیچی بیستووە کە ئەو لە دوورەوە زۆرت دەبینێ لە شەڕ و تێکهەڵپرژانەکاندا و تۆ خۆت ناپارێزیت و بیر لەوانە ناکەیتەوە کە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە خوا دەپارێنەوە بۆ پارێزگاری کردنت. ماوەیەکی زۆر بە نەخۆشی لە جێگادا کەوتبووم و کاتێ چاکبوومەوە ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ ، کە جێگەکەی باوکمی داگیرکردووە لە فەرماندەیی قەڵادا، ئیستەرەمی لە باوە گێراسیم کرد کە بمداتەوە دەستی پاش ئەوەی بە پشتی پووگاچیۆڤ هەڕەشەی لێکرد و من ئێستا لە ماڵی خۆماندام لە ژێر چاودێریی پاسەوانادا. ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ زۆری بۆ هێناوم کە شووی پێبکەم و دەڵێ گوایە ئەو ژیانی منی سەندووەتەوە چونکە تەفرەدانەکەی ئەکوولینا پامفیلۆڤنای ئاشکرا نەکردووە کە پیاوخراپانی وا تێگەیاندبوو گوایە من برازای ئەوم. بەلاّم من مردنم لا زۆر باشترە لەوەی ببمە ژنی پیاوێك لە چەشنی ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ. ئەو زۆر بێبەزەییانە و دلّڕەقانە مامەڵە و ڕەفتارم لەگەڵ

دەکات و هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات کە ئەگەر بیروڕای خۆم نەگۆڕم و ڕازی نەبم پێی بمنێرێ بۆ ئۆردووگاکەی کابرای ساختەچی. ئەو کاتەش چارەنووسم وەك چارەنووسی لیزاڤێتا خارلۆڤای[1] فرێندراو دەبێ. دەستەودامێنی ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ بووم کە مۆڵەتم بدات بۆ ئەوەی بیر لە کارەکە بکەمەوە. ئەویش ڕازی بوو لە سەر ئەوەی کەسێ ڕۆژی دیکە چاوەڕوان بێت و ئەگەر دوای ئەوە شووم پێنەکرد ئی تر بەزەیی پێمدا نەیەتەوە. گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ! تۆی تاقە پارێزگارم، فریام بکەوە بێکەس و داماوم و داوا بکە لە جەنەراڵ و گشت فەرماندەکان هەرچۆنێك بووە بێن بە هانامەوە و ئەگەر توانیت خۆیشت وەرە، هەتا ماوم ئەڵقە لە گوێ و دڵسۆزی تۆم.

کچە بێ باوك و دایکی زەبوون

مارییا میرۆنۆڤا".

کە لە خوێندنەوەی نامەکە بوومەوە وەختەبوو مێشکم تێکبچێت و گوڕی خۆم دا بۆ ناوشار و ئەسپی بەستەزمانم بێبەزەییانە دایە بەر زەبری قامچی. لە ڕێگا لە دڵی خۆمدا کەوتمە لێکدانەوەی

---

(1) لیزاڤێتاخارلۆڤا: کچی فەرماندەی قەڵای تاتیشیڤسکایا، بیلاگین و ژنی فەرماندەی قەڵای نیژنی ئۆزیۆرنایا، خارلۆڤ بوو. هەردوك باوکی و مێردەکەی لە لایەن پووگاچیۆڤەوە لەقەنارە دران. پووگاچیۆڤ لیزا ڤێتا خارلۆڤای لە بەر جوانییە لەڕادە بەدەرەکەی هێشتەوەو نەیکوشت و ئیستەرەمی لێکرد کە ببێتە دۆستی، بەڵام هەرزوو لەلایەن قەوزاقەوە کوژرا لەترسی ئەوەی نەوەك کاربکاتە سەر سەرکردەکەیان.

جۆراوجۆر بۆ ڕزگار کردنی ئەو کچە لێقەوماوە و لە سەر هیچ بیرێك نەدەگیرسامەوە. هەر کە گەیشتمە شار دەسبەجێ خۆم کرد بە ماڵی جەنەراڵدا و بە ڕاکردن چووم بۆ لای.

جەنەراڵ لە ژوورەکەی خۆیدا دەهات و دەچوو و یەکبینە مژی لە پاییپەکەی دەدا کە لە کانزایەکی تایبەتی دروستکرابوو. کە بینیمی هەڵوەستەیەکی بۆ کرد و ڕاستێکەی دیمەنی شڵەژاوی من سەرسامی کرد و بەبایەخ پێدانەوە کەوتە پرسیار کردنی هۆی ئەم هاتنە پەلەیەم. منیش لە وەڵامدا پێموت:

-خاوەن پایە، پەنام بۆ هێناوی وەك باوك و فەرزەندێك، فریام کەوە. بیکە بە خاتری خوا تکا و داواکەم ڕەتمەکەرەوە: چونکە مەسەلەکە پێوەندیی بە بەختەوەریی تەواوی ژیانمەوە هەیە.

جەنەراڵی پیرەمێرد بە سەرسوڕمانێکەوە پرسی:

-ئەو مەسەلەیە چیە کوڕم؟ چیم لەتوانادا هەیە بۆت بکەم؟ بڵێ.

-خاوەن پایە، دامنێ بە فەرمان دەی لقێك سەرباز و پەنجا کەسێك لە قەوزاق و ڕزگارکردنی قەڵای بێڵۆگۆرسکم پێبسپێرە.

جەنەراڵ چاوی تێبڕیم و لێم ورد بووەوە و بەزۆریی پێیوابوو شێت بووم و (لەوەشدا تاڕادەیەك ناهەقی نەبوو و لەڕاست یەوە دوور نەبوو). ئەوجا پێیوتم:

-ئەمە چی دەڵێی؟ تۆ قەڵای بێڵۆگۆرسك ڕزگار دەکەی؟!

منیش بەوپەڕی خوێنگەرمییەوە وەڵاممدایەوە:

-بەڵێنت دەدەمێ سەربکەوم بە مەرجێ تۆ ڕێگەم بدەیت.

جەنەراڵ بە دەم سەر ڕاوەشاندنەوە وتی:

ـ نه، کوڕی لاو، لەم مەودا دوورەدا دوژمن بە ئاسانی دەتوانێ پەیوەندیتان بە مەڵبەندی ستراتیژیی سەرەکییەوە ببچڕێنێ و بەتەواوی بە سەرتاندا سەربکەوێ و پەیوەندیی بچڕاو.. کاتێ کە بینیم جەنەراڵ بەلای چەند و چوونی سەربازییانەدا دادەتاشێ زراوم چوو، لەبەر ئەوە خێرا قسەکەم پێبڕی و وتم:

ـ کچەکەی میرۆنۆڤی فەرماندە نامەیەکی بۆ نووسیوم و تێیدا داوای فریاکەوتن و بەهاناوە چوون دەکات. شڤابرین زۆری لێکردووە کە شووی پێبکات.

ـ بەڕاستتە؟ ئۆ ئەم شڤابرینە Schelm [2] یکی گەورەیە بەس بکەوێتە دەستم فەرمان دەدەم لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا دادوەری بکرێ و لە سەر شوورەی قەڵا گوللەبارانی دەکەین بەڵام ئێستا پێویستە لایەنی ئارامی بگرین..

من لە دۆخی ئاسایی خۆم دەرچووم و هاوارم کرد:

ـ لایەنی ئارامی گرتن و ئەو لەو ماوەیەدا مارییا ئیڤانۆڤنا مارە بکات!..

جەنەراڵ وتی:

ـ ئۆ! ئەمەیان کێشەیەکی نیە، چاکتر وایە بۆ ئەو ئێستا ژنی شڤابرن بێت و بەمە ڕەنگە ببێتە پارێزگار بۆی و کاتێ کە دەیکوژین ئەو دەمە ئەم داواکاری زۆری دەبێ ئیشەڵڵا. چونکە

---

(2) Schelm: واتە ساختەچی بە زمانی ئەڵمانی.

بێوەژنی جوان بێ مێرد نامێننەوە، واتە دەمەوێ بڵێم بێوەژن لە کچ زووتر مێردی دەست دەکەوێ.

منیش بەجارێ ئۆقرەم لەبەر بڕاو وتم:

- مردنم بەلاوە چاکترە لەوەی وازی لێبێنم بۆ شڤابرین!

پیرە وتی:

- ئێ، ئێ ، ئێ! ئێستا تێدەگەم ، دیارە تۆ دڵداری مارییا ئیڤانۆڤنای. ئۆ، ئەمەیان شتێکی دیکەیە! بەستەزمان خۆت! لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم لقێك سەرباز و پەنجا قەوزاقت بدەمێ، چونکە ئەم هێرش بردنە کارێکی بەجێ نابێ. من ناتوانم بەرپرسیاریی ئەوە بگرمە ئەستۆ.

منیش بەناچاری سەرم داخست و نائومێدی دایگرتم. لە ناکاو بیرۆکەیەك هات بە مێشكمداو، خوێنەر ناوەرۆکی ئەم بیرۆکەیە لە بەشی داهاتوودا دەبینێ، وەك ڕۆمان نووسە کۆنەکان دەڵێن.

# بەشی یانزەهەم

# گوندی یاخییان

**ئەو کاتە ئیدی شێرەکە تێر بوو و**
**وێڕای خووی دڕندانەی،**
**بە نەرمییەکەوە پرسی:**
**"تۆ بۆ لە لانەی منداڵ؟"**

**ئە. سومارۆکۆڤ[1]**

**جەنەراڵم بەجێهێشت و بەهەڵەداوان گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆم و ساڤێلیچ هەر وەکو جاران بە خوتەو بۆڵەوە بە پیریمەوە هات و وتی "وەك بڵێی بەم بگرەو بەردەیەت لەگەڵ دزە سەرخۆشەکان**

---

(1) ئەم شیعرە لە دانانی پوشکین خۆیەتی، بەڵام داویێتێ پاڵ سومارۆکۆڤ.

خۆشییەکت دەسگیر ببێ! توخوا ئەمە ئیشی گەورەپیاوانە؟ ئەمە گەمەیەکی سامناکە و لە هیچە بەرەو هەڵدێرت دەبا ت. شەڕ لەگەڵ تورك یان سوێد ییەکاندا بکە یت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام من سەر لەمە دەرناکەم!".

قسەکەم بەم پرسیارە پچڕی، هەمووی چەندم پارە هەیە؟ ئەویش بە ڕەزامەندییەکەوە وەڵامی دامەوە: "بەشی خۆمان دەکا ت، لەگەڵ ئەوەشدا کە دزەکان هەموو شتێکیان پشکنی بەڵام من هەر توانیم شتێك بشارمەوە". ساڤێلیچ بە دەم قسەوە توورەکەیەکی درێژی چنراوی لە گیرفانی دەرهێنا کە پڕبوو لە پارەی زیو. منیش پێموت: "چاکە، ساڤێلیچ، ئێستا نیوەی ئەوەی کە پێتە بمدەرێ و ئەویتر هەڵبگرە بۆ خۆت، من دەچم بۆ قەڵای بێلۆگۆرسك".

بەخێوکەری دڵپاك بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

-گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ! بۆ خاتری خوا، چۆن دەتوانی بڕۆی لەکاتێکدا کە دزەکان هەرچی ڕێگاوبانە بڕیویانە! هیچ نەبێ بەزەییت بە باوك و دایکتدا بێتەوە، ئەگەر بەزەییت بە خۆتدا نایەتەوە. پێویستت بە ڕۆیشتن چیە؟ بۆچی دەڕۆی؟ کەمێك چاوەڕێ بکە، تاوەکو هێزەکان دێن و دزەکان لەناودەبن، ئەوسا کەیفی خۆتە بە هەر چوارلادا بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ.

بەڵام من سوور بووم لە سەر بڕیاری خۆم و بە پیرەم وتەوە:

-وەختی چەند و چ وون بەسەرچووە دەبێ بڕۆم و ناتوانم نەڕۆم، لەبەر ئەوە خەفەت مەخۆساڤێلیچ، خوا بەبەزەییەو لەوانەشە بە یەك بگەینەوە و هیچ لە ڕوودامەمێنە و لە خۆتی مەگرەوە. چیت پێویستە

بیکڕە، ئەگەر سێ قات نرخەکەی زیادیش بێ. من ئەم پارەیە دەبەخشم بە تۆ و، ئەگەر لەماوەی سێ ڕۆژدا نەگەڕامەوە..

ساڤێلیچ قسەکەی پێبڕیم:

- ئەمە چیە، قوربان؟ بیەڵم خۆت بە تەنها بڕۆی! تەنانەت لە خەویشدا بە تەمای ئەوە مەبەو ئەگەر هەر بڕیاری ڕۆیشتنت داوە وا منیش بەدواتەوەم ئەگەر بە پێیانیش بێت بەڵام بەجێتنا هێڵم و بەبێ تۆ لە پشتی شوورەیەکی بەردیندا نامێنمەوە! بۆ ئەقڵم تێکچووە تا ئەوە بکەم؟ چۆنت دەوێ وا بکە قوربان، من دەسبەردارت نابم.

زانیم کە مشتومڕ لەگەڵ ساڤێلیچ هیچ کەڵکێکی نیە، لەبەر ئەوە بوارم دا خۆی ئامادە بکات بۆ سەفەر. ئەوجا لە پاش نیو سەعات سواری ئەسپە سەلارەکەم بووم و ساڤێلیچیش پەڕییە کۆڵی بارگیرێکی ڕەقەڵەی شەل کە یەکێك لە خەڵکی شار بە خۆڕایی دابوویە چونکە پارەی نەبوو ئالیکی بۆ دابین بکا ت و ڕۆیشتین بۆ دەروازەی شار. یاساوڵەکە ڕێگەی ڕۆیشتنی داین و بەم جۆرە لە ئۆرێنبوورگ دەرچووین.

تاریك داهات و ڕێگاکەم بە نزیکی گوندی بێردسك[2]دا تێپەڕی و ئەم گوندە مۆڵگەی پیاوەکانی پووگاچیۆڤ بوو. بەفر نیشانەکانی ئەم ڕێگە ڕاستەی سڕیبۆوە بەڵام شوێن پێی ئەسپ لە

---

(2) بێردسك (بێردسکایا): گوندێکە نزیکەی (4.5) میل لە ئۆرێنبوورگەوە دوورە. ئەم گوندە بارەگای سەرکردایەتی پووگاچیۆڤ بوو لە قۆناخی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا.

دەشتەکەدا دەبینراو هەموو ڕۆژێك تازە دەبووەوە. من بە گوڕ غارم بە ئەسپەکەم دەداو ساڤێلیچیش بەدوامەوە بوو هەرچەندی دەکرد پێمرانەدەگەیشت و ناوبەناو هاواری دەکرد: "قوربان، لەسەرخۆ بڕۆ، بۆ خاتری خوا. بارگیرەنەعلەتیەکەی من ناتوانێ بە شەیتانە لاق درێژەکەی تۆدا بگاتەوە. ئەم پەلە کردنەت لەچیە؟ خۆ بۆ سەر بانگهێشتنی نانخواردن ناچین و لەوانەیە پاچێك چاوەڕێمان بێت.. پێتەر ئەندریێڤیچ، گیانەکەم پێتەر ئەندریێڤیچ! بە خەم و پەژارەوە مەمکوژە! خوای گەورە وەجاخزادە لەناودەچێ!".

پاش کەمێك چراکانی بێردسك وەدیارکەوتن و لەو دۆڵ و شیوانە نزیکبووینەوە کە پارێزگاری سروشتیی ئەم گوندە ب وون. ساڤێلیچ زۆر دوانەکەوتبوو لێم و یەکیینە سکاڵای دەکرد و دەکڕووزایەوە. من بەتەما بووم بە سەلامەتی لەم گوندە تێپەڕم بەڵام ئەوەندەم زانی لە پێشمەوە و لە تاریك یەکەدا چوار پێنج جووتیاری کوتەك بەدەست قوتب وونەوە. ئەمانە کە پاسەوانی پێشەوەی ئەم گوندەی پووگاچیۆڤ ب وون بانگیان لێك ردین. من وشەی نهێنیم نەدەزانی لەبەر ئەوە ویستم بە بێدەنگی بەلایاندا گوزەر بکەم، بەڵام ئەوان دەسبەجێ لێمئالان و یەکێکیان جڵەوی ئەسپەکەمی گرت. شمشێرم هەڵکێشاو دامهێنایەوە بۆ سەری بەڵام تەپلەکەی ڕزگاری کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەترێکی داو جڵەوەکەی لە دەست ترازا و بەمە ئەوانیتر شڵەژان و بڵاوەیان لێکرد. ئەمەم بە هەل زانی و ئەسپەکەم دایە بەر قامچی و بە غاردان بۆی دەرچووم و لەوانەبوو تاریکیی شەو دەربازی بکردمایە، بەڵام لەپڕ لام

کردەوە ساڤێلیچم لە دوامەوە نەبینی و تومەز پیرەی داماو نەیتوانیبوو بە بارگیرە شەلەکەیەوە لە دزەکان هەڵبێت. باشە چ یبکەم؟ تاوێك چاوەڕێم کرد پاشان دڵنیا بووم کە گرتوویانە و ناچار ئەسپەکەم گێڕایەوە و چووم بۆ دەرباز کردنی.

کە گەیشتمە شیوەکە غەڵبە غەڵبو هات و هاوارێکم گوێ لێبوو لەگەڵ دەنگی ساڤێلیچی یاوەرمدا و بە پەلە ڕۆیشتم بە دەمیەوە. ئەوەندەی پ ێهچوو سەر لەنوێ خۆم لە نێو جووتیارە پاسەوانە کاندا بینیەوە کە پێش تۆزێك ڕێگەیان پ یگرتبوو م و ساڤێلیچیشیان لە نێواندا بوو. پاسەوانەکان خەریك بوو پیرەیان لە سەر بارگیرەکەی بەکێش دەکردو لەوەداب وون دەست و قاچی ببەستنەوە. هاتنەوەم خۆشحاڵی کردن و بە قیژە و هاوار تاویان دامێ و لە چاوترووکانێکدا لە ئەسپەکەیان هێنامە خوار.

یەکێکیان، وادیار بوو گەورەیان بوو، پیێڕاگەیاندین کە هەر ئێستا دەمانداتە بەر بۆ لای تسار و ئەوەشی وت کە: "گەورەمان کەیفی خۆیەتی ئێستا فەرمانی لەسێدارەدانتان بدات یان چاوەڕێ بکا ت تا دەمەوبەیان". ئەمجارەیان هیچ بەرگریەکم نەکردو ساڤێلیچیش چاوی لە من کرد. پاشان یاساوڵەکان بە کۆڕەوەیێکی سەرکەوتووانە ڕاپێچیان کردین و بە ناو شیوەکەدا ڕۆیشتین و چووینە ئاواییەوە. ڕو وناکی لە هەموو ماڵەکاندا هەڵکرابوو، لە هەموو لایەکەوە دەنگە دەنگ و هەراوهوریا بوو. خەڵکێکی زۆرم لە شەقامەکەدا بینی، بەڵام بە هۆی تاریك یەوە کەس سەرنجی نەدەداین و کەس نەیزانی کە من ئەفسەرێکی ئۆرێنبوورگم. دواتر

وەبەریان داین بۆ ماڵێك کە دەکەوتە سووچێکەوە لە لای دووڕێیانێکدا و لەبەر دەرگای ماڵەکەدا چەند کووپەیەك مەی ڕیزکرابوو و، دوو تۆپ دابەسترابوو. یەکێك لە جووتیارەکان وتی: "ئەمەیە کۆشکەکە و هەر ئێستا لە هاتنتان ئاگاداریان دەکەین" و ئەوجا چووە ژوورەوە. سەیرێکی ساڤێلیچم کرد و روانیم نیشانەی خاچ دەکێشێ و لەبەرخۆیەوە دۆعا و نوێژ دەخوێنێ. ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد تا لەدواییدا جووتیارەکە گەڕایەوە و پێی وتم: "وەرە ژوورەوە، گەورەمان فەرمانی داوە بە هێنانە ژوورەوەی ئەفسەرەکە".

چوومە ماڵەکەوە یان کۆشکەکە وەك جووتیارەکان پێیان دەوت، کە بە دوو مۆمی پیو ڕووناك کرابۆوەو دیوارەکانیشی بە کاغەزی ئاڵتونی داپۆشرابوون و لەمە بترازێ ئیتر هەموو شتێك کە تێیدابوو لە هی ماڵێکی ئاسایی دەچوو : لاتەختەکان، مێزێك، دەسشۆرێك بەپەتێکەوە بوو، خاولیەکیش بە بزمارێکدا هەڵواسرابوو، دەسگرەی قاپ و قاجاخیش لە قوژبنێکەوە بوو ، هەروەها تەختەدارێکی درێژیش مەنجەڵی لە سەر ڕیزکرابوو. پووگاچیۆڤ بە قەفتانێکی *سوور و کلاوێکی قووچەوە لە ژێر ئەیقوونەکاندا دانیشتبوو و بە کەشوفشێ کەوە هەردوو دەستی خستبووە کەلەکەی و، ژمارەیەك لە گەورە هاوەڵانی لە نزیکیەوە ڕاوەستاب وون و ملکەچ یەکی ساختەیان پێوە دیاربوو.

---

* لە دەقە ڕووسیەکەیشدا هەر وشەی "قەفتان" بەکار هاتووە ـ و.

وادەردەکەوت هەواڵی هاتنی ئەفسەرێك لە ئۆرێنبوورگەوە سەرگەورەی یاخ یبانی وورووژاندبوو، بۆیە بە ڕێورەسم و ئاهەنگێکەوە بۆ چاوپێکەوتنم وەخۆکەوتبوون. پووگاچیۆڤ هەر لە یەکەم تەماشاکردندا ناسیمیەوە سەڵتەنەت و کەشوفشە ساختەکەی لەپڕ نەماو بە ڕۆحسووکییەکی ئاشکراوە وتی: "ئا ئەوە جەنابتی! حاڵ و ئەحواڵت چۆنە و چی هێناویتی بۆ ئێرە؟" منیش لە وەڵامدا وتم کە بە ئیش و کارێکی تایبەتی خۆم دەرچووم و، پیاوەکانی گرتوومیان. ئەویش لێی پرسیم: "بە چ ئیش و کارێك؟" ڕاستێکەی نەمزانی چۆن و بە چی وەڵام بدەمەوە. پووگاچیۆڤ وا یبۆچوو کە من نامەوێ لەبەر چاوی خەڵك هیچ شتێکی بۆ باس بکەم، بۆیە ڕووی کردە هاوڕێکانی و فەرمانی پێدان بچنە دەرەوە و هەمووان فەرمانەکەیان بەجێهێنا دوو کەسیان نەبێ کە لە شوێنی خۆیان نەجووڵان. پووگاچیۆڤ وتی: "با ئەمانیش لێرە بن، پێم بڵێ و مەترسە، من هیچیان لێناشارمەوە". منیش بە لاچاو تەماشایەکی دوو ڕازگرەکەی ساختەچیم کرد کەوا یەکێکیان پیرەمێردێکی باریك و بنێسی بابردەڵەی پشت چەماوەی ڕیش سپی بوو، هیچ شتێك تێیدا جێگەی سەرنجدان نەبوو قەیتانێکی شین نەبێ کە لە سەرشانیەوە بە چاکەتە بۆرەکەیدا هاتبووە خوارەوە. بەڵام هەرگیز هاوڕێکەی دیکەیم لەبیر ناچێتەوە، بالابەرزێکی کەتەی ناوشان پان بوو و بە چل و پێنج ساڵان دەهاتە بەرچاوم. ڕیشێکی پڕی سوورشێی پێوەبوو و چاوە خۆڵەمێشیەکانی بریقەیان دەهات ، لووتی بڕابوو و کونە لووتەکانی نەمابوون و پەڵەی سوور سوور بە

سەر ناوچەوان‌و ڕوومەتیەوە بڵاوبووب  وونەوە  و هەموو ئەمانە سیمایەکی وایان دابووە   روخسار و رووەمەتە  ئاوڵاویەکەی کەوا لەباسکردن نەیەت. کراسێکی سووری لەبەردابوو لەگەڵ عەبایەکی کیرغیزی و شەرواڵێکی قەوزاقیانەدا . یەکەمیان (وەك دواتر زانیم) عەریف بێڵۆبۆرۆدۆڤ[3]بوو، دووەمیشیان ئەفاناسی سۆکۆلۆڤ [4] کە نازناوی (خلۆپووشا) بوو و تاوانبارێکی دوورخراوە بوو و   سێ

---

(3) ئیڤان ناوومۆڤیچ بێڵۆبۆرۆدۆڤ (؟ – 1774): یەکێك بوو لە بەهرەدارترین هاوڕێیانی خەباتی پووگاچیۆڤ. لە  خێزانێکی جووتیار بوو کە لە کارگەیەکی ئووراڵ کاریان دەکرد. ساڵانی  1751 – 1766 لە سوپادا خزمەتی دەکرد  و لە ئایاری 1774 دا هاتە پاڵ پووگاچیۆڤ  و لێرە بوو  بە بەرپرسی مەشق پێکردنی سوپای پووگاچیۆڤ. بێڵۆبۆرۆدۆڤ ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە داگیرکردنی شاری کازان دا لە لایەن هێزەکانی پووگاچیۆڤەوە. لە نزیك کازان لەلایەن تسارەوە گیراو برا بۆ مۆسکۆ و لەوێ لەسێدارە درا.
(4) ئەفاناسی تیمۆفێیچ سۆکۆلۆڤ "خلۆپووشا" (1714 – 1774): یەکێك بوو لە وەفادارترین هاوڕێیانی خەباتی پووگاچیۆڤ. لە خێزانێکی جووتیار بوو کە سەر بە دەیری تڤێر بوون. سێ جار حوکم درابوو بە کاری قورس لە سیبیریاو هەڵاتبوو ، لە سەرەتای ساڵی 1770وە لە یەکێك لە کارگەکانی مس تواندنەوەی ئووراڵ کاری دەکرد. لەلایەن فەرمانڕەوای گشتی ئۆرێنبوورگەوە نێر        درا بۆ ڕێکخستنی کاروباری پرۆپاگەندە بڵاوکردنەوە لە دژی پووگاچیۆڤ، بەڵام بەپێچەوانەوە  چووە پاڵ ناوبراو. زۆر چالاکانە لە ناوچەی ئووراڵدا  کاری دەکرد و بەرپرسیار بوو لە دابین کردنی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پووگاچیۆڤ، هەروەها باشکیرەکانیشی هێنایە کۆڕی ڕاپەڕینەکەوە. لە پاش بەزینی پووگاچیۆڤ لە قەڵای تاتیشیڤسکایا، خلۆپووشا کەوتە دەست دەسەڵاتدارێتی ئۆرێنبوورگ       و لەوێ خرایە ژێر ئەشکەنجەدانەوە و پاشان لەسێدارە درا.

جار له کانەکانی سیبیریاوە هەڵاتبوو. ئەم کۆ ڕو کۆمەڵەی کە بە ڕێکەوت تووشی بوومەوە بە جارێ هەست و هۆشی ڕاکێشابووم، سەرەڕای ئەو بیرو هەستانەش کە لە ناخمدا ورووژابون ، بەڵام پووگاچیۆڤ بەم پرسیارە گێڕامیەوە بۆ واقیع: "پێم بڵێ بە چ کارێ لە ئۆرێنبوورگ دەرچووی؟".

بیرۆکەیەکی سەیر هات بە مێشکمداو، وام بە خەیاڵدا هات کە ئەمە چاودێریی خواوەندە دووبارە هێناومیەوە بۆ لای پووگاچیۆڤ تاوەکو دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێنێ بۆ بەدیهێنانی ویست و ئارەزووم. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لەدەست خۆمی نەدەم. پێش ئەوەی کە بکەومە سێ و دوو کردنی ئەو نیازو بڕیارە وەڵامی پرسیارەکەی پووگاچیۆڤم دایەوە:

ـ بۆ قەڵای بێلۆگۆرسك دەرچووم تاوەکو کیژێکی هەتیو ڕزگار بکەم کە لەوێ تووشی سووکایەتی پێکردن بووە.

لێرەدا چاوەکانی پووگاچیۆڤ لەتاوا ئەبڵەق بوون و هاواری کرد: "پێم بڵێ کێ لە پیاوەکانی من پڕکێشیی ئەوە دەکا ت سووکایەتی بە کیژێکی هەتیو بکات؟ چەندە ژیرو وریابێ لە دەستی دادوەری کردنم دەرناچێت، پێم بڵێ: ئەو تاوانبارە کێیە؟"

وەڵامم دایەوە:

-ئەو تاوانبارە شڤابرینە و ئەو کچە نەخۆشەی کە تۆ لای ژنەکەی قەشە بینیت لە ناو جێگەدا کەوتبوو، شڤابرین بەندی کردووە و دەیەوێ بە زۆر بیخوازێت.

پووگاچیۆڤ بە هەڕەشەو گوڕەشە کردنەوە وتی:

-ئەم شڤابرینە، دەرزێکی سەختی دادەدەم، دەیهێنمە بەرچاوی کە چۆن ئەوەی ستەم لە خەڵکی بکا   ت و سووکایەتیان پێکا ت سزا دەدرێ و لەسێدارەی دەدەم.

خلۆپووشا بەدەنگێکی گڕەوە وتی:

-ڕێگەم بدە قسەیەك بکەم، تۆ پەلەت کرد لەوەدا کە شڤابرینت بە فەرماندەی قەڵا دانا، ئێستاش پەلە دەکەیت لە خنکاندنیدا. تۆ سووکایەتیت بە قەوزاق کرد بەوەی کە پیاوێکت لە خانەدانان دانا بە سەرۆکیان، لەبەر ئەوە دڵی خانەدانانیش لە خۆت مەڕەنجێنە بە خنکاندنی یەکێکیان لە یەکەم شۆفاری کردنیدا.

پیرەی قەیتان شینیش وتی:

-پێویست نە بە بەزەیی پێداهاتنەوەیان و نە      بە  دەم و دوو خۆشی هەیە لەگەڵیان! وەنەبێ لەسێد  ارەدانی شڤابرین گرفتێکی گەورەبێ، بەڵام چی تێدایە گەر لێپرسینەوەیەکی چاك لەگەڵ جەنابی ئەفسەر بکرێ: بۆچی هاتووەو ئەگەر دان بەوەدا  نانێ کە تۆ تساری، مافی ئەوەشی نابێ داوای هیچ جەورو ستەم لابردنێکت لێکا ت. خۆ ئەگەر دانیشی پێدادەنێ ئەی بۆچی تا ئەمڕۆ لە ئۆرێنبوورگ ماوەتەوە لەگەڵ دوژمنەکانتدا؟ وا      چاکە فەرمان بدەی بینێرن بۆ مەڵبەندی کارگێڕی و لەوێ بیخەنە ژێر دار و فەلاقەوە. من پێموایە لەلایەن فەرماندەکانی ئۆرێنبوورگەوە نێردراوە بۆلامان.

قسەکانی پیرەی شەڕخواز زۆر ڕێی تێەچوو و قەناعەتبەخش بوو.  کاتێ  کە بیرم کردەوە لەوانەی کەوتوومە      تە  چنگیان

مووچڕکەیەك بە  لەشمدا هات  و پووگاچیۆڤ سەرنجی  دا شڵەژام چاوێکی ل ێ داگرتم و وتی: "ڕاستە، خاوەن شکۆ؟ وا  دیارە فیلڵدمارشاڵم لەوەدا کە دەیڵێ لە سەر هەقە، ئەی تۆڕات چیە؟".

ئەم لاقرتی کردنەی پووگاچیۆڤ ئازایەتی وەبەرنامەوەو بە هێمنی وەڵامم دایەوە کە من لە  ژێر دەسەڵاتی ئەودامو ئەویش کەیفی خۆیەتی چیم پێدەکات.

پووگاچیۆڤ وتی:

-چاکە، ئێستا پێم بڵێ بارودۆخی شارەکەتان  چۆنە و لەچ یەایە؟

وەڵامم دایەوە:

-لە سایەی خواوە باشە.

پووگاچیۆڤ قسەکەی دووپات کردمەوە:

-باشە و لەولاشەوە خەڵکی لەبرساندا دەمرن؟!

ساختەچی ڕاستی دەوت، بەڵام من لەبەر نەشکاندنی سوێندی سەربازیانەم، ڕاشکاوانە  پێمدەوت کە ئەوانە هەموو واتەواتی بەتاڵن و زەخیرە و ئازووقەی زۆری هەمەجۆر هەیە.

لێرەدا پیرە هەڵیدایە و وتی:

-ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینی لەڕووی خۆتدا تەفرەت دەدا  ت بەڵام هەموو  ئاوارە و پەنابەرەکان لە سەر ئەوە کۆکن کەوا گرانی و درم لە ئۆرێنبوورگ بڵاوبووەتەوەو، خەڵکی ئاژەڵی مردارەوەبوو دەخۆن و  سوپاسگوزارن  کە ئەوەشیان دەس  تدەکەوێت، بەڵام جەنابی سوورە لە سەر ئەوەی کە لەوێ هەموو  شتێك بە  تێرو

تەسەلی هەیە. بۆیە ئەگەر دەتەوێ شڤابرین بکەی بە دارا ئەم کوڕە لاوەش بە هەمان سێدارەدا هەڵواسە بۆ ئەوەی کەسیان شادەکامی بەویان نەبات.

وادیار بوو قسەکانی ئەم پیرە نە عەلەتیە کاری خۆیان کردە پووگاچیۆڤ بەلاّم لە خۆشبەختی مندا خلۆپووشا کەوتە بەرپەرچدانەوەی قسەکانی هاوڕێکەی و پێی وت:

- بەسی بێ، ناوومیچ. تۆ لە خنکاندن و سێدارەدان بەولاوە ئارەزووت لە هیچ نیە و چ خوێنرێژێکی تۆ؟ یەك یەك کە تەماشات دەکات نازانێ چۆن لە ژیاندا ماویت، تۆ خۆت سەرت لە گوێی گۆڕ دەلەرزێ کەچی خەڵکی‌تر دەکوژیت، ئاخر خوێنی کەمت لەگەردنە؟

بێلۆبۆرۆدۆڤیش بەرپەرچی دایەوەو وتی:

-وەی کە فریشتەیەکی بەبەزەییت ، پێم ناڵیی ئەم دڵنەرمیەت لەکوێوە بۆ هاتووە؟

خلۆپووشا وەلامی دایەوە:

-گومانی تێدا نیە منیش گوناهبارم و ئەم دەستە ، (لێرەدا مستەکۆڵە ئەستوورەکەی تونگوشی و قۆڵی هەڵماڵی و مەچەکێکی تووکنی دەرخست) ، بەڵێ ئەم دەستە خوێنی کریستیانی زۆری ڕشتووە، بەلاّم من میوانم نەکوشتووە بەڵکو لە مەیدانی بەرفراوان و بەریندا، لە دارستانی چڕوتاریکدا کوشتوومن، نەك لە ماڵداو لە گوێ ئاگرداندا دانیشتبێتن و بەکوتەك و پشتە تەور کوشتوومن نەك بە قسە هێنان و بردنی ژنان.

لێرەدا پیرە ڕووی وەرگێڕاو ورتەورتێکی بۆ کرد و وتی:"هەی لووت بڕاو!"...

خلۆپووشا چاوی پەڕییە پشتی سەری و قیڕاندی بە سەریدا:

-ئەوە منجەمنجی چیتە، هەی پیرەمێردی ڕیوەڕیوکەری دەم بە هاوار؟ پیشانت دەدەم "لووت بڕاو" یانی چی. چاوەڕوان بە، ڕۆژت دێت و جا ئەوکاتە خۆت دەزانی چ یت بەسەر دێت و.. ئێستاش ئاگات لەخۆت بێ دەنا ئەو ڕیشەت تاڵ تاڵ لەبن دەردێنم!

پووگاچیۆڤ بەکەشوفشێکەوە هاواری کرد:

-جەنابی جەنەراڵەکان! بەسی بێ شەڕەدەم! دەردەکە لەوەدا نیە سەگەکانی ئۆرێنبوورگ هەموو بە یەك سێدارەدا هەڵ بواسرێن، لەوەدایە سەگەکانی خۆمان لە نێو خۆیاندا یەکتر بگەزن. خێرا ئاشت بنەوە، دەی!

نە خلۆپووشاو نە بێلۆبۆرۆدۆڤ کەسیان فززەیان نەکردو بە گرژ و مۆنییەکەوە دەیانڕوانیە یەکتر. لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی گفتوگۆکە بگۆڕم چونکە لەوانە بوو کۆتاییەکی باشی بۆ من تێدا نەبێ، بۆیە تەماشایەکی پووگاچیۆڤ م کرد و بە ڕووخۆشییەوە پێموت: "ئای! خەریکبوو لەبیرم بچێتەوە سوپاست بکەم بۆ ئەسپەکەت و پاڵتۆکە. ئەگەر تۆ نەبوایەی نەدەگەیشتمە شار و سەرما لە ڕێگادا ڕەقی دەکردمەوە".

فێڵەکەم سەری گرت و سیماو ڕوخساری پووگاچیۆڤ گەشایەوە و بە گاڵتەو چاو لێکنانێکەوە وتی: "قەرزی مەردان نافەوتێ ، ئێستاش پێم بڵێ کارت بە سەر ئەو کیژەوە چیە کە شڤابرین

خراپەی لەگەڵ دەکا ت! تۆ بڵێی یاری لاوی سەوداسەرو شەیدا نەبێ؟ ها؟".

-دەزگیرانمە.

کە سەیرم کرد بارودۆخەکە بە لای مندا دەگۆڕێ، بە پێویستم نەزانی ڕاستی بشارمەوەو بەوە وەڵام یم دایەوە و پووگاچیۆڤ هاواری کرد:

-دەزگیرانتە؟ ئەی باشە بۆ لەمەوپێش نەتوتووە؟ کەواتە بۆت دەهێنین و ئاهەنگی شایی و زەماوەندت بۆ دەگێڕین- پاشان ڕووی دەمی کردە بێلۆبۆرۆدۆڤ و وتی : گوێ بگرە، فیلدمارشاڵ! من و جەنابی دوو دۆستی دێرینی یەکترین، با بچینە سەر خوان و شیو بکەین، سبەینان لە ئێواران بە حوکمترە و با بزانین سبەینێ چی لێدەکەین.

حەزم کرد ئەگەر بمتوانیبایە ئەم ڕێزلێنانە بدەمە دواوە، بەڵام نەدەکراو چار نەبوو. پاشان دوو کیژە قەوزاق کە هەردوکیان کچی خاوەن ماڵەکە ب وون، ڕایەخێکی سپییان بە سەر خوانەکەدا ڕاخست و نان و شۆربای ماسی و هەندێ گۆزەڵە شەرابیان هێناو بۆ جاری دووەم خۆم لەگەڵ پووگاچیۆڤ و هاوەڵە سامناکەکانیدا لە سەر خوانێك بینیەوە.

ئەم بەزمی بانگهێشتنە کە بە ناچاری تێیدا بەشدار بووم تاشەو درەنگانێك درێژەی کێشا. سەرەنجامەکەی مەستی و سەرخۆشی پرزەی لە پێڕی مەینۆشان بڕی. پووگاچیۆڤ لە شوێنەکەی خۆیدا بە دانیشتنەوە وەنەوز بردیەوە. هاوڕێکانی هەڵسان و بە ئیشارەت

تێیانگەیاندم کە بەجێ یهێڵم. منیش لەگەڵیاندا دەرچووم‌و بە فەرمانی خلۆپووشا یاساوڵەکە دامیەبەر بۆ مەڵبەندی کارگێڕی و، لەوێ ڕوانیم ساڤێلیچ بەندەو منیشیان کردەلای ئەو و دەرگایان لە سەر کلۆم کردین. ساڤێلیچی بەخێوکەر و یاوەری دڵسۆزم لەم هەموو شتەی کە ڕوویدا تەواو ئەبڵەق و حەپەسابوو ، لەبەر ئەوە هیچ پرسیارێکی لێهەکردم‌و لە تاریکیهەکەدا ڕاکشاو ماوەیەك ئاخ و هەناسەی هەڵکێشا تا لەدواییدا پرخەی خەوێکی قووڵی لێهەڵسا. لەملاشەوە من خۆم دابووە دەست تێڕامان و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و بە درێژایی شەو خەو نەچووە چاوم. بۆ سبەینێ هاتن بە ناوی پووگاچیۆڤەوە داوایان کردم و کاتێ ڕۆیشتم بۆ لای سەیرم کرد عەرەبانەکەی لەبەر دەرگادا وەستاوە و سێ ئەسپی تاتاریی ل یهەستراوە و ئاپۆرەی خەڵکیش لە شەقامەکەدا کۆبوونەتەوە . لە دالانەکەدا چاوم بە پووگاچیۆڤ کەوت و جلی سەفەری لەبەر کردبوو ، کە برتی بوو لە کەوڵێك و کلاوێکی کیرغیزی. هاوخوانەکانی دوێنێ شەو دەوروپشتیان گرتبوو و دیمەنێکی ملکەچانەیان وەرگرتبوو کە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەبوو کە دوێنێ شەو بینیم. پووگاچیۆڤ بە خۆشحاڵی‌یەوە سلاوی لێکردم و فەرمانی پێدام لە عەرەبانەکەدا لەگەڵی دانیشم.

لە گەڵ پووگاچیۆڤ هەردوکمان پێکەوە دانیشتین و بە کابرا تاتارە ناوشان پانەکەی وت، کە بە پێوە وەستابوو ئەسپەکانی لێدەخوڕی: "بۆ قەلای بێلۆگۆرسك!". لێرەدا دڵم بە توندی داخورپا. ئەسپەکان کەوتنە ج ووڵەو زەنگ لێدراو عەرەبانەکە بە

خێرایی بۆیەرچو و. لەم ئان و ساتەدا دەنگێکی ئاشنا بەگوێم بەرزبووەوە و هاواری لێکردم: "ڕاوەستە! ڕاوەستە!". تەماشام کرد ساڤێلیچە ڕادەکات بۆ ئەوەی پێماندا بگات. پووگاچیۆڤ فەرمانی وەستانی دا و لەلەکەم هاواری کرد: "گیانەکەم، پێتەر ئەندرییێڤیچ! لەم پیرییەمدا بەجێممەهێڵە لە ناو ئەم ساختـ...". پووگاچیۆڤ پێی وت: "ئەمە تۆی، پیرەی بۆڵەبۆڵ کەرەی دەم بە هاوار؟ جارێکی دیکەش خوا لە چارەی نووسیم بتبینمەوە ، خێراکە لەگەڵ عەرەبانچییەکە دانیشە".

ساڤێلیچ بە دەم دانیشتنەوە وتی:

-سوپاس تسار، سوپاس گەورەم! خوایکا سەد ساڵ بەلەشساغی و تەندروست بژیت، لە پاداشتی چاودێری کردن و دڵنیا کردنەوەی منی پیرەمێرددا. تا لەژیاندا ماوم دۆعای خێرت بۆ دەکەم و ئیتر لە ئێستا بەدواوە ناوی پاڵتۆکەوڵە کەروێشکەکە ناهێنم.

ئەم ناوهێنانەی پاڵتۆ کەوڵە کەروێشکەکە دەبوو ئەمجارە پووگاچیۆڤ بە توندی تووڕە بکات. بەڵام لە خۆشبەختی ساڤێلیچدا ساختەچی، یان بە چاکی گوێی لێ نەبوو، یان ئەم لەڕوودانە نابەجێیەی پشتگوێ خست. ئەسپ دایانە غار و خەڵکیش لە شەقامەکەدا ڕاوەستاب وون و تا ناوقەدیان دەنووشتاندەوە. پووگاچیۆڤیش بە ڕاست و بە چەپدا سەری دادەنەواند و لە پاش ماوەیەکی کەم لە گوند دەرچووین و بە شاڕێیەکدا ڕۆیشتین. مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ هەست و هۆشی ئەو ساتەم ت ێبگا ت و پاش چەند سەعاتێك چاوم بەو کیژە دەکەوێتەوە کە لەلایەن خۆمەوە بە

لەدەستچووم دانابوو و خەیاڵم لەو ساتەی چاوپێکەوتنمان دەرکردەوە. هەروەها بیریشم لەو پیاوە دەکردەوە کە چارەنووسی منی بەدەست بوو و، بەهۆی ئەم ئاڵۆز یەه سەیرو سەرسامکەرەی باروزرووفەوە پێوەند یەەکی نادیارو تەم ومژاویم لەگەڵ پەیدا کردووە. ئەو دڵڕەق یەه ملهوڕ یەەو ئەو خووە بە خوێن تینووانەم هاتەوە یاد کە ئەم کابرایەی لە سەر ڕاهاتبوو، ئەمەی کە بۆ من هەڵکەوتووە ببێتە ڕزگارکەری خۆشەویستەکەم! پووگاچیۆڤ نەیدەزانی کە ئەو کچی میرۆنۆڤی فەرماندە یە. شڤابرین لەتوانایدا بوو لە کاتی ڕق و تووڕەیی‌دا هەموو شتێك ئاشکرا بکات و لەوانەش بوو پووگاچیۆڤ لە ڕێگایەکی دیکەوە ئەم ڕاستیەه بزانێ.. ئیترئەو کاتە چی لە مارییا ئیڤانۆڤنا دەمێنێتەوە؟ تەزوویەکی سارد بە گیانم دا هات و تووکی سەرم گرژ بوو. لەپڕ پووگاچیۆڤ خەیاڵ و تێڕامانەکەی پچڕیم کاتێ کە ئەم پرسیارەی لێکردم:

-ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە، خاوەن شکۆ؟

-ئەی چۆن بیر نەکەمەوە؟ من ئەفسەرم و ڕەسەنزادەم. تا دوێنێ دژت دەجەنگام، بەڵام ئەمڕۆ وا لەگەڵتدا لە عەرەبانەیەکدا سوار بووم و هەموو بەختەوەریی ژیانم لە سەر تۆ ڕاوەستاوە.

پووگاچیۆڤ پرسی:

-باشە ئەمە دەتترسێنێ؟

وەڵامم دایەوە:

-مادام تۆ جارێکیان لێمخۆشبوویت، من ئێستا ئومێدم نەك هەر بەزەیی و دڵفراوانیتە، بەڵکو بەتەمام یارمەتیشم بدەیت.

کابرای ساختەچی لە وەڵامدا وتی:

تۆ ڕاست دەکەیت بە خوا قەسەم ڕاست دەکەیت! من پیاوەکانی خۆمم دەبینی کە چۆن بە ڕق ومۆنییەوە تەماشایان دەکرد یت و ئەمڕۆش پیرە دیسان سوور بوو لە سەر ئەوەی کە سیخوڕ یت و دەبێ بخرێیتە ژێر دارو فەلاقەوەو لە قەنارە بدرێیت. بەڵام من ڕازی نەبووم - لێرەدا دەنگیشی نزم کردەوە تاوەکو ساڤێلیچ و عەرەبانچیە تاتارەکە نەیبیستن و وتی - لەبەر ئەوەی من لەیادمە کە تۆ پەرداخە مەیەکەو پاڵتۆ کەوڵە کەرویشکەکەت دامێ ، وا تۆ خۆت بە چاوی خۆت دەیبینی من خوێنڕێژ نیم وەك برادەرەکانت بۆیەچن و بیری لێدەکەنەوە.

منیش داگیرکردنی قەڵای بێلۆگۆرسکم بیرکەوتەوە بەڵام بە پێویستم نەزانی چەندو چ وونی لەگەڵ بکەم و بە هیچ قسەیەك وەڵامم نەدایەوە.

پووگاچیۆڤ پاش ئەوەی کەمێك بێدەنگ بوو پرسی:

-باشە سەبارەت بە من چی دەڵێن لە ئۆرێنبوورگ؟

-دەڵێن زاڵبوون بە سەرتدا کارێکی ئاسان نیە و پیاو ڕاست بڵێ ناوبانگیشت بڵاوبووەتەوە. ئەم قسەیە بە ئارەزووی دڵی کابرای ساختەچیی لەخۆبایی بوو، ئەمەش ڕەزامەندیی بە سیماو ڕوخساریەوە دەرخست و بۆیە بە خۆشنوودییەکی ئاشکراوە وتی:

-بەڵێ! من لە شەڕ و کوشتاردا لێهاتووم. باشە خەڵکی لای ئێوە لە ئۆرێنبوورگ بەو شەڕە دەزانن کە لە نزیکی قەڵای

یووزییڤایادا [5] ڕوویدا؟ لەو شەڕەدا چل جەنەراڵمان کوشتو، چوار لەشکرمان بەدیل گرت. دەڵێی چی، پاشای پرووسیاش دەتوانێ خۆی بدا لەقەرەم؟

خۆ هەڵکێشانی ئەم ڕێگرەم بە گاڵتەو گەپ هاتە بەرچاو لەبەر ئەوە پێموت:

- ئەی تۆ خۆت ڕات چیە؟ دەتوانی بە سەر فەرێدریکدا[6] زاڵ ببیت؟

. بە سەر فیۆدۆر فیۆدرۆڤیچ دا[7]؟ ئەی چۆن؟ چونکە من جەنەراڵەکانی ئێوە دەبەزێنمو ئەوانیش ئەویان بەزاندووە. من بەم هێزە چەکدارەی ئێستام بەختەوەرم و ماوەیەك چاوەڕێ دەکەم و دواتر کاتێ کە دەدەم بە سەر مۆسکۆدا کاری گەورە گەورە ڕادەپەڕێنم.

- بۆ دەتەوێ بە سەر مۆسکۆدا بدەیت؟

---

(5) لە 8 و 9 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1773 دا گاردی پێشکەوتووی سوپا لە ژێر سەرکردایەتیی مێجەر ـ جەنەراڵ (کار) دا کە لە بەرانبەر هێزە سەرکەوتووەکانی پووگاچیۆڤدا پاشەکشێی دەکرد لە نزیك گوندی یووزییڤایا، کە نزیکەی80 میل لە ئۆرێنبوورگەوە دوورە، ئابڵووقە دراو بە تەواوی بۆڕدرا. فەرماندەکەیان کۆڵۆنێل چێرنیشۆڤ لەگەڵ32 ئەفسەری دیکەی گیراودا بران بۆ بێردسك و لەوێ کران بەداردا.

(6) پاشای پرووسیا فرێدریکی گەورە (1712 – 1786) لە شەڕی حەوت ساڵەی نێوان ڕووسیاو پرووسیادا (1756 – 1763) تووشی بەزینێکی سەخت بوو کە لە ئەنجامیدا سوپای ڕووس بەرلینی گرت.

(7) پووگاچیۆڤ لێرەدا ناوی پاشای پرووسیا فرێدریك دەگۆڕێتە سەر شێوە ناوهێنانی ڕووسی بۆ گاڵتە پێکردنی.

ساختەچی کەمێك بیری کردەوە و پاشان بە دەنگێکی نزم وتی:

- خوا دەیزانێ ، ڕێگاکەم سەخت و هەڵەتە و سەربەستیش کەمە. پیاوەکانم دزن، مەرایی و کلکەلەقێ دەکەن و دەبێ ئاگام لە خۆم بێت چونکە ئەوان لە یەکەم نووچداندا سەرم لە پێناوی ڕزگاربوونی خۆیاندا دەفرۆشن.

منیش پێموت:

-زۆر ڕاستە! کەواتە چاکتر نیە خۆت لە کاتێکی شیاودا دەستیان لێ هەڵبگری و داوای لێخۆشبوونی خانمی تسار بکەی؟

پووگاچیۆڤ بزەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی و وتی:

-نە، کاتی پەشیمانی بەسەرچوو ە و تازە لێخۆشبوونم بۆ نیە ، چۆنم دەست پێکردووە هەروا لە سەری دەڕۆم کێ دەزانێ؟ لەوانەشە سەربکەوم! خۆ گریشکا ئۆترێپیێڤیش حوکمی مۆسکۆی کرد.

-بەڵام خۆ دەزانی بە چی کۆتایی پێهات؟ لە پەنجەرەوە فڕێیاندا خوارەوەو، ئەوجا ونجڕ ونجریان کرد و سووتاندیان و تۆپێکیان بە خۆڵەمێشەکەی داگرتەوەو تەقاندیان! پووگاچیۆڤ بە سرووشێکی جانەوەرانەوە وتی:

-گوێ بگرە! چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە کە منداڵ بووم پیرەژنێکی کاڵمیکی بۆی گێڕامەوە. جارێکیان هەڵۆیەك لە قەلەڕەشێك دەپرسێ: پێم بڵێ، قەلەڕەش، بۆچی تۆ لە دنیادا سێ سەد ساڵ دەژیت، کەچی من سی وسێ ساڵ زیاتر ناژیم؟ قەلەڕەش وەڵامی دایەوە: برام، ئەوە لەبەر ئەوەی تۆ خوێنی زیندوو دەخۆیتەوە بەڵام من لاکی تۆپیو دەخۆم. هەڵۆ بیری کردەوەو

پاشان وتی: دەبێ هەوڵ بدەم لەهەمان خۆراك بخۆم. چاکە هەڵۆو قەلەڕەش پێکەوە هەڵفڕین لە ئاسمانەوە ئەسپێکی تۆپیویان بینی و لە سەری نیشتنەوە. قەلەڕەش بە تام و چێژەوە کەوتە دەنووك لێدانی، لەولاشەوە هەڵۆ جارێك و دوان دەنووکی لێداو دواجار کەوتە باڵ بەیەکدادان و بە قەلەڕەشی وت: نە خێر قەلەڕەشی ئازیزم، یەك جار خوێنێکی زیندوو بخۆمەوە چاکترە لەوەی سێ سەد ساڵ بە سەر لاکی تۆپیوەوە بژیم، خواش خۆی چاکی دەزانێ! ڕات لەم چیرۆکە کاڵمیکیە چیە؟

وەڵامم دایەوە:

-زۆر خۆشە ، بەڵام ژیان و گوزەران بە کوشتن و بڕین و تاڵانکردن بە ڕای من وەك ژیان و گوزەرانی سەر لاکی تۆپیو وایە.

پووگاچیۆڤ بە واق وڕمانێکەوە تێیڕوانی م و هیچ وەڵام ێك ی نەدایەوە. لێرەدا هەردوکمان بێدەنگ بووین و هەر یەکە نوقمی بیرو خەیاڵاتی خۆی بوو. کابرای تاتار کەوتە چڕینی گۆرانییەکی خەم ناك و ساڤێلیچیش بە دەم خەوبردنەوەوە لەرەلەری بوو بە سەر جێگەی عەرەبانچییەکەوە. عەرەبانەکەش بۆێگە خزە زستانیەکەدا بە خێرایی دەڕۆیشت تا لە ناکاو گوندێکی بچکۆلانەم بە سەر ڕۆخە بەرزەکەی ڕووباری یایکەوەبینی، بە پەرژین و قوللەی زەنگی کەنیسەکەیەوە و پاش چارەکێك چووینە ناو قەڵای بێڵۆگۆرسکەوە.

## بەشی دوانزەهەم

# کیژی بێ باوك و دایك

**وەك دارسێوی لای خۆمان**
**نە سەری هەیەو نە لق و پۆ**
**وەك کیژە شازادە بچكۆلەكەمان**
**نە باوكی هەیەو نەدایك ..**
**نە كەسی هەیە چاودێریی بكات و**
**نە كەسیشی هەیە پیرۆزی بكات.**

**گۆرانییەكی زەماوەند**

عەرەبانەکە گەیشتە بەردەرگای ماڵی فەرماندەو خەڵکەکە زەنگی عەرەبانەکەی پووگاچیۆڤیان ناسییەوەو بە ڕاکردن کەوتنە شوێنی. شڤابرین لە بەردەرگاوە هات بە پیریی کابرای ساختەچییەوەو جل و بەرگێکی قەوزاقیانەی پۆشیبوو و ڕیشی لێ بەردابۆوە. ئەم خۆفرۆشە کەوتە یارمەتیدانی پووگاچیۆڤ بۆ دەرچوونی لە عەرەبانەکەو بە دەستەواژەی سەرشۆڕانە خۆشحاڵی و دڵگەرمیی خۆی دەردەبڕی. کاتێ کە منی بینی شڵەژا، بەڵام خێرا خۆی گرتەوەو دەستی بۆ درێژکردم و وتی: "هاتیتە پاڵمان؟ دەبوایە زۆر زووتر ئەمەت بکردایە!". منیش ڕووم لێوەرگێڕاو هیچم نەوت.

کاتێ خۆم لەو ژوورەدا بینییەوە کە دەمێك بوو پێیڕاهاتبووم دڵم پڕ بوو لە ئێش و ئازار. هێشتا بڕوانامەکەی فەرماندەی خوالێخۆشبوو هەر لە جێگەکەی خۆیدا بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دەتوت یادگارێکی سەردەمی ڕابوردووە. پووگاچیۆڤ لە سەر ئەو قەنەفەیە دانیشت کە پێشتر ئیڤان کووزمیچ لە سەری وەنەوز دەیبردەوەو ورە وری ژنەکەی بۆی دەبووە لایلایە. شڤابرین بە دەستی خۆی ڤۆدکای بۆ هێنا و پووگاچیۆڤ پەرداخێکی هەڵداو بەدەست ڕاکێشانەوە بۆ من وتی: "بۆ خاوەن شکۆشی دانێ". شڤابرینیش بە سینییەکەیەوە هاتە پێشەوە، بەڵام من دووبارە ڕووم لێوەرچەرخاند. شڤابرین لە دۆخی ئاسایی خۆیدا نەبوو و بێگومان بە زیرەکیی تایبەتیی خۆی هەستی بەوە کردبوو کە پووگاچیۆڤ لێی ڕازی نیە، بۆیە لەبەردەمیدا دەترساو بە دوودڵی و گومانیشەوە تەماشا ی منی دەکرد. پووگاچیۆڤ سەبارەت بە

بارودۆخی قەڵاو واتەوات لەبارەی هێزەکانی دوژمنەوە و شتی لەم بابەتەی لێپرسی ، بەڵام لەناکاو بە بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەی لێکرێ پرسی:

-پێم بڵێ برا، ئەم کچە کێیە لەلای خۆت بەندت کردووە؟ ئادەی پیشانم بدە.

شڤابرین ڕەنگی مردووی لێ نیشت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

-گەورەم .. گەورەم، ئەو کچە بەند نەکراوە.. بەڵکو نەخۆشە و.. ئێستا لە ژوورەکەدا ڕاکشاوە.

-کوا لەکوێیە با بیبینم.

ساختەچی ئەمەی وت و لەجێگەکەی خۆی هەستا و بە هیچ کلۆجێك نەدەکرا ڕێگەی لێ بگری. شڤابرین پێشی کەوت بۆ لای مارییا ئیڤانۆڤناو منیش شوێنیان کەوتم.

شڤابرین لە سەر پێپلیکانەکە ڕاوەستاو وتی:

ـ گەورەم، هەرچیەکت لێمدەوێ سەرم لەڕێگەتدایە، بەڵام مەهێڵە کەسێکی نامۆ بێتە ژووری ژنەکەمەوە.

سەرتاپای لەشم تەزوویەکی پێداهات و خۆم ئامادە کرد بۆ لەتوپەت کردنی شڤابرین و پێموت:

ـ کەواتە ژنت هێناوە!

پووگاچیۆڤ قسەکەی پێبڕیم و وتی:

ـ بێدەنگ بە! ئەمە شتێکی تایبەت بە منە و لێرەدا ڕووی دەمی کردە شڤابرین و وتی:

– تۆش کلکەلەقێ مەکەو بڕوبیانووم بۆ مەهێنەوە، ژنت بێ یان ژنت نەبێ من سەربەستم هەر کەسێ بێنمە ژوورەوە بۆ لای، ئادەی شوێنم کەوە خاوەن شکۆ.

شڤابرین جارێکی دیکە لە دەرگای ژوورەکەدا وەستاو بە دەنگێکی بچڕ بچڕەوە وتی:

- گەورەم، تکات لێدەکەم تا یەکی گەرمی لێهاتووە و خەریکە دەیسووتێنێ، ئەوە سێ ڕۆژە بەردەوام وڕێنە دەکات.

بەڵام پووگاچیۆڤ تێیخوڕی:

- خێرا بیکەرەوە!

شڤابرین کەوتە پشکنینی گیرفانەکانی و وای لەقەڵەمدا کەوا کلیلەکەی لەگەڵ خۆی نەهێناوە. پووگاچیۆڤ لەقەیەکی بە دەرگاکەدا کێشاو ئەڵقەڕێزەکە ترازا و دەرگا کرایەوەو چووینە ژوورەوە.

کە تەماشام کرد دنیام لەبەرچاو تاریك بوو. مارییا ئیڤانۆڤنا لە سەر زەوی دانیشتبوو، دەستە جلێکی شڕی لە چەشنی جلی ژنە جووتیارانی لەبەرکردبوو، لەڕولاواز و ڕەنگ هەڵپڕووکاو ، پرچی شێواو و ئاڵۆسکاو ، گۆزەیەك ئاوی لەبەردەمدا دانرابوو و پارچە نانێکی خرابووە سەر. هەر کە بینیمی ڕاچڵەکی و قیژاندی و ئێستا نایەتەوە یادم ئەو کاتە چیم بەسەرهات.

پووگاچیۆڤ تەماشایەکی شڤابرینی کرد و بە تەوسێکەوە پێی وت:

-ئامەخوا نەخۆشخانەیەکی نایابت هەیە!

پاشان لە   مارییا ئیڤانۆڤنا نزیك بووەوە و وتی: پێم بڵێ گیانەکەم، بۆچی مێردەکەت بەمجۆرە سزات دەدا   ، چ تاوانێکت دەرهەق کردووە؟

ئەویش بە دووبات کردنەوە وتی:

-مێردەکەم؟ ئەو مێردی من نیە، من هەرگیز نابم بە ژنی و مردنم پێباشترە لەوەی ببم بە ژنی ئەم کابرایە و دەستم دامێنتان   ئەگەر یەکێك ڕزگارم نەکات دەمرم.

پوگاچیۆڤ بە چاوێکی پڕ لە هەڕەشەوە سەیرێکی شڤابرینی کرد و پێی وت:

- پڕکێشی ئەوەت کردووە فریوم بدەیت   ، خوێڕی دەزانی تۆ شایانی چیت؟

لێرەدا شڤابرین کەوت بە سەر هەردوو پێیدا  و لەو ساتەدا بێز لێگردنەوە هەرچی هەستی ڕق     و قین لەدڵمابوو هەمووی داپۆشیبوو، بۆیە بە قێزەوە تەماشایەکی ئەم ڕەسەنزادەیەم دەکرد کە چۆکی دادابووە  بەر پێی قەوزاقێکی پەڕ تەوازە. پاش تاوێك گرژی و تووڕەیی پووگاچیۆڤ خاوبووەوەو بە شڤابرینی وت:

-گوێ بگرە،   ئەمجارەیان دەتبەخشم  ، بەڵام بزانە هەر کە گوناهێکی دیکەت کرد سزای ئەمیشت لەگەڵ ئەودا دەدەم.

پاشان ڕوویکردە مارییا ئیڤانۆڤنا و بە سۆز و نەرمییەکەوە پێی وت:

-دەرچۆ دەرەوە، کیژی جوان    ، وامنی تسار سەرفرازیت پێدەبەخشم.

مارییا ئیڤانۆڤنا بەخێرایی سەیرێکی کرد و هەستی کرد کە ئەم پیاوەی بە راسەریەوەیە هەمان ئەو کەسەیە کە باوك و دایکی کوشتووە و بۆیە بە هەردوو دەستی دەم و چاوی داپۆشی و بوورایەوە. من بە پەلە پڕمدایە ، بەڵام لەو ساتەوەختەدا پالاشای دۆستی دێرینم بەوپەڕی بوێرییەوە خۆی کرد بە ژوورەکەداو گەیشتە فریای خانمەکەی. پووگاچیۆڤ لە ژوورەکە دەرچوو و، هەرسێکمان ڕۆیشتین بۆ هۆدەی میوان.

پووگاچیۆڤ بە پێکەنینەوە وتی:

-چی دەڵێی، خاوەن شکۆ؟ وا کیژە جوان و نەشمیلانەکەمان دەرباز کرد! ئیدی ڕات چیە بنێرین بە شوێن قەشەدا بۆ مارە بڕینی برازای ژنەکەی؟ پێموایە من دەبم بە باوکی زاواو شڤابرینیش بە شایەت. ئەوجا دەرگا لە سەر خۆمان دادەخەین و لە دەریایەکی مەیدا ئاهەنگ ساز دەکەین.

لێرەدا ئەوەی کە من لێی دەترسام ڕوو یداو شڤابرین هەر کە پێشنیا زەکەی پووگاچیۆڤی بیست خۆی پ ێانەگیراو وەك شێت هاواری کرد:

-گەورەم! من گوناهکارم بەوەی کە درۆم لەگەڵ کردوویت، بەڵام گرینیۆڤیش دیسان چاوبەستیت لێدەکات. ئەم کچە برازای ژنەکەی قەشە نیە، بەڵکو کچی ئیڤان میرۆنۆڤە کە لە کاتی داگیرکردنی قەڵادا لەسێدارە درا.

پووگاچیۆڤ چاوە ئاگرینەکانی تێبڕیم و بە سەرسامییەوە وتی:

-ئەمە مانای بەچی؟

منیش بە توندی وەڵامم دایەوە:

-شڤابرین ڕاستی پێ وتووی.

پووگاچیۆڤ ڕووی گرژ و مۆن کرد و وتی:

-ئاخر تۆ ئەوەت پێ نەوتم.

وەڵامم دایەوە:

-تۆ خۆت حوکم بدە: دەکرا من لەبەردەمی پیاوەکانتدا ئەوە دەربڕم کە کچی میرۆنۆڤ زیندووە؟ ئەوەم بکردایە ئەوان لەت لەتیان دەکرد و هیچ شتێك ڕزگاری نەدەکرد!

پووگاچیۆڤ بە بزەیەکەوە وتی:

-ئەمەیان ڕاستە ، ئەو کاتە پیاوە بەدمەستەکانم بەزەییان بەم کیژە داماوەدا نەدەهاتەوە. ژنەکەی قەشە چاکی کردووە کە فریوی داون.

لێرەدا کە بینیم مەزاجی پووگاچیۆڤ لەبارە دەستم کردەوە بە قسە کردن:

-گوێت لێبێ، نازانم چۆنت بانگ بکەم و ناشمەوێ بزانم.. بەڵام خوا خۆی دەزانێ کە من خۆشحاڵ دەبم بەوەی ژیانی خۆمت بۆ بەخت بکەم لە پاداشتی ئەم چاکەیەتدا. تەنها داوای کارێکم لێ مەکە لەگەڵ شەرەف و ویژدانی مەسیحیانەم نەگونجێ ، تۆ چاکەو پیاوەتیت لەگەڵ کردووم و ئەوەی کە دەستت داوەتێ تەواوی بکەو لەگەڵ ئەم کیژە بێ باوك و دایکە ڕێگەمان بدە بڕۆین بۆ هەر شوێنێك خوا کردبێتی و دۆعای خێرت بۆ دەکەین لە هەر جێگە و

شوێنێك بيت و هەرچيەكت بەسەربێت و لەخوا دەپاڕێینەوە گیانی گوناهکارت ڕزگار بکات...

وادیار بوو دڵە سەخت و ڕەقەکەی پووگاچیۆڤ نەرم بوو ، بۆیە وتی: "چیت دەوێ باوابێ! سزام سەختەو لێخۆشب وونیشم بەبێ‌ڕایانە. خوو و پیشەی من ئەمەیە، کیژە نەشمیلانەکەت ببەو بۆ کوێ دەچی بچۆ، خوا خۆشەویستی و ڕێگای ڕاستتان پێ ڕەوا ببینێ!".

پاشان ڕووی‌کردە شڤابرین و فەرمانی دایە پسووڵەیەکی ڕوخسەتم بۆ بنووسێ بۆ تێپەڕب وونم لە هەموو ئەو مەڵبەندی پاسەوانی و قەڵایانەی کە لە قەڵەمڕەیدان (واتە قەڵەمڕەوی پووگاچیۆڤ). شڤابرینی سەرشۆڕ یش دەستەونەزەر وەستابوو دەتوت هەورە تریشقە لێ یداوە. دواجار پووگاچیۆڤ دەرچوو بۆ سەردانی قەڵاو شڤابرینیش کەوتە تەکی. منیش بە بیانووی خۆ ئامادەکردنەوە بۆ سەفەر لەوێ مامەوە و دوای ئەوان ڕامکرد بۆ هۆدەکەی مارییا ئیڤانۆڤنا. دەرگا داخرابوو لێمداو، پالاشا پرسی: "ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا؟" ناوی خۆم هێنا و دەنگە خۆشەکەی مارییا ئیڤانۆڤنا لە پشتی دەرگاکەوە بەرز بووەوە: "چاوەڕێ بکە، پیێتەر ئەندرییێڤیچ، من وا جلەکانم دەگۆڕم. بڕۆ بۆ لای ئەکوولینا پامفیلۆڤنا، هەر ئێستا دێم بۆ ئەوێ".

ملکەچی فەرمانەکەی بووم و چووم بۆ ماڵی باوە گێراسیم. قەشەو ژنەکەی پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم چونکە ساڤێلیچ هەواڵی هاتنی منی پێ گەیاندبوون. ژنەکەی قەشە وتی: "بەخێر

بێی، پێتەر ئەندرییێڤیچ، وا خواکردی سەرلەنوێ یەکتر ببینینەوە. حاڵ و وەزعت چۆنە؟ ئێمە هەموو ڕۆژێ یادی تۆمان دەکردەوە. بەڵام ماریا ئیڤانۆڤنای خۆشەویست لەبەر دووریی تۆ ئازار و ئەشکەنجەی زۆری چەش ت!.. پێم بڵێ کوڕم، چۆن لەگەڵ پووگاچیۆڤ ڕێککەوتووی؟ چۆن لەناوی نەبردووی؟ زۆر باشە، سوپاس بۆ ئەو پیاوخراپە ئەگەر هەر بۆ ئەمەش بێ". لێرەدا قەشە قسەکەی پێبڕی: "بەسە، پیرەژن ، هەرچیەك دەزانی هەڵیمەڕێژە چەنەبازی تالووکەی لەدوایە. گیانەکەم، پێتەر ئەندرییێڤیچ! تکایە وەرە ژوورەوە، دەمێکە نەمانبینیویت و تاسەت دەکەین".

پاشان ژنەکەی قەشە چ خواردنێك خوا دابووی هێنای، بەڵام قسەکانی هەر نەدەبڕییەوە. بۆی گێڕامەوە کە چۆن شڤابرین زۆری بۆ هێناب وون ماریا ئیڤانۆڤنای بدەنە دەست و چۆن ئەمیش گریاوەو نەیویستووە لێیان دابڕێت و بەردەوام لە ڕێگای پالاشاوە (ئەو کچەی کە خۆی کرد بە ژووردا و وا یکردبوو لە دەرەجەدارەکە بە بلوێری ئەو "واتە پالاشا" سەما بکا ت)، نامەی بۆ ناردووە و چۆن ئامۆژگاریی ماریا ئیڤانۆڤنای کردووە کە نامەم بۆ بنووسێ و شتی تری لەم بابەتە. منیش لای خۆمەوە بەکورتی باسی بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە. قەشەو ژنەکەی کە بیستیان پووگاچیۆڤ بە تەفرەدانەکەیانی زانیوە کەوتنە نیشانەی خاچ کێشان و ئەکولینا پامفیلۆڤنا وتی: "مەسیح فریامان کەوت! خوایە ئەم گەواڵە هەورەمان لە سەر بڕەوێنەوە! بەڵام ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ، بەڕاستی مرۆڤێکی نامەرد و نزمە!؟ لەو کاتەدا دەرگا

کرایەوەو مارییا ئیڤانۆڤنا بە بزەیەکی سەر ڕوومەتە ڕەنگ هەڵپرووکاوەکەیەوە خۆی کرد بە ژووردا. جلی ژنە جووتیارانی داماڵیبوو و وەك جاران دەستەجلێکی ڕێك و سادەی لەبەر کردبوو.

دەستیم گرت و تا ماوەیەکی زۆر وشەیەکم لە زار نەهاتەدەر و هەردوکمان لەوە بێدەنگ بووین کە دڵی پڕکردبووین و هیچمان بۆ دەرنەبڕرا. ژن و مێردی خانەخوێمان هەستیان بەوە کرد کە ئێمە هۆشمان لای ئەوان نەماوە، لەبەر ئەوە بەجێیانهێشتین. هەردوکمان بە جووتەماینەوە و هەموو شتێکمان لەبیرچووبۆوە و کەوتینە گفتوگۆ کردن بێئەوەی لەیەکتر تێر بین. مارییا ئیڤانۆڤنا باسی هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ گێڕامەوە کە بەسەر یهاتبوو هەر لە داگیرکەردنی قەڵاوە تا ئێستا و باسی ئەو بارودۆخە سامناکە و تەواوی ئەو ناخۆشی و دەردیسەر یەی بۆ کردم کە بە دەست شڤابرینی ناپیاوەوە چەشتبووی. هەروەها یادی ڕابوردووی خۆشمان کردەوە و هەردوکمان گریاین ... لەدواییدا کەوتمە ڕونکردنەوەی بیروڕای خۆم بۆی چونکە بەهیچ کلۆجێ نەدەبوو لە قەڵایەکدا بەجێی بێڵم کە بە دەستی پووگاچیوڤەوە بێ و شڤارینیش کاروباری بەڕێوەببات. هەروەها نەشدەبوو بیر لە ئۆرێنبوورگ بکەینەوە کە تووشی ئەو هەموو دەردو مەینەتەی گەمارۆدان بووبوو. لەم دنیایەدا هیچ خزم و کەسێکی نەبوو پەنای بۆ بەرێ ، بۆیە پێشنیارم کرد کە بڕوات بۆ گوندەکەی باوکم. لە سەرەتادا دوودڵ بوو، چونکە دەترسا لەوەی کە دەیزانی باوکم حەزی پێناکات، بەڵام من هێوڕم کردەوەو دەمزانی باوکم ئەوە بە شەرەف

و پێویستییەکی سەرشانی خۆی دادەنێ کە دالْدەی کچی جەنگاوەرێکی لێهاتوو بدات لە ڕێگای نیشتماندا سەری دانابێت. لەدواییدا پێموت: "خۆشەویستەکەم مارییا ئیڤانۆڤنا! من بە خێزانی خۆمت دادەنێم و بارودۆخێکی سەرسوڕهاوەر بە چەشنێ یەکیخستووین جیابوونەوەی بۆ نەبێ و، هیچ شتێك لە دنیادا ناتوانێ لەیەکمان دابڕێ".

مارییا ئیڤانۆڤنا بە ساکارییەوە و بە بێ هیچ شەرمێکی ساختە و نابێ و ناکر ییەکی رووکەشانە گوێی لێڕاگرتبووم. هەستی کردبوو کە چارەنووسی بەستراوە بە چارەنووسی منەوە. بەڵام هەردەم ئەوەی دووپات دەکردەوە کە بە بێ ڕەزامەندیی باوك و دایکم نابێتە هاوسەر م. منیش لەوەدا بەرهەڵستیم نەکرد و لەدواییدا دەستمان کردە ملی یەك و بە گەرمی و دڵسۆزییەوە یەکترمان ماچ کرد و بەمجۆرە هەموو شتێك لە نێوانماندا بڕیاردرا.

لە پاش نزیکەی کاتژمێر یێك دەرەجەدارەکە پسووڵەی تێپەڕبوونی بۆ هێنام کە بە کوێرە خەتەکەی پووگاچیۆڤ ئیمزا کرابوو و بانگی کردم بۆ ئەوەی بیبینم و وەختێ چووم بۆ لای روانیم خۆی ئامادە کردووە بۆ ڕۆیشتن. ناتوانم ئەوەی کە هەستم پێدەکرد ڕوونیبکەمەوە، لەکاتێکدا کە جیادەبوومەوە لەم پیاوە بەسامە کەوا بۆ هەموو کەس، منی لێترازێ، دێوێکی خراپەکار بوو. بۆچی ڕاستیێکەی نەڵێم؟ لەو ساتەدا دڵسۆزییەکی بەهێزیان بەرانبەری دایگرتبووم و بە دڵگەرمییەوە حەزم دەکرد لە ناو ئەو پیاوخراپانەی دەربێنم کە سەرکردایەتیی دەکردن و تا کار لە کار

نەترازاوە ڕزگاری بکەم. شڤابرین و ئەو خەڵکەی لە نزیکمانەوە کۆبووبونەوە نەیانهێشت ئەوەی لەدڵمدا سەرڕێژی دەکرد بۆی هەڵڕێژم . بە دۆستایەتی و خۆش حاڵیەوە لێکتر جیابووینەوە و کاتێ کە پووگاچیۆڤ چاوی بە ئەکوولینا پامفیلۆڤنا کەوت لە نێو عەشاماتەکەدا بە هەڕەشەوە پەنجەی بۆ ڕاوەشاندو چاوێکی ماناداری لێ داگرت. پاشان لە عەرەبانەکەدا دانیشتو فەرمانیدا بە عەرەبانچ یەکە بەرەو بێردسك بکەونەڕێ. کە ئەسپەکان کەوتنە جموجووڵ جارێکی دیکە لە عەرەبانەکە سەری دەرهێناو بانگی لێکردم: "خواحافیز، خاوەن شکۆ! لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە یەکتر بگەینەوە".

هەرواش بوو، دواتر یەکترمان بینی یەوە، بەڵام لە چ بارودۆخێکدا!

پووگاچیۆڤ ڕۆیشت و ماوەیەکی زۆر چاوم بڕییە ئەو دەشتە سپیەی عەرەبانەکەی ئەوی پێدا ڕۆیشت. خەڵکەکە بڵاوەیان لێکردو شڤابرینیش لەوناوەدا نەما. منیش گەڕامەوە بۆماڵی قەشە و هەموو شتێك بۆ سەفەرەکەمان ئامادە کرابوو و نەمویست لەوە زیاتر دوابکەوم. هەموو کەلوپەلەکەمان خرایە عەرەبانە کۆنەکەی فەرماندەوەو عەرەبانچیەکان خێرا ئەسپەکانیان لێ بەست. مارییا ئیڤانۆڤنا دەرچوو بۆ ماڵاوایی کردن لە دوو گۆڕەکەی باوك و دایکی کە لە پشتی کەنیسەکەوە نێژرابوون. ویستم لەگەڵیدا بچم، بەڵام تکای لێکردم کە وازی لێبێنم بە تەنها بچێت و لە پاش چەند ساتێك گەڕایەوەو بە بێدەنگی هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەڕشت.

عەرەبانەکە هێنراو باوە گێراسیم و ژنەکەی هاتنە بەردەرگای ماڵ و ئەوجا سێ کەس لە عەرەبانەکەدا دانیشتن: مارییا ئیڤانۆڤنا و پالاشا و من، ساڤێلیچیش سەرکەوتە تەنیشتی عەرەبانچییەکەوە. ژنە چاکەکەی قەشە وتی: "خوات لەگەڵ مارییا ئیڤانۆڤنای خۆشەویست! خوات لەگەڵ، پیۆتەر ئەندرییێڤیچی خۆشەویست، ئۆغرتان خێر بێ و لە خوا داواکارین بەختیاریتان پێ ببەخشێ!"، ئەوجا کەوتینەڕێ و شڤابرینم بەدی کرد لە پەنجەرەیەکی ماڵی فەرماندەدا وەستابوو، ڕق و تووڕەییەکی تاڵ بە سەر دەموچاویەوە نەخش بووبوو. نەمویست سەرکەوتنم بە سەر دوژمنێکی تێکشکاودا پیشان بدەم، لەبەر ئەوە ڕووم لێوەرگێڕا بۆ ئەوبەرەوە. دواجار لە دەروازەی قەڵاوە دەرچووین و بۆ هەتاهەتایە بەجێمانهێشت.

# بەشی سیانزەهەم

# بەند کردن

**مەیگرە دڵ، ئاغا چونکە ئەرکم**
**وا پێویست دەکا هەر ئێستا بتنێرمە گرتووخانە.**
**-فەرموو من ئامادەم، بەڵام هیوام وایە**
**ڕێگەم بدەی لەپێشدا مەسەلەکەت بۆ ڕونبکەمەوە.**

**کنیاژنین[1]**

(1) ئەم شیعرە لە دانانی پوشکین خۆیەتی بەڵام داوێتێ پاڵ کنیاژنین.

ڕێکەوت یەک‌یخستینەوە لەگەڵ کیژە دڵدارەکەمدا، کە تا ئەم بەیانییە هێجگار بۆی پەرێشان بووم. بڕوام بە خۆم نەدەکردو وامدەزانی تەواوی ئەمانەی بەسەر مندا هات و ڕوو ی‌دا لێم خەونێکی پووچ بوو. مارییا ئیڤانۆڤنا بە دەم تێڕامان و خەیاڵ ڕۆیشتنەوە جارێك دەیڕوانییە م ن و جارجارەش ڕێگاکە. وا دیار بوو وەك هێشتا بە هۆشی خۆیدا نەهاتبێ، هەردوك بێدەنگ بووین و هەردوکمان دڵمان تەواو گوشرابوو. پاش نزیکەی دوو سەعات و بەڵەوەی بە خۆمان بزانین گەیشتینە قەلاَکەی دەراوسێمان، ئەم قەلاَیەش دیسان لە ژێر دەستی پووگاچیۆڤدا بوو. ئەسپەکانمان لێرە گۆڕی و بەو خێراییەی ئەسپەکانیان پێ بەست لە عەرەبانەکەو بەو خزمەتە گورج و گۆڵەی ئەو کابرا قەوزاقە ڕیشنە کردینی کە پووگاچیۆڤ لێرە بە فەرماندە دایناب‌وو و بە هۆی فرەوێژیی ئەو عەرەبانچییەی تا ئێرەی هێناین، تێگەیشتم کە وەکو یەکێك لە داروەستەی تسارە ساختەچییەکەیان پێشوازییان لێکردم. پاشان کەوتینەوەڕێ و فرەی پێنەچوو تاریك داهات و نزیکی شارۆچکەیەك بووینەوە کە بە پێی قسەی فەرماندە ڕیشنەکە، مەفرەزەیەکی بەهێزی تێدایەو بە ڕێگاوەیە بۆ لەناوبردنی کابرای ساختەچی. پاسەوانە کان وەستاندینیان و عەرەبانچییەکە وەلاَمی پرسیاری " کێیە وا دێت"ی دایەوەو وتی: "عەڕابی تسارە لەگەڵ خێزانەکەیدا". لە ناکاو تاقمێکی سوارەمان لێئالاَن و بە شێوەیەکی ناشیرین کەوتنە جوێن پێدانمان.

دەرەجەدارێکی سوارەی سمێڵ فش پێی وتم: "دابەزە، هەی خزمی ئیبلیس! لێپرسینەوەیەکی گەرموگوڕ چاوەڕێی خۆت و خێزانتە!".

لە عەرەبانەکە دابەزیم و داوام کرد بمبات بۆ لای سەرۆکەکەیان. سەربازەکان کە بینیمیان ئەفسەرم وازیان لە جوێن پێدانم هێنا و کابرای دەرەجەدار وەبەرخۆی دام بۆ لای مێجەرەکە. ساڤێلیچیش بەجێی نەهێشتم و لەگەڵمدا هات و لە بەر خۆیەوە هەر منجەمنجی بوو و دەیوت: "ئەمەیە سەرەنجامی عەڕابێتی تسار! لە ئاگرێک دەردەچین، دەڕۆینە نێو بڵێسەیەکەوە.. خوای پەروەردگار! ئەم هەمووە بە چی کۆتایی پێ دێت؟" عەرەبانەکەش لەسەرخۆ بەدواماندا دەهات.

لە پاش پێنج دەقیقە گەیشتینە خانوویەکی بچووک کە بە جوانی ڕووناک کرابۆوە. دەرەجەدارەکە لە ژێر چاودێریی پاسەوانانندا بەجێی هێشتم و چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئامادەبوونم ڕابگەیەنێ. دەسبەجێ گەڕایەوەو ڕایگەیاند کە خاوەن پایە بڵند ناتوانێ پێشوازیم لێ بکات و فەرمانی داوە بمخاتە بەندیخانەوەو خانمیش بنێردرێ بۆ ماڵی خۆیان.

منیش وەکو شێت قیڕاندم بە سەریدا و وتم:

-ئەمە مانای بەچی؟ هەر بەڕاستی ئەقڵی تێکچووە؟

دەرەجەدارەکە وەڵامی دایەوە:

-نازانم خاوەن شکۆ، ئەوە نەبێ کە خاوەن پایە بڵند فەرمانی داوە خاوەن شکۆ بخرێتە بەندیخانەوەو، خانمی خاوەن شکۆش بنێردرێ بۆ لای خاوەن پایە بڵند، ئیتر وایە خاوەن شکۆ!

تاوم دا بۆ ژووەوە و یاساوڵەکان نەیانویست بموەستێنن و یەکسەر چوومە ژوورێکەوەو تەماشام کرد شەش حەوت ئەفسەری سوارە یاریی کاغەز دەکەن و مێجەرەکەش یارییەکەی بەڕێوە دەبرد. کاتێ کە لێی ورد بوومەوە بەجارێ واقم وڕماو، ناسیمەوە کە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زوورین بوو، ئەوەی لە مەیخانەکەی سیمبیرسکدا یارییەکەم لەگەڵ دۆڕاند. هاوارم کرد:

-باشە ئەمە خەو نیە دەیبینم؟ ئیڤان ئیڤانۆڤیچ! ئەمە خۆتی؟

- بەه، بەه، بەه، پێتەر ئەندرییێڤیچ! ئای لە چارەنووس چەند سەیرە! لە کوێوە هاتووی؟ بەخێربێی برا، ناتەوێ یاریی کاغەز بکەری؟

-سوپاست دەکەم، چاکتر وایە فەرمانی شوێنێکم بۆ بدەی تێیدا نیشتەجێ بم.

-پێویستت بە شوێن چیە؟ لای خۆم دابەزە.

-ناتوانم چونکە خۆم تەنها نیم.

-چاکە، خۆت و هاوڕێکەت وەرن.

-لەگەڵ هاوڕێدا نیم.. لەگەڵ.. خانمێکدام.

-لەگەڵ خانمێکدا؟ لەکوێ دەستت کەوتووە؟ ئێ، برا ( لێرەدا زوورین بە ماناوە فیکەیەکی کێشاو هەموو دایانە قاقای پێکەنین بۆی و منیش پەشۆکام).

زوورین درێژەی بە قسەکەی خۆی داو وتی:

-باوابێ ، خانوویەکت بۆ تەرخان دەکەم.. بەڵام ئەوە جێی داخە.. وانەبوایە دەمانکردە گاڵتەو ڕابواردنەکەی ئەوسامان..

هۆو!.. سەرباز! بۆچی عەڕابەکەی پووگاچیۆڤت نەهێنایە ژوورەوە بۆ ئێرە ، یان سەرپێچی دەکا؟ پێی بڵێ نابێ بترسی، بڵێ ئاغا پیاوێکی قەشەنگە، هیچ خراپەیەك ناکاو، ئەوجا پاڵێکی پێوەنێ بۆ ژوورەوە.

بە زوورینم وت:

-ئەمە چیە؟ عەڕابی پووگاچیۆڤی چی؟ کچی فەرماندەی خوالێخۆشبوو میرۆنۆڤە، لەدیلێتی دەرمهێناوەو ئێستا وا دەیبەم بۆ ماڵی باوکم بۆ ئەوەی لەوێ بمێنێتەوە.

-سەیرە! یانی ئەو هەواڵەی کە ئێستا پێیانڕاگەیاندم لەبارەی تۆوەیە؟ تکات لێدەکەم ئەمە یانی چی؟

-لەدواییدا هەموو شتێکت تێدەگەیەنم، بەڵام توخوا، ئێستا ئەو کچە بەستەزمانە هێوڕ بکەرەوە کە سوارەکانت تۆقاندوویانە.

زوورین دەسبەجێ فەرمانی کاروباری پێویستی دا، پاشان هەستاو چووە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکە تاوەکو پۆزش بۆ مارییا ئیڤانۆڤنا بێنێتەوە بۆ ئەم خراپ لێكحاڵیبوونە لابەلایەو فەرمانیدا بە دەرەجەدارەکە چاکترین خانووی بۆ دابین بکا ت و منیش لەوێ مامەوە و شەوم لای ئەو بەسەر برد.

دواجار پێکەوە شیومان کردو وەختێ هەردوکمان بە تەنها ماینەوە هەموو سەرەڕۆییەکانی خۆمم بۆ گێڕایەوە. زوورین بە بایەخێکی زۆرەوە گوێی بۆ شلکردبووم و ك اتێ لە قسەکانم بوومەوە سەرێکی ڕاوەشاندو وتی:"هەموو ئەوانە چاکن، برا، بەڵام تەنها یەك شت نەبێ ئەوەش چ شەیتانێ خستوویتێ سەر

کەڵکەکەی ئەوەی کەوا ژن بێنی؟ من ئەفسەرێکی بەشەرەفم و نامەوێ فریوت بدەم ، بڕوام پێ بکە ژنهێنان هەڵەشەییە. باشە پێویستیت چیە بە جەنجاڵ بوون بە ژن و منداڵ بەخێوکردنەوە ؟ واز لەوە بێنە بەگوێم بکەو خۆت دەربازکە لە کیژەکەی فەرماندە. ڕێگەی سیمبیرسك پاك کراوەتەوەو مسۆگەرەو سبەینێ بینێرە بۆ لای باوك و دایکت، خویشت لەگەڵ من لە مەفرەزەکەدا بمێنەرەوەو پێویست ناکا ت بگەڕێیتەوە بۆ ئۆرێنبوورگ، چونکە جارێکی تر دەکەویتەوە دەستی یاخییەکان و باوەڕ ناکەم ئەمجارە لەدەستیان دەرباز ببیت. بەمجۆرەش شێت و شەیدایی دڵداری دەڕەوێتەوەو دێیتەوە سەرخۆت و هەموو شتێك دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی".

هەرچەندە کە من بەتەواوی ئەوەم بەدڵ نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد کە وا ئەرکی سەربازیم پێویست بە مانەوەم دەکا ت لە هێزەکانی ئیمپراتۆرەداو هاتمە سەر ئامۆژگارییەکەی زوورین، کە مارییا ئیڤانۆڤنا بنێرم بۆ گوندەکەو خۆشم لە مەفرەزەکەدا بمێنمەوە.

ساڤێلیچ هات بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە داکەندنی جلەکانمدا و پێمڕاگەیاند کە بۆ سبەینێ خۆی ئامادە بکا ت بۆ ئەوەی لەگەڵ مارییا ئیڤانۆڤنادا بڕوا ت. ئەویش کەوتە ملپێچی کردن و دەیوت:"ئەمە چیە، جەنابی ئاغا؟ من چۆن بەجێتبێڵم؟ ئێ اخر کێ چاودێریت بکات و، باوك و دایکت چی دەڵێن؟". لە بەر ئەوەی کە دەمزانی بەخێوکەرەکەم چەند لاسارە، بڕیارم دا بە میهرەبانی و

دڵسۆزییەوە پێی بسەلمێنم. پێم وت: "ئەرخیپ ساڤێلیچی هاوڕێم! کەللەڕەق مەبەو وەرە چاکەو پیاوەتییەکم بۆ بکە. من لێرە پێویستم بە نۆکەر نیە، بەڵام نیگەران دەبم ئەگەر مارییا ئیڤانۆڤنا بێ تۆ سەفەر بکات، تۆش کە خزمەتی ئەو دەکەی ئەوە هەر خزمەتکردنی منە، چونکە من بڕیاری تەواوم داوە کاتێ کە دۆخەکە ڕێگە بدات بیهێنم".

لێرەدا ساڤێلیچ هەردوو دەستی بەرزکردەوە و بە واق وڕمانێك کە هەر باس ناکرێ وتی:

-ژن دەهێنی! مێرمنداڵێك دەیەوێ ژن بێنێ! ئەی باوکت چی دەڵێ و دایکت چۆنی لێکدەداتەوە؟

وەڵامم دایەوە:

-ئەوان ڕازی دەبن، بەدڵنیاییەوە دەڵێم ڕازی دەبن، کاتێ کە مارییا ئیڤانۆڤنا دەناسن. من دیسانیش پشت بە تۆدەبەستم، چونکە باوك و دایکم بڕوایان پێتەو تۆش هەوڵمان بۆ دەدەی، وانیە؟

ئەم قسەیەم کاری کردە پیرەو وەڵامی دامەوە: "ئای، گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ! هەرچەندە کە ئەم ژن هێنانەت زووە جارێ، بەڵام مارییا ئیڤانۆڤنا زۆر زۆر باشە بەڕادەیەك کە لەدەستدانی ئەم هەلەت ڕاست نیە و هەڵەیە. چۆنت دەوێ باوابێ! من ئەم پەریی ئاسمانە دەگەیەنم و وەك کۆیلەیەك بە باوك و دایکت ڕادەگەیەنم کە دەزگیرانێکی ئاوها پێویستی بە مارەیی نیە".

سوپاسی ساڤێلیچم کرد و چووم بۆ نووستن لە ژوورێکدا لەگەڵ زوروین و زۆر تووڕەو هەڵچوو بووم، بۆیە کەوتمە چەنەبازی. زوورین لە سەرەتادا بە پەرۆشییەوە دەمەتەقێی لەگەڵ دەکردم، بەڵام پاشان قسەکانی کەوتنە کەمی و بەرەبەرە بچڕبچڕ دەبوون. لەدواییدا لە جیاتی ئەوەی وەڵامی پرسیارێکم بداتەوە، کەوتە پرخەو مشەمش، منیش بێدەنگ بووم و خێرا بەدوای ئەودا خەوم لێکەوت.

بۆ بەیانی ڕۆژی ئاینده ڕۆیشتم بۆ لای مارییا ئیڤانۆڤنا و پێشنیارەکەم بۆ باس کرد. ئەویش سەلماندی کە ڕاستەو دروستە و یەکسەر ڕازی بوو. دەبوو مەفرەزەکەی زوورین هەمان ڕۆژ لە شارۆچکەکە دەرچوایەو نەدەبوو کاتم بەفیڕۆ بدەم. خواحافیزیم لە مارییا ئیڤانۆڤنا کرد، پاش ئەوەی بە ساڤێلیچم سپارد و، نامەیەکم دایە بۆ باوك و دایکم. مارییا ئیڤانۆڤنا دەستی کردە گریان و بەئەسپاییەوە پێی وتم: "خوات لەگەڵ، پێتەر ئەندرییێڤیچ! تۆ بڵێی جارێکی دیکە چاومان بەیەك تربکەوێتەوە. خوا خۆی دە زانێ، بەڵام من تا لەژیاندا ماوم لەبیرت ناکەم. تا ئەو ڕۆژەی دەمرم تەنها هەر تۆ لەدڵمدا دەبی". نەمتوانی بە هیچ شتێك وەڵام بدەمەوە چونکە خەڵکی دەورەیان لێدابووین و، نەمویست لەبەردەمیاندا خۆم بۆ ئەو هەست و سۆزانە شل بکەم کە لەدڵمدا دەکوڵان لەدواییدا کەوتەڕێ و ڕۆیشت و منیش گەڕامەوە بۆ لای زوورین. دڵگرانی و بێدەنگی دایگرتبووم و زوورین ویستی دڵنەواییم بکات و بێگومان خۆیشم بیرم لە ڕەواندنەوەی خەم و پەژارەکەم

دەکردەوەو ڕۆژێکی کراوە و پڕ هەراو زەنامان بردە سەر و ئێوارەش بە پێڕەو دەرچووین.

ئەمە لە کۆتایی مانگی شوباتدا بوو، زستانیش کە تەگەرە و کۆسپی دەخستە ڕێگای جموجووڵی سەربازییەوە، بەرەو کۆتایی دەچوو، جەنەراڵەکانمان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ کارێکی ڕێکوپێك. پووگاچیۆڤ هێشتا هەر لە دەوروبەری ئۆرێنبوورگ بوو و لەم ماوەیەشدا هێزەکانی تسار تا دهاتە لیێتر نزیك دەبوونەوە و لە هەموو لایەکەوە بنکەی شەڕخوازی و خراپەیان ئابلۆوقە دەدا. بە دەرکەوتنی هێزەکانمان، گوندە یاخیبووەکان کەوتنە گەڕانەوە بۆ ملکەچی کردن و دەستەوتاقمی دزەکان لە هەموو شوێنێ لێمان هەڵدەهاتن و هەموو شتێك نیشانەی کۆتاییەکی خێراو سەرکەوتووانەی مەسەلەکە بوو.

پاش ماوەیەکی کەم میر گۆڵیتسن (2)توانی لای قەڵای تاتیشیڤۆ پووگاچیۆڤ بۆڕبداو کۆمەڵە و تاقمەکانی پەرت بکات و ئۆرێنبوورگ ڕزگار بکات و بەمەش دوا گورزی جەرگبڕی سرەواندە یاخیگەریەکە. لەم کاتەدا زوورین نێر درابووە سەر چەتە باشکیرە یاخیەکان کە پێش ئەوەی چاومان پێیان بکەوێ هەڵدەهاتن و بڵاوەیان لێدەکرد. ئێمە بەهار لە گوندێکی تاتاریدا گیر یداین،

---

(2) مێجەر ـ جەنەراڵ گۆڵیتسن دەورێکی چالاکانە و بالای هەبوو لە شەڕی دژ بە پووگاچیۆڤدا. لە ناوەڕاستی مارتی 1774 دا قەڵای تاتیشیڤۆی لە دەست پووگاچیۆڤ سەندەوە، کە تێیدا بە هەزار فەلاکەت هەڵات و لە دەست هێزەکانی گۆڵیتسن دەرباز بوو.

چونکە ڕووبارەکان ئەمبەرو ئەوبەر هاتب      وون و لافاو هەموو شوێنێکی گرتبۆوە و تەواوی ڕێگاوبانەکان بڕابوون. ئێمەش لەو شوێنەی لی‌ێهووین بێ ئیش و کار مابووینەوەو دڵنەواییمان بیرکردنەوە بوو لە کۆتاییەکی خێراو نزیکی ئەم شەڕە وەڕسکەرە هیچ و پووچەی لەگەڵ ڕێگر و جانەوەراندا بەرپا بووبوو.

بەڵام پووگاچیۆڤ بە    دیل نەگیرا و لە   کارگەکانی سیبیریاوە سەر ێهەڵدا و لەوێ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی تاقمە    جەردەی نوێ و گەڕایەوە سەر کاری خراپە. سەرلەنوێ واتەوات سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی بڵاوبووەوەو هەواڵی تێکدان و کاولکردنی قەڵاکانی سیبیریامان دەبیست، هەر زووبەزوویش هەواڵی داگیرکردنی کازان [3] لەلایەن کابرای ساختەچ ێهەوە و داکشانی بەرەو مۆسکۆ سەرکردەکانی سوپای شڵەژاند. ئەمانە خەوتبوون و خۆیان لێ گێل کردبوو بە هیوای لاوازبوونی هێزەکانی ئەم یاخ ێهە بەدفەسالە. پاشان فەرمان درا بەزوورین کەوا بە  هێزەکەیەوە لە ڤۆڵگا بپەڕێتەوە.[4]

نامەوێ باسی هێرشەکەمان و کۆتایی پێهاتنی شەڕ بکەم بەڵام بەکورتی دەڵێم کە کارەسات گەیشتبووە چڵەپۆپە.      ئێمە بەو گوندانەدا گوزەرمان کرد کە یاخ ێهەکان کاول و وێرانیان کردب‌وون

---

(3) پووگاچیۆڤ لە 12ی تەممووزی 1774 دا کازانی گرت.

(4) نەخشەی یەکەمی پوشکین وا دانراوە کە لێرە بەدواوە "بەشە لابراوەکە" بێت کە ئێستا کراوە بە پاشبەندو لە لاپەڕە (140 – 152) دا دانراوە بەڵام خۆی دواتر سڕیویەتێوەو تەنیا لە ڕەشنووسی دەسخەتەکەدا ماوەتەوە.

و هەرچییەك خەڵکە هەژار و داماوەکە توانیبوویان بیپارێزن، بە زۆر بێ و بە خوایشت، لێیان سەندبوون. کاروباری کارگێڕی لە هەموو شوێنێ تێکچووبوو و شیرازەی کار بچڕابوو. خاوەن زەویەکان پەنایان بردبووە ناو دارستانەکان و تاقمی دز و جەردە تەواوی ئەو ناوەیان شێواندبوو. سەرکردەی هەندێ لە مەفرەزەکان بە ئارەزووی خۆیان لەم و لەو خۆش دەبوون و سزای خەڵکیان دەداو بارودۆخی ئەم هەرێمە پان و بەرینە کە ئاگری تێدا کەوتبۆوە تەواو ناخۆش بوو ، خوا یاخ ییوونێکی بێمانا و بێبەزەیی ڕووسیامان هەرگیز پیشان نەدا![5]

پووگاچیۆڤ هەڵات و ئیڤان ئیڤانۆڤیچ میخڵسۆن[6] چنگ لەسەرشان کەوتبووە کۆڵی و لە دو ای نەدەبۆوە. پاش ماوەیەکی کورت هەواڵی بۆڕخواردنی یەکجارەکیمان بیست. پاشان هەواڵی گرتنیشی گەیشتە زوورین لەگەڵ فەرمانی جموجووڵ وەستاندا. بەمجۆرە شەڕ تەواو بوو و ئیتر دەکرا بڕۆمەوە بۆ لای باوك و

---

(5) ئەم قسانەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بیروڕا سیاسیەکانی پوشکین دەرنابڕن. ئەو هەرچەندە پشتیوانی ئەو راپەڕینە خۆ ڕسکانەی جووتیاران نەبوو، بەڵام وایشی دانەدەنا کە کارێکی "بێمانا" بێت.

(6) ئیڤان ئیڤانۆڤیچ میخڵسۆن (1740– 1807): جەنەراڵی هێزی سوارە بوو ، لە دەوروبەری ساڵی 1773دا کرا بە فەرماندەی پۆلێك لە دژی پووگاچیۆڤ بجەنگێت و توانی لەچەند شەڕێکدا بیبە زێنێ (بەتایبەتی لەشەڕی کازاندا). میخڵسۆن لە 24ی ئابی 1774دا دوا گورز ی جەرگبڕی سرەواندە سوپای پووگاچیۆڤ لە سۆڵنیکۆڤا ڤاتاگا کە پەنجا میل لە تساریتسینەوە دوورە (کە ئێستا ڤۆڵگاگرادە).

دایکم! کاتێ بیرم لەوە کردەوە کەوا زۆر نابات لەئامێزیان دەگرم و ماریبا ئیڤانۆڤنا دەبینم کە هیچ هەواڵێکم لەبارەیەوە نەبیستبوو، دەرونم پڕدەبوو لە مەستیی خۆشی و شادی و وەك منداڵ هەڵدەبەزیمەوە. زوورین پێکەنی و بە شان هەڵتەکاندنێکەوە وتی: "نا نا، بێگومان دەکەویتە گێژداو و دەردەسەرییەوە! ئەڵبەتە ژن بێنی بە دڵنیاییەوە سەرت لێ دەشێوێ!"

لەم ماوەیەدا هەستێکی نامۆ ئەم خۆشی و شادییەی تێکدام و بە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم بە نیگەرانییەوە بیرم لەو پیاوخراپە دەکردەوە کە دەستی لە خوێنی زۆر قوربانیی بێتاواندا بوو، هەروەها بیرم دەکردەوە لەو خنکاندنەی چاوەڕێیەتی و لەبەر خۆمەوە تێدەفکریم و بە داخ و پەژارەوە دەموت: "ئیمێلیا، هۆ ئیمێلیا![7] بۆچی بە نێزەیەك نەپێکرای؟ بەر گولله تۆپێ نەکەوتی؟ ئەوە چاکترین کۆتایی بوو کە بیرت لێدەکردەوە!". چار چیە؟ بیرکردنەوە لەو لە ناخمدا پێوەندییەکی نەپساوی بە لێبووردنەوە هەبوو کە لە یەکێك لە ساتە سامناکەکانی ژیانیدا پێی بەخشیم، بە ڕزگار کردنی دەزگیرانەکەمەوە لە ژێر چەپۆکی شڤابرینی دڵ پڕ لە کینەو گرێ.

زوورین ماوەیەك پشووی دامێ و دەبوایە لە پاش چەند ڕۆژێك جارێك یتر خۆم لە ناو خێزانەکەمدا ببینیایەتەوەو سەرلەنوێ بە

---

(7) ئیمێلیا: شێوەیەکی خۆشەویستییە بۆ ناوی ئیمێلیان پووگاچیۆڤ.

بینینی باوك و دایك و ماریيا ئیڤانۆڤنای خۆشەویستم شاد بوومایەتەوە، بەلاّم لەناکاو هەواڵێکی ناخۆش دڵی داخورپاندم.

ئەو ڕۆژەی کە دیاریکرابوو بۆ ڕۆیشتنم و هەر لەو ساتەوەختەدا کە وەخۆ کەوتبووم بکەومەڕێ، زوورین هاتە ژوورەوە بۆ لام و نووسراو یّکی بە دەستەوە بوو و شڵەژانێکی تەواو روخساری داپۆشیبوو. هەستم بە چووزانەوەیەك کرد لەدڵمدا و لە شتێك دەترسام نەمدەزانی چییە. زوورین سەربازەکەی یاوەرمی کردە دەرەوەو ڕایگەیاند کە وا کارێکی تایبەتی پێمە ، منیش بە دڵەڕاوکێوە پرسیم: "خێر ئەو کارە چییە؟" ئەویش لە وەلاّمدا وتی: "شتێکی ئەوتۆ نیە هەواڵێکی بچکۆلەی ناخۆشە"، ئەوجا کاغەزەکەی دامێ و وتی: "ئەمەم ئێستا پێگەیشتووە، بیخوێنەرەوە"، منیش دەستم کرد بە خوێندنەوەی و تەماشا دەکەم فەرمانێکی نهێنیە بۆ گشت فەرماندەی یەکە سەربازییەکان، لە هەر شوێنێك بم بمگرن و دەسبەجێ لە ژێر چاودێریی پاسەوانیدا بمنێرن بۆ کازان بۆ ئەوەی لەبەردەمی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کێشەکەی پووگاچیۆڤدا ئامادە بم. لەم ساتەدا خەریك بوو لە عەزرەتا نووسراوە کەم لە دەست بکەوێتە خوار ەوە بەلاّم زوورین وتی: "دەسەلاّتی هیچمان نیە! ئەرکم وا پێویست دەکا ت ملکەچی فەرمانەکە بم. وادیارە واتەواتی گەشت و گەڕانە دۆستانەکانت لەگەڵ پووگاچیۆڤ هەرچۆنێك بووە گەیشتووەتەوە بە دەوڵەت ، هیوادارم کێشەکە هیچ سەرەنجامێکی خراپی لێنەکەوێتەوەو تۆش پاکانەی ئەم هەڵسوکەوتەت بکەی لەبەردەمی

دەستەی لێکۆڵینەوە دا، دڵگران مەبەو بڕۆ". ئەڵبەتە من ویژدانم پاك و ئاسوودە بوو بۆیە لە دادوەری نەدەترسام، بەڵام بیرۆکەی دواکەوتنی کاتی شیرینی ژوان کە لەوانەیە چەند مانگێك دوا بکەوێ، ترس و لەرزی چەسپاندە ناخی دڵم. عەرەبانەکە ئامادەکرا و زوورین بە شێوەیەکی دۆستانە ماڵاوایی ل ێکردم. ئەوجا لە عەرەبانەکەدا دایاننام و دوو سوارچاك، کە شمشێریان هەڵکێشابوو و لە گەڵم دانیشتن بە ڕێکەوتین.

# بەشی چواردەهەم

# دادوەری

**واتەواتی خەڵك**
**وەك شەپۆلی دەریا وایە**
**پەندێك**

من دڵنیام کە تاقە گوناهم ئەوەبوو بێ ڕوخسەت ورەگرتن لە ئۆرێنبوورگ بزر بووبووم و بێگومانیش دەمتوانی زۆر بە ئاسانی پاکانە بۆ ئەوە بکەم: چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەسپ سواریی قەدەغە نەبووە بەڵکو هانیشی دراوە. لەوانەشە بە زوو هەڵچونی لەڕادەبەدەر تاوانبار بکرێم بەڵام بەسەرپێچی کردن لە سیستەمی سەربازی، ئەوەیان هەرگیز نا. هەرچی پێوەندیی دۆستانەی نێوان

من و پووگاچیۆڤیشه، ئەوە دەتوانرێ کۆمەڵێ شایەتی لە سەر ڕاست بکرێتەوەو هەر هیچ نەبێ بە گومانێکی هێجگار گەورە سەیر بکرێ. بە درێژایی ڕێگە بیرم لەو لێپرسینەوانە دەکردەوە کە چاوەڕێمن و لە مێشکی خۆمدا وەڵامم بۆ ئامادە دەکردن و بڕیارمدا کە ڕاستیی کارەکە بۆ دادگا ئاشکرا بکەم، بەوەی کە ئەمەم بە ساکارترین ڕێگای پاکانە کردن دانا و لەهەمان کاتیشدا پتر جێی بڕوایە.

کاتێ گەیشتمە کازان ڕوانیم چۆڵەوارییەو شوێنەواری سووتان و ئاگر تێبەربونی پێوە دیارە. لە شەقامەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵووز لە شوێنی ماڵەکاندا هەڵدرابۆوە و، دیوارە ڕەش و دووکەڵاوییەکان بە بێ بنمیچ و پەنجەرە دیاربوون. ئەمانە هەموو شوێنەواری لە پووگاچیۆڤ بەجێماو بوون! لێرە بردمیان بۆ قەڵایەك لە ناوەڕاستی شاری بە ئاگر وێران و خاپوور کراودا کەوا هیچ زیانێکی پێنەگەیشتبوو. لێرە دوو سوارچاکەکە دامیانە دەست ئەفسەرێکی پاسەوانی و ئەویش ناردی بەشوێن ئاسنگەردا و کۆت و پێوەند خرایە هەردوو پێم و بەچاکی کڵۆم کرا. پاشان بردمیان بۆ بەندیخانەو لە ژوورێکی تەنگەبەرو تاریکدا بەجێیانهێشتم کە بریتیبوو لە چوار دیواری بەرزو پەنجەرەیەکی بچووکی بە شیشی ئاسن گیراودا.

ئەم سەرەتایە مژدەیەکی باشی نەدامێ بەڵام من ڕووگەشی و هیوام لەدەست نەدا و کەوتمە دڵی خۆ دانەوە بەو چەشنەی هەموو سووکایەتی پێکراوان دڵی خۆیان دەدەنەوەو بۆ یەکەمجار هەستم

به خۆشی و شیرینیی ئەو نوێژەم کرد کە لە دڵێکی خاوێن، بەڵام پارەپارەوە دەهات و، هەرچۆنێك بوو خەو بردمیەوە بەڵەوەی گوێ بدەمێ چیم بەسەردێ. بۆ ڕۆژی ئایندە وەردیانەکە لە خەو هەڵیساندم و پێی ڕاگەیاندم کە لە لایەن دەستەی لێکۆڵینەوەوە داواکراوم. دوو سەرباز بە ڕاڕەوەکەدا بردمیان بۆ لای فەرماندە، و هەردوکیان لە ژوورەکەی پێشەوەدا وەستان و کردمیانە هۆدەکانی ناوەوە.

چوومە هۆڵێکی گەرەو بەرفراوانەوە، ڕوانیم دوو پیاو لە پشتی مێزێکەوە دانیشت وون و کاغەزێکی زۆر لە سەرمێزەکە کەڵەکە کرابوو. یەکێکیان جەنەراڵێکی پیری تاڵی ڕوخسار ساردوسڕ بوو ئەوی دیکەشیان لاوێك بوو لە پلەی کاپیتانی پاسەوانیدا و لە دەوروبەری تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بوو ڕوخسارێکی میهرەبانی هەبوو، قسە خۆش و لە هەڵس‌وکەوتدا ڕۆحسووك بوو. لای پەنجەرەکەشەوە نووسەری دۆسێکە لە پشت مێزێکی جیاکارەوە دانیشتبوو و پەڕەمووچەکەی خستبووە پەنا گوێی و سەری شۆڕکردبۆوە بە سەر کاغەزداو ئامادە بوو بۆ تۆمارکردنی وتەکانم. لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد و یەکەمجار پرسیاری ناو و پلەم لێکرا و، جەنەراڵ لێی پرسیم ئاخۆ کوڕی ئەندریێ پێترۆڤیچ گرینیۆڤم؟ کە وەڵامم دایەوە بەڵێ بە ڕووگرژییەکەوە وەڵامەکەی دایەوە بەڕوومدا: " سەد مخابن مرۆڤێکی بەڕێزی ئاوها کوڕێکی ناجسنی وەکو تۆی بیێت!". منیش بە هێمنی وەڵاممدایەوە: "ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵم هەرچی بن هیوام وایە بە

ڕوونکردنەوەیەکی ڕێك و ڕەوانی ڕاستی پووچەڵیان بکەمەوە".
جەنەراڵ ئەم شێوە بڕوا بەخۆبوونەمی بەدڵ نەبوو، بۆیە ڕووی دا بەیەکدا و وتی: "برا، دیارە زیرەکی، بەڵام لە تۆ زیرەکتریشمان بینیوە!". ئەمجار کاپیتانە لاوەکە لێیپرسیم: بە چ بۆنەیەکەوە و لە کەیەوە کەوتوومەتە کارکردن بۆ پووگاچیۆڤ و ئەو ئەرك و کارانە چین بۆم ڕاپەڕاندون؟ منیش بە توندی وەڵامم دایەوە کە وا وەك ئەفسەرێك و وەك ڕەسەنزادەیەك هەرگیز ئامادە نەبوو م هیچ خزمەتێکی پووگاچیۆڤ بکەم و هیچ ئەرك و کارێك لەئەستۆ بگرم ئەو پێیسپاردبێتم. بەڵام ئەفسەری لێکۆڵەرەوە بەرپەرچی دامەوەو وتی:
-ئەی کەواتە چۆن ئەم کابرا ساختەچ یەە بە تەنها بەزەیی بە یەك ئەفسەر و ڕەسەنزادەدا دێتەوە، کەچی لەولاوە بەشێوەیەکی دڕندانە تەواوی هاوڕێکانی ئەو تاقە ئەفسەرە لەناودەبات؟ چۆن بۆ ئەم ئەفسەر و ڕەسەنزادەیە دەگونجێ لەگەڵ یاخ یەوواندا کاتی خۆش بەسەرببات و دیاری لە سەرۆکی پیاوخراپان وەربگرێ : پاڵتۆیەك و ئەسپێك و نیو ڕۆبڵ؟ چۆن ئەم دۆستایەت یەە سەیر و سەمەرەیە دروستبوو، ئاخۆ لە سەرچ بناغەیەك دامەزرا ئەگەر لە سەر بناغەی خۆفرۆشی نەبێ یان بەلای کەمەوە لە سەر بناغەی تاوان و نەنگی و شوورەییەکی لە ئەندازە بەدەر نەبێ؟
لە قسەکانی ئەفسەری پاسەوانیدا هەستم بە سووکایەتییەکی توندو سەخت کرد، بۆیە بە گەرمی کەوتمە داکۆکی کردن لە خۆم و بۆم گێڕایەوە کە چۆن لە دەشتەکەدا و لە کاتی زریانە بەفرەکەدا

لەگەڵ پووگاچیۆڤ یەکترمان ناسی و چۆن ئەو لە کاتی داگیرکردنی قەڵای بێڵۆگۆرسکدا ناسیمیەوەو بەزەیی پێمدا هاتەوەو وتم: بەڵێ ڕاستە من شەرمم نەکرد بە وەورگرتنی پاڵتۆو ئەسپەکە لە کابرای ساختەچی، بەڵام تا کۆتایی بەرگریم لە قەڵای بێڵۆگۆرسك کرد و دژ بەو شەڕخوازە جەنگاوم. دواجاریش جەنەراڵم کردە شایەتی دەروونگەرمیم لە سەر وەختی گەمارۆدانە سەخت و دژوارەکەی ئۆرێنبوورگدا.

پیرەی ڕوخسار تاڵ نامەیەکی کراوەی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و بە دەنگێکی بەرز کەوتە خوێندنەوەی:

-"شەرەفمەندم بە وەڵامدانەوەی پرسیاری جەنابتان دەربارەی مولازم گرینیۆڤ، کە تاوانی بەشداربوونی ئەم ئاشوب و ئاژاوەیەی ئێستای دراوەتە پاڵ و بەوەی کەوا پێوەندیی لەگەڵ کابرای پیاوخراپدا پەیدا کردووە بە جۆرێکی وا کە خزمەتی سەربازی بواری نەدات و لەگەڵ سوێندی ملکەچیدا پێچەوانە بێت ، لەبەر ئەوە بۆتان ڕو وندەکەمەوە کە ئەم مولازم گرینیۆڤە لە سەرەتای تەشرینی یەکەمی ساڵی 1773 ی ڕابوردووەوە تاوەکو 24ی شوباتی ئەمساڵ لەخزمەتدا بووە لە ئۆرێنبوورگ و، لەو ڕۆژەدا شاری بەجێهیشتووە و ئی ترلەو کاتەوە نەهاتووەتەوە یەکەکەی من. لە هەڵاتووەکانیشم بیستووە کەوا لە گوندەکەی پووگاچیۆڤ بووە و لەگەڵیدا ڕۆیشتووە بۆ قەڵای بێڵۆگۆرسك کە لەوەوپێش خزمەتی تێدا دەکرد. بەڵام سەبارەت بەهەڵسوکەوتی، ئەوە من دەتوانم بڵێم کە ...". لێرەدا خوێندنەوەی نامەکەی بڕی و بە

ڕووگرژییەکەوە پێیوتم: "ئەی ئێستا بۆ پاکانە کردن لە خۆت چی دەڵێی؟" ویستم بەردەوام بم لە سەر ئەو ڕو ونکردنەوەی دەستم پێکردبوو بە هەمان ڕاستی و دڵسۆزیی گێڕانەوەکانی پێشووم باسی پەیوەندیم لەگەڵ مارییا ئیڤانۆڤنادا بکەم ، بەڵام لە ناکاو هەستم بە بێزهاتنەوەیەکی توند کرد و وام بە بیردا هات کە ئەگەر ناوی بێنم ئەوە دەستبە داوای ئامادەبوونی دەکات بۆ لێکۆڵینەوە و زراوم لەو بیرۆکەیە چوو کە ئەویش بپێچرێتە نێو ئەم شۆفاکاریە بۆگەنەی پیاوخراپان و بانگ بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێتەوە. ئەم بیرۆکە ترسناکە وای دەست و پێ شکاندم بەڕادەیەك کە بە تەواوی پەشۆکاندمی و دەمم بەیەکدا هات لە قسەکانمدا.

بە خەیاڵی خۆم دوو دادوەرەکە وا دەهاتنە بەرچاو کە بە جۆرە ڕەزامەندیەکەوە گوێیان بۆ وەڵامەکانم ڕاگرتبوو، بەڵام کاتێ کە پەشۆکاویەکەمیان بینی گەڕانەوە سەر زشتی و سەرکۆنە کردنم. ئەفسەری پاسەوانی داوای کرد کە ڕووبە ڕوو بکرێمەوە لەگەڵ هەواڵدە ری سەرەکیدا. ئەوجا جەنەراڵ فەرمانی دا بە هێنانی پیاوخراپەکەی دوێنێ و منیش بە مەراقێکی زۆرەوە ئاوڕم دا بە لای دەرگاکەوەو، چاوەڕێی ئەو کەسەم دەکرد کە ئەم تۆمەتانەی بۆ هەڵبەستووم . پاش تاوێك زڕەی زنجیر پەیدا بوو و دەرگاکە کرایەوە و.. شڤابرین هاتە ژوورەوە و واقم وڕما لەو تێکچوون و گۆڕانەی بەسەریدا هاتبوو. بەڕادەیەکی ترسناك ڕەنگی هەڵپرووکابوو و لاواز بووبوو. قژەکەی کە لەوەوپێش وەکو قەتران ڕەش بوو تەواو سپی بووبوو و، ڕیشە درێژەکەی قەف قەف

هاتبووه خوارەوه. ئەو تۆمەتانەی دراهوونه پاڵم، ئەم به دەنگێکی کز بەڵام بوێرانه دووپاتی کردنەوه و ئیددیعای ئەوەی دەکرد که گوایه پووگاچیۆڤ وەکو سیخوڕێ کی خۆی ناردوومی بۆ ئۆرێنبوورگ و گوایه منیش هەموو ڕۆژێ دەرچووم بۆ شەڕ و پێکدادان بۆ ئەوەی هەواڵی نووسراوی سەبارەت به هەموو شتێك که له شاردا ڕوودەدات بۆ بنێرم و دواتریش بەئاشکرا چوومەته پاڵ کابرای ساختەچی و قەڵا به قەڵا لەتەکی دا ڕۆیشتووم و به هەموو ڕێگەیەك هەوڵ و تەقەلام داوه بۆ ڕووخاندنی ئەو هاوڕێیانەی که لەگەڵیدا خیانەتیان کردووه تاوەکو خۆم شوێنیان بگرمەوەو سوود لەو بەخشش و دیاریانه ببینم که ساختەچی دابەشی دەکردن. منیش بێدەنگ گوێم لێ ڕاگرتبوو ، تەنها له یەك شت ڕازی بووم، ئەوەش ئەوه بوو که ئەم گوناهکاره نامەردە ناوی مارییا ئیڤانۆڤنای نەهێنا. باشه تۆ بڵێی ئاخۆ نەفسبەرزیی خۆی ئازاری دەدا ئەگەر ناوی ئەو کچه بێنێ که به ڕق و بێزلێکردنەوه ڕەتیکردەوەو پێی ڕازی نەبوو، یان له بەر ئەوه بوو که هێشتا ترووسکاییەکی ئاگری ئەو سۆز و خۆشەویستیەی له دڵدا مابوو، هەمان ئەو سۆزەی که منیشی لێ بێدەنگ کردبوو. به هەر حاڵ ناوی کیژی فەرماندەی قەڵای بێلۆگۆرسك له بەردەمی دەستەکەدا نەهێنرا. ئەمەش وا یلێکردم که زیاتر سوور بم له سەر ئەوەی پێشتر بڕیاری خۆمم بۆ دابوو. کاتێ دوو دادوەرەکه لێیان پرسیم به چی دەتوانم قسەکانی شڤابرین بدەمه دواوه، وەڵامم دایەوه که له سەر ڕوونکردنەوەی یەکەم جارمم و شتێکی ترم نیه بۆ پاکانه

کردن لە خۆم. پاشان جەنەراڵ فەرمانی دا بە دەرکردنی هەردوکمان و هەردوك پێکەوە چووینە دەرەوەو بە هێمنی تەماشایەکی شڤابرینم کرد بەڵام هیچ قسەیەکم پێ نەوت. ئەویش پێکەنینێکی لاقرتی ئامێزی داخ لەدڵانەی بۆ کرد و کۆت و پێوەندەکەی هەڵبڕی و تەکانی بەخۆدا و پێشمکەوت. گێڕامیانەوە بۆ بەندیخانە و ئی تر لەو کاتەوە بانگیان نەکردم بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەوەی لەمەودوا دەیگێڕمەوە بۆ خوێنەر خۆم نەمبینیوە بەڵکو ئەوەندەم زۆر بیستووە کە وا وردو درشتی لە مێشکمدا نەخش بووە، تەنانەت وایش دێتە بەرچاوم کە خۆم شایەتێکی نەبینراو بووم تێیدا.

باوك و دایکم بەو خۆشحاڵییە ڕاستەقینەوە کە خەڵکی سەردەمی دێرینی پێ ناسرابوو پێشوازییان لە مارییا ئیڤانۆڤنا کردبوو. بێگومان ئەوەیان بە خێر و بەرەکەتێکی خوایی دانابوو کە دەرفەتێکی وایان بۆ بلوێ دالّدەی کیژێکی هەتیوی بەستەزمان بدەن و باڵی سۆز و خۆشەویستیی خۆیانی بە سەردا بکێشن و، هەر زوو بە زوو بە دڵسۆزییەوە ئالوودەی بووبون، چونکە هەر کەسێك بیناسێ مەحاڵە خۆشی نەوێ. ئیدی خۆشەویستییەکەم لە لای باوك و دایکم بە کارێکی منداڵانەی پووچ و بەتاڵ نەدەژمێردراو، لەولاشەوە دایکم حەزی نەدەکرد پێتەری کوڕی لە کیژە نەشمیلانەکەی فەرماندە بەولاوە کچێکی تر ببێتە هاوسەری.

هەواڵی گرتنم سەرتاپا بنەماڵەکەمی تووشی سەرسامی کردبوو. مارییا ئیڤانۆڤنا چیرۆکی ئەو یەکتر ناسینە سەیرەی لەگەڵ

پووگاچیۆڤ پەیدا بووبوو بەڕادەیەکی ئەوەندە ساده و ساکار گێڕابۆوه بۆ باوك و دایکم که هەستیان به هیچ شتێکی نائاسایی نەکردبوو لەبارەمەوە، بەڵکو فره جاریش له قووڵایی دڵێکی ساف و خاوێنەوه هێنابوونیه پێکەنین. باوکم هەرگیز نەیدەویست بڕوا بەوه بکات که من پێم خلیسکابێته یاخ یەوونێکەوه که مەبەستی ڕووخاندنی تەخت و تاجی پاشایەتی و لەناوبردنی دەستەی ڕەسەنزادەکان بووبێت.

لەبەر ئەوه ساڤێلیچی خستبووه بەر لێپرسینەوەیەکی ورد و ساڤێلیچی بەخێوکەریش ئەوەی نەشاردبۆوه که ئاغا کە ی میوانداریی له پووگاچیۆڤ کردووەو هەرچۆنێك بێ کابرای پیاوخراپ خۆشی ویستووه، بەڵام سوێندی بۆ خواردبوو که هەرگیز نەیبیستووه ناپاکی بکات. هەردوو باوك و دایکی پیر هیۆر بووبونەوەو بەبێ ئارام یەوه کەوتبوونه چاوەڕێ کردنی هەواڵی دڵخۆشکەر. مارییا ئیڤانۆڤناش هێجگار خەمبار و نیگەران بووبوو بۆم، بەڵام هیچی دەرنەبڕیبوو چونکه له سەر ڕادەیەکی بەرزی وریایی و سادەیی ڕاهاتبوو.

چەند هەفتەیەك بەسەر چووبوو.. لەپڕ باوکم نامەیەکی له پیتێربوورگەوه پێگەیشتبوو که له لایەن میر "ب" ی خزممانەوه بۆی ڕەوانه کرابوو. نامەکه سەبارەت به من نووسرابوو و له دوای پێشەکیەه عادەتیەکه ئەوەی تێدا ڕاگەیاندبوو که ئەو گومانانەی تایبەتن به بەشدار بوونی من له نەخشه و پیلانەکانی یاخ یەوواندا بەداخەوه بەتەواوی سەلمێندراون و دەبوایه له سێداره درابایەم،

بەڵام شاژن وەك ڕێزلێنانێك بۆ خزمەتەكانی باوكم و پیری و بەساڵداچوونی بڕیاری بەزەیی بۆ كوڕی تاوانبار داوە و فەرمانی داوە حوكمی ئابڕووبەری لەسێدارەدانی بگوڕدرێ بە دوورخستنەوەی هەتا هەتایی بۆ هەرێمێكی دوورەدەستی سیبیریا.

ئەم هەژانە كوتوپڕە هێندەی نەمابوو باوكم تێدا ببات و لە دۆخی ئاسایی خۆی دەرچووبوو و بەجارێ خەم و خەفەت سەریكردبووە جەرگی و زۆر جار بە بێدەنگی خەمەكانی دەئاخنیە دڵی خۆی و داد و سكاڵای تاڵی هەڵدەڕشت. هەمیشە لە دۆخی خۆی دەردەچوو و ئەمەی دووپات دەكردەوە: "چۆن كوڕی من لە نەخشەو پیلانەكانی پووگاچیۆڤدا بەشدار بووە خوای دادڕەس، بەم تەمەنەوە گەیشتمە ئەو ئاستەی خانمی ئیمپراتۆرە لە بەر خاتری تەمەن و خزمەتم لەسێدارەدان بیبەخشێت، ئاخۆ ئەمە داخ و دەردم سووك دەكات؟ خنكاندن شتێكی ترسناك نیە، خۆ باپیرە گەورەم لە سەر پەتی سێدارە گیانی خۆی لەدەستداوەو داكۆكی لەوە كردووە كە لە ویژدانی خۆیدا بە پیرۆزی داناوە، باوكیشم لەگەڵ ڤۆڵنسكی[1] و خرۆشیۆڤدا[2] ئازار و ئەشكەنجە دراوە. بەڵام

---

(1) ئەرتیمی ڤۆڵنسكی: وەزیری حكوومەتی ئیمپراتۆرە ئاننا ئیڤانۆڤنا ( 1730-1740) بووە سەركردایەتی پیلانی دژ بە پیرۆنی سەر بە ئیمپراتۆرەی كردووە و لە هەرە بۆگەنترین كرێگرتەكانی بێگانە بووە لە ڕووسیادا.

(2) ئەندریێ خروشیۆڤ: ڕاوێژكەری دەزگای كەشتیرانی و یەكێك بووە لە بەشدارانی پیلانەكەی ڤۆڵنسكی و لەگەڵ ئەویشدا لەسێدارە دراوە.

ڕەسەنزادەیەك لە سوێندی خۆی پاشگەز بێتەوەو بچێتە پاڵ دزان و خوێنڕێژان و کۆیلە هەڵگەڕاوەکان، ئەوپەڕی ڕیسوایی و ئابڕووچوونە بۆ تەواوی تیرەو تایەفەمان!..". دایکیشم کە لەم هەناسە ساردی و نائومێدییەی باوکم زراوی چووبوو پڕکێشیی ئەوەی نەدەکرد لەبەردەمیدا بگری و هەوڵ ی‌دابوو دڵی بهێنێتەوە جێ بەوەی کە ئەمە واتەواتێکی درۆیەو خەڵکی هەر ڕۆژە لە سەر بارێکن و قسەیەك دەکەن، بەڵام باوکم بەم قسانە هیچ سەبوورییەکی بۆ نەهاتبوو.

مارییا ئیڤانۆڤناش لە هەمووان زیاتر ئازاری چەشتبوو ، بەڵام لەوە دڵنیابوو کە من ئەگەر بمویستایە دەمتوانی پاکانە بۆ خۆم بکەم، ئەمەش وای لێکردبوو کە هەست بە ڕاستی ئەم کارە بکات و خۆی بە هۆی ئەم بەڵاو نەهامەتییەی من بزانێ و فرمێسك و ئازاری خۆی لە هەمووان دەشاردەوەو لەهەمان کاتیشدا هەردەم لەبیرکردنەوەدا بوو لەو ڕێگەو هۆیانەی کە ڕزگارم دەکەن.

ئێوارانێکیان باوکم لە سەر قەنەفەکە دادەنیشێ و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ساڵنامەی دەربار دەبێ، بەڵام خوێندنەوەی کارەکەی جارانی تێناکات. بە دەم خوێندنەوەوە فیکەفیکی بە ئاوازێکی سەربازییانەی کۆن کردووە و دایکیشم بەبێ‌دەنگی خەریکی چنینی کراسێکی خوری بووەو ناو بەناو فرمێسکەکانی داباریونەتە سەر چنینەکەی. مارییا ئیڤانۆڤناش لایاندا دانیشتووەو خەریکی چنینی خۆی بووە و لەپڕ ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ناچارە بڕوات بۆ پیتێربوورگ و داوای یارمەتی‌دانیان لێدەکات

بۆ ڕێکخستنی ئەم گەشتە ی. دایکم زۆر خەمگین دەبێ و پێی دەڵێ: "پێویستیت بە سەفەر کردن چیە بۆ پیتێربوورگ؟ دەتەوێ تۆیش بەجێمانبێڵی؟" مارییا ئیڤانۆڤنا وەڵامدەداتەوە کە هەموو پاشەڕۆژو چارەنووسی بەستراوە بەم گەشتەوە، بۆ گەڕان بە دوای پاراستن و یارمەتیدان لە نێو دەسەڵاتدارو دەسڕۆیشتووەکاندا دەچێ، بەو پێیەی کە کچی پیاوێکە لە ڕێگەی لە فەرمان لانەدانیدا بووە بەقوربانی.

باوکم سەری شۆڕ دەکاتەوە، چونکە هەر وشەیەك تاوانە خەیاڵییەکەی کوڕەکەی بیرخستبایەوە ماندوو و بێتاقەتی دەکرد و بە سەرکۆنەیەکی دەرزیاژن ئاسای دەهاتە بەرچاو. بە هەناسە هەڵکێشانەوە پێی دەڵێ: "بڕۆ، گیانەکەم! ئێمە نامانەوێ لە ڕێگای بەختیاریتدا بوەستین. خوا بکا ت مێردێکی باشت لە ناوچەوان نووسرابێت، نەك خۆفرۆشێکی ئابڕووچوو". ئەوجا هەستاوەو لە ژوورەکە دەرچووەتە دەرەوە.

مارییا ئیڤانۆڤنا بەتەنها لەگەڵ دایکم دەمێنێتەوەو هەندێ بیروڕای خۆی بۆ ڕو وندەکاتەوە و دایکیشم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەستی لەمل دەکا ت و لە خوا دپاڕێتەوە کە ئەم نیازەی بە خۆشی سەربگرێ. مارییا ئیڤانۆڤنا چی پێویست دەبێ بۆی سازدەدرێ و پاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ پالاشای کارەکەری دڵسۆزی و ساڤێلیچی سەرڕاست کە بە هۆی باری دژوارو ناهەموارەوە لە من جیابووبووەوە، بەلای کەمەوە، دڵنەوایی لە خزمەتکردنی هاوسەری داهاتوومدا دەبینی، هەموو دەکەونەڕێ.

مارییا ئیڤانۆڤنا بە سەلامەتی دەگاتە سۆفیا [3] و لەویَ لە ئێستگەی پۆستەدا دەزانیَ کە دەربار لەو کاتەدا لە شاری تسارسکۆییَ سیڵۆیە [4]، لە بەر ئەوە بڕیار دەدا لەویَ بوەستیَ شوێنێکی نیشتەج ێبوونی لە ئێستگەی پۆستەدا بۆ جیادەکرێتەوە. هەر دەسبەجیَ ژنی بەڕێوەبەری ئێستگە لە گەڵیدا دەکەوێتە دەمەتەقیَ و پێی وتبوو کەوا ئەو برازای تونچیی دەربارەو هەموو نهێنیەکانی ژیانی دەرباری بۆ باس کردبوو. هەروەها باسی ئەو ساتەی کردبوو کە ئیمپراتۆرە بە عادەتی رۆژانەی خۆی تێیدا لە خەو هەڵدەستیَ و کەی قاوە دەخواتەوە و کەی پیاسە دەکات و ئەو پیاوانەی لەو کاتەدا لە گەڵی دەبن کێن و دوێنیَ لە سەر خوان چی وتووەو ئێوارە پێشوازی لە کیَ کردووە. بە کورتی قسەکانی ئاننا ڤلاسیێڤنا دەگونجا چەند لاپەڕەیەك لە کتێبەکانی مێژوو پڕ بکەنەوەو بۆ وەچەکانی داهاتوو بە نرخ بێت. مارییا ئیڤانۆڤناش بە بایەخ پێدانەوە گوێی بۆ هەڵخستبوو. پاشان

---

(3) سۆفیا: بەشێکە لە شاری تسارسکۆییَ سیڵۆ ـ و.

(4) تساسکۆییَ سیڵۆ: ئێستا ناونراوە شاری پوشکین بۆ ڕێزلێنانی ئەلێکساندر پوشکین، کە لێرە لە لیسیَ خوێندوویەتی. ئەم شارە پانزە میل لە لێنینگرادەوە دوورە و پیۆتری یەکەم کوشکێکی تێدا دروستکردو بە شارەکەیشەوە پێشکەشی ژنەکەی کرد ( کە لەمەودوا بوو بە ئیمپراتۆرە ییکاتێرینای یەکەم ). لە سەردەمی ئەمدا شارەکە بوو بە ج ێنشینی دەربار. ییکاتێرینای دووەم کە زۆر ئەم شارەی خۆشدەویست کۆشکێکی جوانی تێدا دروستکرد لە گەڵ گەلێك کەپرو سابات و پردو شانۆدا .

هەردوکیان بە جووتە چووبو ون بۆ باخچەکەو ئاننا فلاسێڤنا مێژووی هەموو ڕاڕەوێکی کەپڕەمێو بەسەرو هەموو کۆپرییەکی بۆ گێڕابۆوە و پاش ئەوەی تێر پیاسەیان کردبوو، بەوپەڕی لێکڕازییبوونەوە، گەڕابوونەوە بۆ ئێستگەکە.

بۆ ڕۆژی دواتر مارییا ئیڤانۆڤنا بەیانی زوو لە خەو هەستابوو، جلەکانی لە بەرکردبوو و سووك و باریك و لەسەرخۆ خزابووە باخچەکەوە. بەیانییەکی جوان و دڵڕفێن بوو، گزنگی هەتاو دەیدا لە چڵەپۆپەی دار زەیتونەکان کە بە کزەبای شێداری پایز زەرد بووبون. دەریاچە پان و بەرینەکەش بە کپ و مەنگی دەبریسکایەوە و مراوییەکانیش بە خۆبادان و لەنجەو لارەوە لە ژێر ئەو بێشەلانەوە دەردەچ وون کە قەراخ دەریاچەکەی داپۆشیبوو. مارییا ئیڤانۆڤنا لە نزیك مێرگێکی قەشەنگەوە تێپەڕی کە ماوەیەك لەوەوپێش پەیکەرێکی یادگاریی تێدا دروستکرابوو بۆ ڕێزلێنانی سەرکەوتنەکانی کۆنت پێتەر ئەلێکساندرۆڤیچ ڕۆمیانتسێڤ[5]. لە

---

(5) پێتەر ئەلێکساندروڤیچ ڕومیانتسێڤ ( 1725 – 1796 ) : فیلدرمارشاڵ و سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو بوو. زۆر نەبەردی جەنگی حەوت ساڵەی نێوان ڕووسیاو پرووسیای بردبۆوە. هەروەها لە شەڕی ڕووس و تورکی سالانی 1768 – 1774 و 1781 – 1791 یشدا. یێکاتێرینای دووەم بۆ ڕێزلێنانی ڕومیانتسێڤ دوو پەیکەری بۆ سەرکەوتنەکانی دروستکردبوو. ( یەکەمیان لە تسارسکۆیێی سێلۆ و دووەمیان لە پیتێربوورگ ). پەیکەری ( ئۆبێلسك لە تسارسکۆیێ سێلۆ شۆرەتی سەرکەوتنەکانی ڕومیانتسێڤ دەردەخا ت بە سەر سوپای تورکدا لە جەنگی ڕووسیاو تورکیای سالانی 1768 – 78 دا.

ناکاو دەڵە سەگێکی سپیی بە ڕەچەڵەك ئینگلیزی کەوتە وەڕین و بەرەوڕووی هات. مارییا ئیڤانۆڤنا لە ترساندا ڕاوەستاو لەو ساتەدا دەنگێکی زوڵاڵی ژنانە بەرز بووەوە: (مەترسە، ناگەزێ). مارییا ئیڤانۆڤنا تەماشای کرد خانمێك لە سەر لاتەختێك دانیشتووە بەرانبەر بە پەیکەرە یادگار ییەکە و ئەمیش چوو لەوسەری لاتەختەکەوە دانیشت. خانمەکە تەماشایە کی کردو لێی وردبووەوە، لەملاشەوە مارییا ئیڤانۆڤنا بە گۆشەنیگا ی چاو سەیری خانمەکەی کردبوو و، لە تەوقی سەریەوە تا پەنجەی پێی تەماشای کردبوو. خانمەکە جلێکی سپیی بەیانیانی لە بەردا بوو، لەگەڵ شەوکڵاوێك و چاکەتێکدا.

وا دەردەکەوت کە لە تەمەنی چل ساڵیدا بێت ، ڕوومەتە توندو پڕە ئاڵەکەی پرشنگی مەزنی و ڕێزی دەدایەوە و جووتە چاوە شینەکانی و تەنکە بزەکەی جوان ییەکی وایان تێدابوو هەر باس ناکرێت. خانمەکە دەسپێشخەری کردو ئەو بێدەنگی و خامۆشی ییەی بڕی و وتی:

-وا دیارە خەڵکی ئەم ناوە نیت؟

-بەڵێ وایە، دوێنێ لە ناوچەکانی دێهاتەوە هاتوومە ئێرە.

-باشە لە گەڵ باوك و دایکتدا هاتووی؟

-نەخێر، بە تەنها خۆم هاتووم.

-بە تەنها خۆت! ئاخر تۆ هێشتا منداڵی.

-ئاخر من نە باوکم هەیە و نە دایك.

-ببێ و نەبێ هاتووی هەوڵ بۆ کارێك بدەی؟

-بەڵێ وایە ، هاتووم بۆ ئەوەی  داواکارییەك بەرز بکەمەوە بۆ خانمی ئیمپراتۆرە.

-تۆ کیژێکی بێ دایك و باوکی، لەوانەیە هاتبێتی بۆ سکاڵا کردن لە ستەم و خراپەیەك دەرهەقت کرابێت.

-نەخێر، بەڵکو هاتووم داوای لێخۆشب وون بکەم نەك لابردنی ستەم.

-باشە ڕێگام دەدەی بپرسم کێی؟

-من کچی کاپیتان میرۆنۆڤم.

-کاپیتان میرۆنۆڤ ! ئەوەی کە فەرماندەی قەڵایەك لە قەڵاکانی ئۆرێنبوورگ بوو؟

-بەڵێ تەواوە، خۆیەتی.

لێرەدا  خەمباری بە خانمەکەوە دەرکەوت و بە دەنگێکی نەرمترەوە وتی: "بمبوورە کە من خۆم هەڵدەقورتێنمە کاروبارتەوە، بەڵام من جار جار سەر لە دەربار دەدەم، لە بەر ئەوە داواکارییەکەتم بۆ باس بکە بەڵکو بتوانم یارمەتییەکت بدەم".

پاشان  مارییا ئیڤانۆڤنا هەستابوو و بە ڕێزو نەوازشەوە سوپاسی کردبوو  و هەموو شتێکی ئەم خانمە نەناسراوە مایەی سەرنجڕاکێشانی بوو، بەوەی بە خۆ بزانێ هەموو شتێکی بڕواو دڵنیایی دەبەخشی. مارییا ئیڤانۆڤنا کاغەزێکی قەدکراوی لە گیرفانی دەرهێنابوو و دابووی بە خانمە نەناسراوەکە کە ئامادەیی خۆیی بۆ یارمەتیدانی دەربڕیبوو.

ئەویش لە دڵی خۆیدا کەوتبووە خوێندنەوەی و لە سەرەتادا کە دەیخوێندەوە بایەخ پێدان و سۆزی پێوە دیار بووە، بەڵام لە ناکاو دەم و چاوی گۆڕاوە. مارییا ئیڤانۆڤنا کە چاوی بڕیبووە هەموو جموجووڵێکی لەم دەربڕینە گرژو تاڵەی نەخش بووبوو بە روخسارییەوە زراوی چووبوو، چونکە کەمێ لەوەوپێش هێجگار بە سۆزو دلۆڤان بووبوو. ئەوجا خانمەکە بە ساردییەکەوە وتبووی:

-داوای لێخۆشبوون بۆ گرینیۆڤ دەکەی؟ خانمی ئیمپراتۆرە ناتوانێ لێی خۆش ببێ.

چونکە ئەو بە نەزانی و خۆش بڕوایی نەچووەتە پاڵ کابرای ساختەچی، بەڵکو لەبەر ئەوەی خوێڕی و پیس و بەڕەوشتە.

مارییا ئیڤانۆڤناش هاوار دەکات:

-نەخێر، ئەمە ڕاست نیە!

خانمەکە بە تەوس و تووڕەییەوە کە سەرتاپای گیانی داگرتبوو بەرپەرچی دابۆوە:

-ڕاست نیە؟!

-بەو خوایە ڕاست نیە! من هەموو شتێك دەزانم و بۆت دەگێڕمەوە ، ئەو تەنها لە پێناوی مندا تووشی ئەم هەموو مەینەتیە بووە و ئەگەریش پاکانەی بۆ خۆ نەکردبێ لە بەردەمی دادگادا لە بەر ئەوەی بووە کە نەیویستووە من لەم کێشەیەدا بەشدار بکات و هیچیتر.

ئەوجا بە گەرمی کەوتبووە گێڕانەوەی تەواوی ئەو شتانەی کە خوێنەری ئەم کتێبە دەیزانێ.

خانمەکەش بە وریاییەوە گوێی لێ ڕادەگرێ و لێی دەپرسێ :
(لە کوێ دابەزیوە؟)

کە دەبیستێ لە لای ئاننا ڤلاسێڤنا دابەزیوە، بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ: "ئێ، ئێ، دەیناسم. خواحافیز، باسی ئەم چاوپێکەوتنەمان لای کەس نەکەی. هیوادارم چاوەڕوانیت زۆر نەخایەنێ بۆ وەڵامی نامەکەت ". خانمەکە پاش ئەم قسەیە هەڵدەستێ و دەچێتە ڕاڕەوێکی سەرگیراوەوە. مارییا ئیڤانۆڤناش بە دڵێکی پڕ لە هیواو خۆشییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئاننا ڤلاسێڤنا.

ژنەی خانەخوێ سەرزەنشتی ئەم زوو دەرچوونەی دەکات بەوەی کەوا پیاسەکردنی ئەم کاتەی پایزان لەوانەیە زیانی هەبێت بۆ تەندروستی کیژێك کە، ئەو واتەنی، لە سەرەتای تەمەنیدا بێت. پاشان سەماوەرەکە دێنێ و هەر ئەوەندە کە دەکەوێتە درێژدادڕی و باسە دوورو درێژەکانی سەبارەت بە دەربارو پیاڵەیەك چای لە بەردەمدا دەبێ، لەو کاتەدا عەرەبانەیەك لە عەرەبانەکانی دەربار لە بەردەمی ماڵیاندا ڕادەوەستێ و یەکێك لە خزمەتکارەکانی دەربار دێتە ژوورەوەو ڕایدەگەیەنێ کە خانمی تسار کچەکەی میرۆنۆڤ بانگ دەکات بۆ لای خۆی.

ئاننا ڤلاسێڤنا دەحەپەسێ و هاوار دەکا : "خوایە! خانمی تسار بانگت دەکا بۆ دەربار. باشە چۆنی پێ زانیوی؟ ئەی چۆن لە بەردەمی ئیمپراتۆرەدا ڕادەوەستی گیانەکەم؟ پێموایە تۆ ڕێورەسمی دەربار نازانی .. باشە دەتوانم لەگەڵتدا بێم؟ ڕەنگە بە

لەڵکت بێم بۆ ئاگادارکردنەوەت لە هەندێ شت. ئەی چۆن بە جلی سەفەرەوە دەڕۆی؟ ئەی بنێرم بۆ لای مامانەکە داوای کراسە زەردەکەی لێبکەم؟". لێرەدا خزمەتکارەکە ڕایگەیاند کە ئیمپراتۆرە دەیەوێ مارییا ئیڤانۆڤنا بە تەنها خۆی ئامادە بێت و بەو شێوەو پۆشاکەشەوە کە لەبەریدایەو بەمە گشت راو تەگبیرێکی دیکەی بڕی. ئەوجا مارییا ئیڤانۆڤنا سواری عەرەبانەکە دەبێ و بە کۆمەڵێ دۆعاو ئامۆژگاریی ئاننا ڤلاسیێڤناوە دەڕوا بۆ دەربار.

مارییا ئیڤانۆڤنا هەست دەکا کە چارەنووسمان بەستراوە بەم چاوپێکەوتنەوە، بۆیە لە تاوا دڵی بە توندی تەپە تەپی پێدەکەوێ جارێك و جارێکی دیکەش دەوەستێ. لەپاش تاوێك عەرەبانەکە لە لای کۆشکدا دەوەستێ و مارییا ئیڤانۆڤنا بە سام و پەشۆکانەوە بە پەیلیکانەکاندا سەردەکەوێ. دەرگاکان لە بەردەمیدا دەکرێنەوەو دەکەونە سەر پشت و بە لای ڕیزێکی زۆر هۆدەی نایاب و بەتاڵدا گوزەر دەکاو خزمەتکارەکە ڕێگەی پیشان دەدا و دواجار دەگاتە بەر دەرگایەکی داخراو خزمەتکارەکە دەڵێ کە ئێستا هەواڵی هاتنی ڕادەگەیەنێ و بە تەنها بە جێیدێڵێ. ئەمیش تێفکرین لەوەی کە ئێستا ڕووبەڕوو ئیمپراتۆرە دەبینێ دڵی داخورپاندبوو و ترسی خستبووە بەری، بۆیە بە تەواوی نەیتوانیبوو بە پێوە ڕاوەستێ. پاش کەمێك دەرگا دەکرێتەوەو دەچێتە ژووری ئارایشتی خانمی تسارەوە.

ئیمپراتۆرە لای کەرەستەی ئارایشتەکەیەوە دانیشتبوو ، هەندێ لە دەست و پێوەندیش دەوروپشتیان گرتبوو و بە ڕێزەوە ڕێگا بۆ

مارییا ئیڤانۆڤنا دەکەنەوە. خانمی تسار ئاوڕی ل   یدەداتەوە و مارییا ئیڤانۆڤنا یەکسەر دەیناسێتەوە کە ئەمە هەمان خانمە کە پێش چەند  ساتێك باس و خواسەکەی بۆ گێڕایەوە. ئیمپراتۆرە بانگی دەکاتە لای خۆیەوەو بە بزەیەکەوە پێی دەڵێ :      "من خۆشحاڵم بەوەی کە لە سەر ئەو بەڵێنە بم پێمدایت و ئاواتت بێنمە دی، مەسەلەکەت تەواو بوو. من قەناعەتم کردووە بە ب   یتاوانیی دەزگیرانەکەت ، ئەمەش نامەیەکە بە دەستی خۆت بیبە بۆ خەزووری ئایندەت".

مارییا ئیڤانۆڤنا بە دەستێکی لەرزۆکەوە نامەکە وەردەگرێ   و دەداتە پڕمەی گریان و دەکەوێ بە سەر هەردوو پێی ئیمپراتۆرەدا، ئەویش بەرزیدەکاتەوە و ماچی دەکاو پێی دەڵێ:  "من دەزانم تۆ دەوڵەمەند نیت ، بەڵام من قەرزاری کچی میرۆنۆڤی فەرماندەم   ، لەبەرئەوە خەمی پاشەڕۆژت نەبێ، ژیان و گوزەرانێکی بەختەوەرو ئاسوودەت بۆ دابین دەکەم".

خانمی تسار هەندێ گەمەو گاڵتەش لەگەڵ کیژەی هەتیوو   و داماودا دەکاو پاشان ڕوخسەتی ڕۆیشتنی دەداتێ. مارییا ئیڤانۆڤنا بە هەمان عەرەبانە کە پێی هاتبوو دەربار بەج  یدەهێڵێ. ئاننا ڤلاسیێڤنا بەوپەڕی بێئارامیەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەبێ  و کاتێ کە دەیبینێتەوە بە پرسیار کردن دایدەگرێتەوە، مارییا ئیڤانۆڤناش بەوەی بە دڵیدا دێ وەڵامی دەداتەوە. هەرچەند ئاننا ڤلاسیێڤنا ئەم حەپەساو یەی مارییا ئیڤانۆڤنای پێ خۆش نابێ، بەڵام بە شەرم و شکۆی کیژانی  گوندنشینی لێکدەداتەوە. پاشان

مارییا ئیڤانۆڤنا هەر هەمان ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکە بێئەوەی چاوێك بە پیتێربوورگدا بگێڕێ.

لێرەشدا یاداشتەکانی پێتەر ئەندر ێیڤیچ گرینیۆڤ تەوا دەبێ. گێڕانەوەی بنەماڵەکەش وا باس دەکا کە کوڕە لە کۆتایی ساڵی 1774 دا بە پێی لێبووردنێکی تایبەتی بەربووەو، لە قەنارەدانی پووگاچیۆڤی بینیوە کە لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ناسیویەتیەوەو سەری بۆ ڕاوەشاندووە، ئەو سەرەی کە لە پاش ساتێك بە بڕاوی و خوێن لێچۆڕاوییەوە پیشانی گەل دراوە. پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم پێتەر ئەندرییێڤیچ مارییا ئیڤانۆڤنا مارە دەکات و، نەوەیان ئێستا بە خۆشگوزەرانی لە ناوچەی سیمبیرسکدا دەژین. لە دووریی سی فرسەق لە ن ... وە گوندێك هەیە ملْکی دە کەسە لە خاوەن زەوییەکان. لە یەکێك لەو ماڵانەدا کە سەر بە خاوەنەکانی ئەم گوندەن ئەو نامەیەی کە ئیمپراتۆرە یێکاتێرینای دووەم بە دەسخەتی خۆی نووسیوێتی هەڵواسراوە و خراوەتە چوارچێوەیەکەوەو لە شووشە گیراوە. ئەوەش ئەو نامەیەیە کە بۆ باوکی پێتەر ئەندرێیڤیچ گرینیۆڤ نێر دراوە و بێتاوانیی کوڕەکەی ڕادەگەیەنێ و ستایشی وریایی و چاکیی کیژی میرۆنۆڤی فەرماندە دەکات. ئێمەش دەسنووسەکەی پێتەر ئەندرییێڤیچمان لە یەکێك لە نەوەکانیەوە دەستکەوتووە پاش ئەوەی کە زانیبووی ئێمە بایەخ دەدەین بەو شوێنەوارو ڕووداوانە کە هی ئەو سەردەمەن باپیری باسی کردووە. بۆیە لە پاش ڕەزامەندیی خزمەکانی بڕیارماندا وەك خۆی بلاوی بکەینەوە، پاش ئەوەی کە

**سەرەتای هەموو بەشێکمان بە شیعرو پەندی شیاو دەست پێکردووە و ڕێگەشمان بە خۆمان داوە ناوی هەندێ لە کەسەکانی بگۆڕین.**

**بڵاوکەرەوە**

19 ی **تەشرینی یەکەمی** 1836

# پاشبەند

**بەشە لابراوەکە**

**تێبینی: ئەم بەشە نەچووەتە دوا داڕشتنی (کیژی کاپیتان)ەوە و (وادەردەکەوێ لە بەر هەندێ هۆ کە پەیوەندییان بە سانسۆرەوە هەیە) و لە ڕەشنووسی دەسنووسەکەدا ماوەتەوەو بە (بەشە لابراوەکە) ناوبراوە. لەم دەقەدا گرینیۆڤ بە پوولاَنین ناو دەبرێ و زوورینیش بە گرینیۆڤ . (بڕوانە بەشی سیانزەهەم).**

نزیک لێواری ڤۆڵگا بووینەوە، فەوجەکەمان چووە گوندی (س) و لەوێ وەستا بۆ ئەوەی شەوی تێدا بەرێتە سەر. کوێخای ئاوایی پێیڕاگەیاندم کە گشت گوندەکانی ئەو گوێ چەمە یاخی بوون و چەتەکانی پووگاچیۆڤ بە هەموو شوێنێکدا دەسووڕێنەوە. ئەم هەواڵە بە جارێ نیگەرانی کردم چونکە دەبوو بۆ سبەینێ بەیانی لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە و دڵتەنگی دایگرتم، لە بەر ئەوەی گوندەکەی باوکم دەکەوتە دووریی سی فرسەق لەوبەری ڕووبارەکەوە. هەواڵی بەلەمێکم پرسی بۆ ئەوەی پێی بپەڕینەوە لە زێکە. جووتیارەکان هەموو ڕاوە ماسییان دەکردو بەلەم زۆر بوو. چووم بۆلای گرینیۆڤ و مەبەستی خۆمم پێڕاگەیاندو پێموت: "ئاگات لە خۆت بێت، چونکە دەرچوونت بە تاقی تەنها مەترسی تێدایە و چاوەڕێ بکە تا بەیانی

لەپێشدا خۆمان دەپەڕینەوەو لەگەڵ پەنجا سوارەدا بۆ ئاگا لێبوون دەتنێرین بۆ سەردانی باوك و دایكت

بەڵام من پێم داگرت لە سەر ئەوەی خۆم دەمویست. بەلەم ئامادەكراو لەگەڵ دوو سەوڵ لێدەردا چووینە ناوی و پاڵیان بە بەلەمەكەوە ناو كەوتنە سەوڵ لێدان. ئاسمان سایەقەی ساماڵ بوو، تریفەی مانگەشەو ئەو ناوەی روونك كردبووەوە، كەشوهەواش كپ و هێمن بوو، ئاوی زێی ڤۆڵگاش هێدی هێدی سەرەوخوار دەڕۆیشت. بەلەمەكە بە سووكی ئەم دیوو ئەو دیوی دەكردو بە سەر شەپۆلە تەڵخەكاندا دەخزاو منیش نوقمی خەون و خەیا ڵاتی خۆم بووبووم. نیو سەعات تێپەڕی، گەیشتبووینە ناوەڕاستی ڕووبارەكەو لەناكاو دوو سەوڵ لێدەرەكە كەوتنە چپەچپ لە نێوان خۆیاندا. لە خەونەكانم بە ئاگا هاتمەوە و پرسیم: "ئەوە چیە؟ " هەردوو سەوڵ لێدەرەكە بە دەم وەڵامدانەوەوە چاویان بڕیبووە لایەك و وتیان: "نازانین، خوا خۆی دەزانێ"، منیش هەردوو چاوم بڕییە هەمان لا، شتێكی سەرئاوكەوتووم لە تاریكیەكەدا بینی بە ڤۆڵگادا بەرەو خواردەبووەوە. فەرمانم دا بە سەوڵ لێدەرەكان بوەستن و چاوەڕێ بكەن. مانگ كەوتە پشت پەڵە هەورێكەوە و تارماییە سەرئاوكەوتووەكە پتر نادیارو تەم و مژاوی بوو. لێم نزیك بووبوەوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی نەمدەتوانی بە ڕو ونی بیبینم. دوو سەوڵ لێدەرەكە وتیان: "ئەمە دەبێ چی بێ؟ نە بایەوانەو نە ستوون..." ، لەپڕ مانگ لە پشتی پەڵە هەورەكەوە دەرچوو و دیمەنێكی سام ناكی دەرخست. سێدارەیەك لە سەر كەڵەكێك

چەسپێنرابوو و بەرەو ڕوومان دەهات، بە کاریتەیەکەوە سێ لاشە شۆڕبووبو ونەوەو تەکەیان دەهات. مەراقێکی وەك نەخۆشی دایگرتم و ویستم دەم وچاوی خنکێنراوەکان ببینم. لە سەر فەرمانی من، سەوڵ لێدەرەکان بە قولاپێك کەڵەکەکەیان ڕاگرتو، بەلەمەکەم کێشای بە سێدارە سەر ئاوکەوتووەکەدا. بازم دایە سەری و کەوتمە نێوان لاق و لۆقی ترسناکەوە. ڕو وناکیی مانگەشەوەکە دەموچاوە شێوێنراوەکانی ئەو کلۆلانەی ڕۆشن کردبووەوە کە یەکێکیان پیرەمێردێکی چووڤاش ب وو، ئەو یتریان جووتیارێکی ڕووس بوو کە لاوێکی کەتە و زەبەلاح بوو و لە دەوروبەری تەمەنی بیست ساڵیدا بوو. بەڵام کە تەماشا ی سێهەمیانم کرد بەتوندی ڕاچڵەکیم و دڵم داخورپاو هاوارێکی بەزەییم لێ بەرز بووەوە. ئە و کەسە ڤانکا بوو، ڤانکای دۆستی داماوم، کە لە بەر گەوجی و نەفامی خۆی چووبووە پاڵ پووگاچیۆڤ. بە سەر هەرسێکیانەوە تەختەیەکی ڕەش داکواترابوو و بە پیتی گەورەی سپی لە سەری نووسرابوو: "دز و یاخیبووەکان". هەردوو سەوڵ لێدەرەکە بێباکانە سەیریان دەکرد و قولاپەکەیان گرتبوو و چاوەڕێیان دەکردم. گەڕامەوە ناو بەلەمەکەی خۆم و کەڵەکەکەش بە دەم تەوژمی ئاوەکەوە بەرەوخوار بووەوە. سێدارەکەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە تاریکاییەکەدا هەر شەکەی دەهات. پاشان لە چاو ونبوو و بەلەمەکەی منیش گەیشتە ڕۆخە بەرزە هێجگار لێژەکە...

کرێیەکی باشم دا بە هەردوو سەوڵ لێدەرەکە  و یەکێکیان ماڵی کوێخای گوندەکەی پیشاندام، کە دەکەوتە نزیکی بوارەکەوە.

پێکەوە بە جووتە چووینە ماڵی کوێخاو کە زانی من ئەسپم   دەوێ زۆر بە   وشکی و بێ وێڵی پێشوازی ل         یکردم، بەڵام کە ڕیپێشاندەرەکەم بە ئەسپایی چەند وشەیەکی بە گوێیدا چپاند، لەپڕ  بێ وێڵی و ڕژدییەکەی بوو بە          خۆشحاڵی دەربڕ   ین و بەخێرهاتنێکی گەرم و بە یەك دەقیقە عەرەبانەی "ترۆیکا" ئامادە کرا. سواری بووم و فەرمانم دا بەرەو گوندەکەمان بەڕێ بکەوێت.

عەرەبانەکە بە   گوڕ بە   ڕێگە پانەکەدا تێی تەقاندو بەچەند گوندێکی نووستوودا گوزەرمان کرد. من تەنها لەیەك شت دەترسام: ئەویش مەترسیی ئەوە بوو کە لەڕێگا بگیرێم چونکە ئەوەی کە بەشەو لە قۆڵگادا بینیم بەڵگەی ب  وونی یاخییان بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەڵگەی ئەو      کارو تەگبیرانەش بوو کە حکوومەت لەدژیان ساز یابوو. بۆ ڕەچاوکردنی هەر ڕووداوێکی لەناکاو، ئەو ڕوخسەتەی کە پووگاچیۆڤ پێ         ی دابووم لەگەڵ فەرمانەکەی سەرهەنگ گرینیۆڤدا لە گیرفانمدا هەڵمگرتبوو  ، بەڵام بە کەس نەگەیشتم و لەگەڵ گزنگی بەیاندا ڕووبارەکەو لێڕەواری دار سەروەکان کە دەکەوتنە پشتی ئاواییەوە بەدیارکەوتن.

عەرەبانچییەکە ئەسپەکانی دایە      بەر قامچی و پاش چارەکە سەعاتێك چوومە ناو ئاواییەوە.

ماڵی باوکم دەکەوتە ئەوپەڕی ئاواییەوە، ئەسپەکان بەتەواوی جڵەو بۆ شلکردنەوە گوڕیاندابووە خۆیان. لەناکاو عەرەبانچییەکە لە

ناوەڕاستی شەقامەکەدا کەوتە توند کردنەوەی جڵەوی ئەسپەکانی. بە ئۆقرە لەبەربڕاویەکەوە لێم پرسی: "ئەمە چیە؟". عەرەبانچیەکە بە زەحمەت و کۆششێکی زۆرەوە ئەسپە تۆڕەکانی وەستاندو وەڵامی دایەوە: "مەڵبەندێکی پاسەوان یە، قوربان". هەرواش بوو کە تەماشام کرد بەربەستێك و یاساوڵێکی کوتەك بەدەستم بینی. یاساوڵە جووتیارەکە لێم نزیکبووەوە و شەپقەکەی لە سەری داگرت و داوای ناسنامەی ل ێکردم و لێمپرسی: "ئەمە مان‌ای بەچی و بۆچی بەربەست خراوەتە ئێرە تۆ پاسی کێ دەکەی؟". کابرا کێشمانێکی دا بە خۆی و وەڵامی دایەوە: "گیانەکەم ئێمە یاخین".

منیش بە شپرزەییەوە لێم پرسی:

-ئەی ئاغاکانتان لەکوێن؟

جووتیارەکە بە دووپاتکردنەوە وتی:

-ئاغاکانمان لەکوێن؟ ئاغاکانمان لە عەمباری دانەوێڵەدان.

-چۆن لە عەمباری دانەوێڵەدان؟

-بەڵێ، ئەندریوشکای کارگێڕیی ناوچە خست وونیە کۆت و پێوەندی دارەوەو دەیەوێ بیاننێرێ بۆ لای باوکە تسارمان.

-ئای خوایە! بەربەستەکە لابە هەی گەوجی نەفام ، چاوەڕێی چیتە؟

یاساوڵەکە خاووخلیچك بوو، لە بەر ئەوە لە عەرەبانەکە بازمداو کێشام بە پەناگوێیدا (تکام وایە بمبوورن) و بە دەستی خۆم بەربەستەکەم لابرد.

جووتیارەکە بە حەپەساوییەکی گەلحۆیانەوە تەماشای دەکردم. دووبارە سواری عەرەبانەکە بوومەوەو فەرمانم بە عەرەبانچییەکەدا بەرەو ماڵی ئاغا بڕوات. عەمباری دانەوێڵە لە حەوشەدا بوو، لە لای دەرگا داخراوەکەیدا دیسان دوو جووتیاری تێڵا بەدەست ڕاوەستابوون. عەرەبانەکە بە تەواوی لە پێشیاندا ڕاوەستا و بازمدایە خوارەوەو تاوم دانێ و وتم: "دەرگاکە بکەنەوە!"، وا دیاربوو دیمەنەکەم بەسام بوو و سڵیان لێکردمەوەو بە هەرحاڵ هەردوکیان هەڵاتن پاش ئەوەی کوتەکەکانیان تووڕدا. ویستم کڵۆمەکە بشکێنم بەڵام دەرگاکە تەختەی داربەڕوو بوو و کڵۆمەکەش ئەستوور بوو نەدەشکا. لەو کاتەدا جووتیارێکی لاوی بەژن و باڵا ڕێك لە دەستە خانووی نۆکەرانەوە دەرچوو و بە لووتبەرزییەکەوە لێی پرسیم: "چۆن پڕکێشی دەکەی ئەم نەڕەنەڕ و جرتوفرتە بکەی؟" منیش قیڕاندم بە سەریدا: "ئەندریوشکای کارگێڕیی ناوچە لەکوێیە؟ خێرا بۆم بانگ بکە".

ئەویش هەردوو دەستی خستبووە کەلەکەی و بە فیزێکەوە وەڵامی دایەوە:

-من ئەندریێ ئەفانسیێڤیچم، نەك ئەندریوشکا وەك تۆ دەڵێی، چیت دەوێ؟ لەجیاتی ئەوەی وەڵامی بدەمەوە پشتی ملیم گرت و ڕامکێشا بۆ لای دەرگای عەمبارەکەو فەرمانم پێدا بیکاتەوە. یەکەمجار سەرپێچی دەکرد، بەڵام سزای باوکانەش کاری تێکردبوو. بۆیە کلیلێکی دەرهێناو دەرکەی عەمبارەکەی کردەوە و بە سەر کۆسپەی دەرگاکەدا بازمدا و ڕامکردو لە قوژبنێکی تاریکدا

کهترووسکایی ڕووناکییەکی کزی لە درزێکی تەسکی بنمیچەکەوە تێخزابوو، باوك و دایکمم بینی. ئەمان هەردوو دەستیان شەتەك درابوو و پێیشیان خرابووە کۆت و پێوەندی دارەوە. خێرا تاوم دانێ و دەستم لە مل کردن بێئەوەی بتوانم یەك وشەم لە زار بێتەدەر. هەردوکیان بە واق وڕمانەوە تەماشایان دەکردم و ئەو سێ ساڵەی کە لە سوپادا بردبوومنە سەر زۆریان گۆڕیبووم، بەڕادەیەکی وا کە نەیاندەناسیمەوە. دایکم هەر ئاخی هەڵدەکێشا و فرمێسکی هەڵدەڕشت. لەناکاو دەنگێکی بەخۆم ئاشنای خۆشەویستم گوێ لێبوو: "پێتەر ئەندرییێڤیچ! ئەمە تۆی!" ، بەڕاچڵەکینەوە ڕاوەستام.. سەیرێکی قوژبنەکەی ئەولام کرد ڕوانیم مارییا ئیڤانۆڤناش دەست و پێی بەستراوەتەوە.

باوکم بە بێدەنگی چاوی تێبڕیبووم و پرکێشیی نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ بڕوای پێبکات و روخساری بە خۆشی و شادی دەدرەوشایەوە. منیش خێرا بە شمشێرەکەم کەوتمە بچڕینی ئەو پەتانەی پێی بەستراب وونەوە. پاشان باوکم نووساندمی بە سەردڵیەوەو وتی:

-بەخێرهاتی، بەخێرهاتی، پێتەر! سوپاس بۆ خوا کە چاوەڕێمان کردی...

دایکیشم وتی:

-پێتەر، ڕۆڵەکەم! خوا ناردوویتی بۆ ئێرە! چۆنی؟

خێرا گوڕێکم دا بە خۆم بۆ ئەوەی لەم گرتووخانەیە دەریانبکەم، بەڵام کە چوومە لای دەرگاکەوە بینیم سەرلەنوێ کلیل دراوەتەوە و

قیڕاندم: "ئەندریوشکا، بیکەرەوە!". ئەویش لە پشتی دەرگاکەوە وەڵامی دایەوە: "بیڕای بیڕای نایکەمەوە و باش بزانە تۆش بەندی و دواتر تێتدەگەیەنین ئەم قیڕەقیڕ و پشتی مل گرتنی فەرمانبەرانی تسارەت مانای بەچی و چۆن دەکەوێتەوە!"

کەوتمە تەماشاکردن‌و پشکنینی عەمبارەکە، بۆ دەروویەك دەگەڕام لێوەی دەرباز بین.

باوکم پێی وتم:

-خۆت ماندوومەکە ، من لەوخاوەن مولْکانەنیم کە لەکونەوە دەخزێنە عەمبارەکانیان‌و وەکو دزان دەردەچن.

دایکم پاش توزێك شادمانی بەهاتنەوەم خەم و پەژارە و نائومێدی دایگرتەوەو وایلەهاتە پێشچاو کە چارەنووس پەلکێشی کردووم تا هەموو بنەماڵەکە پێکەوە لەناوبچین. بەڵام من زۆر هەستم بە دڵنیایی دەکرد کەوا لەگەڵ باوك و دایکم و مارییا ئیڤانۆڤنادام. شمشێرەکەم و دوو دەمانچەم پێبوو، دەمتوانی بەرگری گەمارۆدانەکە بکەم. چونکە گرینیۆڤ بۆ ئێوارە دەگەیشت و ڕزگاری دەکردین. ئەمەم بەتەواوی لە باوك و دایکم گەیاندو توانیم دایکم هێور بکەمەوە و بەم پێیە هەردوکیان گەڕانەوە سەر دۆخی خۆشی و شادییەکی تەواوی ئەم یەکانگیربونەمان و باوکم پێیوتم:

-پێتەر، تۆ جاران زۆر شەیتان بووی، ئای کە لێت پڕو تووڕە بووم، بەڵام با واز لە ڕابردوو بێنین ، هیوام وایە ڕەفتار و ئاکارت چاك کردبێ و لە سەرچڵییەکانت ڕزگاربوو بیت . من دەزانم تۆ وەك

ئەفسەرێکی بەشەرەف خزمەتت کردوە و ئەگەر قەرزاری ڕزگارکردنیشمت بم، خۆشی ژیانم چەند قات زیاتر دەبێت.

بە چاوی فرمێسکاویەوە دەستیم ماچ کردو سەیرێکی مارییا ئیڤانۆڤنام کرد کە بە هاتنم نوقمی خۆشی و شاد ییەکی قووڵ بووبوو، بەڕادەیەك کەوا دەردەکەوت لەوپەڕی بەختەوەری و دڵنیاییدا بێت.

نزیکی نیوەڕۆ هەراو زەنا و دەنگە دەنگێکی نائاساییمان گوێ لێبوو. باوکم وتی: "ئەمە چیە؟ تۆ بڵێی کۆڵۆنێڵەکەت گەیشتبێ؟" منیش وەڵامم دایەوە: "لەوانە نیەتا پێش ئێوارە بگاتە ئێرە". ئێمە لەم قسانەدا بووین و هەراوهوریاکە تا دەهات توندوتیژتر دەبوو. زەنگی مەترسی لێدراو چەند ئەسپ سوارێك لە حەوشەکەدا کەوتنە غارغارێن . لەم کاتەدا سەرەسپ یەکەی ساڤێلیچ لە کونێکی دیوارەکەوە هات بەم دیوداو بەخێوکەری بەستەزمانم بە دەنگێکی پڕ لە سکاڵاوە وتی: "ئەندریێ پێترۆڤیچ، ئەڤدۆتیا ڤاسیلییێڤنا، گیانەکەم پێتەر ئەندرییێڤیچ، ئازیزەکەم مارییا ئیڤانۆڤنا، ماڵ کاول خۆمان! وا پیاوخراپەکان هاتنە ناو گوندەوە. پێتەر ئەندرییێڤیچ دەزانی کێ سەرکردەیانە؟ شڤابرین، ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچە، دەك نەفرەتی خوای لێبێت !". مارییا ئیڤانۆڤنا کە ئەم ناوە قێزەونەی بیست، لەتاوا هەردوو دەستی هەڵبڕیو لە شوێنی خۆیدا وشك بوو.

به ساڤێلیچم وت:

-گویٚ بگره، ئەسپ سوارێك بنێره بۆ بوارەکە بۆ پێشوازی کردن له فەوجی سوارەو داوای لیٚ بکە ئەم مەترسیەی تێیداین له کۆلۆنێلی ڕابگەیەنێت.

-ئاخر کیٚ بنێرم قوربان؟ هەموو مێرمندالاٚن لەگەلٚ یاخیبووانداڵن و هەرچی ئەسپ و چارەوی هەیه براوه! ئای لەم نەگبەتیه! وا هاتنه نێو حەوشەکەوەو ئێستاش دەگەنه عەمبارەکە.

لەم ساتەدا غەلٚبه غەلٚبێك له پشت دەرگاکەوه بەرزبووەوه و به بێدەنگی ئیشارەتم بۆ دایکم و مارییا ئیڤانۆڤنا کرد که دووربکەونەوه و بچنه قوژبنێك، خۆیشم شمشێرەکەم هەلٚکێشاو ڕاستەوخۆ نزیکی دەرگاکه پالٚم دا به دیوارەکەوه. باوکیشم هەردوو دەمانچەکەی لێوەرگرتم و خستنیه سەرپیٚ و بەتەنیشتمەوه ڕاوەستا. لەم ساتەدا خڕەی ئەلٚقەڕێزەکه هات و دەرگاکه کرایەوەو سەری فەرمانبەری بەڕێوەبەرێتیی ناوچه دەرکەوت. به شمشێر هاتمه وێزەی و کەوته سەر زەوی و لاشەکەی بەردەرگاکەی گرت. لەو کاتەدا باوکم دەمانچەکەی ڕووەو دەرگاکه تەقاند و ئەو ئاپۆرەیەی گەمارۆیان دابووین به دەم جوێن و هەڕەشەوه کەوتنه ڕاکردن بەملاو بەولادا. بریندارەکەم له بەر دەرگاکه ڕاکێشاو به ئەلٚقەڕێزەکەی ناوەوه دەرگاکەم داخست. حەوشەکه جمەی دەهات لەچەکداردا و شڤابرینم لەناویاندا ناسیەوه.

به ئافرەتەکانم وت:

-مەترسن ئومێدێك هەیە و تۆش بابە ئی ترتەقە مەکە، بادوا گوللەمان هەڵبگرین بۆ ساتەکانی تەنگانە.

دایکم کەوتە دۆعا و پاڕانەوە و ماریيا ئیڤانۆڤناش لە نزیکیەوە ڕاوەستابوو، بە هێمنیەکی پەرییانەوە چاوەڕێی حوکمی چارەنووسی دەکرد. لە پشتی دەرگاکەوە دەنگی هەڕەشەو قسەی ناشیرین دەهات. لە شوێنی خۆمدا مامەوە و خۆم ئامادە کردبوو بۆ تێسرەواندنی یەکەم کەس کە پڕکێشی بکات دەسرێژمان لێکات و پیاوخراپەکان کپ و بێدەنگ بوون و لەم ساتەدا گوێم لە دەنگی شڤابرین بوو بە ناوی خۆمەوە بانگی دەکردم.

-لێرەم، چیت دەوێ؟

-خۆت بدە بە دەستەوە پووڵانین، بەرگری کردن هیچ دادێکت نادات و بەزەییت بە باوك و دایکە پیرەکەتدا بێتەوە ، بە سەرپێچی کردن ڕزگاریان ناکەیت ، خەیاڵ نەکەی ئاخرییەکەی هەر پێتان دەنوێنم.

-فەرموو دەی، هەی ناپاك!

-نیازم نیە سەری خۆم بە شتی هیچ و پووچەوە قاڵ بکەمو خوێنی پیاوەکانیشم بەفیڕۆ ناڕێژم. فەرمان دەدەم بە سووتاندنی عەمبارەکە، جا با ئەو کاتە بزانین چی دەکەی، هەی دۆن کیشۆتەکەی بێلۆگۆرسك. ئێستا کاتی نانخواردنی نیوەڕۆیەو ماوەی بیرکردنەوەشت هەیە. ماریيا ئیڤانۆڤنا یەکتر دەبینینەوە،

لێت خۆش نابم، وابزانم بە دانیشتن لە تاریکاییدا لەگەڵ سوارچاکی خەونەکانت بێزار نابیت.

شڤابرین لێیدا ڕۆیشت و عەمبارەکەی دایە دەست پاسەوانەکان. ئێمەش لایەنی بێدەنگیمان هەڵبژارد بەڵام بێدەنگی درێژەی کێشا و هەر یەکە لە ئێمە لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە، بۆیەوەی پڕکێشی بکا بیری خۆی دەربڕێ بۆ ئەوانی دیکە. لەگەڵ خۆمدا بیرم لەهەموو ئەوشتانە دەکردەوە کە ڕوودەدەن ئەگەر بێت و خۆبدەینە دەستی شڤابرینی داخ لەدڵەوە. من تا ڕادەیەك بایەخم بە خۆم نەدەدا و دان بەوەشدا دەنێم کە ئەوەندە لە چارەنووسی باوك و دایکم نەدەترسام بە ئەندازەی ئەوەی کە لە چارەنووسی ماریيا ئیڤانۆڤنا دەترسام. دەمزانی جووتیار و خزمەتکارەکان بەڕادەی پەرستن ڕێزیان لە دایکم دەگرت، هەروەها باوکیشم خۆشەویست بوو، هەرچەندە کە دڵڕەقیش بوو، چونکە دادپەر وەر بوو ، پێویستیيە ڕاستەقینەکانی خەڵکە بندەستەکەی خۆ یشی باش دەزانی. یاخیبوونەکەی ئەوان لەخشتە بردن و مەستیی تاوێك بوو، نەك دەربڕینی ناڕەزایی. لە بەر ئەوە باوك و دایکم لەم حاڵەتەدا ڕەنگە بەر بەزەیی پێداهاتنەوە بکەوتنایە ، بەڵام ئەی ماریيا ئیڤانۆڤنا ئاخۆ چ چارەنووسێکی بۆ ئامادە کردبوو ئەو پیاوە گێرەشێوێنە بۆیژدانە؟ پڕکێشیم نەکرد لە سەر ئەم بیرۆکە سامناکە بوەستم و ئامادە بووم (خوایە لێم نەگری) بە دەستی خۆم بیکوژم پێش ئەوەی دووبارە لە ژێر چنگی دوژمنێکی دڵڕەقدا بیبینمەوە.

نزیکەی سەعاتێکی تر کات ڕابوورد و گۆرانیی سەرخۆشەکان لە ناو  گوند دا دەنگی دەدایەوە. پاسەوانەکانی ئێمەش ئێرەییان پێ‌بەبردن‌و داخی دڵی خۆیان بە جوێن و هەڕەشەی ئەشکەنجەدان و کوشتن بە سەر ئێمەدا هەڵدەڕشت. چاوەڕێی ئەنجامی هەڕەشەو گوڕەشەکانی شڤابرن بووین و زۆری نەبرد هەراو هوریایەکی گەورە لە  حەوشەکەدا بەرپابوو و    ئەمجارەشیان  دەنگی شڤابرینمان هاتەوە بەر گوێ.

-ها، بە چی گەیشتن؟ بە خوایشتی خۆتان بەدەستەوە دەدەن؟

کەس وەڵامی نەدایەوە و شڤابرین کەمێ چاوەڕێی کرد، پاشان فەرمانی دا  پڵ و پووش بێنن    و پاش ماوەیەکی کەم ئاگر لە عەمبارەکە بەردراو عەمباری تاریکی ڕو وناك کردەوەو دووکەڵ لە ژێر دەرگاو کون‌و کەلەبەرەوە هاتە ژوورەوە. مارییا ئیڤانۆڤنا لێم نزیك بووەوە و دەستی گرتم و بە ئەسپایی وتی:

-بەسە، پیێتەر ئەندرییێڤیچ! ناکرێ خۆت و باوکت و دایکت لە پیێناوی مندا بکوژی  ، وازم لێ بێنە با  من لێرە  دەربچم ئەو  کاتە شڤابرین بە قسەم دەکات.

منیش بەتووڕەییەوە قیڕاندم:

-مەحاڵە، تۆ دەزانی چ شتێك چاوەڕوانتە؟

ئەویش بە هێمنی وەڵامی دایەوە:

-من شوورەییم پێ قوبووڵ ناکرێت، بەڵام لەوانەیە ئەو پیاوەی کە ڕزگای کردم و ئەو خێزانەی کە ئەو چاودێرییەی منی هەتیو ی بێدەرەتان و بێچارەیان کرد، ڕزگاریان بکەم. خواحافیز، ئەندرییێ

پیترۆڤیچ، خوا حافیز، ئەڤدۆتیا ڤاسیلییێڤنا. ئێوە بۆ من لە خێرۆمەند زیاتر ب وون، پیرۆزم بکەن و تۆش بمبوورە، پێتەر ئەندرییێڤیچ.. بڕوات ببێ کە من.. کە من ـ لێرەدا دایە پڕمەی گریان و ڕوومەتی بە هەردوو دەستی داپۆشی . منیش بەجارێ شێت و هار بووم، دایکم بەکوڵ دەگریا و باوکیشم پێی وت:

-بەسیە قسەی بۆهانا، مارییا ئیڤانۆڤنا ، کێ بە تەنها دەتداتە دەستی ئەم دزانەوە؟ لێرەدا دانیشەو بێدەنگ بە ئەگەرمردین با پێکەوە بمرین. گوێ بگرن بزانین هەمدیس چی دەڵێنەوە؟

شڤابرین هاواری کرد:

-خۆتان بەدەستەوە دەدەن؟ وا لە پاش پینج دەقیقەی تر دەسووتێن.

باوکم بە دەنگێکی پڕ لە تووڕەیی وەڵامی هەڕەشەکەی دایەوە:

-خۆ بەدەستەوە نادەین، هەی پیاوخراپ.

باوکم لە دەموچاوە پڕ چرچ و لۆچەکەیەوە چالاکییەکی سەرسوڕهاوەر پرشنگی دەدایەوەو چاوەکانی لە ژێر برۆ سپییەکانیەوە بە ئاگری هەڕەشە دەبریسکانەوە. پاشان ڕووی تێکردم و وتی:

-کاتی هاتووە.

دەرگا کرایەوە و بڵێسە و هاڵاوی ئاگر هاتە ژوورەوەو بەربووە ئەو جۆگەلانەی پڵ و پووشی وشکیان لەبندا مابۆوە. باوکم دەستی کردە تەقە کردن بە دەمانچەکەو بە سەر چڕە دووکەڵ و کڵپەدا هەنگاوی هەڵێنایەوەو نەڕاندی: "هەموو دوام بکەون".

دەستی دایکم و مارییا ئیڤانۆڤنام گرت‌و خێرا دەرمکردنە دەرەوە. شڤابرین لە بەر دەرگاکەدا ڕاکشابوو، چونکە دەستە بێهێزەکانی باوکم برینداری کردبوو. ئەم لەناکاو دەرچونەی ئێمە ئاپۆرەی دزەکانی ترساندو پەرت‌و بڵاوب وونەوە، بەڵام فرەی نەخایاند ئازایەتییان وەبەرهاتەوەو کەوتنەوە ئابلۆوقەدانمان. من توانیم چەند دەستێکی دیکە بوەشێنم، بەڵام خشتێکیان بەتوندی بۆ هەڵدام و دای بە سەر سینگم دا و بە هۆیەوە کەوتم و تاوێك لە هۆشی خۆم چووم. کاتێ کە بەئاگا هاتمەوە ڕوانیم شڤابرین لە سەر پلێ‌وپووشە خوێناوییەکە دانیشتووەو هەموو ئەندامانی خێزانەکەم لەبەردەمیدان. چەند کەسێك خۆیان دابووە ژێر باڵم و کۆمەڵێك جووتیار و قەوزاق و باشکیر لێمان ئالابوون. شڤابرین بە شێوەیەکی سامناك تێکچووبوو و ڕەنگی پەڕیبوو، بە دەستێکی کەلەکە بریندارەکەی دەگوشی و روخساریشی ئازار و ئەشکەنجەی سەختی دەگەیاند. پاشان بە ئاستەم سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی کردم‌و بە دەنگێکی کزو لاواز زمانی هەڵهێنایەوە:

-بیانکوژن.. هەر هەموویان.. تەنها ئەو کچە نەبێ...

دەسبەجێ پیاوخراپەکان دەورەیان داین و بە قیڕەقیڕ و هاوارەوە بەرەو دەرکەکەیان ڕاکێشاین. بەڵام لەناکاو وازیان لێهێناین‌و بە ڕاکەڕاکە پەرش و بڵاوبوونەوە، چونکە لەو کاتەدا گرینیۆڤ خۆی کرد بەژووردا‌و تاقمێك سوارەی شمشێر بە دەستی بەدواوە بوو.

یاخیبووەکان هەر کەسەو بە لایەکدا تەرە بوون. سوارەکان کەوتنە دوایان و هەندێکیان لەناوبردن‌و ئەوانی تریشیان بە دیل

گرتن. گرینیۆڤ لە سەر ئەسپەکەی خۆی هەڵدا خوارەوەو کڕنۆشی برد بۆ باوك و دایکم و تەوقەی لەگەڵ مندا کرد. ئەمجار پێی وتین: "وەختێکی لەبار بوو هاتم ، ها! ئەمەش دەزگیرانەکەتە". مارییا ئیڤانۆڤنا تا بناگوێی سوور هەڵگەڕا. باوکم لێی هاتە پێشەوەو بە شێوەیەکی هێمن بەڵام بە دڵێکی خەمگینەوە سوپاسی کرد ، دایکیشم دەستی لە مل کردو بە فریشتەی ڕزگارکەر ناوزەدی کرد. ئەوجا باوکم پێی وت: "فەرمون گەورەمان کەن و میواندارییمان لێ قوبووڵ بکەن" و ئەوجا پێشی کەوت بۆ ماڵی خۆمان.

گرینیۆڤ کە بە لای شڤابریندا گوزەری کرد وەستاو تەماشایەکی کردو پرسی: "ئەم برینداره کێیە؟" باوکیشم بە هەندێ لە خۆباییبوونی جەنگاوەرێکی دێرینەوە وەڵامی دایەوە: "ئەمە سەرۆك خۆیەتی و گەورەی چەتەکانە. خوا یارمەتی ئەم دەستە لاوازەی دام بۆ سزادانی ئەم پیاوخراپەو بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی بەفیڕۆ ڕژاوی کوڕەکەم".

منیش بە گرینیۆڤم وت:

-ئەمە شڤابرینە.

-شڤابرین! زۆر بەختیارم ، ئادەی سوارەکان بیبەن و بە پزیشکەکەمان بڵێن برینەکەی تیمار بکاتو وەك گلێنەی چاوی خۆی ئاگای لێبێت . هەرچۆنێك بووە دەبێ شڤابرین بنێردرێ بۆ دەستە نهێنیەکەی کازان چونکە ئەو یەکێکە لە تاوانبارە سەرەکیەکانو شایەتیەکەشی بایەخ و گرنگیەکی زۆری دەبێ.

شڤابرین به چاوێکی نائومێد و شەکەتەوە سەیرێکی کردو روخساری جگە لە دەردو ئازاری جەستەی هیچی تری نەدەگەیاند. ئەوجا سوارەکان خستیانە سەر پاڵتۆیەك و هەڵیانگرت.

کاتیێ چووینە هۆدەکانی ماڵەوە ، بە دەوروپشتمدا دەمڕوانی و مووچڕکەم پێدا دەهات کە ساڵانی منداڵیم بیر دەکەوتەوە. هیچ لە ماڵەکەدا نەگۆڕابوو و هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا بوو. شڤابرین نەیهیشتبوو تالاّن بکریێ، چونکە ئەو لەوپەڕی نامەردی و نزمیشیدا بێزکردنەوەی سروشتیی خۆی لە چاوچنۆکیی سنوور بەدەر پاراستبوو. خزمەتکارەکان لە هۆدەکەی پێشەوە دەرکەوتن و ئەوان لە یاخیبوونەکەدا بەشداری یان نەکردبوو. بۆیە بە دڵسۆزییەکی ڕاستەقینەوە دەربازبوونی ئێمەیان پیێ خۆش بوو ، ساڤێلیچیش لەخۆشییاندا شاگەشکە بووبوو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ساڤێلیچ لە کاتی ئەو غەڵبە غەڵب و هەراو بەزمەدا کە هێرش و پەلاماری دزەکان بەرپای کردبوو، ڕایکردبوو بۆ تەویلەکە، ئەسپەکەی شڤابرین لەویێ بووە و ئەویش خێرا زینی لێکردبوو و لەسەرخۆ و بە نهێنی دەریکردبوو و ئەو ئاژاوەو بگرەو بەردەیەی بە هەل زانیبوو و بێئەوەی کەس بیبینیێ بەرەو بوارەکە ڕۆیشتبوو. لەمبەری ڕووبارەکەوە گەیشتبووە فەوجەکە، کە لە پاش پەڕینەوە دەحەسانەوە. کاتیێ گرینیۆڤ زانیبووی ئێمە لەمەترسیداین، فەرمانی دابوو بە زینکردنی ئەسپەکان و خێرا بەغاردان بەرەو لای ئێمە کەوتبوونەڕیێ و سوپاس بۆ خوا لە کاتی خۆیدا گەیشتن.

گرینیۆڤ ئیستەرەمی کرد کە دەبێ ماوەی چەند کاتژمێر ێك سەری فەرمانبەری کارگێڕیی ناوچە لای مەیخانەکەدا بە کۆڵەکەیەکەوە هەڵبواسرێ. دواجار سوارەکان لە ڕاونان گەڕانەوە و چەند کەسێکیان لەگەڵ خۆیاندا بە دیل هێنابوو و لە هەمان عەمباردا کە ئێمە لە گەمارۆدانەکەدا ئازایانە خۆمان تێدا ڕاگرت، بەندیان کردن. پاشان هەر یەکە لە ئێمە جیابووەوەو چوو بۆ هۆدەی خۆی، هەردوو پیرەمێرد و پیرەژن پێویستیان بە پشوودان و حەوانەوە بوو. منیش کە دوێنێ شەو خەو نەچووبووە چاوم خۆم دا بە سەر چەرپاکەمداو نوقمی خەوێکی قووڵ بووم ، گرینیۆڤیش دەرچووە دەرەوە بۆ سەر کارو فەرمان دەرکردنی خۆی. لای ئێوارە لە هۆدەی میواندا لە دەوری سەماوەرەکە کۆبووینەوەو بە خۆشحاڵی‌یەوە لەو مەترس یەە دەدواین کە لە سەرمان لاچوو. مارییا ئیڤانۆڤنا چای ت ێدەکردو منیش کە بەتەنیشتیەوە دانیشتب ووم بەتەنها هەر سەرقا ڵی ئەو بووم. دەرکەوت کە باوك و دایکم بە چاوێکی پڕ لە سۆزەوە سەیری نیشانەی تاسەو خۆشەویستیی نێوان ئێمەیان دەکرد. من تا ئێستا ش هێشتا ئەو ئێوارە وەختەم هەر لەیادە و لەوپەڕی بەختەوەریدا بووم. تۆ بڵێی لە ژیانی کلۆڵی ئادەمیزاددا زۆرێك لەم ساتانە هەبێ؟

بۆ ڕۆژی ئایندە هەواڵیان دا بە باوکم کە جووتیارەکان هاتوونە حەوشەو ملکەچی خۆیان ڕادەگەیەنن. باوکم بۆ چاوپێکەوتنیان

دەرچووە بەر دەرگای ماڵ و کاتێ کە دەرکەوت جووتیارەکان چۆکیان دادایە سەر زەوی و ئەویش پێی وتن:

-گەوجینە، چی وای لێکردن یاخی ببن؟

ئەوانیش بە یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە:

-گوناهبارین، قوربان.

-گوناهبارین! ئاژاوە دەنێنەوەو پاشان داوای لێبووردن دەکەن، لە خۆشی ئەوەی کە خوا جارێکی دیدار ی پێتەر ئەندرییێڤیچی کوڕمی پێ ڕەوابینیم لێتان خۆش دەبم. چاکە، هەر کەسێ تۆبەی لە خراپەی خۆی کرد لە دەمی شمشێر ڕزگار دەبێ. گوناهبارین! بێگومان گوناهبارن، خوا ئاو و هەوایەکی خۆشی پێبەخشیبووین پێویست بوو گژوگیاو پووشتان تێدا کۆبکردایەتەوە. تەماشا بکەن لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا چیتان کرد، هەی گەوج و نەفامینە؟ کوێخا هەمووان بنێرە بۆ گژوگیا دوورینەوە، ئاگات لێبێ شەیتانە شێ، دەبێ پووشەکە پێش جەژنی یوحەننا خڕکرابێتەوە ، دەی خێرا داکێشن و لە بەر چاوم ون بن.

ئەوجا جووتیارەکان دانەوینەوەو ڕۆیشتنە سەر کاری خۆیان وەك هەر هیچ شتێك ڕووی نەدابێ. دەرکەوت کە برینەکەی شڤابرین کوشندە نیە و لە ژێر چاودێریی پاسەوانیدا نێر درا بۆ کازان و لە پەنجەرەکەوە بینیم دەیانخستە عەرەبانەکەوە و لووتمان بە لووتی یەك تردا تەقی و سەری داخست. منیش خێرا لە پەنجەرەکە دوورکەوتمەوەو ترسام لەوەی کە شادەکامی بە دوژمنێکی سەرشۆڕی کڵۆڵ دەربڕم.

پێویست بوو لە سەر گرینیۆڤ بەردەوام بێت لە سەر ڕۆیشتنی خۆی، منیش نیازم وابوو لەگەڵیدا بڕۆم، هەرچەندە کە ئارەزووی مانەوەی چەند ڕۆژێکی دیکەم دەکرد لەن او خێزانەکەمدا. پێش ڕۆیشتن چووم بۆ لای باوك و دایکم و بە پێی داب و نەریتی ئەو سەردەمە، کڕنۆشم بۆ بردن و داوای پیرۆزیی هاوسەرێتیی مارییا ئیڤانۆڤنام لێکردن. هەردوو گەورەم هەڵیانساندمو بە فرمێسکی شادیەوە ڕەزامەندی خۆیان ڕاگەیاند. منیش مارییا ئیڤانۆڤنام، کە دەلەرزی و ڕەنگی هەڵپڕووکابوو، هێنایە لایانو پیرۆزیان کردین. من ناتوانم باسی هەست و سۆزی خۆم لەو کاتەدا بکەم و هەر کەسێ ئەو دۆخەی منی بەسەردا هاتبێ بە بێ باسکردن تێی دەگات و ئەو کەسەش بە سەری نەهاتبێ لە بەزەیی پێداهاتنەوەم بەولاوە هیچم پێناکرێ بۆی و ئامۆژگاریی دەکەم بۆ دڵداری کردن، ئەگەر کاتی بە سەر نەچووبێو، خۆشبەخت بێ بە پیرۆز کردنی باوك و دایکی.

بۆ ڕۆژی دوایی فەوجەکە وەخۆکەوت بۆ ڕۆیشتن و گرینیۆڤ هاتە ماڵمان ماڵاوایی لێکرد ین. ئێمە هەموو لەو بڕوایەدا بووین کە چالاکی و جموجووڵی سەربازی بەم زوانە کۆتایی پێدێت و منیش بەتەما بووم پاش مانگێکی تر ببم بە مێرد. مارییا ئیڤانۆڤنا لە کاتی ماڵاوایی کردندا بە بەرچاوی هەمووانەوە ماچی کردم و ئەوجا خۆم هەڵدایە سەرپشتی ئەسپەکەم و ساڤێلیچیش جارێکی دیکە کەوتەوە شوێنم و فەوج کەوتەڕێ.

ماوەیەکی زۆر لە دوورەوە چاوم بڕییە ئەوماڵەی گوندم کە جارێکی تر بەجێی بێڵم. بە ڕێگاوە خەیاڵ و ختوورەی خەمناك دایگرتبووم و وەك یەکێك بەگوێمدا بچرپێنێ کە چارەنووس دەرد ومەینەتیی تریشی بۆ هەڵگرتووم‌و، دڵم خەتەرەی زریان و گەرداوێکی نوێی دەکرد.

نامەوێ بە تان‌وپۆی باسکردنی ڕێڕۆیشتنە کەمان و بڕانەوەی شەڕ لەدژی پووگاچیۆڤدا بێم ، بەڵکو ئەوەندە دەڵێم کە بەناو ئەو گوندانەدا گوزەرمان کرد کەوا پیاوەکانی پووگاچیۆڤ کاول و وێرانیان کردبوون‌و ئەوەی لە پاش تالان و بڕۆی دزەکان بۆ خەڵکە کلۆڵ و بێچارەکەی مابووەوە، ئێمە چ بەزۆر و چ بە خوایشت لێمان سەندن و نەیاندەزانی ملکەچی کێ بن و کاروباری کارگێڕیی لە هیچ شوێنێك نەمابوو. خاوەن زەوییەکان لە دارستانەکاندا خۆیان شاردبووەوەو دزو جەردە هەموو لایەکیان شێواندبوو. لەملاشەوە سەرکردەکانی هەندێ لەو هێزانەی نێرداب وون بۆ ڕاونانی پووگاچیۆڤ کە لەو کاتەدا بەرەو ئەستراخان هەڵاتبوو، بە کەیف و ئارەزووی خۆیان وەکو یەك سزای گوناهکارو بێگوناهیان دەدا .

بارودۆخی ئەو هەرێمە بەڕادەیەکی سامناك تێکچووبوو و ئاگر لە هەموو لایەکیەوە کەوتبۆوە. خوا یاخیبوونێکی بێمانا و بێبەزەیی ڕووسیامان پیشان نەدات. ئەوانەی سەرەوکاریی کوودەتای جۆراوجۆر دەکەن لای ئێمە یان ئەو لاوانەن کە گەلەکەمان ناناسن یان کەسانێکی دڵڕەقن و بە هیچ کلۆجێك بایەخ بە تێداچ وونی سەری خۆیان یان سەری کەسانی دیکە نادەن.

پووگاچیۆڤ هەڵات و ئیڤان ئیڤانۆڤیچ میخلسۆن چنگ لە سەرشان کەوتبووە کۆڵی ڕاو ی دەنا. لە پاش ماوەیەکی کورت هەواڵمان زانی کە بە یەکجاری بۆڕی خواردووەو شکستی خواردو وە. لەدواییدا گرینیۆڤ لە سەرکردەکەیەوە هەواڵی گرتنی کابرای ساختەچی پێگەیشت، لەگەڵ فەرمانێکی شەڕ وەستاندا. بەمجۆرە هەلم بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی بچمەوە بۆ گوندەکەم و لەدلخۆشیەکی هێجگار گەورەدا بووم، بەڵام هەستێکی نامۆ ئەم دلخۆشییەی لێ تێکدابووم.

## پوشکین، لە چەند دێڕێکدا..

- ساڵی 1799 پوشکین لەدایکبووە، باوکی لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنزادە بووەو دایکیشی نەوەی ئەبرام گانیباڵی میری حەبەشە بووە کە تورکەکان فڕاندوویانەو بە دیاری ناردوویانە بۆ پیۆتری یەکەمی تساری ڕووسیا.
- ساڵی 1820 شاعیر لە یەکەم بەرهەمی شاکاری بووەتەوە کە قەسیدەی "ڕووسلان و لۆدمیلا" بووە.
- لە سەرەتای بیستەکاندا قەسیدە ڕۆمانسیە باشووریەکانی پوشکین هاتنەکایەوە: "دیلی قەوقاز ـ 1822" و، "فوارەکەی باخچەی سەرای ـ 1823" و، "قەرەج ـ 1824".
- حکوومەتی تسار دەکەوێتە ڕاوەدوونانی شاعیری ئازادیخواز و لە پایزی 1824دا دووری دەخاتەوە بۆگوندێکی دوورەدەست لەویلایەتی پسکۆڤ و لەوێ دەیخاتە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە. پاش ئەوە شاعیر لە دێبەرەکەی باوکیدا . گوندی میخایلۆڤسکۆیێ - ژیانێکی کەنارگیریی پڕلە خوێندنەوەو نووسینی بەرهەمی شاکار دەباتە سەر. لەم گوندەدا لە نزیکەوە شارەزای ژیانی جووتیارە زەویەندەکان دەبێ و بایەخ بە شاکارە میللیەکان دەدا.
- هەر لەم ماوەیەشدا تراژیدیا بە ناوبانگەکەی "بۆریس ژدانۆڤ" دەنووسێ کە زۆر بە زەقی تەنگ و چەڵمەی نێوان تسارو

گەل دەخاتە ڕوو و، پڕە لە ڕەتکردنەوەی حوکمی ڕەها و خودسەرانە.

 لە 14ی دیسەمبەری 1825 دا ڕاپەرینی دیسەمبەرییەکان لە پیتێربوورگ بەرپا دەبێ. پوشکینیش کە بەتەواوی هەست و هۆشیەوە لەگەڵیاندا بووە، سەرنەگرتنی ئەم ڕاپەڕینەی زۆر پێ داخ بووەو بە ئازاریەوە دەتلێتەوە.

 پایزی 1826 پوشکین دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و لە 1828 دا لە قەسیدەیەکی نیشتمان پەروەریدا داستانەکەی "پۆڵتاڤا" دەنووسێ و باسی بلیمەتی و لێهاتوویی پیۆتری یەکەمی وەك سەرکردەیەکی سەربازی و پیاوێکی دەوڵەت تێدا دەکات و پیشانی دەدا کە چۆن داکۆکی لەگەڵ ڕووس و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی کردووە لەو شەڕو نەبەردە سەختانەدا دژ بە هێزەکانی کارڵی دوانزەهەمی شای سوێد. پۆڵتاڤا لە زۆر لایەنەوە پێوەندیی بە قەسیدەی "سوارە مسینە" وە هەیە کە پوشکین لە ساڵی 1833 دا دایناوە.

 ساڵی 1830 مەزنترین کاری ئەدەبیی پوشکین تەواو بوو، ئەویش ڕۆمانە شیعری "یێڤگێنی ئۆنێگین" ە کە شاعیر هەشت ساڵ پێوەی خەریك بووە.

 ساڵی 1831 پوشکین دەبێتە هاوسەری ناتالیا گۆنچارۆڤا کە جوانترین و نەشمیلانەترین کیژی مۆسکۆ دەبێ و، ماوەیەك لەپێش ئەم ژن هێنانەیدا دەچێ بۆ بۆڵدینۆی دێبەرە بچووکەکەی باوکی بۆ سازو تەیار کردنی کاروباری خۆی و، لەوێ دراما پڕ

بەهای "تراژیدیا بچووکەکان" و درامای ئەفسانەیی "بووکی ئاو" دەنووسێ. هەروەها قەسیدەی "ماڵێك لە کۆڵۆمنا" و یەکەم بەرهەمی پەخشانی گەورەی "چیرۆکەکانی بیلکین" دەنووسێ.

-  لە ساڵی 1833 دا کورتە چیرۆکی "قزی قەرە" دەنووسێ.
-  پوشکین لە سییەکاندا خەریکی کارکردن دەبێ لە ڕۆمانە کۆمەڵایەتیە گەورەکەی "دۆبرۆڤسکی" دا، کە ساڵی 1841 دەرکەوت، واتە پاش کارەساتی کوشتنی نووسەر.
-  بەڵام پەخشانی پوشکین گەیشتووەتە چڵەپۆپەی بەرزی هونەر لە دواکاری پەخشان نووسینیدا، ئەویش چیرۆکی "کیژی کاپیتان" ە کە لە ساڵی 1836 دا نووسیویێتی و، بە ڕاستی بە نموونەی کاری ئەدەبیی مێژوویی ڕیالیستیی دەژمێر درێ. پوشکین لە چیرۆکی "کیژی کاپیتان" دا وێنەیەکی ڕاست و جوانی بۆ ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی جووتیاران کێشاوە.
-  شەڕەشیری دڵتەزێن لەگەڵ دانتێسی فەرەنسەییدا ژیانی ئەم شاعیرە مەزنەی لە لووتکەی بەهرەمەندیی پرشنگداریدا کۆتایی پێهێنا. پوشکین لەم شەڕەشیرەدا برینێکی کاریگەری لێکراو لە 29 ی کانونی دووەمی 1837 دا گیانی سپاردو ئەو مردنە ناوەختەی شاعیر تەواوی ڕووسیای هەژاندو میخایڵ لێرمنتۆڤ لە قەسیدە شیعری "مەرگی شاعیرێك" دا کۆستی کەوتوو و ڕق و تووڕەیی گەلی دەربڕی و هەر زوو بەزوو ئەم شاعیرە لە سزای قەسیدەکەیدا دوورخرایەوە.

## تێبینی:

زیاد لە پەنجا تێبینی و ڕ وونکرنەوە لە دەقە ڕووس یەکە دەرهێنراوە و لەم کتێبەدا لە پەراوێزدا چەسپ کراوە کە تێکڕا ڕوونکردنەوەیە لەمەڕ ئەو ناو و شوێنانەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون و لە هەردوك دەقە ئینگلیز ی و عەرەبیەکەدا نین و گواستنەوەیانم بۆ ئێرە بە پێویست زانی بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز پتر ئاشنا بێت بە کەش و هەوای چیرۆکەکە.

وەرگێڕ

## پێزانین و سوپاسنامە

خوێنەری بەڕێز:

ئەم وەرگێڕانەی "کیژی کاپیتان" لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا ئەنجامدراوە و هەر ئەو دەمەش ناردم بۆ مامۆستای هێژا "محەمەدی مەلا کەریم" کە زۆر بە وردیی پێیداچووەوە و گەلێ وشەو دەستەواژەی بۆ ڕاستکردمەوە و ئەمی ئێستا لەبەردەستایە بەشێکی باشی مۆرکی ئەو مامۆستا بەڕێزەی پێوەیەو من خۆیشم بە موریدی ئەو دەزانم لە بواری ڕەوانبێژیی زمانی کوردیدا و شیاوی ئەوەیە لێرەدا گەلێك سوپاسی ئەو ماندووبونەی بکەم کەوا لەگەڵ پێداچوونەوەی ئەم وەرگێڕانەدا کێشاوێتی.

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

حوزێرانی 1999